# پێشەکی

# پێشەکی:

هەڵوەشاندنەوەگەرایی ڕێبازێکی ڕەخنەیی هاوچەرخە لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم لەسەر بنەمای کارکردن لە دەقدا و هەڵوەشاندنەوەی بنیاتی دەق و هێما و واتاکانی زمان و کارکردن لەسەر کۆنتێکستی دەق سەریهەڵدا.

دریدا یەکێك بوو لەوانەی میتافیزیکای خۆرئاوای خستۆتە ژێر تیشکی هەڵوەشاندنەوەوە، کە ماوەیەکی دوورودرێژ هەر لەپێش (سوقرات)ەوە تا دەگاتە (هایدگەر*)، دەسەڵاتی خۆی بەسەر خۆرئاوادا سەپاندبوو و وەك ناوەندێك سەیر دەکرا، بەتایبەتی لە دوانە لێکدژەکانی ئاخاوتن / نووسین، ئاگایی / نا ئاگایی، خێر / شەڕ، چاکە / خراپە، .....تاد، کە جەمسەری یەکەم ئامادەییەکی تەواوی پێوە دیاربووە و دووەمیش نائامادەیی و خراوەتە لاوە، کە دریدا پێی وتووە سەنتەری لۆگۆس، پەیوەستە بە لۆگۆسەنتەریزمەوە، کە ناوەندێتی ئەقڵ یان باڵا دەستی ئەقڵ یان ئەقڵ سالاری دەگرێتەوە.

ستراتیژی هەڵوەشاندنەوەی جاك دریدا دەیەوێت هەموو ئەو دەلالەت بەخش و دەستنیشانکردنی میتافیزیکا بۆ چەمکی ڕاستی هەڵبوەشێتەوە، کە بەبەردەوامی لە (لۆگۆس)ەوە سەرچاوەی گرتووە و پەیوەست بووە بە فۆنۆسەنتەریزمەوە phonocentrism و مانا و دەلالەتی دیاریکردووە.

بەم شێوەیە دریدا هەوڵی تێکشکاندن و داڕمانی ئەو ناوەندەی داوە، کە لە بنەڕەتدا بۆ خۆرئاوا دەگەڕێتەوە و خۆی لە ستراتیژی هەڵوەشاندنەوەدا دەبینێتەوە و چارەسەری کێشەکان لە ناوەوەی دەق دەستپێدەکات، لە ڕێگای (نووسین)ەوە بوونی جیاوازییەکان دەرەخسێنێ، کە جیاوازی و دواخستن بەدوای خۆیدا دەهێنێ، بە واتای هیچ شتێك و بیرۆکەیەك ئامادە و نائامادەیی تەواوی نییە و لە جوڵەیەکی جیوەیدایە و ڕەهایی پێ نابەخشرێ، هەروەك (فارماکۆن pharmakon) کە بەواتای ژەهر و دەرمان دێت، جیاوازیش تەنها لە ڕێگەی ئەوەوەیە، کە زمان کۆمەڵێك داله و توانای دووباره بوونەوەی

---

* – مارتن هایدگەر، فەیلەسوفێکی ئەڵمانیە، لە ٢٦ی سیبتەمبەری ١٨٨٩ لە باشوری ئەڵمانیا لەدایك بووە و لە ١٩٧٦ کۆچی دوایی کردووە، لە زانکۆی فرایبورغ خوێندویەتی و بایەخی بە کێشەکانی بوون و تەکنیك و سەربەستی و ڕاستی و چەندین بابەتی تر داوە، و دامەزرێنەری دیاردەگەراییە.

هەیە، ئەم دواخستنەش وەك جێکەوتێکی ئەسڵ دەناسرێت، کە خوێندنەوە پێیدەبەخشێ و پێناسەیەکی دیاریکراوی تەواوی نییە، هەروەها دریدا حاڵەتی جێگیری ( دال و مەدلول )ی ڕەتکردۆتەوە، کە دال بگوێزرێتەوە بۆ مەدلول و زنجیرەیەکی بێکۆتا بێت، و سوودی لەو بیرۆکەیەی سۆسێر وەرگرتووە، کە دەڵێت لە زماندا جیاوازی هەیە و ئەوەی ڕاگەیاندووە، کە نیشانە لە خۆوەیە (اعتباطية)، بەڵام دریدا لە دژی بیرۆکەی بەرامبەر کردنی دال و مەدلولە بۆ دیاریکردنی واتای جێگیر و ڕاستەقینە و لای ئەم تەنها لە سنوری دال و مەدلودا نامێنێتەوە و دەبێت بە (دال –مەدلول–دال).

لەم نامەیەدا کار لەسەر دیاریکردن و ناساندنی بنەماکانی هەڵوەشاندنەوە کراوە، لە ڕێگەی ڕابەرەکانی لە قوتابخانە جیاوازەکان، بۆ ئەم مەبەستەش نمونەی شیعریی بەپێی بنەما و ستراتیژەکانی هەڵوەشاندنەوە لێکدراونەتەوە.

لەبەشی یەکەمدا باس لەهەڵوەشاندنەوە وەك چەمك و زاراوە لەگەڵ سەرهەڵدان و گەشەکردنی کراوە، هەروەها باس لە جاك دریدا و فەلسەفەی هەڵوەشاندنەوە و گومانی هەڵوەشاندنەوە و هەڵوەشاندنەوە لە ڕەخنەی ئەمریکی و لای عەرەب و لای کورد کراوە.

لەبەشی دووەمدا باس لە بنەما و ستراتیژەکانی هەڵوەشاندنەوەکراوە.

بەشی سێیەمیش تایبەتکراوە بە شیکردنەوە و پراکتیزەکردنی دەق بەپێی بنەماکانی هەڵوەشاندنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش دەقی شیعریی هەریەکە لە(فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، ئەنوەر قادر جاف، شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵا پەشێو) وەرگیراون.

## ئامانجی لێکۆڵینەوەکە :

١- ناساندنی ستراتیژی هەڵوەشاندنەوە.

٢- دەرخستنی بنەما و بنچینەکانی هەڵوەشاندنەوە و گرنگییان لەسەر دەق.

٣- هەڵوەشاندنەوە چ ڕۆڵ و پێگەیەکی لەسەر واتاکانی دەق هەیە.

٤- ڕۆڵی ئاماژە و مەدلولەکان لەسەر واتای دەق.

## میتۆدی لێکۆڵینەوەکە :

بەو پێیەی کارکردنە بە میتۆدی هەڵوەشاندنەوە، بۆیە میتۆدی هەڵوەشاندنەوە و مێژوویی و وەسفی بەکارهێنراوە.

## گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە :

١- نەبوونی سەرچاوەی پێویست لە ئەدەبی کوردیدا، کە بەمیتۆدی هەڵوەشاندنەوە کاریان لەسەر دەق کردبێت.

٢- نوێیی میتۆدەکە و فراوانی و جیاوازی بۆچونەکان، ئاراستەی کارکردنەکەی ئاڵۆزکردووە.

## سنوری لێکۆڵینەوەکە :

لەبەر ئەوەی کار لەسەر شیعری نوێ کراوە، بۆ ئەو مەبەستەش نموونەی شیعری هەریەکە لە (فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، ئەنوەر قادر جاف، شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵا پەشێو) بەنموونە وەرگیراوە.

# بەشی یەکەم

**تەوەری یەکەم: ناساندنی  میتۆدی هەڵوەشاندنەوە**

- **هەڵوەشاندنەوە ( Deconstruction ) وەك چەمك و زاراوە**
- **گومانی هەڵوەشاندنەوە**
- **هەڵوەشاندنەوە و فەلسەفەی ئامادە**

**تەوەری دووەم: مێژووی میتۆدی هەڵوەشاندنەوە**

- **سەرهەڵدان و گەشەکردن**
- **جاك دریدا و فەلسەفەی هەڵوەشاندنەوە**
- **هەڵوەشاندنەوە لای ئەمریکیەکان**
- **هەڵوەشاندنەوە لای عەرەب و لای کورد**

# تەوەری یەکەم ناساندنی میتۆدی هەڵوەشاندنەوە

## - هەڵوەشاندنەوە ( Deconstruction ) وەك چەمك و زاراوە

قسەکردن لەسەر هەڵوەشاندنەوە، پێویست بەوە دەکات، بنەما و بنچینەی هەڵوەشاندنەوە بخەینەڕوو، بۆئەوەی بەئاسانی پەیوەندی نێوان چەمکە جیاوازەکانی و بنچینە مەعریفییەکانی بەیەکەوە ببەستین، هەرچەندە دیاریکردنی چەمکێکی دیاریکراو بۆ هەڵوەشاندنەوە، بەهۆی پەیوەندیداری بە لایەنی فەلسەفی و ڕەخنەییەوە کارێکی ئاسان نییە.

هەڵوەشاندنەوە یەکێکە لە تەوژمەکانی پاش بونیادگەری لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، لەگەڵ ئەمەشدا تاوەکو ئێستاش جێگەی مشتومڕە، چونکە لەسەر بنەمای هوشیاری و زانیاری خوێنەر دەچێتە نێو دەقەوە، بەمەش خوێنەر دەق هەڵدەوەشێنێتەوە و سەرلەنوێ بونیادی دەنێتەوە، واتە هەڵوەشاندنەوە و بنیاتنانەوەیە، ئەم پرۆسەیەش لەسەر بنەما و میکانیزمی بیرکردنەوە دەبێت، و پشت بە میکانیزمەکانی ڕوخان و بنیاتنانەوە دەبەستێت لە ڕێگەی (خوێنەر)ەوە، کەواتە هەڵوەشاندنەوە پشت بە هێرمۆنتیکا دەبەستێت، کە لە هەڵوەشاندنەوەی دەقەکەدا پراکتیزە دەکرێت، چونکە "کاتێك هێرمۆنتیکا و هەڵوەشاندنەوە لە میانەی مامەڵەکردن و هەڵگرتنەوەی چەمکی گومان بەکاربردنیان لە دووتوێی خوێندنەوەکانیان، لەو مەغزایەوە هاوڕا و کۆك دەبن لەوەی کە هەردووکیان لەپێناو یەك مەبەست کاردەکەن، ئەویش بەرفرەکردنی فەزای گوتار و ڕەواندنەوەی تارماییە وەهمیەکان و والاکردنی دەروازە لەبەردەم مانا نوێیەکان، ئەو مانایانەی کە کەوتونەتە ئەو دیو دیوارە کۆنکرێتییەکانی ئایدۆلۆژیا، بەوەی لە ڕێگەی ستراتیژیەتەکانیانەوە جارێکی دی مانا کۆنەکان وردوخاش بکەن و مانای نوێ و ڕەهەندی نوێتر لە شوێنیان دابمەزرێنن"[١]، بەمەش خوێنەر واتایەکی نوێتر بەهۆی مەدلولی بێ کۆتا بەرهەم دەهێنێتەوە، بەپێی ئەم پرۆسەیەش نە دەق ، نە زمان، نە نیشانە، نە نوسەر بوونیان نامێنێت، چونکە دەقێکی نوێتر کە لەسەر

---

[١]- عەبدولستار پیرداود حەسەن، هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە ئەدەبی کوردیدا لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستان-عیراق، وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، ئەیلولی ٢٠١٠، ل٢٨.

بنەمای واتایی بونیادنراوە لەسەر ئەمانە دێتە گۆڕێ، هەربۆیە لە هەڵوەشاندنەوەدا دەبێت دەق چێژ بە خوێنەر ببەخشێت چ لە ڕوی خوێندنەوەوە، یاخود نووسینەوە، بەو پێیەی لە هەڵوەشاندنەوەدا خوێنەر نوسەری دەقەکەیە، ئەمەش لە ڕێگەی (نائامادەیی)ەوە دەبێت، نەك (ئامادەیی)، واتە چێژ لە ڕێگەی ئەو بۆشاییانەوە دەبێت، کە دەق پڕیان دەکاتەوە. یاخود (هەڵوەشاندنەوە خوێندنەوەی تەنگژەی واتا و کەموکورتیەکانیەتی، بۆ خستنە ڕووی دژیەکیەکانی عەقڵ و پاشماوەکانی واقیع، ئەمەش واتای سەرخستنی لایەنێك نیە بەسەر لایەنێکی تردا، یان سەرخستنی یەکێ لە لایەنە دژەکان، بەڵکو ئەوە دەگەیەنێت، کە واتا دەستی بەسەردا ناگیرێت و هەمیشە جێگەی مشتومڕ و ناکۆکی و لێکدانەوەی جیاواز و سنوور بەزاندن و دەرچوون و بەرکەوتن و دژیەکییە)[1]، بەم پێیە هەڵوەشاندنەوە (بەدوای جوڵە و ناجێگیریدا دەگەڕێت، تاوەکو بنیاتەکەی لە بناغەوە هەرەس دێنێت و سەرلەنوێ بنیات دەنرێتەوە، و لە هەموو پرۆسەیەکی تێکدان و بنیاتنانەوەدا سەنتەری دەق دەگۆڕێت و ڕەگەزە پەراوێزخراوەکان ڕۆڵی نوێیان پێدەبەخشرێت، کە بێگومان تێڕوانین و پێشبینی خوێنەری نوێ دیاریدەکات، بەمشێوەیە ئەوەی پەراوێز بوو دەبێتە سەنتەر و ئەوەی ناسەرەکی بوو دەبێت بەسەرەکی)[2]، ئەمەش دەلالەتی بەردەوام و واتای بێکۆتایە.

بۆ یەکەمین جار جاك دریدا (Jack Derrida) چەمکی (هەڵوەشاندنەوە/ deconstruction) لە کتێبەکەیدا "(زانستی نووسین/ گراماتۆلۆژیا/ De la grammatologie) لە ساڵی ١٩٦٧ بەکارهێنا، لە ڕاستیدا کاریگەر بوو بە چەمکی هەڵوەشاندنەوەکەی مارتن هایدگەر (Heidegger) کە لە کتێبی (بوون و کات) دا بەکاری هێنابوو"[3]، "خودی زاراوەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی بۆ هایدگەر دەگەڕێتەوە، چونکە وشەی هەڵوەشاندنەوە لەسەر دەستی هایدگەردا هاتە ناو فەرهەنگی فەلسەفیەوە، مەبەستی هایدگەریش لێی گۆڕینی بنەچەی میتافیزیکای Metaphysics خۆرئاوا بوو. بۆیە پرۆژەی هەڵوەشاندنەوەی دریدا بە دریژبووەوەی میتۆدی فەلسەفی هایدگەری ساڵانی سیەکان و

---

[1]- علي الحرب، هكذا اقرأ ما بعد التفكيك، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ط١، ٢٠٠٥ ، ص٢٦-٢٧.

[2]- د.عبدالعزيز حمودة، المرايا المحدبة-من البنيوية الى التفكيك، عالم المعرفة ٢٣٢، الكويت، ١٩٩٨، ص ٣٣٩.

[3]- د. جميل حمداوي، نظريات النقد الأدبي في مرحلة ما بعد الحداثة، مؤسسة المثقف العربي، بدون ط، PDF، ص٣٥.

چلەکانی سەدەی بیست دادەنرێت"[١]، هەڵوەشاندنەوە لای جاك دریدا "بە واتا نێگەتیڤەکەی نییە، لە کاتێکدا لە فەرهەنگە فەڕەنسیەکاندا واتای تێکدان و داڕمان دەگرێتەوە، بەڵام لە نووسینەکانی جاك دریدادا واتا پۆزەتیڤەکەی لەخۆ دەگرێت (بە واتا هایدگەریەکەی بەکارهاتووە). واتە وشەی هەڵوەشاندنەوە بەکاردەهێنرێت لە پێناو سەرلەنوێ بونیادنانەوە و پێکهێنان، راستکردنەوەی چەمکەکان و هەڵوەشاندنەوەی کاتیگۆریە بنەڕەتیەکان و داماڵینی فەلسەفەی رۆژئاواییە لە چەمکە بنەڕەتیەکان، کە بۆ ماوەی چەند سەدەیەك بە شکۆمندی مایەوە، وەك عەقڵ، هۆشیاری، بونیاد، ناوەند، سیستەم، دەنگ، هارمۆنی... لەکاتێکدا واقیعەکە لەسەر جیاوازی، پوکانەوە، داڕمان، هەڵوەشاندنەوە، گشتگیری واتاکان، فرەیی دژەکان، و زۆری ململانێ پلە بەندیەکان و چینایەتیەکان ڕاوەستاوە. ئەمەش واتای ئەوەیە کە دریدا لە میانی چەمکی هەڵوەشاندنەوەوە، چاو دەخشێنێتەوە بە کۆمەڵێك چەمکدا، کە ئەنتۆلۆژیا و میتیافیزیکای رۆژئاوای لەسەر وەستاوە"[٢]، بەمشێوەیە دەبینین هەڵوەشاندنەوە بەواتای داڕوخان و لێکترازان و کەرتکردن و هەڵوەشاندنەوەیەکی نێگەتیڤانە نایەت، بەڵکو هەڵوەشاندنەوەیەکی پۆزەتیڤە و لەپێناوی سەرلەنوێ بونیادنانەوەیەکی نوێ و بەدەرخستی سەرجەم واتا پەنهانییەکانی نێو دەقە بەتێڕوانینێکی جیاواز و ئەرێنی.

دریدا کە خۆی ڕابەری هەڵوەشاندنەوەیە هەوڵەکانی لە وتار و کتێبەکانیدا بۆ ئەوەبوو، کە ئەوە دیاریبکات هەڵوەشاندنەوە چییە، هەر بۆیە دەپرسێ:"چی شتێ نابێت بە هەڵوەشاندنەوە؟ هەموو شتێك! ئەی هەڵوەشاندنەوە چییە؟ هیچ شتێك!"[٣].ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە زمان و ڕەخنەگرتن لە چالاکیەکانی زمان، و "زاراوەی هەڵوەشاندنەوە بەپێی ئەو فرە مانا لاستیکییەتیەی توانیویەتی جۆرێك لە گومان لای توێژەران دروست بکات بەوەی کە هەڵوەشاندنەوە دەچێتە نێو هەموو درز و کەلەبەرەکانی بوون "[٤] ، واتە بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ زاراوەی هەڵوەشاندنەوە

---

[١]– د. یادگار لەتیف شارەزووری، دیاردەگەرایی و ڕەخنەی ئەدەبی، چ١، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٥، ل ١٣٨.

[٢]– د. جميل حمداوي، نظريات النقد الأدبي في مرحلة ما بعد الحداثة، مؤسسة المثقف العربي، بدون ط، PDF، ص٣٥.

[٣]– جاك دريدا، الكتابة و الاءختلاف، ترجمة كاظم جهاد، تقديم محمد علال سيناصر، دار توبقال للنشر، دار البيضاء، ط١، ١٩٨٨، ص٦٣.

[٤]– عەبدولستار پیرداود حەسەن، هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە ئەدەبی کوردیدا لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، ل١٠.

**(Deconstruction) (ناڕوون و چاوبەستیلێکردنە(خەڵەتێنەرە)، تەنانەت خودی دریداش گومانی لەوە بووە وەربگێڕرێتە سەر زمانەکانی تر، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ڕوی دەلالەتی هزرییەوە دەوڵەمەندە، چونکە لە ئاستە دەلالییە قووڵەکەیدا بەپێی ڕەگەزەکانیان و ڕۆچون بەناویاندا، واتای هەڵوەشاندنەوەی گوتار و سیستەمە هزرییەکان و سەرلەنوێ خوێندنەوەیان دەگەیەنێت، تا پەی بەتەوەرە سەرەکییە شاراوەکانی ناویان ببرێت)[١]، بۆیە زاراوەی هەڵوەشاندنەوە یەکێکە لە زاراوە تەمومژاویەکان کە ئاماژە بە جیابونەوە و دابەشبون (تناثر) و پەرتبوون دەکات، لە بەرامبەر ئەمەشدا زاراوەیەکی دەوڵەمەند و پڕ لە دەلالەتی بیرییە بەشێوەیەك بیرۆکەی ڕوخاندن و توێکاری و تێکشکاندن تێدەپەڕێنێ، بریتییە لە خوێندنەوەی دووەم بۆ وتارەکان و دەقەکان و سیستەمەکانی بیر[٢].**

**پول دی مان ئەندامی قوتابخانەی ییل پێیوایە "هەڵوەشاندنەوە بریتیە لەوەی لە ناو دەقدا پرسیارێك دابنرێت، یان گەڕانە بەدوای شتە دڵنیاییەکانی ناو دەق لە ڕێگەی ڕەگەزەکانی دەقەکەوە"[٣]، بەو واتایەی دەق چی لە هەناویدا هەڵگرتووە و هێشتا نادیارە و لە ڕێگەی پرسیارەوە دەگەین بەوەڵامی دڵنیاکەرەوە و ئاشکراکردنی واتا شاراوەکان و نائامادەکان، هەروەها ریچارت روتی وەرگێڕی فەلسەفەی دریدا دەڵێت:"هەڵوەشاندنەوە بە پلەی یەکەم ئاماژەیە بۆ خاسیەتەکانی دەق، بەوەی خیانەتە، تێکدانە، پەیامە "[٤]، دیڤید.ب. ئەلیسۆن دەڵێت: "هەڵوەشاندنەوە دەلالەت لە پرۆژەیەکی بیری ڕەخنەیی دەکات"[٥]، یاخود هەڵوەشاندنەوە بریتییە لە پەیوەندی نێوان دەق و واتاکەی، هۆکارێکە بۆ پرسیارکردن و دروستبونی و گومان و ئاشکراکردنی وەڵامەکان، ئەمەش لە ڕێگەی**

---

[١] – عبدالله ابراهيم و اخرون، معرفة الاخر– مدخل الى المناهج النقدية الحديثة، المركز الثقافي العربي، بيروت، ط٢، ١٩٩٦، ص١١٤.

[٢]– د. بسام قطوس، استراتيذيات القراءة، التأصيل و الاعجراء النقدي، مؤسسة حمادة و دار الكندي–أربد، ط١، ١٩٩٨، ص٢٢.

[3] –Deman ، in Moynihan، 1986، p156

[4]–royle،Nicholas(2004) Jacques Derrida، Routledge، 2003، pp.62-63

[5]–"The Sociolinguistics of Schooling: the reievance of Derridas Monolingualism of the other or the Prosthesis of origin"، Michael Evans،01/2012: ISBN 978-3-0343-1009-3 In book: the Sociolinguistics of Language Education in International Contexts، Publisher: peter Lang، Editors: Edith Esch and Martin Solly، pp.31

**خوێنەرەوە دەگاتە واتای مەبەستدار، ئامانج لەمەش ئاشکراکردنی ئامانجی زمانی دەقەکەیە، کە هەموو دەقێك پشتی پێدەبەستێت، یان هەڵوەشاندنەوە میتۆدێکە دەیەوێت لە ڕێگەی گومانەوە بۆ جێگیربوونی واتا بڕوات، یان بریتییە لەو ستراتیژەی، کە ئامانجی هەڵوەشاندنەوەی دەقە لە ناوەوە و لاکانی هەرەمەکە، لە پێناو دۆزینەوەی واتاکان.**

**سەبارەت بە زاراوەی هەڵوەشاندنەوە لە زمانی عەرەبیدا، چەند زاراوەیەکی بۆ بەکارهێنراوە، بۆ نموونە لە عیراق سامي محمد یەکەم کەسە زاراوەی هەڵوەشاندنەوەی لە بەرامبەر زاراوەی** La De construction **لە ساڵی ١٩٨٠دا بەکارهێناوە، هەریەکە لە عبدالله الغذامي و عبدالملك مرتاض زاراوەی توێکاری(التشريحية)یان بەکارهێناو، بەڵام سعيد علوش زاراوەی هەڵوەشاندنەوەی بەکارهێنا، هەروەها کاظم جهاد کە کتێبی (الكتابة ولاختلاف)ی جاك دریدای وەرگێڕا، جارێکیتر بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو زاراوەیە گەڕایەوە بۆ (عبدالملك مرتاض) بۆی ئەوە دەربخات لەجیاتی توێکاری(التشريحية)، زاراوەی داڕمان- تێکشکان (التقويضية) بەکاربهێنرێت،[1]، بەهەمان شێوە (د. میجان الرويلي و د. سعد البازعي)، زاراوەی داڕمانیان بەکارهێناوە[2] ، عەبدوڵا ئیبراهیم وشەی (تفکیك)ی بەکارهێناوە[3]، عبدالوهاب المسیری وشەی (الانزلاقیە)ی بەکارهێناوە[4]، شکری عزیز الماضی وشەی (اللانباء)ی بەکارهێناوە[5].**

**لە زمانی کوردیدا زۆربەی نوسەران زاراوەی هەڵوەشاندنەوەیان ڕاستەوخۆ لە (**deconstruction**)ی ئینگلیزیەوە وەرگرتووە، هەندێکیشیان لە عەرەبییەوە وەریانگرتوە، و بەرامبەر بە زاراوەی (التفكيك)، هەڵوەشاندنەوە بەکار هاتووە[6]، بەرامبەر بە (التفكيكية)ش هەڵوەشاندنەوەگەرایی بەکارهاتووە، دەبینین جیاوازییەکی ئەوتۆ بەدیناکرێت لە ڕووی**

---

[1] - جاك دريدا - ما الآن؟ ماذا عن غد؟ الحدث، التفكيك، الخطاب، اشراف: محمد شوقي الزين، دار الفارابي، بيروت - لبنان، ط١، ٢٠١١، ص٥٤.

[2] - فيصل الاحمر، معجم السيميائيات، الدار العربية للعلوم ناشرون، منشورات الاختلاف، الجزائر، ط١، ٢٠١٠، ص٣٣٥.

[3] - عبدالله الغذامي، الخطيئة و التكفير، من البنيوية الى التشريحية، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء- المغرب، ط٦، ٢٠٠٦.

[4] - عبدالوهاب المسيري و فتحي التريكى، الحداثة و مابعد الحداثة، دمشق، ٢٠٠٣، ص١١١.

[5] - د. شكري عزيز الماضي، من اشكاليات النقد العربي الجديد، بيروت،ط١،١٩٩٧، ص١٧٤.

[6] - لیژنەی ئەدەب لە کۆڕی زانیاری، زاراوەی ئەدەبی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦، ل٩٧.

بەکارهێنانی زاراوەکەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئاماژە بەو جیاوازییە بدەین، کە لەلای هەندێك نوسەر بەدیدەکرێت، بۆ نموونە ( عەبدولخالق یەعقوبی، زاراوەی (پێکهاتە هەڵوەشێنی) بەکارهێناوە، د. عارف حیتۆ، زاراوەی (هلوەشینگە)ی بەکارهێناوە، فاضل عومەر، زاراوەی (هلوەشاندن)ی بەکارهێناوە)[1].

د.محمد عنانی "بەکارهێنانی زاراوەی هەڵوەشاندنەوەگەری کە لەوشەی (DECONSTRUCTION)ی ئینگلیزیەوە وەرگیراوە بەبەکاربردنێکی تەندروست دەزانێت"[2]، هەروەها د. عەبدولعەزیز حەمودە لە بارەی هەڵوەشاندنەوەوە بۆچونێکی نەرێنی هەیە و "پێیوایە جۆرێکە لە تیۆری تێکست و شیکردنەوە و تا ڕادەیەك هەموو شتێکی سوننەتی تێکدەدات و گومان لە هزرە بۆماوەییەکان لە پەیوەندی زمان و تێکست و شیکردنەوەو ناکۆکی و نووسەر و خوێنەر و ڕۆڵی مێژوو و پرۆسەی ڕاڤەکردن و فۆرمەکانی نووسینی ڕەخنەیی دەکات، لەم پرۆژەیەدا واقیع تێکدەشکێت، بۆئەوەی شتێکی ناشرین دەربچێت"[3]، بەڵام محەمەد عەنانی لەو باوەڕەدایە (هەڵوەشاندنەوە زاراوەیکی تەواوە بەرامبەر ئینگلیزیەکەی، چونکە (تفکیك)، واتای هەڵوەشاندنەوە و نەمانی پەیوەندی نێوان پارچەکان دەگەیەنێت، لە زمانیشدا واتای هەڵوەشاندنەوەی بەشە گونجاوەکانی زمان و دەرەوەی دەگەیەنێت)[4]، هەروەها د. جەمیل حەمداوی پێیوایە ( زاراوەی هەڵوەشاندنەوە بەواتای دارمانێکی نێگەتیڤ، یان ڕەدکردنەوە و تێکشکان و پوچگەرایی (العدمیة) و بێبەریبون نایەت، بەڵکو بەواتای دووبارە بنیاتنانەوە و پێکهێنانەوە و دروستکردنەوە و ڕاستکردنەوەی هەڵە باوەکانە )[5]، واتە هەڵوەشاندنەوە "ئەو توێژینەوەیەیە کە لە نەسەقی ناوەوەی دەق دەستپێدەکات و تێکدان و هەڵوەشاندنەوەی هەموو واتاکانە، کە لەسەر

---

[1] – عەبدولستار پیرداود حەسەن، هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە ئەدەبی کوردیدا لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، ل١٧.

[2] – مەمدوح ئەلشیخ، هەڵوەشاندنەوەگەری لە فەلسەفەوە بۆ ڕەخنەی ئەدەبی، و: حسێن لەتیف، گۆڤاری ئاینده، ژ٦٦ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ئایاری ٢٠٠٦، ل٢٣.

[3] – سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧ – ٢٨.

[4] – د. محمد عنانی، المصطلحات الأدبية الحديثة، دراسة و معجم انكليزي/عربي، الشركة المصرية العالمية للنشر لونجمان، ط٢، سنة١٩٩٧، ص١٣١.

[5] – د.جميل حمداوي، التفكيكية في قفص الاتهام، ط١، ٢٠١٥، pdf، ص٨.

بنەمای لۆگۆسی پێکهاتوون، بەتایبەتی واتای ڕاستەقینە"[1]، بەم پێیە و بەڕای جاك دریدا، هەڵوەشاندنەوە مەدلولەکان تێدەپەڕێنێ، ئەویش لە ڕێگای گەمەی دالەکانەوەیە و دەقەکە هەڵدەوەشێنێت و بەدوای ئەو شتانەدا دەگەڕێت، کە نەوتراون و دەقەکە لێیان بێدەنگە و خوێندنەوەی دووەمی گوتارەکان و بابەتە بیریەکانە، کەواتە هەڵوەشاندنەوە هۆکارێکە بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی بنیادنانی شتێك، وەك هونەر، کتێب، یاخود ڕێگەیەکی فەلسەفیە جەخت لەسەر واتاکان و بونیادی میتافیزیکی دەکات، یاخود شێوەیەکە لە لێکدانەوەی فەلسەفی و ئەدەبی و دەلالەت لە جۆرێکی دیاریکراوی پرۆسەی خوێندنەوە دەکات، چ لە ڕێگەی ڕەخنەگرتنەوە بێت، یان بە دوادا چوونی لێکدانەوەیی بێت، یاخود بریتیە لە تیۆرێکی ڕەخنەیی ئەدەبی و هەوڵدانە بۆ گەڕان بە دوای دڵنیایی و شوناس و ڕاستیدا و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە وشەکان لەوانەیە ئاماژە بە وشەی تر بکەن.

ڕەخنەگران زۆر هەوڵیانداوە بۆ ئەوەی ستراتیژی هەڵوەشاندنەوە بەشێوەیەك دابمەزرێنن، هەربۆیە قسە و لێدوانیان لەسەر چەندین چەمك و دەستەواژە دەربارەی ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوە کردووە، بەواتایەکی تر بەگشتی بۆ هەڵوەشاندنەوە پرەنسیپێکی ڕوون و ئاشکرایان نییە، بەشێوازێك دامەزرێنەرانی لەسەری کۆکبن، وەك میتۆدە ڕەخنەییەکانی پێش خۆیان، ئەمەش وایکردووە تا ڕادەیەك لێڵی و نامۆیی لای خوێنەران دروستبکات، بەمپێیەش هەڵوەشاندنەوە هەڵگری واتایەك نییە، چونکە بەپێی هەڵوەشاندنەوە هیچ وشەیەك واتایەکی دیاریکراو و جێگری نییە، بەڵکو لە زماندا بەرەو ئاستی دەلالیمان دەبات، بۆیە هەڵوەشاندنەوە بریتیە لە (بنیاتی جیاوازییەکان)[2]، واتە ئامادەبوونێکی مادی نیشانە نییە و تەنها گەمەی جیاوازیەکانە، لە سیاق و جیاوازیدا واتا پێکدەهێنێ لە ڕێگەی خوێنەرەوە و ئاستەکانی (ئامادە) و (نائامادە) دەچنە بازنەی دیالێکتیکەوە.

لە هەڵوەشاندنەوەدا (دەتوانرێ دووانە لێکدژەکان دەستنیشان بکرێ، یان هەڵوەشاندنەوەی یەکتری لە سیاقی واتای دەقدا دەردەخات، واتە ژن بەرامبەر بە پیاو، یان

---

[1]- د. بشير تاوريت و ساميه راجح، فلسفة النقد التفكيكي- في الكتابات النقدية المعاصرة، عالم الكتب الحديث، ط١، سنة ٢٠٠٩، ص٩.

[2]- عبدالله ابراهيم و اخرون، معرفة الاخر، ص١١٨-١١٩.

ئەویتری پیاو، کە نا...پیاو، یان پیاوی ناتەواو دەگەیەنێ، دیاریکردنی بەهایەکی نەرێنی بنەڕەتی، کە پەیوەندە بەپرەنسیپی یەکەمی (پیاوەتی)یەوە هەیە، ئەوە ڕووندەبێتەوە کە پیاو دووبارە ئەوەی جاران نییە، بەڵکو تەنها بەفەرزکردنێکی بەردەوامە بەرامبەر ئەویتر)[1].

هەڵوەشاندنەوە لە بیر و بیرۆکە و ئامێر و یاسا و تەکنیك و میتۆدە جۆربەجۆرەکان پێکهاتووە، خاوەنی بابەتێکی تایبەتی نییە و چەمك و دەلالەتەکەی بە بۆچونی دریدا (نە شیکارکردن و نە ڕەخنەگرتن و نە میتۆدە)[2]، ڕەنگە ئەم بۆچونە بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی هەڵوەشاندنەوە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردودا ئاسایی بێت، بەڵام لە ئێستادا کە بۆتە جێگای بایەخی ڕەخنەگران و توێژەران و چەندین لێکۆڵینەوەیان بەم میتۆدە ئەنجامداوە و تا ئێستاش بەردەوامە ئاسایی نییە، بۆیە وەك میتۆدێکی ڕەخنەیی ناودەبرێ، جگە لەوەش ئەگەر بێت و خوێندنەوەی هەڵوەشاندنەوە، کە دریدا ناوی ناوە "بگۆڕین بۆ( نەخوێندنەوە) یان (خراپ خوێندنەوە- Misreading)، ئەوا ئەمە ئیشکالیەتی نەبوونی وردییە لەمیتۆدەکەدا، ئەگەرچی تیۆرێزەرانی هەڵوەشاندنەوە باوەڕیان وابێت کە هەڵوەشاندنەوە میتۆد نییە، لەو باوەڕداین دانانی دریدا بەوەدا کە هەڵوەشاندنەوە میتۆد نییە، بەو ئامانجەیە ئازادییەکی زیاتر بەخوێنەر ببەخشێت"[3]، زیاتر (difference) جیاوازی بەیەکێك لە ستراتیژیەکانی هەڵوەشاندەوە دادەنرێ و توخمی تەواوکەر و جێگای دوانە لێکدژەکان لە حاڵەتێکی وادا کە جیاوازی تیا دەردەکەوێ، کە سەرەتا بەواتای (جیاوازی) دێت و دواتریش بە واتای (دواخستن)ی واتا دێت، ئەم جۆرە حاڵەتەی جیهانی دەق بەرەو پێناسەی هەڵوەشاندنەوەمان دەبات، بەم پێیە (زاراوەی Deconstruction لە دەلالەتی ڕاستەوخۆیدا ڕوون و ئاشکرانیە، بەڵام لە دەلالەتی بیریدا دەوڵەمەندە، کە لەسەر ئاستی

---

[1]- تيرى ايغلتون، نظرية الآدب، ترجمة: ثائر ديب، منشورات وزارة الثقافة في جمهورية العربية السورية، دمشق ١٩٩٥،ص٢٢٧.

[2]- جاك دريدا، الكتابة و الاءختلاف، ص٦٠-٦١.

[3] – بڕوانە د.بەسام قطوس، دەروازەیەك بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، وەرگێڕانی: د. محەمەد تاتانی، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، چ ١، ٢٠١١، ل٢٠٦.

یەکەم واتای ڕوخان – داڕمان دەگەیەنێ، بەڵام لەسەر ئاستی قووڵ دەلالەت لە هەڵوەشاندەوەی گوتار و بیر دەکات)[1].

دریدا وایدەبینێت (ستەمە لە زمانی فەڕەنسیدا باوەڕ بەبوونی واتایەکی ڕوون و جێگیر بۆ زاراوەی هەڵوەشاندنەوە بکەین، بۆیە وەرگێڕانیشی بۆ زمانەکانی تر، ڕوداوێکی لاوەکی نییە، بەڵکو سەرکێشیە)[2]، هەلێکە بۆ گۆڕینی بۆ زاراوەیەکی تر و جێگیرکردنی لە بابەتی تردا.

بەگشتی هەڵوەشاندنەوە بوونیادی سیستماتیکی دەقی گوتار دەگەیەنێت، کە لایەنی پۆزەتیڤ و نێگەتیڤ (ئەرێنی و نەرێنی) ناوەوەی دەق ڕووندەکاتەوە و ئاشکرای دەکات، کە دریدا وەك ستراتیژێك بەکاریهێناوە و مشتومڕێکی زۆری لێکەوتەوە، سەرەتا وەك لایەنی زمانی بەواتای داڕمان – تێکدان – ڕووخان دێت، بەڵام لەئاستە دەلالیە هزرییەکەیدا دەوڵەمەندە و کار لەسەر هەڵوەشاندنەوەی گوتار و بیرە باوەکان دەکات، کە بە درێژایی مێژوو میتافیزیکای ڕۆژئاوای لەسەر دامەزرابوو، هەربۆیە جاك دریدا کاتێك زاراوەی هەڵوەشاندنەوەی بەکارهێنا "بۆ ئەوەی پاڵ بە کەلتووری خۆرئاواوە بنێت، تا دان بە بوونی (ئەو)ی تری بەرامبەرەوە بنێت، ئەوەش وەك پێداویستیەکی ئەپستمی بۆ تێگەیشتن و ناسینی خود لە سایەی چەمکی جیاوازیدا، و لە سایەی بەراوردکردنی خۆرئاوا لەگەڵ (ئەو)ی خۆرهەڵاتی، دوای ئەوەی چەندین سەدە ستراتیژیەتی خۆرئاوا بە سینترالیزیبوونی لۆگۆسی لە دەرەوەی خوددا، ڕۆڵی ئەویتری بەرامبەری وا نمایش دەکرد وەك ئەوەی پەراوێزێك بێت لەنێو بازنەیەکدا خول بخواتەوە و چەقی بازنەکەش خودی خۆرئاوایە)[3].

هەڵوەشاندنەوە (بریتیە لە پلانێکی ستراتیژی لە خوێندنەوەدا، گرنگی دەدات بە پارچە (جوزئیە) پەرتبووەکان و بایەخدەدات بە هەموو ئەوانەی کە ئاڵۆز و دژ یەکن لە دەقەکەدا، لە

---

[1] - عبدالله ابراهیم و اخرون، معرفة الاخر، ص١١٤.

[2] – جاك دریدا، الكتابة و الاءختلاف ، ص٥٧–٦٣.

[3] - ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل، خۆرئاوا و سێنترالیزمی لۆگۆسی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٤٣، كانوونی دووەم، ٢٠٠٠، ل٣٥.

ڕاستیدا ئەم خوێندنەوەیەی هەڵوەشاندنەوە لە ڕووی بیرۆکە و جێبەجێکردن و لێکدانەوە وە لەگەڵ گروپی ییل (Yale) ی ئەنگلۆسەکسۆنی لە فەلسەفەوە گواسترایەوە بۆ ئەدەب )[1].

لە بنەڕەتدا هەڵوەشاندنەوە بریتییە لە (هەڵوەشاندنەوە و تێك و پێکدانی دەق، پاشان خستنە نێو ململانێیەکی جیاوازەوە لەگەڵ خودی دەقەکەدا، لەبەرئەوە هەڵوەشاندنەوە بریتییە لە وروژاندنی دژیەکان و لێپرسینەوە لە خودوبابەت، داماڵینی جیاوازیە کۆمەڵایەتیەکان و ڕەخنەگرتن لە پلە بەندی سیاسی و چینایەتی، و دەرباز بوون لە دژیەکی و جیاوازیەکان، بەهەمان شێوە هەڵوەشاندنەوە تەنها کورت نابێتەوە لەسەر شیکردنەوە و ڕوونکردنەوە و لێکدانەوە، بەڵکو هەوڵدەدات بۆ ئەوەی جارێکی دیکە واتا بگەڕێنێتەوە بۆ شتە پەراوێزخراو و شاراوەکان. سەرەڕای ئەوەش هەڵوەشاندنەوە بریتیە لە ڕەفزکردنەوەی پێناس و ڕەگوریشە و بوون و نکوڵیکردن لەباڵادەستی من بەسەر ئەوانی دیکەدا، لەبەرئەوە بە شێوەیەکی گشتی هەڵوەشاندنەوە دژی ئەنتۆلۆژیا و میتافیزیکا و ئایدیالزم و فەلسەفەی پێناسەکانە)[2]، هەربۆیە هەڵوەشاندنەوە (بایەخدەدات بە خستنەڕووی ناکۆکیەکان و بە چڕی تیشکدەخاتە سەر دژیەکیەکان و جیاوازیەکان، هەروەها هەڵوەشاندنەوە پەیڕەوە و گرنگی نادات بە دەربازبوون لە بونیادە جێگیرەکان، هەروەك ئەوەی بونیادگەراکان و سیمیائیەکان و زمانەوانەکان کردیان، لێرەوە پێگە و شوێنی جیاوازیەکان و ململانێکان و دژیەکیەکان دەدۆزێتەوە، هەروەها بە دووی ئەوەشدا دەگەڕێت، کە چۆن واتاکان لە ڕووی ئامادەنەبوون و چاوەڕوانی و دواخستنەوە بڵاو دەکرێنەوە و چۆن هاوکاری جیاوازیەکان دەکات لە ڕووی دژ یەکی و ناکۆك بوون و هەڵوەشاندنەوە و بڵاوکردنەوەوە)[3].

جاك دریدا بڕوای وایە کە هەڵوەشاندنەوە نە فەلسەفە و نە ڕێباز و نە تەکنیکە، هەروەها کۆمەڵێك لە بنەما و ڕێسا و ڕێوشوێنی تیۆری و پراکتیکی نییە، کە لە پێناو جێبەجێکردنیاندا پێویست بە فێربوون بکات. ئەمەش واتای ئەوەیە کە هەڵوەشاندنەوە

---

[1]- د. جميل حمداوي، نظريات النقد الأدبي في مرحلة ما بعد الحداثة، ص٣٨.

[2]- سەرچاوەی پێشوو، ص٣٨-٣٩.

[3]- سەرچاوەی پێشوو، ص٣٩.

فیکرەیەکی ئیشکالیە پرسیار سەبارەت بە پرسیار هەر لە سەردەمی ئەفلاتونەوە هەتاوەکو مارتن هایدگەر دەخاتە روو[1].

هەڵوەشاندنەوە "بەراوردکراوە بە شیکردنەوەی زمان و فەلسەفە و دەقە ئەدەبیەکان. بەو واتایەی جاك دریدا بە هەڵوەشاندەوە خۆی پڕ چەك کردووە بۆ داڕماندنی وتەزا سەرەکیەکانی زمانەوانەکان، و چاوخشاندنەوە بە دوالیزمییەکەیاندا وەك دال و مەدلول، دەنگ و نووسین، سایکرۆنی و دیاکرۆنی، زمان و قسەکردن، لە خۆگرتن و دەستنیشان کردن، و بەرەی گۆڕین و بەرەی پێکهێنان"[2].

هەڵوەشاندنەوە بەگوێرەی واتا فەرهەنگییەکەی "داڕمان و ڕووخاندن و شیتەڵکاری دەگەیەنێت، بەڵام لە بارەی ئاستی دەلالی قووڵەوە، دۆزینەوەی نەسەقە هزرییەکان دەگەیەنێت، بەبێ هیچ بایەخدانێك بە نووسەری دەق "[3]، یاخود هەڵوەشاندنەوە خوێندنەوەیەکی دوو ئاڕاستەیەو هەوڵی خوێندنەوەی دەق دەدات، لەلایەك بۆئەوەی واتا ئاشکراکانی بچەسپێنێت، لەلایەکی ترەوە هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی ئەو واتایانە دەدات، کە پێی گەیشتووە، لەمەشدا پشت بەو واتا دژیەکانە دەبەسێت، کە سەرچاوەی دەقن.

لەڕاستیدا هەڵوەشاندنەوە لێکۆڵینەوەیە لە پرۆسە و بەرهەمهێنانی دەق و دەستنیشانکردنی خاڵە دژەکانی نێو دەق، هەربۆیە ئەگەر هەڵوەشاندنەوە بە ڕاستی تێکدەرە، با هەموو بونیادە کۆن و شێوەکان تێکبدرێن و بڕوخێنرێت، تاوەکو سەر لەنوێ بونیادیان بنێینەوە، ئەمش لەپێناو گەیشتن بە ڕاڤەی خوێنەر، مەبەستی دریدا لە چەمکی (تێکدان)، "گەڕانە لە ناوەوەی ئەو بەرهەمانە بۆ دۆزینەوەی ئامادەیی میتافیزیکا و توانای پتەوبوونی، یان دەستە پاچەبوونی لە هەڵوەشاندنەوە، یان تێکدانی ئەو ئامادەییە، ئەویش لە ڕێگەی دەستگرتن بەسەر ئەو جیاوازییە بەدوایەکهاتووانەی ئەو میتافیزیکیایە دروستی کردون، لەگەڵ نەهێشتنی چەمکی دووانەییەکانی (ڕاست و هەڵە، هۆ و ئەنجام، نێرو مێ، ژیان و مردن، قسەو نووسین، هەست و نەست، جیدییەت و گاڵتە، نزیکی و دووری، خێرو شەڕ، مەعقول و هەستپێکراو، باش و خراپ، گیان و ماددە، پاك و تێکەڵ، دال و مەدلول، ئامادەیی و نائامادەیی، ناشیرین و جوان، ئیجابی و سلبی، ناوەوە و

---

[1] – د. جميل حمداوي، نظريات النقد الأدبي في مرحلة ما بعد الحداثة، ص٣٩.

[2] – سەرچاوەی پێشوو، ص٣٦.

[3] – شیرین لەتیف هەڵمەت، هەڵوەشاندنەوە : عەلاماتەکانی دریدا، گەلاوێژی نوێ، ژمارە ٢٦، سلێمانی، ٢٠٠١، ل١٤٦-١٤٧.

دەرەوە، ناوەڕۆك و ڕوخسار، سەنتەرو پەراوێز، بوون و ماهیەت، سەرەتاو کۆتایی، مەبەست و هۆشیاری، مرۆڤ و دروستکار...هتد "[1].

هەروەها دریدا دەڵێت: "میتافیزیکا سنورێکی ئاشکرا و بازنەیەکی شێوە دیاریکراو و سنوردار نییە، بتوانین لێوەی بێینە دەرێ و لەدەرەوە لێدانی ئاڕاستە بکەین، هیچ شتێك بەناوی دەرەوە بوونی نییە، بابەتەکە بابەتی جێگۆڕکێی شوێنە، پرسیار لە چینێکی ئەپستمۆلۆژییەوە بۆ چینێکی ئەپستمۆلۆژی دیکە دەگوێزرێتەوە، تاوەکو سەرجەم بابەتەکە دووچاری درزبردن دەبێت، ئەمەش ئەو پرۆسەیەیە، کە بە هەڵوەشاندنەوە ناومبردووە"[2]. کەواتە هەڵوەشاندنەوە (کەرتکردن و تێکشکاندنی کۆدەکانی دەقە بۆ پارچە پێکهێنەرەکانی، تاوەکو شێوازەکەی بزانرێ، پاشان جارێکی تر ئەو پارچانە بەشێوازێکی نوێ و داهێنەرانە بەپێی تێڕوانینێکی نوێ و داهێنەرانە و جیاواز لێکدەدرێنەوە، ئەم داهێنانەش جارێکیتر ئامادەیە بۆ پارچەبوون و هەڵوەشاندنەوە)[3]، کەواتە هەڵوەشاندنەوە خوێندنەوەی دەقە لە ڕوانگەی هەڵوەشاندنەوەی بۆ پارچە پێکهێنەرەکانی، لە پێناوی بەدەرخستنی واتا شاراوەکانی و جارێکیتر داڕشتنەوەی لە ڕوانگەی واتا شاراوەکان و پارچە پێکهێنەرەکانیەوە و نووسینەوەی دەقەکە لەسەر بنەمای لاشەی دەقێکی تر و کرانەوەی دەق بەڕوی واتا نادیار و غائیبەکاندا تاوەکو بکەونە بەر تیشکی خوێندنەوە و لێکدانەوەکانی خوێنەر.

فەلسەفەی هەڵوەشاندنەوە ڕەوتێکی نوێگەرییە و فەزای کراوە لەبەردەم گوتارەکاندا دەخاتەڕوو، دژی میتافیزیکای خۆرئاوایە، کە بەدرێژایی مێژوو یەکێ لە دووانە لێکدژەکان، (ئاخاوتن – نووسین)، (خێر – شەڕ)، (ڕووناکی – تاریکی)، (ئامادە – نائامادە)، (خۆرئاوا – خۆرهەڵات)، دەخاتە پێش ئەویتر و پەراوێزی دەخات، لە ڕوانگەی دریداوە هەڵوەشاندنەوە چاوخشاندنەوەیە بە بۆچونە کۆن و بەسەرچوو و دوبارەکاندا، بە بۆچون و تێڕوانینێکی سەردەمیانە و تێکشکاندنی بۆچونە چەقبەستووەکان و لەباربردنی ئەو سەنتەرەی لەسەری بنیاتنراوە و کرانەوەی بە ڕوی تێڕوانینە جیاوازەکان، دور لە باڵادەستکردن و دانانی هەر سەنتەرێك.

---

[1] – محمد حافظ دیاب، جاك دریداو سەرکێشی جیاوازی، و: لە عەرەبییەوە : نوری بێخاڵی، گۆڤاری نما، ژمارە ٩–١٠، هەولێر، ٢٠٠٢، ل١٤٨.

[2] – جاك دریدا، الکتابە و الأختلاف، ترجمە: کاظم جهاد، دار التوبقال للنشر، الطبعة الاولی، ١٩٨٨، ص٤٧.

[3] – د. بشیر تاوریت و سامیە راجح، فلسفة النقد التفکیکی، ص٧١.

## - گومانی هەڵوەشاندنەوە

چەمکی گومان یەکێکە لەو کایە ئەپستمۆلۆژیانەی بەدرێژایی مێژوو سەرجەم تیۆرە هزری و ئەدەبی و فەلسەفیەکان کاریان پێکردووە و کردویانە بەدەروازەی گەڕان بەدوای ئەو واتایانەی جێگەی گومان بوون، لەپێناو گەیشتن بەو ڕاستیانەی بنەمانەی ململانێن و لە ڕوانگەی گومانەوە پەرەیان بە تیۆرەکانیان داوە، بە هەمان شێوە هەڵوەشاندنەوەش تێڕوانینەکانی لە ڕوانگەی گومانەوە بووە.

هەڵوەشاندنەوە لە ڕەخنەی ئەدەبی هاوچەرخدا "وەك تەوژمێکی فەلسەفی نا عەقلانی تاریکخواز دەرناکەوێت، بەڵکو وەك تیۆرێك کە گفتوگۆ و ڕاوبۆچونی پێشینەی تایبەت بە عەقلانیەتی قوڵ و بنیاتی ڕۆچو و قوڵ بەنێو وشیاری ڕۆژانەدا خۆی دەخاتە ڕوو و ئەو لیدوانانەی لەبارەی شیکردنەوە ئەدەبیەکانی دریداوە دەکرێن، ئەوە دەخەنە ڕوو کە هەموو هەوڵێك بۆ گێڕانەوەی دەقی فرە واتا بۆ بوونیادێکی تاك چەمك کە پارێزگاری یەك واتایی بکات بەهەموو شێوەکانیەوە، ڕاستەوخۆ شکستخواردوو دەبێت"[1]، لەبەر ئەوە گومانی هەڵوەشاندەوە "گومانێکە خۆی لە نێو هەناوی گومانێکی مەعریفیانە هەڵدەگرێتەوە، گومانێکە هەمیشە بە شوێن خولقاندنی جۆرێك لە تۆوی بیرو فەلسەفە دەگەڕێت، بۆ ئەوەی دواجار فەزایەکی کراوەو فرەدیو بسازێنێ، بەمەش دەرگا والا دەکات لەبەردەم پرۆسێسی ڕاڤەو خوێندنەوەی جیاواز"[2]. "گومانی میتۆدی پێچەوانەی گومانی (ڕەها)یە، کە خاوەنەکەی بە گومانەوە دەست پێدەکات و بە گومانیشەوە کۆتایی دێت، ئەم جۆرە گومانەش گومانێکی بێواتاو مەبەست و تەمبەڵانەیەو ڕێگرە لەبەردەم بیرکردنەوەدا "[3]. دەبێت خوێنەر هەمیشە گومانی هەبێ لەوەی دەشێ لە دێڕەکانی هەر دەقێکدا واتایەکی نهێنی شاردراوە هەبێ کە زۆر جار بە ئاسانی خۆی بە دەستەوە نادات.

---

[1]- بير ف زيما، التفكيكية- دراسة نقدية، ت: اسامة الحاج، دار مجد، بيروت، ط٢، ٢٠٠٦، ص٥٤.

[2]- ستاری پیرداود، گومانی هەڵوەشاندنەوە، هەڵوەشاندنەوەی گومان، گۆڤاری ٢٣، ژمارە٦، تشرینی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات - هەولێر، ٢٠١١، ل٣٥.

[3] - ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، گومانی ئەپستمۆلۆژی، گۆڤاری کاروان، ژ١٤٨، ئابی ٢٠٠٠، ل٦٦.

هەڵوەشاندنەوە بەچاوی ڕەخنە و گومانەوە دەڕوانێت و "دەیەوێت دەسەلاتی چەمك و چەمكگەرایی بخاتە ژێر پرسیارەوە"[١]، دریدا دەڵێت "ئەوەی لای من لە خوێندنەوەكاندا گرنگە، بریتییە لە سەقامگیربوون و شوێنگرتن لە بونیادی بەیەك نەبەستراوی دەق و دۆزینەوەی ئەو پەشێوی و دژایەتیانەی لە دەقەكاندا هەیە، دەق لە میانی ئەو بونیادە ناجۆرەوە خۆی دەخوێنێتەوەو لەهەمان كاتدا خۆی هەڵدەوەشێنێتەوە "[٢] . هەمیشە ستراتیژییەتی هەڵوەشاندنەوە "لەپێناو كراوەیی دەق تێكۆشاوە و بەشوێن جاویدانییەتی دەق گەڕاوە، تەنانەت لە هەوڵی ئەوەشدا بووە كە فەزای دەق لە پرۆسێسە داخراو و كوژێنەرەكانی خوێندنەوەی تاك ڕەهەندانە ڕزگار بكات و بەرەو كرانەوەیەكی فرەواتاو فرە ڕەهەند هەنگاوی پێبدا"[٣]، هەربۆیە "گومان مەزندەو وێنا كردنێكی فەلسەفیەو و توانای بوونی مەعریفەی بابەتی بۆ واقیع دەخاتە بەر پرسیارو لێكدانەوەو ڕاڤەكردن"[٤]. لە هەڵوەشاندنەوەدا خوێنەر لە ڕێگەی خوێندنەوەی دواخستنەوە "زمان بارگاوی دەكات بە بێكۆتا لە واتا و دەلالەت"[٥] و خوێندنەوەی جۆراوجۆر و لێكدانەوە و هەڵسەنگاندن، ئەمەش هۆكاری پەسەندكردنی ئاخاوتن بووە بەسەر نووسیندا، هەربۆیەش فەیلەسوفەكان بە ئەرێنی بۆ ئاخاوتن و قسەكردنیان ڕوانیوە.

هەڵوەشاندنەوە لەسەر بنەمای گومان دامەزراوە و گومانیش گێژاوێكی گەورەی دروستكردووە و دەرگای بەسەر كۆمەڵێك (نا) یا والاّ كردووە، وەك "نا ڕاستەقینە، نا مەبەستێتی نوسەر، نا یەقین، نا كۆتایی دەلالە، لەسەر بنەمای جێكەوتی ئەم (نا)یەش، ئەوەی لێی هاتۆتە بوون بە (فرە خوێندنەوە) ناسراوە و بەمپێیە هەموو خوێندنەوەیەك خراپ خوێندنەوە پێكدێنێ، و دەرگای لەبەردەم وازیكردنی سەربەست و مەدلولی جیاواز

---

[١] – بیر ف زیما، التفكیكیة، ص ٩.

[٢] – نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، شیعریەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٣٠.

[٣] – ستاری پیرداود، گومانی هەڵوەشاندنەوە، هەڵوەشاندنەوەی گومان، گۆڤاری ٢٣، ل٣٩.

[٤] – ڕێبین ڕەسوڵ، ئەپستمۆلۆژیاو فەلسەفە، بەرگی یەكەم، دەزگای چاپ و پەخشی ڕێبین، هەولێر، چاپی یەكەم، ٢٠٠٤، ل١٢٥.

[٥] – د. بشیر تاوریت و سامیة راجح، التفكیكیة في الخطاب النقدی المعاصر، دراسة في الاصول و الملامح و الاشكالات النظریة و التطبیقیة، دار رسلان للطباعة و النشر و التوزیع، سوریا – دمشق، ٢٠٠٨، ص١٣.

کردۆتەوە و پانتاییەکی فراوانی لەبەردەم لێکدانەوە و تەئویلە زۆرەکاندا والأکرد"[1].
هەڵوەشاندنەوە کنەکردن و ڕۆچونە بەناو دەقدا و لێکدانەوەیەکی هەمیشەیی و بەردەوامە و "شیکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم ئەو واتایانەیە کە لە لۆگۆسەوە سەرچاوەیان گرتووە، بە تایبەتی واتای ڕاستی"[2]، و هەڵوەشاندنەوە بووە بە ڕێبازێکی جێبەجێکراو لە بوارەکانی فەلسەفە و ئەدەب و هونەر و سەرجەم بوارە ڕۆشنبیریەکانی دیکە، بە تایبەتی لە ڕۆشنبیری ئەنگلۆسەکسۆنیدا. پاشان بە هۆی گروپی (ییل)ەوە گواستراوەتەوە لە بواری فەلسەفە و لاهوتەوە بۆ بواری ئەدەب و ڕەوانبێژی و ڕاڤەکردن. ئەوە زانراوە کە هەڵوەشاندنەوە ڕێگەیەکە بۆ خستنە ڕوو و ئاشکراکردنی وەهمەکان و هەڵە باوەکان، و دۆزینەوەی دژیەکیەکان لە ئایدیاکان و واتاکان و ئاڕاستەکان و بیروباوەڕەکان، هەروەها داماڵینی وەهمە ئایدۆلۆژیەکان، بەگەڕخستنی هەڵوەشاندنەوەگەرایی وەك ئامرازێك بۆ گفتوگۆ و جیاوازی و بونیادنان، و بەکارهێنانی وەك میکانیزمێك بۆ هەڵکۆلین و هەڵدانەوە و داتاشین لە دەقەکان و گوتارەکاندا، هەروەها وەك میکانیزمێکی مەنهەجی بۆ سەرلەنوێ خوێندنەوەی مێژوو، و خوێندنەوەی پەراوێز لە بەرامبەر ناوەنددا. بەمجۆرە هەڵوەشاندنەوەگەرایی بریتییە لە جۆرێك لە بەرگریکردن لە دژی قسەی بێواتا و گەوجێتیەکان، ونووسراوێکە بۆ بەرگریکردن لە نەشیاو. بە هەمان شێوە مەشخەلێکە بۆ دۆزینەوەی جیاواز لەسەر ڕێگە ڕۆشنکەرەوەکەی و گەمارۆدانی لە ڕووی هەڵوەشاندنەوە و کەرتوپەرت کردنەوە، هەڵوەشاندنەوە ڕووبەڕووی ڕەخنەی توندبووەوە، جا لە بوارە فەلسەفیەکەیدا بێت یاخود ئەدەبیەکەیدا، بە تایبەتی لە بەشە ئەدەبیەکەیدا لە زانکۆکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا. سەرەتا ئەوەی تێبینی دەکرێت لەسەر هەڵوەشاندنەوە ئەوەیە کە دیدگایەکی فەلسەفی ناڕوونە لە خستنەڕوی تیۆری و مەنهەجیەکەیدا، و پایەکانی و چەمکەکانی زۆر ئاڵۆز و زەحمەت و ناڕوونن، بۆ نموونە ئەگەر چەمکی هەڵوەشاندنەوە لای دریدا وەرگرین ئەوە جیاوازە لە واتای هەڵوەشاندنەوە لای بونیادگەراکان، چونکە لای بونیادگەران پۆزەتیڤە و ڕێز لە نەگۆڕە عەقڵی و لۆژیکی زمانی قسەکردن دەگرێت. لە

[1]- جاك دريدا – ما الآن؟ ماذا عن الغد؟ ص٢٦.

[2]- ساره كوفمان – روجي لابورت، مدخل الى فلسفة جاك دريدا، تفكيك الميتافيزيقا و استحضار الأثر، ترجمة: ادريس كثير و عزالدين الخطابي، افريقيا الشرق، ط٢، ص١٣.

کاتێکدا هەڵوەشاندنەوە لای دریدا بە واتای ڕووخاندن و هەڵوەشاندنەوە و پەرتبون دێت. ئەو دۆخەی هەڵوەشاندنەوەی لێوە دەرچووە، (قۆناغێکە لە قۆناغەکانی جەدەل و ململانێی نێوان ڕێبازەکان. ئەگەر ڕێبازە تەقلیدیەکان و ڕێبازی بونیادگەرایی خۆزگەیان ئەوەیە کە بەڵگەکان بخەنەڕوو بۆ چارەسەری کێشەکان لە کرداری وەسفی گوتار یان نزیك بوونەوە لە واتاکەی، هەڵوەشاندنەوە لەم جۆرە بەڵگانەدا تۆوی گومان دەچێنێت، و پایەکانیشی هەڵدەوەشێنێتەوە. لەبەرئەوە هیچ یەقینێك نیە و ئامانجە بنەڕەتیەکەشی لە ڕوخاندنی بونیادی گوتاردا دەشارێتەوە بەبێ رەچاوکردنی ئەوەی ڕەگەز و جۆرەکەی چیە، و پشکنین لەوەش دەکات کە بونیادەکە شاردویەتیەوە لە تۆڕێکی دەلالەتی)[1]، لەپاش ئەوەی بەجۆرێکی تر لێی دەڕوانێت و بنیاتی دەنێتەوە.

کۆپی ئەمریکی هەڵوەشاندنەوە جیاوازە لە کۆپیە ئەوروپیە دریداییەکەی لە زۆرێك لە بنەما و بیر و بۆچونەکاندا. هۆکاری ئەم لێکدوریەش دەگەڕێتەوە بۆ وەرگێڕانی بیروبۆچونەکانی دریدا لە ڕەگەزی فەڕەنسی بۆ زمانی ئینگلیزی، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی ئەم بیروبۆچوونانە واتا زاراوەییە بنەڕەتیەکانیان و قوڵەکانیان لە دەستدا بوو، دریدا نکوڵی لەوە دەکرد، کە "هەڵوەشاندنەوە بگۆڕدرێت بۆ ڕێبازێك یان ڕێبازێکی ڕەخنەیی بۆ خوێندنەوەی ئەدەب، بەڵام هەڵوەشاندنەوە گەراکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکاندا هەڵوەشاندنەوە گەراییان گواستەوە بۆ ڕێگایەك لە ڕاڤەکردنێکی ڕەخنەیی و خوێندنەوەی دەقە ئەدەبیەکان وەك حاڵەتی پۆل دومان. بەوەش هەڵوەشاندنەوە بوو بە ڕێگایەك لە خوێندنەوە و ڕاڤەکردن و شیکردنەوەی دەقەکان و گوتارەکان جا هەر جۆرێك بێت"[2]. هەڵوەشاندنەوە سنورەکانی دەق تێکدەشکێنێ و بنەماکانی شیدەکاتەوە و ڕۆدەچێ بە ناویا و هەڵیاندەوەشێنێتەوە و مەدلولەکان لێك دەترازێنێ و بە جێگری نایانهێڵێتەوە، لەپێناو گەیشتن بەبناغە و تێکشکاندنی و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی بە تێڕوانینێکی جیاواز و نەهێشتنەوەی هیچ بەها و ڕێگەیەك بۆ سەنتەر.

---

[1]– عبدالله ابراهيم، التفكيك: الأصول و المقولات، عيون المقالات، الدار البيضاء، المغرب، الطبعة الاولي، ١٩٩٠م ، ص ٤٤.

[2]– د. جميل حمداوي، نظريات النقد الأدبي في مرحلة ما بعد الحداثة، ص ٥٨–٦١.

دریدا داوای ڕووخاندن و هەرەسهێنانی سەرجەم ئەو بیرانەی دەکرد، کە لەداب و نەریتەوە هاتبوون، دواتریش بەئامانجی سەرلەنوێ بنیاتنانەوەیان زەمینەی بۆ ڕەخساندوون، واتە ئەو بیروباوەڕ و شۆڕشەی دریدا ڕابەری دەکرد شۆڕشێك بوو دژی عەقڵ و فەلسەفەی ئامادە، بەواتایەکی تر دژی قەتیسبوونی واتا بوو هەروەك لای بونیادگەرەکان، هەربۆیە دریدا لەسەر بنەمای بیرە باوەکانی شارستانیەتی رۆژئاوا گەشەی بە هەڵوەشاندنەوە دا.

دریدا هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی ئەو ناوەندە میتافیزیکیانە دەدات، کە فەلسەفەی خۆرئاوای لەسەر بنیاتنراوە، بەو واتایەی دەسەڵاتی عەقڵ، دەسەڵاتی ئامادەیە و بۆتە سەرچاوەی مەعریفە و داهێنان، ئامادەبوون پەیوەستبووە بە عەقڵ و مەنتیقەوە، کە دریدا ئەم ئامادەبوونە عەقڵیانەی ڕەتکردۆتەوە و ئەوەشی ڕاگەیاندووە کە واتا لە نائامادەیدایە و داوای کرانەوەی دەقی کردووە، کە لە ڕێگەی خوێنەرەوە دەگەینە واتای نائامادە و جیاواز، بە ئامانجی تێکدان و داڕمانی ئەو ناوەندەی کە (بوون) تیایدا ئامادەییەکی بێسنوری هەیە. جاك دریدا نکوڵی لە بەسەنتەربوونی عەقڵ دەکرد، (هەموو ئەوانەی ناشرین دەکرد کە لایەنگری باڵادەستی ڕەگەزێك بوون، و تایبەتمەندێتی ناوەندیی تێکدەشکاند، یان باوەڕبوون بە زاڵ بوونی ڕەگەزێك بەسەر یەکێکی دیکەدا. لەبەرئەوە دریدا ئەفسانەی بنەچە (ڕەگ و ڕیشە)ی ڕەفز دەکردەوە، بۆ نموونە وەك ئەوەی ئێمە بەرگری بکەین لە پیاوێکی سپی پێست لە دژی رەش پێستێك، یان کار بکەین لەسەر ئەوەی ڕەگەزی ڕۆژئاوایی یان ئاری باڵادەست بن لە سەر حسابی ڕەگەزەکانی دیکە هەر وەك ئەوەی ڕۆژهەڵاتناس ڕینان کردی، یاخود دەمارگیریمان هەبێت بۆ نەتەوە و ڕەگەزێك هەبێت وەك ئەوەی مارتن هایدگەر ئەنجامیدا کاتێك دەمارگیری بۆ نەتەوەی ئەڵمانی هەبوو. لەبەرئەوە لە میانی هەڵوەشاندنەوە و خاپورکردن و پەرتبوونەوە دژایەتی هەموو جۆرە ئایدیایەکی رەگەزی دەکات، و ڕووبەڕووی هەموو جۆرە بە سەنتەربوونێکی زاڵ و باڵادەست دەبووەوە)[1]، هەر بۆیە

[1]– د. جميل حمداوي، نظريات النقد الأدبي في مرحلة ما بعد الحداثة، ص ٤٤.

دریدا"دەیەوێت بەجۆرێك لە جۆرەكان ئەوەمان پێبڵێ كە جگە لەوەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە بونیادگەری هاتۆتە بوون، لە هەمان كاتیشدا سەرجەم گرفت و پرسە داخراوەكان، كە ڕەوتی بونیادگەری بە ئاڵۆزی و تێكچڕژاوی جێی هێشتووە و نەپرژاوەتە لێكدانەوەی، ئەوا هەڵوەشاندنەوە دێت سەرجەم ئەو ڕایەڵە داخراوانە دەكاتەوە و دەیانگەیەنێتە ئەنجام"[١]. تێڕوانینە بونیادگەرییە جیاوازەكان (لەو باوەڕە تەواوەی بە بوونی نەسەقێكی بونیادگەری دیاریكرا و لەناو دەقی ئەدەبیدا سەرچاوە دەگرن، دەیشكێنێتەوە بەلای دروستكردنی حاڵەتێكی گونجا و لە سیستەم و هاوتابوون و لەیەكچوون لە نێوان ئاستە جیاوازەكانی پێكهێنان و مۆرفۆلۆجی و سیمانتیكی دەقدا، ئەو ڕێبازانەی بە دوای بونیادگەریدا هاتن، ناكۆك و جیاواز بوون و گومانیان هەبوو لە بوونی نەسەقە بونیادگەرییە هاوتاكان لەناو دەقدا، جەختیان لەوە دەكردەوە كە دەقی ئەدەبی پێچەوانەی بۆچونەكانی بونیادگەرییە، لە بەربەرەكانیكردن و بەگژاچونەوەی هەموو حاڵەتێكی هاوشێوە و وەكیەكیەكی ژێردەستەی پرۆسەی بنیاتنان Structuralization، بەڵكو لە ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوەدا دەق بەرە و داماڵین و پەرتبون و هەڵوەشاندنەوە و داڕمان دەچێت، نەك گونجاندن)[٢].

"ئەگەر دال وێنەی دەنگی مەدلول، یان وێنای زەینی بێت، ئەوا مەدلول لایەنی زەینی دال (وێنەی دەنگی)یە، بەڵام پەیوەندی بریتییە لە یەكگرتنی وێنە دەنگییەكە و وێنا زەینییەكە، یان بریتییە لەو گشتەی لە دال و مەدلول پێكهاتووە. ئەگەر چی پەیوەندی نێوان دال و مەدلول لەخۆوەیە، یەكگرتنیان بونیادی دەلالەت پێكدەهێنێت، وەك ئەوەی دەلالەت پەیوەندیەك بێت لە یەكگرتنی دال و مەدلولدا بەدیبێت"[٣]، دال حاڵەتی (ئامادەیی) دەنوێنێت، كەچی مەدلول حاڵەتی نائامادە (غیاب) دەنوێنێت، بەمپێیە "ئەگەر مەدلول باری نائامادە(غیاب) بنوێنێت، ئەوا هێنانی بۆ ناو جیهانی ئامانژەكان پێویستی بە خوێنەرێكی ڕۆشنبیرە، كەبتوانێت بۆ ئامادەكردنی دەلالەت پەیوەندی دیالێكتیكی لەنێوان دال و مەدلولدا دابمەزرێنێت، هەموو ئەمەش پشت بەو بوونە دەنگییە دەبەستێت، كە بەهاو

---

[١] – عەبدولستار پیرداود حەسەن، هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە ئەدەبی كوردیدا لە تیۆرەوە بۆ پراكتیزەكردن، ل٩.

[٢] – فاضل ثامر، اللغة الثانیة، ص٤٥.

[٣] – بڕوانە د.بەسام قطوس، دەروازەیەك بۆ میتۆدەكانی ڕەخنەی هاوچەرخ، ل ١٦٨.

مەترسی وشەکە دادەمەزرێنێت و وشەکە دەکاتە خاوەنی بەهایەکی دووانەیی: ئامادەیی و نا ئامادەیی، بوون و نەبوون".[١] هەریەك لە "بونیادگەری و هەڵوەشاندنەوەگەری و سیمۆلۆجیاش پشتیان بە زمانەوانی بەستووە، بەڵام هەریەکەیان بەڕێگەیەك واتایان وەرگرتووە، یان بەدوای دەلالەتدا گەڕاون، بۆ نموونە بونیادگەری ڕێگەی والأکرد بۆ لێکۆڵینەوە لە چۆنێتی رودانی دەلالەت نەك چییەتی دەلالەت، کەچی هەڵوەشاندنەوەگەری تەرکیزی دەکردە سەر وتەزای جیاوازی و هەڵوەشاندنەوەی لۆگۆسەنتەریزم، هەروەها جەختی لەوە دەکردەوە ئەستەمە پەرەسەندن یان گۆڕانە بەردەوامەکانی خودی واتا دیاریبکرێت"[٢].

لە ڕوانگەی هەڵوەشاندنەوەگەرەکانەوە "دەق کراوە و بێکۆتاییە، لای بونیاگەرەکانیش دەق خوێندنەوەی جۆرا و جۆری بۆ دەکرێت، بەڵام لەهەمانکاتیشدا بونیەکەی داخراوە، واتە پێویستی بەشتێك نییە لە دەرەوە، تا یارمەتی تێگەیشتنی بدات"[٣]، هەر بۆیە (پاشەکشەی بونیادگەری لەسەرنەکەوتنیدایە لە دیاریکردنی سیما گشتیەکانی جوڵەی دالەکاندا، و گرەوکردنی لەسەر بابەتی بونیاد لە سیستەمدا بەرەو چەند مەدلولێکی کۆتایی بردن، سەرباری بایەخ پێنەدانیان بە پێگەی خوێنەر، لەبەر ئەوەی بەبۆچونی ئەوان، دەق واتا دەدات بەخوێنەر)[٤]، ئەمەش یەکێك بووە لە خاڵە لاوازەکانیان.

دریدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کەوا "جیاوازیەکانی ئەو ئامادەیی و نائامادەییە کۆتایی نین و سنوردار نین و تەواو ناکەونە بەرەی دژ بۆ هاوشێوەی خۆیان یان جیاوازیەکانیان، هەروەها وەهمێك نییە بۆ گەیشتنی یەکلایەنی و کۆتایی پێیان"[٥]. سەبارەت بە وتووێژەکەی ئەفلاتون لە (فیدرۆس)دا، دریدا بەوە گەیشت "ئەگەر قسە چوارچێوەیەك بێت بۆئامادەیی و شوناس و یەکێتی و بەداهەت، ئەوا نووسین چوارچێوەیەکە بۆ نائامادەیی و جیاوازی و فرەیی و لەیەکنەچون"[٦]، ئامادە دیار و

---

[١] – بڕوانە د.بەسام قطوس، دەروازەیەك بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، ل ١٦٩.

[٢] – سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٩.

[٣] – د. عەلی تاهیر بەرزنجی، چەند توێژینەوەیەکی ڕەخنەیی، ل٣٢.

[٤] – د.عماد حسیب محمد، بئار النص، قراءات تفكيكية في الشعر الحداثي، دار اطلس للنشر و الانتاج الاعلامي ٢٠٠٩، ص٦١.

[٥] – محمد حافظ دیاب ، جاك دریداو سەرکێشی جیاوازی، ل١٥١.

[٦] – بڕوانە د.بەسام قطوس، دەروازەیەك بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، ل ١٨٧.

ئاشكرایە و بەردەستە، بەڵام نائامادە نادیار و تەمومژاوییە و ناجێگیرە، ئەو نادیاری و تەمومژاوییەی وایلێدەکات مەدلولەکانی بەکراوەیی بهێڵێتەوە بۆ خوێنەر و ئەرکی خوێنەرە بەپێی سیاقەکەی ئاشکرایان بکات، ئەمەش دەبێتە هۆکاری کرانەوە و تێڕوانینی نوێ بەڕوی دەقدا و ئازادی و بەرفراوانبونی بیری خوێنەر و تێڕوانینی بە ئاسۆیەکی فراوانتر و داهێنانی بۆچون و بیری نوێ، کە ئامانجی هەڵوەشاندنەوەیە.

دریدا روبەڕوی بنەما فەلسەفیەکانی رۆژئاوا بووەوە، بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی باشتر بتوانێت بنەما میتافیزیکیەکانی هیگڵ هەڵبوەشێنێتەوە و ئەو یۆتۆبیا فەلسەفیەی رۆژئاوا دایمەزراندبوو و وەك راستیەکی رەها سەیریدەکرد، بنەماکانی لەسەر دەستی ئەرستۆ دامەزرابوو تا دەگاتەوە بە دیکارت و کانت و هیگڵ، تاوەکو دەگات بە مارکس و نیتچە و فرۆید، تیکیبشکێنێت.

دریدا بانگەوازی ئەوەی دەکرد "هەڵوەشاندنەوە میتۆد نییە، و ورد نابێتەوە بۆ ئامرازەکانی میتۆد، یان کۆمەڵێك لە یاسا و رێسا"[1] ئامانجیشی لەمە رێگریکردن بوو لە دەستبەسەراگرتن و لەقاڵبدانی هەڵوەشاندنەوە، ڕەنگە ئەم بۆچونەشی بگەڕێتەوە بۆ "قورسیەکەی و جیاوازیەکەی لە میتۆدەکانیکە. ئەگەر میتۆد بوایە ئەوە ملکەچ دەبوو بۆ بە تیۆری بوون و زمانێکی تایبەت بە خۆی دەبوو، هەروەها چەند بنەمایەکی ڕێکاری دیاریکراوی تایبەت بە خۆی دەبوو، ئەمەش ئەوەیە کە هەڵوەشاندنەوە ڕەتیدەکاتەوە و شۆڕشی کرد بەسەر ڕێسا و بونیادە جێگیر و کاتیگۆریە ناوەندیەکاندا"[2]، و ستراتیژ و ئامانجی هەڵوەشاندنەوە "خستنە کاری ئەندێشە و کردنەوەی ئاسۆی نوێیە لەبەردەم کاری داهێنەرانەدا و هەوڵدانە بۆ بنیاتنانی ستراتیژیەتێکی گشتی و دورکەوتنەوە لەو دووانەییانەی هەر لە ئەفلاتونەوە تا دی سۆسێر هزری رۆژئاوایان پێ جیادەکرێتەوە. بۆی لە ئاسۆی داخراوی ئەم دووانەییانەدا ستراتیژیەتێکی جێگرەوە بۆ (خوێندنەوە و نووسین)، یان بۆ لێکۆڵینەوە و نزیککردنەوەی دەقەکان دابمەزرێنێت"[3]. هەڵوەشاندنەوە رێگەیەکە بۆ دوبارە خوێندنەوەی دەق، هەوڵێکە بۆ هەڵگێڕانەوەی دووانە لێکدژەکان و دابڕانیان لە قاڵبە کۆنکرێتیە دیاریکراوەکەیان و سەرلەنوێ واتای نوێ پێبەخشینیان.

---

[1] - جاك دريدا، الكتابة و الاختلاف، ١٩٨٨، ص .

[2] – د. جميل حمداوي، نظريات النقد الأدبي في مرحلة ما بعد الحداثة، ص ٥٣.

[3] – جاك دريدا، الاستنطاق والتفكيك، مجلة الكرمل، ١٩٨٥، العدد ١٧.

سەبارەت بە میتافیزیکای ئامادە دریدا دەڵێت: "دیاریکردنی بوونە بە هەموو واتاکانیەوە، دەکرێت ئەوە ڕوونبکەینەوە کە هەموو ئەو وشانەی پەیوەستن بە بنەماو پرەنسیپ و سەنتەرەوە بە بەردەوامی بە ( ئامادە) ناو براون، جا ئەوە ناوی (ناواخن، بوون، مادە، خود ) یان مەدلولی بوون، بالاّ، وشیاری، ویژدان، خوا، مرۆڤ ... هتد بێت"[1] بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی میتافیزیکای ئامادە ئاماژە بە چەند نموونەیەك دەكەین: لە کۆجیتۆی دیکارتدا ( من بیر دەکەمەوە، کەواتە من هەم ) من لە دەرەوەی چوارچێوەی گومانم لەبەر ئەوەی لە کردەی بیرکردنەوەدا ئامادە بونم هەیەو بەشدارم لە پرۆسەکەدا کە ئەمەش بە پێی لۆژیك بونی من و ئامادەییم دەسەلمێنێت.

نموونەی دووەم : بۆچونمان دەربارەی کاتی ئێستا ئەو چرکە ساتەی ئێستایە کە تیاین و بونی هەیە، داهاتو لە ئایندەدا دێتە بون و دەبێت، ڕابردوش بونی هەبووەو تێپەڕیوە، بەلاّم لە ڕاستیدا بونی هەردوکیان وابەستەیە بە بونی ئێستاوە چونکە داهاتو ئامادەییەکی پێشبینیکراوە و ڕابردوش ئامادەییەکی تێپەڕیوە.




نموونەی سێیەم : بیرۆکەی واتایە ( کاتێ وتو وێژ لەگەڵ یەك دەکەین )، کە ئامادەیی وشیاری قسەکەر دەسەلمێنێ کە دواتر لە ڕێگەی ئەو ئاماژەو سمبولانەی بەکاری دێنێ و دەریدەبڕێت، ئەمەش بونی واتا دەگەیەنێ لە هۆشی قسەکەردا لەکاتی قسە کردندا و واتای ئامادەیی واتایە لەنێو پرۆسەی قسە کردندا [2].

هەڵوەشاندنەوە "ئامادە بونێکی مادی نیشانە نیەو تەنها گەمەی جیاوازیەکانە، سیاق و جیاوازی واتا پێکدێنێ لە ڕێگەی خوێنەرەوە ئاستەکانی (ئامادە) و (نائامادە) دەچنە بازنەی دیالێکتێکەوە، چونکە هەموو وشەیەك لە زماندا بەرەو ئاستێکی دەلالیمان دەبات بەبێ ئەوەی واتای دیاریکراوو جێگیری هەبێت، هەموو واتاکان دەچنە خانەی (دواخستن)ەوە لە ژێر یاسای

---

[1]- جون ستروك، البنيوية و ما بعدها (من ليفي شتراوس الي دريدا )، ص ٢١٥ – ٢١٦.
[2] – سەرچاوەی پێشوو، ص٢١٦.

**جیاوازی دا، واتە پێکهاتەو ڕەخساندنی واتا بەڕای (دریدا) لە ڕێگای بەردەوامبونی ( جیاوازیەکانە) لە پرۆسەی (نووسین و خوێندنەوە)دا، هەر لێرەشەوە ئاستەکانی (ئامادە) و (نائامادە) بەهۆی ئاسۆی جیاوازیەکانەوە دەستەبەر دەبێت و خودی خۆشی دەبێتە ئەسڵ"[١].**

**لە هەڵوەشاندنەوەدا "هیچ وشەیەك واتای دیاریکراوی نیەو لە نائامادەییەکی بەردەوامدایە و چەندین واتای جیاوازی هەیە، چونکە بنیاتی زمان پێکهاتەی جیاوازیەکانە، خوێنەر ئەبێ بۆشاییەکان بە دەنگ بهێنێ و ئەرکی خوێنەریشە کە دەق تەواو بکات"[٢]. هەڵوەشاندنەوە کە (میتافیزیکای ئامادە) ی دابەشکردبو بەسەر "(سێنتەر) و (بونیاد)، چونکە (ئامادە) بونیادێك نییە بۆ سێنتەری (میتافیزیکیا) ، بە واتای بونیاد سێنتەرێك نییە بۆ مان، بەڵکو لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوەی میتافیزیکای ئامادە، فرە واتایی دەردەکەوێت، ئەو دەرکەوتنەش گەمەیەکی زمانەوانیەو حەقیقەتی واتا لەنێو تاکواتایی بوونی نییە، بۆیە لەو چەمکە زمانەوانییە (مەدلول) شوێنێکی نابێت، چونکە بەبونی شوێنێك بۆ مەدلول، بەواتای خۆی لە دال جیا دەکاتەوە، بۆیە گوتاری میتافیزیکی ئەو ئامادەییەی هەڵوەشایەوە کە بتوانێ بپەڕێتەوەو پەیوەندی لە نێوان دووانەکان دروست بکات (جەستە/ڕۆح)، (هەست/نەست)، (چاکە/خراپە)، (ئامادە/نائامادە)، (جوانی/قێزەون) ، (دۆگما/مەعریفە) "[٣]. میتافیزیکا هەمیشە بەوە دەناسرێت کە "ئەو بیرکردنەوەیەیە کە هەبوو لەبونیا دیاریدەکات"[٤].**

**ئەرکی دوای بونیادگەری "خوێندنەوەو دەستنیشانکردنی وێنە شاراوەکانە کە دەکەونە نێو دێڕەکان و وشەکان و فرێزەکان.. داماڵینی واتای وشەی تاك و ڕستەکانە.. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە شاعیر یان هونەرمەند هەمو نهێنیەکانی دەقەکانیان ناخەنە بەردەم خوێنەرەوە، خۆ ئەگەر وەها نەبێت ئەوا ئەو پارچە شیعرو هونەرانە بێ بەهاو بێ نرخ**

---

[١] – پ.ی.د عبدالقادر حمە امین محمد، بنەماکانی هەڵوەشاندنەوە، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B، گۆڤارێکی زانستییە بەشی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی دەریدەکات، ژمارە (٤٠) ئایاری ٢٠١٣، ل٣٧.

[٢] – سەرچاوەی پێشوو، ل٣٧.

[٣] – نیهاد جامی، سیمۆلۆژیای دریدا، ل١٣١.

[٤] – عادل عبدالله، التفكيكية، ارادة الاختلاف و سلطة العقل، دار الحكمه للنشر و التوزيع و الطباعة، ط١، ٢٠٠٠، ص ١٥٧.

دەمێننەوە "[1]، بونیادگەرەکان جەخت لەسەر دەق و سیستەمی ناوەوەی دەق دەکەن و داکۆکی لە بنیات و چەسپاوی ناوەوەی دەق دەکەن و ئازادی بیرکردنەوە سنوردار دەکەن، بەڵام هەڵوەشاندەوە هەمیشە هەوڵ ئەدات بۆ کارکردن لەسەر نەهێشتنی سەنتەر و تێکشکاندنی و بەرهەمهێنانی دژەکان و فراوان بوونی بیرو کرانەوە بە ڕووی دەرەوەداو ئازادی پێبەخشینی لە هەموو بوارە فەلسەفی و سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و... هتد بە مپێیە ستراتیژی هەڵوەشاندەوە وەستانە لە دژی ئەو سیستەمانەی کە بەدوای بەها ڕاستەقینەو سەنتەرێکی ڕەهادا دەگەڕێن و خۆی لە هەموو جۆرە بڕیاردانێکی ڕەهاو کۆتایی دەپارێزێ، چونکە گەیشتن بە بڕیاری ڕەهاو کۆتایی گەیشتنە بە کپی و چەسپاوی و نەبزواندن و گەشە نەکردن و خرانە لاوەی گومان.

"یاخیبون و شانازیکردن بە خودو خۆگونجاندن لەگەڵ ئەو بیرەدا، مەترسی لە وابەستە بوون و گیرۆدە بوون بە بەرامبەر و خۆ هاوتاکردن پێی کەمتر نییە، یەکەمیان سەرچاوەکەی دەمارگیری و داخرانە بە ڕوی دەرەوەدا، دووەمیشیان واقوڕمان و خۆ ونکردن و هەستکردن بە کەمییە، هەریەکەشیان یان دابڕانی زیاترە لە ئەوی بەرامبەر، یان توانەوەیە تیایدا"[2]، کە لە هەردوو دۆخەکەدا هیچیان باش نییەو زیاتر دابڕان و کەلێن دروست دەکات. سەبارەت بە چوارچێوەی مێژووی میتافیزیکا، دریدا دەڵێت: "بریتییە لە دیاریکردنی بوون بەو پێیەی ئامادەیی هەیە، ئامادەیی بە هەموو واتاکانی ئەم وشەیە (ئامادەبون). دەشێت ئەوە ڕون بکەینەوە کە سەرجەم ئەو وشانەی پەیوەستن بە بنچینەو پرەنسیپەوە یان ناوەند (سەنتەر)ەوە، بەردەوام بە ئامادەیی جێگیر ناوزەند کراون، جا ئیتر ناوی (کرۆك (جوهر) یان بون یان مادە یان خود) بێت، یاخود ناوی بالاْ (تعالی) یان وشیاری یان ویژدان یان خودا یان مرۆڤ..تاد بێت"[3]، ئەمەش ئەوە دەخاتە ڕوو کە هیچ توخمێك بەتەنیا بەبێ بونی توخمەکانی تر بونی نابێت و کاریگەری دروست ناکات، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە ئامادەیی لە بنەڕەتدا ئەسڵ نییەو بەبێ جێکەوتی توخمەکانی تر یان دژەکان بونی نییە بەناوی توخمی ڕەسەن یان ئەسڵ.

---

[1] – د.زاهیر لەتیف کەریم، وێنە شاراوەکان، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشیB، ژمارە ٩، ساڵ ٢٠٠٢، ل٣٦.

[2]– د.عبدالله ابراهیم، المرکزیة الغربیة، اشکالیة التکون و التمرکز حول الذات، مرکز الثقافی العربي،ط١ بیروت، ١٩٩٧، ص٨.

[3]– جون ستروك، البنیویة و ما بعدها (من لیفي شتراوس الي دریدا )، ص٢١٥-٢١٦.

دریدا هەوڵیدا (ئەو دەسەڵاتە خۆڕاگرەی لە ئەنجامی گردبونەوە بە دەوری دەسەڵاتی عەقڵدا پێکهاتبوو و میتافیزیکای ئامادە کە ببووە هۆکاری وابەستەبونی ئازادی بیر و ڕێگریکردن لە گەشەسەندنی، بڕوخێنێ و تێکیبشکێنێت، بە مەبەستی ئەوەی ئەو بیرەی بە دەوری عەقڵدا دەسوڕایەوە و عەقڵی کردبو بە سەنتەر، هەڵیبوەشێنێتەوە و شیکردنەوەشی لە پێناوی دەرخستنی بنەما و نهێنی و دژیەکیەکانی و ڕەخنە لێگرتنی بێت)[١]، فەلسەفەی ڕۆژئاواییەکان "تا ماوەیەکی دوورودرێژ فەلسەفەیەکی عەقڵی ڕوت بوو، بە پیرۆز دەیڕوانییە عەقڵ و دەیکردە پێوەر بۆ هەڵسەنگاندنی زانیاری و ڕاستیەکان و بڕیاردان لەسەر ڕەسەنایەتی بابەتێك و بەهاکەی، بەشێوەیەك وایکرد سەرجەم ئەو واتایانەی لەگەڵ نموونە عەقڵییەکانیاندا کە کردبونیە پێوەر دوریانبخاتەوە و سەرجەم ئەو لێکدانەوە و خوێندنەوانەی دورن لە پێشبینیە عەقڵیەکانیەوە یان لە دەرەوەی سنوری دەسەڵاتی عەقڵدان، پەسەندیان نەکات"[٢]، و فەلسەفە هەر لەسەردەمی "سوقرات و ئەفلاتون و ئەرستۆوە عەقڵی کردۆتە جێگای بایەخی خۆی و دەسەڵاتێکی کاریگەری لە سنوری بیردا پێبەخشیوە، تا لەکۆتایدا بووەتە خاوەن دەسەڵاتێکی ڕەها، لە سێبەری ئەم ململانێ عەقڵی و مەنتیقیەدا، عەقڵ بوو بە پێوەرێك بۆ پێوانەکردنی سەرجەم نموونە بیریەکان و بەهۆیەوە هەژموونی تەواوی خۆی لە بواری بیری فەلسەفیدا سەپاند، ئەمەش بەسبوو بۆ ئەوەی دریدا ئەم ناوەندێتی عەقڵە هەڵبوەشێنێتەوە، ئەمەش لە ڕێگای ڕەخنەگرتن لەو ئەسڵە تاك و بەزۆر خۆ سەپێنەرەی چەمکی عەقڵ، لە پێناوی دەرکەوتنی شێوازێکی بیرکردنەوە کە ئەو نەسەقەی ناوەندێتی عەقڵ (لۆگۆسێنتریسم Logocentrism ) تێپەڕێنێت"[٣].

لای فەیلەسوفە کۆنەکانی ڕۆژئاوا "چەمکی ڕاستی وابەستەی ئەقڵ بووە، بۆ نموونە ئەرستۆ و ئەفلاتون و ئەوانی تریش، ئەفلاتون وایدەبینێت کە وتووێژی خودە لەگەڵ خۆیدا، ئەرستۆ وایداناوە کە بیرکردنەوەیەکی پڕ لە زیرەکییە، میتافیزیکای ڕۆژئاواش کە لەدوای ئەم دوو فەیلەسوفە دەرکەوت، پشتیبەستووە بەبیری ملکەچبون بۆ دەسەڵاتی عەقڵ لە لایەك

---

[١]- د. بشير تاوريت و ساميه راجح، فلسفة النقد التفكيكي، ص٣٧.

[٢]- سەرچاوەی پێشوو، ص٣٧.

[٣]- د. عبدالله ابراهيم، المركزية الغربية، ص٣٢١.

و دەسەڵاتی ئامادە لە لایەکی ترەوە"[1]، لە میتافیزیکای ڕۆژئاوادا عەقڵ بوو بە سەنتەر و هەموو شتەکان لە چوارچێوەی عەقڵدا دەسوڕانەوە و عەقڵ پێوەری هەڵسەنگاندنیان بوو. خوێنەر هەمیشە لە گەڕاندایە بەدوای واتا شاراوەکان و نائامادەکاندا (غائب)، لەگەڵ دۆزینەوەی هەرواتایەکدا کۆمەڵێك واتای تر هەر بە نائامادەیی دەمێنێتەوە و سەرجەم واتاکان ئاشکرا نابن، ئەمەش وادەکات کردەی گەڕان بەدوای واتای نائامادەدا پرۆسەیەکی بەردەوامبێت، بەشێوەیەك "بانگهێشتێکە بۆ بەدورخستنەوەی دەسەڵاتی عەقڵ و دانانی دەسەلاتی خود لە جێگای، بۆ ئەم مەبەستەش دریدا پشتی بەچەند دەستەواژەیەکی ڕەخنەیی نوێ بەست لە پێناوی تێکشکاندنی سەنتەری دەلالی عەقڵ کە کۆنترۆڵی فەلسەفەی ڕۆژئاوای کردبوو وەك خوێندنەوە و جیاوازی و جێکەوت"[2].

هیچ شتێك بە ئاسانی ئامادە نابێت، هەرشتێك کە بەئامادەی دادەنێین، پێدراوێکە بۆ نوێکردنەوەی شوناسی خۆی، (پشت بەو جیاوازی و پەیوەندیانە دەبەستێت کە ناکرێت و ئاسان نییە ئامادەبن)[3]. بەمپێیە هەمو شتێك لەیەك کاتدا دەکرێت ئامادە بێت و ئامادەش نەبێت، و بۆ دیاریکردنی واتاکەی پێویستمان بەواتا ئامادەکان و جیاوازییەکان و دواخراوەکان هەیە. فەلسەفەی میتافیزیکا "بێگومان ناتەبایی (مفارقە)یە، و دورە لە هەموو هەستکردنێکی دروست و ئاسایی، لەگەڵ ئەوەشدا سەرباری ئەوە لۆژیکێکی ڕاستەقینەی تێدایە"[4]، چەقبەستن (التمرکز) لە دەوری "عەقڵ یان میتافیزیکای ئامادە، لە ساناترین پێناسەکانیدا واتە دانانان بە بونی دەسەلاتێکدا، یاخود سەنتەرێکی دەرەکی کە وشەکان و نووسینەکان و بیرەکان و ڕێکخستنی واتاکانیان دەبەخشێت و ڕاستگۆییان بنیات دەنێت"[5]، ئەم چەقبەستنەش لەدەوری عەقڵ یاخود بیری ئامادە مێژوویەکی دوروودرێژی هەیە و بنەمای سەرجەم ئەو وتراوانەیە کە فەلسەفەی ڕۆژئاوای لەسەر دامەزراوە، هەر لەسەردەمی ئەفلاتون و ئەرستۆ تا دەگاتە هایدگەر و لیڤی شتراوس و سۆسێر، کە بۆ ٢٥٠٠ ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە.

---

[1]– د. بشیر تاوریت و سامیه راجح، فلسفة النقد التفکیکی، ص٣٨.

[2]– سەرچاوەی پێشوو، ص٤٠.

[3]– جون ستروك، البنیویة و ما بعدها (من لیفي شتراوس الي دریدا )، ص٢١٨.

[4]– ریتشرد هارلند، ما فوق البنیویة، ص١١٠.

[5]– د. عبدالعزیز حمودة، المرایا المحدبة من البنیویة الی التفکیك، ص٣٧٨.

**هەڵوەشاندنەوە "کۆتا جوڵەی بونیادگەراییە، یان هەر چۆنێك بێت جوڵەیەکە گەمە دەکات بە پێویستیەکی دیاریکراوی گرفتە بونیادگەراییەکان. هەروەها جوڵەیەکە لە دژی بونیادگەرایی، لەلایەنی سەرکەوتنەکەشیەوە قەرزاری ئەم شڵەژانەیە. بابەتەکە پەیوەندیدارە بە هەڵوەشاندنەوەوە، کردنەوە و ڕامالینی پاشماوەکانی بونیاد، بە هەموو شێوازەکانی بونیادی زمانەوانی و بە سەنتەر بوونی لۆگۆسی و دەنگی، لە کاتێکدا بونیادگەرایی لە ڕۆژی خۆیدا ملکەچبووە بە تایبەتی بۆ نموونە زمانیەکان (نموونەکانی زانستی زمان) و نموونە کۆمەڵایەتی و دامەزراوەیی و ڕۆشنبیری و فەلسەفیەکان"[1]، بەمپێیە فەلسەفەی هەڵوەشاندنەوە هاتووە بۆ هەڵوەشاندنەوەی نەگۆڕە بونیادگەراییەکان و ئەو دوالیزمەیەی کە لەسەری وەستاوە، بە تایبەتی دوالیزمەیی دەنگ و نووسین، و دوالیزمەیی دال و مەدلول.**

**میتافیزیکای ئامادە بڕوابوونە بە سەنتەر Centre کە بەواتای ئامادە دێت و لە دەرەوەی دەق و زماندایە و سەلمێنەری ڕاستی واتایە، بەدەرە لە ڕووبەڕووبونەوەی ڕەخنە و گەڕان بەدوای ڕاستیەکاندا، هەربۆیە دریدا لەدژی ئەم سەنتەرە وەستایەوە و لەڕێگەی نائامادەییەوە هەڵیدەوەشێنێتەوە، هەڵوەشاندنەوە (شۆڕشێکی ڕەخنەیی بوو دژی بنەماکانی بونیادگەری و قاڵبە زمانیەکان و بیرە باوەکانی دەق و واتای جێگیر، ڕەخنەگریش ئەو توێژەرە باوەڕپێکراوەیە لە ڕاستی دەق دەدوێ)[2]، ڕەخنەی بونیادگەری لێکۆڵینەوەیە لە دەقی ئەدەبی و شێوازی نووسین، دوور لە نوسەری دەق، ڕۆڵی نوسەری دەق لەبەرچاو ناگرێ، شیکردنەوەی دەق لە زماندایە و مرۆڤیش زادەی زمانە، لە چوارچێوەی دەقدا دەسوڕێتەوە و جیهانی دەق تەنها خودی دەقە و پەیوەندی بەدەرەوەی خۆی نییە، هەروەها (پانتایی ئەو ژینگەیە فەرامۆش دەکات کە نوسەری تیا پەروەردە بووە و لە ژێر کاریگەریدا بووە، چونکە خودی زمان کۆمەڵێك هێمای کۆمەڵایەتی و قسەکردن و گەیاندنە، ئەم دورە پەرێزیە لە ژیانی کۆمەڵایەتی، ڕەخنەگرانی بونیادگەری بەرە و ئەوە برد، کە هەموو ناوەرۆکێکی ئەخلاقی و ئیستاتیکی بەلاوە بنێن، دیارە هیچ کارێکی ئەدەبیش بێ زمان**

---

[1] - جاك دريدا، الكتابة و الاختلاف، ص٥٩-٦٠.

[2] - د. بشير تاوريت و سامية راجح، التفكيكية في الخطاب النقدي المعاصر، ص٤٣.

**نابێت)[1]، لەگەڵ ئەوەشدا (بونیادگەری میتۆدێکی نوێیە و سیمای ڕوون و تەواوی لە بیری نوێدا هەیە، بەوەی جۆرێك دیالۆگی لەگەڵ تەوەری پێشوو و کۆمەڵێك زانستی جێگیردا هەیە، بەتایبەتی زانستی زمان و ئەنترۆپۆلۆژیا و دەروونناسی، لەلایەکی تریشەوە ئامرازێکی تێڕوانین و شیکردنەوەیە)[2].**

**بەو پێیەی هەڵوەشاندنەوە جەخت دەکاتە سەر جیاوازی، ئەوا هەوڵ دەدات خۆرئاوا وەك سەنتەرێك لەق بکات و هەڵیبوەشێنێتەوە، تا لە بەرامبەردا خۆرهەڵات و ئەمریکای لاتین و ئەفریقاو گوتارەکانیتر لە پەراوێزیان دەربکات و گەشە بکەن و لەبەرامبەر سینترالیزمی خۆرئاوادا بوەستنەوە و لەژێر ئەو هەژمونەدا نەمێنن و شتێك نەمێنێ بەناوی سەنتەرەوە. هەر بۆیە جاك دریدا هەڵوەشاندنەوەی وەك ستراتیژیەك بەکار هێنا تاوەکو کولتووری خۆرئاوا کێش بکات و بۆ دانانان بە بوونی (ئەو)ی بەرامبەر، ئەمەش وەك پێویستیەکی مەعریفی (ئەپستمی) بۆ تێگەیشتن لە خود لە سایەی چەمکی جیاوازیدا لە ڕێگەی بەراورد کردنی تاکی خۆرئاوایی لەگەڵ ئەوی خۆرهەڵاتیدا.**

---

[1]- د. عەلی تاهیر حسێن، ڕەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ١، ٢٠٠٨، ل١٥٣.

[2]- فاضل ثامر، اللغة الثانية، ص٢٣٦.

## تەوەری دووەم: مێژووی میتۆدی هەڵوەشاندنەوە

### - سەرهەڵدان و گەشەکردن

ئەگەرچی زاراوەی هەڵوەشاندنەوە لە دریداوە سەرچاوەی گرتووە، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی کە کاریگەری پێشتری لەسەر نەبووبێت، بەمانایەکی تر هەڵوەشاندنەوە پەیوەندیەکی زۆری بە فەلسەفەی نوێی ڕۆژئاواوە هەیە، چونکە ڕابەرانی هەڵوەشاندنەوە بە فەلسەفەی دیاردەگەرایی هۆسرەڵ کاریگەر بوون، بەتایبەتی لە خوێندنەوە و بەرهەمهێنانی واتادا و "دیاردە گەرایی ڕۆڵی بەرچاوی هەبوو لە سەرهەڵدانی هەڵوەشاندنەوەگەرایی"[1]،هەر چۆن جاك دریدا لە چاوپێکەوتنێکدا بە ڕاشکاوی دەڵێت: "سەرچاوەی فەلسەفەکەی من سێ بیرمەندە، ئەوانیش (هۆسرەڵ و هایدگەر و هیگل)ە، زیاتریش بە هۆسرەڵ کاریگەر بووم"[2]، چونکە (فەلسەفەی دیاردەگەرایی لە ڕوی ڕەخنەییەوە ئەوە دەردەخات، کە خوێندنەوە ئاوێتە بوونی نێوان دەق و هۆشیاری تاکە کەسیە)[3] و (خودی کارەکەی دریدا کاریگەری هۆسرەڵ (١٨٥٩-١٩٣٨)ی لە بابەتی فینۆمینۆلۆژیاکەیدا لە سەربووە، ئەمەش لەکتێبی (پێشەکی)دا، کە لە ساڵی ١٩٦٢ بڵاوکراوەتەوە ڕەنگی داوەتەوە، لەم ڕوانگەیەوە بۆچونەکانی هایدگەر دەخاتە ڕوو، جگە لەمەش بۆچونەکانی فرۆید سەرچاوەیەکی تری سەرهەڵدانی بیرۆکەی هەڵوەشاندنەوەیە، هەروەها نیتچەش (١٨٤٤-١٩٠٠) لە ڕووی ڕوخسار و ناوەرۆکەوە بەیەکێك لە ڕابەرانی هەڵوەشاندنەوە دادەنرێت، وشەی ئینگلیزی (decastruction) ڕەگەزێکی سەرەکییە لە دوو وشە وەرگیراوەکەی هۆسرەڵ، کاتێك لە دریدایان پرسی هەڵووەشاندنەوە چیە، دریدا دەڵێت"هیچ وەڵامێکی ئاسان و فەرمیم نییە و هەموو وتارەکانم هەوڵێك بوون بۆ دەرچون لەم پرسیارە")[4]، هەر بۆیە بانگەشەی ئەوە دەکات (خوێندنەوەی هەڵوەشاندنەوە خۆی قابیلی هەڵوەشاندنەوەیە، چونکە بەڕای ئەو سەرجەم

---

[1]- د. یادگار لەتیف شارەزووری، دیاردەگەرایی و ڕەخنەی ئەدەبی، چ١، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٥، ل١٣٦.

[2]- عبدالله ابراهيم و اخرون، معرفه الأخر، ص٣٤.

[3]- نسيمة الغيث، البؤرة و دوائر الأتصال، دراسة مفاهيم نقدية و تطبيقاتها، دار قباء للطباعة و النشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٠، ص١٤.

[4] –Derrida، letter to a Japanese friend، in deride and difference، ed، david، wood and Robert bernasconi، press.1985، p4.

خوێندنەوەکان خراپ خوێندنەوەیە Misreading، بەو واتایەی هەوڵی سەپاندنی ستراتیژی نەسەقەکان بەسەر دەقدا دەدات)[1]، واتە کۆتا خوێندنەوە نەخراوەتە ڕوو، کە خوێندنەوەیەکی خراپ خوێندنەوەیە، بەو واتایەی سەرجەم واتاکان لەخۆ ناگرێت، بەڵکو ئەو خوێندنەوەیە دوا خوێندنەوە نییە و چاوەڕێی خوێندنەوەی ترە، دریدا (خوێنەر و شیکەرەوەی زۆربەی بەرهەمەکانی ڕۆسۆ و سۆسێر و فرۆید و ئەفلاتون و جان جینیە و هیگل و مالارمێ و هۆسرل و ج.ل.ئۆستن و کانتە، لە شیکردنەوەیدا بۆ ئەو دەقانە ئەوەی خستۆتە ڕوو، کە لە ڕایەڵی جیاواز چنراون و هیچ یەکێ لەو دەقانە بونیادێکی تەواوی نییە، و هەریەکێکیان جێگا بەویتر لەق دەکات و بەلاوەی دەنێت، ئەم جۆرە خوێندنەوەیەش بەشێوەیەکی تایبەتی لە بواری ڕەخنەی ئەدەبیدا خۆی دەسەپێنێت)[2].

جۆرج باتای* (بۆ یەکەمجار لەساڵی ١٩٥٧، کتێبێکی بەناوی (ئەدەب و خراپە)وە، بەزمانی فەرەنسی بڵاوکردەوە، پاشان دریدا، چەمکەکانی ئەدەب، نووسین، جیاوازی، خراپە، لەگەڵ یەکتریدا دەخەنە پەیوەندیەوە)[3]، واتە دە ساڵ پێش ئەوەی دریدا کتێبی زانستی نووسین Grammatology بڵاو بکاتەوە، باتای وەك زاراوە بەکاری هێناوە، بە بۆچونی جۆرج باتای (نووسین واتای خراپەیە، چونکە جۆرێکە لە دواخستن (دیفێرەنسdifférance)، بەم واتایە تا کاتی ئامادە(حضور) واتا دوادەکەوێت (ئەوە کاری فەلسەفە تەواو دەکات ئەگەر فەلسەفە وەك کار واتای ئارەزووی چەپێنراو بێت، بەڵام وا دەردەکەوێت نووسین دواخستنی خراپەیشە کە هاندەدات بۆ خوێندنەوەی لە ژێر فۆڕمی شەرەنگێزییەکاندا (چونکە ئامادە، واتە ئارەزووی چەپێنراو، یان ڕاستتر بڵێین نەمانی باڵادەستی بەسەر ئەو ئارەزووانەدا کە گیرۆدەی هیچ دواخستنێك نین، لە خراپە جیانابێتەوە، کەواتە فەلسەفە و ئەدەب لە ڕێگەی نووسینەوە دەگوزارێنەوە، بگرە لەوەیش

---

[1] – فاضل ثامر، اللغة الثانية، في اشكاليات المنهج و النظرية و المصطلح في الخطاب النقدي، المركز الثقافي العربي، بيروت، ط١، ١٩٩٤، ص٤٦.

[2] – جون ستروك، البنيوية و ما بعدها (من ليفي شتراوس الي دريدا)، ترجمه : د.محمد عصفور، عالم المعرفة، سلسلة كتب ثقافية شهرية يصدرها المجلس الوطني للثقافة و الفنون و الأداب، الكويت، شباط١٩٩٦، ص٢٠٧-٢٠٨.

* – جورج باتای (١٨٩٧-١٩٦٢)، فەیلەسوفێکی فەرەنسیە، فەیلەسوف و شاعیر و نوسەر و ڕەخنەگری ئەدەبیە،کاریگەر بووە بەنیتچە و ڕێبازی سوریالی.

[3] – آرثر ر. باولدر، الكتابة و الشر، ترجمة: محمد العرابي، مجلة (انتهاكات)، العدد ٢، ٢٠١٥، ص٣٣-٣٤.

**زیاتر لە ڕێگەی نووسینەوە لە یەکتری نزیك دەکرێنەوە: فەلسەفە دەتوانێت خراپ بخوێنێتەوە بەو واتایەی کە لە هەمانکاتدا دەبێتە ئەدەب– کەواتە تەنیا وەك فەلسەفەیەکی پەتی و عەقڵی نامێنێتەوە، بەڵکو بەردەوام بارگاوی دەبێت بە هۆی ئارەزووی (ناعەقڵییەوە)، واتە بەهۆی خراپە و تووندوتیژییەوە)[1].**

**ئەگەر چی هەڵوەشاندنەوە لە ڕەخنەی هاوچەرخدا لە کۆتایی شەستەکانی سەدەی پێشوو لە فەڕەنسا و لەبەرهەمەکانی جاك دریدا وەك کاردانەوەیەك لە دژی بونیادگەرایی، و باڵادەستی زمان و بە سەنتەرکردنی عەقڵ، و زاڵبوونی زمانگەراکان بەسەر هەموو بوارەکانی مەعریفەدا، وەك هەنگاوێکی فەلسەفی سەریهەڵدا، میتافیزیکای خۆرئاوای خستە ژێر پرسیارەوە، بەماوەیەکی کەم (لە سەرەتای حەفتاکاندا کاریگەری لە فەڕەنسادا دروستکرد، لە هەشتاکانیشدا بەهۆی کاریگەری دریداوە لە زانکۆی ییلْ و زانکۆی کالیفۆرنیا لە ئیرڤن، ڕەواجی پەیداکرد)[2]، واتە دریدا لە زانکۆی جۆنز هۆبکنز لەساڵی (١٩٦٦)دا وانەیەکی پێشکەشکرد لێرەوە دەرگای لەسەر هەڵوەشاندنەوەی بونیادەکان کردەوە[3]، جگە لەمەش ڕەگ و ڕیشەی هەڵوەشاندنەوە لە ڕەخنەی هاوچەرخدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سیمینارە کە لە زانکۆی جۆن هوبکنز Jhon Hopkins سازدرابوو لەسەر (زمانە ڕەخنەییەکان و زانستی مرۆڤناسی) لە ساڵی ١٩٦٦ز، بەبەشداری کۆمەڵێك ڕەخنەگر و توێژەری وەك ڕۆلان بارت R. Barthes، تودوروف Todorov، لوسیان گولدمان L. Goldman، ج.لاکان J. lacan و جاك دریدا)[4]، بەڵام گروپی ڕەخنەگرانی (ییل yale) لە ئەمەریکای سەروو بە بنیاتێکی بیری جیاواز لە هەشتاکاندا کاریان لەسەر ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوەی ئەمریکیی کردووە و لە ڕووی تیۆری و**

---

[1] - آرثر ر. باولدر، الكتابة و الشر، ص٣٦.

[2] – بول آرون، دينيس سان، آلان فياك، معجم المصطلحات الأدبية، ترجمة: د. محمد محمود، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، الطبعة الاولى ١٤٣٣هـ، ٢٠١٢م، ص٣٦٣.

[3] – د. عبدالعزيز حمودة، المرايا المحدبة من البنيوية الى التفكيك، عالم المعرفة ٢٣٢، سلسلة كتب ثقافية شهرية يصدرها المجلس الوطني للثقافة و الفنون والاداب–الكويت، ١٩٩٨، ص ١٦٣– ١٦٤.

[4] – د. بسام قطوس، المدخل الى مناهج النقد المعاصر، دار الوفاء للطباعة و النشر، الطبعة الأولى، ٢٠٠٦، ص١٤٨–١٤٩.

پراكتيكيەوە لەناو بزوتنەوەی هەڵوەشاندنەوەدا كاريگەريان هەبووە، بەتايبەتی پول دی مان، هارولد بلوم H.Bloom، جيفری هارتمان G.Hartman، هيليس ميللر H.Miller)[١].

له فەلسەفەی هاوچەرخدا، جاك دريدا بەدامەزرێنەری فەلسەفەی هەڵوەشاندنەوە دادەنرێت، كە وەك شۆڕشێك وابوو بەسەر ميتۆدە فەلسەفی و ئەدەبی و بيريەكانی پێشوتردا، بەتايبەتی لەدوای بوونيادگەری كەوەك بەرپەچدانەوەيەك بوو بۆی، بۆڵ بۆفييە دەڵێ: "(هەڵوەشاندنەوە درێژەپێدەری ڕەخنەی نوێيە )[٢] ، دريدا لە هەرسێ كتێبی (speech and phenomena،writing and difference،Grammatology) دا بۆچونەكانی لەسەر هەڵوەشاندنەوە خستۆتە ڕوو،ئەمەش سەرەتايەكە لە مێژووی هەڵوەشاندنەوە[٣]. هەروەها ڕۆلان بارت " بۆيەكەم جار لە ساڵی (١٩٧٠) لە (z/s)دا، بەبێ ئەوەی ناوی هەڵوەشاندنەوە بەكار بێنێ، يەكێك لە كورتە چيرۆكەكانی (بالزاك)ی خستە ژێر پێكهاتەی هەڵوەشاندنەوەوە"[٤]. دريدا لە ڕووی ڕێبازەوە لە نێوان كرانەوە و داخران و لە نێوان بونيادگەرايی و دژە بونيادگەراييدا دێت و دەچێت. لەبەرئەوە پێويستە لە كاتی نووسيندا زمان بتەقێتەوە و بە شێوەيەكی ڕيشەيی شۆڕش بەرپابكات، لێرەوە هەڵوەشاندنەوە بريتيە لە بونيادنانێكی داهێنەرانە كە وەستاوە لەسەر شۆڕش كردن، و هەڵوەشاندنەوە، و كەرت و پەرتكردن، سوربوون لەسەر ئاوات و داهاتوو. ئەگەر هەڵوەشاندنەوە لە ئەوروپاوە دەستپێكردبێت، ئەوەبە جۆرێك لە جۆرەكان لە ئەمريكای باكوردا بڵاوكرايەوە، و بە تايبەتيش لە ويلايەتە يەكگرتووەكانی ئەمريكادا.

ئەو زەمينەيەی كە بۆ هەڵوەشاندنەوە ئامادەكرابوو قۆناغێك بووە، كە قۆناغی ململانێی نێوان ميتۆدەكان بووە، بەتايبەتی نێوان ميتۆدی كۆن و ميتۆدی بوونيادگەری، كە هەريەكەيان بەڵگەيەكی تايبەتيان سەبارەت بە واتا و يەكگرتويی واتا لە پرۆسەی گوتار و

---

[١]- سەرچاوەی پێشوو، ص١٥٢.

[٢]- حەمە سەعيد حەسەن، لە بنياد خوازييەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەق، گۆڤاری سروە، ساڵی شانزەهەم، ژ١٦٦، ل١٣.

[٣]- د. محمد عنانی، المصطلحات الأدبية الحديثة، ص١٣٢.

[٤]- كاترين بێلزەی، پێكهاتە هەڵوەشێنی دەق، و.لەفارسيەوە: ئيسماعيل ئيسماعيلزادە، گۆڤاری ڕامان، ژ٨٨، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٢٤.

دەرخستنی واتادا دەخستەڕوو، بەڵام هەڵوەشاندنەوە گومانی دەخستە سەر ئەو بەڵگانە و سەلماندنی واتا و هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی دەدا.

لە ساڵی ( ١٩٧٠وە هەڵوەشاندنەوەگەرایی بوو بە ڕێبازێکی ڕەخنەیی ئەدەبی لە ڕۆشنبیری ئەنگلۆسەکسۆنیدا، هەروەها بوو بە ئامێرێك بۆ ڕەوانبێژی و لێکدانەوە. ئەم ڕێبازەش لە چوارچێوەیەکی ڕۆشنبیری تایبەتدا دەرکەوت و خۆی لە هەڵوەشاندنەوەی کاتیگۆریە زمانیە ڕۆژئاواییەکان و داڕوخاندنی پایەکانی بونیادگەرایدا دەنواند، لە چوارچێوەی ئەوەی ناودەبرا بە پۆست مۆدێرنە، و دەرکەوتنی گروپی تیل یل و ییلی (Yale) ئەمریکی، هەروەها فەلسەفەی هەڵوەشاندنەوە دەچێتە چوارچێوەی جوڵانەوەی چەپ، کە بۆ هەڵوەشاندنەوەی بناغەکانی دامەزراوەی سەرمایەداری بە ناوی شۆڕش، داڕوخاندن، نکوڵیکردن و گومان و هەڵوەشاندنەوە)[1]، فەلسەفەی جاك دریدا فەلسەفەی نەوەی شۆڕش و ڕەدکردنەوە و ڕاپەڕینەکان، یاخی بوونە لە یاساکانی عەقڵ و لۆژیك و دامەزراوە سیاسیەکان، هەڵوەشاندنەوە لە چوارچێوەی فەلسەفە نا عەقڵانیەکاندا هاتووە، ئەو ناعەقڵانیانەی کە شۆڕشیان کرد بەسەر هۆش و عەقڵ و سیستم و هارمۆنیەت و گشتگیریدا.

دریدا هەمیشە کێشەی ڕەچەڵەکی هەبووەو نەیتوانیوە بە تەواوەتی خۆی لەو ڕوانگەیەوە ساغبکاتەوەو، ئەمەش نائارامی دەرونی لەلا دروستکردووە، چونکە تا نەچووە فەڕەنسا ڕەگەزنامەی فەڕەنسی پێنەبەخشرا، لە کاتێکدا لە دایك و باوکێکی یەهودی بە ڕەگەز فەڕەنسی بوو، بۆیە دەڵێت: "من یەهودیەکی نایەهودیم، جەزائیرییەکی ناجەزائیری، یەهودییەکی جەزائیریم، من لە کۆتاییدا فەڕەنسیم"[2]، هەر ئەم ناجێگیریەش بوو وای لە دریدا کرد لە هەڵوەشاندنەوەدا کار لەسەر هزری ڕۆژئاوا بکات. ئەمە هۆکار بوو بۆ نامۆیی دریداو زۆر جار هەستی بە پەراوێز بوونی خۆیکردووە لە نێو فەڕەنسیەکاندا، هەرچەندە کەسێکی دیارو ناوداری فەڕەنسا بوو، بۆیە دەڵێت: "کە ئەو کەسێکی نامۆ (غەریب) یە بە

[1] - د. جميل حمداوي، نظريات النقد الأدبي في مرحلة ما بعد الحداثة، ص٤٠.
[2] – ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، جاك دریداو هەڵوەشاندنەوە، بەڕێوبەرێتی چاپ و بلاَوکردنەوەی سلێمانی، ٢٠١٠ ، ل١٩.

فەڕەنساو ماوەیەکی زۆری ژیانی بە نامۆیی لە فەڕەنسا بەسەر بردووە، لە کاتێکدا لە فەڕەنسا دەیخوێندو شتی دەنوسی و بڵاویدەکردەوە، بەڵام فەڕەنسیەکان دانیان پیانەدەناو گوێیان بە نووسینەکانی نەدەدا، لەوەش زیاتر پەراوێزیان دەخست، ئەوە ئەمریکیەکان بوون منیان دۆزیەوەو لە دوای ئەوانیش ئەڵمانیەکان"[١]، کاتێك گەڕایەوە فەڕەنسا، کەسێکی ناسراوبو لە ئەمریکاو ئەڵمانیا.

هەڵوەشاندنەوە بە گرنگترین بنەما و تیۆریەکانی ڕەخنەی نویٚ دادەنرێت، وەك شەپۆلێکی ڕەخنەیی نویٚ دەرکەوت و بە ڕەخنەی دوای نوێگەری ناسرا، مەیدانی بیری و ڕەخنەی ئەدەبی پێکەوە ڕامالّی، شۆڕشێکی بەسەر بنەما ئەدەبیە باوەکانی ئەو کاتەدا بەرپاکرد و کۆشکێکی نوێی بنیاتنا تا بەسەر سەرجەم ئالا شەکاوەکانی بیری مرۆڤایەتیدا بڕوانێت و درز و کەلێن بخاتە نێو نەسەقەکانیەوە و دواتر هەرچیەك کە وەك سەنتەرێکی پیرۆز و خۆڕاگر بوونی هەبوو و کەس توانای دەستبردنی نەبوو بۆ بنیاتە ژێرخانەکەی لەبەر کۆنی و پیرۆزی هەڵیبوەشێنێتەوە[٢]، بۆیە هەڵوەشاندنەوە قوتابخانەیەك و فەلسەفەیەك و ڕێبازێکە لە شیکردنەوەی نووسراوە ئەدەبی و فەلسەفی و ڕۆژنامەوانیەکاندا، ئەم ڕێبازەش دەچێتە خانەی فەلسەفەی نویٚ یان فەلسەفەی پۆست مۆدێرنە، ئامانجی ئەم ڕێبازەش بریتیە لە بەدەستهێنانی ئەو واتایانەی کە لەسەر پوکانەوە و جیاوازی وەستاوە. واتە پەیرە و پرۆگرامی ئەو واتا جیاوازانە دەردەخات کە بوونی هەیە لە ناواخنی دەقەکان یان نووسراوەکاندا. لەبەرئەوە ئەو زمانەی کە بەکاری دەهێنین و مەبەستەکانمانی پێدەردەبڕین بە گوێرەی هایدگەر و دریدا و نیتچە، هەموو بیرمەندان و لێکۆڵەران و ڕەخنەگرانی ئەدەبی کۆت و بەند کردووە، و هەموویانی لە قاڵبێکی دیاریکراودا جێگیرکردووە.

بەگشتی ڕابەرانی هەڵوەشاندنەوە لە وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا بریتیبوون لە (ج هیلیس میلر j. Hilis Miller ، پول دی مان Paul de man، جیفری هارتمان Geeffery Hartman ، هارولد بلوم Harold Bloom ، و میشیل فوکو Michael

[١]– محمد بنيس، لقاءات مع جاك دريدا، موقع الحياة، تأريخ ٢٢\١٠\٢٠٠٤، رقم العدد ١٥١٨٣، ص١٦.

[٢]– جاك دريدا – ما الآن؟ ماذا عن غد؟ الحدث، التفكيك، الخطاب، اشراف: محمد شوقي الزين، دار الفارابي، بيروت – لبنان، ط١، ٢٠١١، ص١٧.

**Foucault، و ئیدوارد سەعید Edward Said، جون ئالیس John ellis، واتە دەبنە ڕابەری تیۆری و پراکتیکی ئەم میتۆدە، لەگەڵ بوونی جیاوازی لە شێواز و کاریان)[1]، عەبدوڵلا ئیبراهیم بڕوای وایە کە (لە پێش هەڵوەشاندنەوەدا و لەکاتی هەڵوەشاندنەوەدا ڕێکخستن بوونی نیە، هەڵوەشاندنەوە گەشتێکی ماندوکەرە، بەڵکو سەرکێشیەکی دەورەدراوە بە مەترسی، هیچ هۆکارێك لە هۆکارەکانی دڵنیایی تێدا بەدیناکرێت، لە نێو دونیایەك لە دەلالەت و پەلوپۆکانی، بەبێ مەعریفە و بە بێ بەڵگە، بەبێ هیچ ڕێکاریەکی ڕوون، واتە ئامادەیی ونبوو، ئەمەش دەبێتە هۆی زیادبوونی بەردەوامی مەدلول بەگوێرەی فرەیی خوێندنەوەکانی دال. بەمجۆرە ناکۆکی خوێندنەوەکان لە نێوان خۆیاندا بۆ گوتارێك، دەبێتە هۆی ژمارەیەکی کۆتا نەهاتوی یەك لە دوای یەکی مەدلولەکان)[2]، بەمجۆرە هەڵوەشاندنەوە وەك پەرچەکردارێك لەسەر بونیادگەرایی زمانەوانی، و سیمیوتیکا، و هیرمینوتیکا سەریهەڵدا، هەروەها دەرکەوتنەکەشی بەدژە شۆڕشێك دادەنرا بەسەر میتافیزیکای ڕۆژئاواییدا، کە مۆرکێکی عەقلانی و لۆژیکی هەبوو، هەروەها وەك دژێکی بیری ڕاستڕەو و سەرمایەداری ڕۆژئاوایی هاتبوو، هەرچەندە "بایەخی ستراتیژی هەڵوەشاندنەوە لە خوێندنەوەی دەقەکانەوەیە و چالاکییە سەرەکیەکانیشی چالاکی خوێندنەوەیە، تەئویل نییە وەك ئەوەی لە هیرمینوتیکادا هەیە، هەروەها شیکارکردنیش نییە وەك ئەوەی لە سیمیۆلۆژیادا هەیە"[3]، واتە ستراتیژی هەڵوەشاندنەوە زیاتر ستراتیژی خوێندنەوەیە.**

**دریدا لە پشت بە سەنتەرکردنی عەقڵەوە ئامانجێتی کە (ئەو بە ناوەندبوونە دیاریکراوە ورد و خاش بکات، بەو سیفەتەی ئامادەییەکی کۆتا نەهاتووی هەیە.ئەم کاتیگۆریە دەکات بە دەلیلێك بۆ ڕەخنەگرتن لە چەمکەکانی بە سەنتەربوون، ئامانجیشیەتی هاوکاری ژمارەیەك کاتیگۆی ڕێکخراو بکات لەسەر ئامادەبوون، بانگەشەی پێیوستی بیرکردنەوە لە نەبوونی سەنتەر بکرێت، لەبەرئەوەی سەنتەر ناکرێت لە شێوەی بوونێکدا دەستی لێبدرێت، بەڵکو هیچ تایبەتمەندیەکی شوێنی نییە، هەر وەك ئەوەی لە ڕووی بابەتی و وەزیفیەوە جێگیر و**

---

[1] -raveendran. p.p (1999) adhunikanandarm: vayanag hirs sur current books. P.24.

[2] – عبدالله ابراهيم، التفكيك: الأصول و المقولات، عيون المقالات، ص ٤٥.

[3] – عبدالغني بارة، الهرمينوطيقا و الفلسفة نحو مشروع عقل تأويلي، الدار العربية للعلوم ناشرون، منشورات الأختلاف، ط١، بيروت، ٢٠٠٨، ص ٤١.

دیاریکراوە، لە ڕاستیدا ئەوە جۆرێکە لە شوێن، و بە نائامادەیی، یان هەڵوەشاندنەوەی، هەموو شتێك دەگۆڕێت بۆ گوتار، و دەلالەتی ناوەندی یان بنەڕەتی گریمانە کراو دەتوێتەوە، گوتار بەسەر ئاسۆکانی داهاتوودا دەکرێتەوە)[١]، بەمجۆرە فەلسەفەی جاك دریدا شۆڕشێ بوو بەسەر هەموو قوتابخانە عەقڵیەکاندا کە بە عەقڵ و لۆژیك بە یەکسانی دامەزراوە، و بانگەشە دەکات بۆ رووخاندن لە پێناو هەڵوەشاندنەوەی ئەم بە ناوەند کردنەدا کە لە بیری رۆژئاوادا بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بالادەستبووە.

دریدا کاتێك میتافیزیکا ڕەتدەکاتەوە، (لەو پێناوەدا هەموو شتێك ئەخاتە چوارچێوەی زمانەوە، بەلام لە دەرگایەکی ترەوە، کە ڕاست پێچەوانەی بونیادگەرییە، پێیوابوو کە بونیادگەری لە ژێر کایگەری میتافیزیکا مابووەوە)[٢].

دریدا دەڵێت: میتافیزیکا سنورێکی ڕوونی نییە، هەروەها چوارچێوەیەکی نییە کە نیشانەکانی دیاریکراو بن، بتوانین لێی دەرچین، پاشان لە دەرەوە ڕەخنەی لێبگرین. لە لایەکی دیکەشەوە دەرەوەیەکی کۆتایی یان ڕەها نیە. بابەتی گۆڕینی شوێنەکان، پرسیار تیایدا لە چینێکی مەعریفیەوە دەگوێزرێتەوە بۆ چینێکی دیکە، لە مامۆستایەکەوە بۆ مامۆستایەکی دیکە، هەتاوەکو هەمووی تیکدەشکێنرێت، ئەم پرۆسەیەش ئەوەیە کە هەڵوەشاندنەوە ناوی دەهێنم"[٣]. هەرچەندە جاك دریدا لەبارەی هەڵوەشاندنەوەوە دەڵێت:"هەڵوەشاندنەوە میتۆد نییە"[٤]، هەروەها "تیۆرێکیش نییە لەبارەی ئەدەبەوە"[٥]، بەڵکو هەڵوەشاندنەوە "ستراتیژیەتی خوێندنەوەیە، خوێندنەوەی گوتارە فەلسەفی و ئەدەبی و ڕەخنەییەکانە، لەمیانەی جێگیربوون لەناو گوتارەکاندا و هەڵوەشاندنەوەیان لە ناوەوەدا، ئەمەش لەڕێگەی ئاراستەکردنی پرسیار و پرسیارکردن لە گوتارەکە لە ناوەوەیدا"[٦]، بەلام ئەم بۆچوونە بۆ سەردەمی خۆی دروستبوو، بەلام لە ئێستادا ئەم بۆچوونە هەڵەیە، چونکە ئێستا ڕابەری جیاواز و قوتابخانەی جیاوازی هەیە و هەریەکەشیان خاسیەت و

---

[١] – عبدالله ابراهيم، التفكيك: الأصول و المقولات، ص ٦١-٦٢.

[٢] – بير ف زيما، التفكيكية، ص٢١.

[٣] – جاك دريدا، الكتابة و الاعختلاف، ص٤٧.

[٤] – سەرچاوەی پێشوو، ص ٦١.

[٥] – خوسيه ماريا بوثويلو ايفانوكس، نظرية اللغة الادبية، ت: حامد ابو احمد، مكتبة غريب، ١٩٩٢، ص ١٤٧.

[٦] – بڕوانە د.بەسام قطوس، دەروازەیەك بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، ل١٨٥.

تایبەتمەندی هەیە. دریدا ئەم بۆچونانەی لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە زمانییە کۆنەکانەوە وەرگرتووە لە جیاوازیکردنی نێوان زمان و ئاخاوتن، نووسین و دەنگ و دووانەییەکانی زانای سویدی فردیناند دی سۆسێر و ئاماژە بە (نەبوونی وەك یەکی دەکات لە نێوان وشەو چەمکەکاندا، ئەگەر وانەبێت چۆن زمانە جیاوازەکان دەدۆزێتەوە)[1] ، هەر لەم ڕوانگەیەوە دریدا لە هەڵوەشاندنەوەدا "کاری لەسەر ئاوەژوکردنەوەی لێکدانەوەکان کردووەو دەڵێ زمان نوێنەرایەتی خودی شتەکان ناکات، بەڵکو نوێنەرایەتی چەمکەکان دەکات"[2]، بۆ نموونە (دەنگی دەربڕاوی دار ئاماژە بۆ دارێکی مادی و دیاریکراو ناکات، بەڵکو ئاماژە بۆ چەمکی دار دەکات)[3] ،لەم ڕوانگەوەیە دریدا جەخت لە نووسین دەکاتەوە نەك ئاخاوتن.

خودی ستراتیژی هەڵوەشاندنەوە گەمەی ئازادی مەدلولەکانە لەناو نەسەقی زمانیی داخراودا، و باس لەو داخراویە دەکات کە دەبێتە شاردنەوەی مەدلولی دالەکان، وا لە دالەکان دەکات ئاماژە بۆ مەدلولی شاراوە بکەن و لەکۆتایشدا دالەکان دەگۆڕێن بۆ مەدلولی تر، واتە زمان دەبێتە دال و ئاماژە بۆ دالی تر دەکات. لە هەڵوەشاندنەوەدا داخستنی زمان بەسەر خۆیدا، دریدا مەبەستی لە گراماتولوجیایە. وەك دەڵێت: ( ناتوانین لە دەقدا بەرەو ڕووی سەرچاوەیی و شتی تر بچین یان مەدلولێك لە دەرەوەی دەق، دواتر هیچ شتێك لە دەرەوەی دەقدا نییە )[4] لە ژێر تیشکی ئەمجۆرە نەسەقەدا کە زمان ئاماژە بۆ دەرەوەی دەق دەکات، ئەوە زمانی دەقەکانی ترە، زمان ئاماژە بۆ زمانێکی تر دەکات کە مەبەستی دەقئاوێزانە.

ژاك لاكان (١٩٠١_١٩٨١) لە ژێر کاریگەری فرۆید (١٨٥٦_١٩٣٩) دا لەبری دووانەی خود و بابەت، دووانەی (من و ئەوی دیکە) ی هێنایە گۆڕێ، بۆچونەکانی دریدا سەبارەت بە زمان، سەرلەنوێ نووسینەوە Intertexstuality، و ڕەتکردنەوەی نەگۆڕو خوێندنەوەی

[1] – عبدالله ابراهيم و اخرون، معرفه الأخر، ص١٣٠.
[2] – د.بشير تاوريريت بالاشتراك مع سامية راجح، التفكيكية في الخطاب النقدي المعاصر، دراسة قي الاصول و الملامح و الاءشكالات النظرية و التطبيقية، دار رسلان للطباعة و النشر و التوزيع، سوريا – دمشق، ط١، ٢٠٠٨، ص٦٩.
[3] – د.عبدالعزيز حمودة، المرايا المحدبة، ص١٠٩.
[4] – سەرچاوەی پێشوو، ص ٣٤٨.

جێی باوەڕ، هەر دەڵێی لە هایدگەرەوە وەرگیراون. ئەویش گوایە ئەدەبیبونی زمان بە دووری ماوەی نێوان دال و مەدلولەوە بەندە، هەڵوەشاندنەوە خوازان لە هایدگەریان خواستووە"[1].

سۆسێر "ئاخاوتنی لەنێو زمان دەرنەکرد، بەڵکو بە لقێکی نێو زمانی دەزانیّ، بەلاّم (دریدا) وەك سیستەمێکی جیاواز سەیری دەکات، کە ئازاد بوونی خۆی لە ڕێگەی دەنگەوە، وەدەست دێنێت، لێرەدا فۆنیمەکان مومارەسەی ئازادبوونی خۆیان دەکەن "[2]، سۆسێر وایدەبینیّ، کە (زمان ڕوویەکی کۆمەڵایەتی قسەیە، لەدەرەوەی تاکەکانە و بەتەنیا توانای دروستکردن و گۆڕینیان نییە، چونکە بوونی بەستراوە بە جۆرێك پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵ)[3]. کاریگەری سۆسێر بە ڕوونی لە لای دریدا دەبینرێت، یەکێك لەو بنەمایانەی سۆسێر کە دریدا سودی لێوەرگرتووە، (دوانە لێکدژەکانە کە بەرامبەر "جیاوازی و دواخستن"ە، ئەرکێك دەبینیّ بە جیاوازیەکی کەمتر لە ئەرکی دوانە لێکدژەکان، کە بەرهەمهێنانی واتا و دەلالەتی بێکۆتاییە لە شێوەی گەمەی ئازاددا)[4]، هەر بۆیە واتا لەلای بونیادگەرەکان لە ڕێگەی دوانە لێکدژەکانەوە بەرهەمدێت و دژی یەکتر دەوەستنەوە، بۆنموونە: خێر–شەڕ، ڕووناکی–تاریکی، ژیان–مردن، بەلاّم لە هەڵوەشاندنەوەدا لە ڕێگەی جیاوازی و دواخستنەوە واتا و دەلالەت پێکدێت، بەمپێیە دوانە لێکدژەکان هەر ئەوەنیە کە واتا بەرهەمدێنن، بەڵکو لە جیاوازیدا ڕۆڵێکی گەورە دەبینن، دریداش لەسەر ئەم بۆچوونە دوانە لێکدژەکانی (ئامادە–نائامادە، زمان(ئاخاوتن)– نووسین)ی خستە ژێر تیشکی بیر و بۆچونەکانیەوە.

دریدا ئەوە ڕەتدەکاتەوە کە"لە چوارچێوەی وتنە بۆماوەییەکان بمێنێتەوە، ئەو بیرمەندێکی ئاڵۆزە، لەبەرئەوە کاریگەریەکانی تەنها هەر لەسەر بیری فەلسەفی کورت ناکرێتەوە، بەڵکو پەلیکێشا بۆ ڕەخنەی ئەدەبی و سۆسیۆلۆژیاو تیۆری سیاسی و شیکردنەوەی دەرونی و ئەنترۆپۆلۆژیاو لاهوت و بیناسازی و هەڵکۆڵین و جوگرافیاو

---

[1]– حەمە سەعید حەسەن، لە بنیاد خوازییەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەق، گۆڤاری سروە، ل١٣.

[2] – نیهاد جامی، سیمۆلۆژیای دریدا، گۆڤاری نما، ژمارە ٩–١٠، ل١٣٠.

[3]– ريتشرد هارلند، ما فوق البنيوية – فلسفة البنيوية وما بعدها، ترجمة: لحسن أحمامة، دار الحوار للنشر و التوزيع، سورية– اللاذقية، ط٢، ٢٠٠٨، ص٢٢.

[4]– د. عبدالعزيز حمودة، المرايا المحدبة من البنيوية الى التفكيك ، ص٣٧٧.

مۆسیقا، بەڵام فەلسەفە زیاتر لەوانی تر بۆ گوزارشتەکانی دەشیا "[1]، هەرچەندە هەڵوەشاندنەوە بە هەڵە لەلایەن هەندێك كەس وەرگیراوەو وا تێی دەڕوانن، گوایە مرۆڤ ئازادە، چۆن دەق ڕاڤە بكات و لێكی بداتەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ بكات، بەشێوەیەك ئەم ئازادییە خراپ بەكاردێنن و لە سنوری ڕاڤەكردن دەردەچن و زیادە ڕەویدەكەن.

لۆژیکی هەڵوەشاندنەوە لای دریدا "تەنها چاو خشاندنێك نییە بۆ دەقەكان، بەڵكو كۆششكردنە بۆ دۆزینەوەی میتافیزیكی ئامادە، كە بوونی دەسەڵات، یان سەنتەرێكی دەرەكیان لەسەر وەستاوەو واتایەك دەبەخشێتە ئەو دەقانەو درۆی (متمانەیان) دادەمەزرێنێ. ئەو دەسەڵاتە یان ئەو سەنتەرە دەرەكیەشی لای ئەو سەنترالیزمی خودی ئەورووپی و ڕەتكردنەوەی بەرامبەرە. لەگەڵ سەنترالیزمی لۆگۆسی و ڕەتكردنەوەی ئەوانەیە، كە جیاوازن لەو، هاوكات لەگەڵ سەنترالیزمی نێرو پەراوێزكردنی مێ و لادەرو ڕەهەندەكانی بۆ نووسین، هەموو ئەوانەش بە بیانوی ئەوەی شێوازێكی ناڕوونی قسە كردنن "[2]. دریدا هەوڵەكانی لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، كەپشت بەستنە بەوەی دەكەوێتە دەرەوەی هەموو ئەو دووانەییانە كە دەقەكان كاریان بۆ جەختكردنەوەو جێگیركردنی بنەماكانیان كردووە، ئەویش بە سڕینەوەی بەدوایەك هاتن و ململانێكانی، واتە لە ڕێگەی هەڵوەشاندنەوەیان[3]، هەرچەندە هەڵوەشاندنەوە "تایبەتمەندێتی هەڵكۆڵینی هەیە، و هەڵكۆڵینیش بریتییە لە سەفەرێكی پڕ ماندوێتی و دژوار بەناو ئەو هۆبانەی دال و مەدلولەكانەوە، كە پەیوەستن بە جۆرەكانی خوێندنەوە و وزە خودیەكان و دۆزینەوەكانیدا"[4].

دریدا پێشنیاز دەكات "كە واتا لە حەقیقەتدا تاك و جێگیر نین، بەڵكو بەبەردەوامی لە زیادبوون و گۆڕاندان جا ئەگەر لە زمانی{ئاخاوتندا بێ یا لە نووسیندا }، بۆیە دریدا زاراوەی پەرتبون بۆ ئەم پەرش و بڵاوی و هاتوچونەی واتاكان بەكار دێنێ كە لە هەر جۆرێكی دەقەوە دێنە ئاراوە"[5]، ئەگەر زمان زنجیرەیەكی بێكۆتا لە واتا بێت، كە واتاش پەیوەستە بەسیاق و دەوروبەرەوە، و هەر وشەیەك تایبەتمەندی خۆی هەیە و جیاوازە لە

---

[1] – محمد حافظ دیاب، جاك دریداو سەركێشی جیاوازی، ل١٤٦.

[2] – محمد حافظ دیاب، جاك دریداو سەركێشی جیاوازی، ل١٤٧.

[3] – Bennington ، G.and J.Derida : Jacques 1991- Jacques Derrida ، university of Chicago pp.106-107، 1991 ،press

[4] – شیرین لەتیف هەڵمەت، هەڵوەشاندنەوە، ل١٤٦.

[5] – ڕۆجەر وێبستەر، پێكهاتە شكانی دەق، و: م.محمد غەفور، گۆڤاری سەردەم، ژمارە ٧، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، شوباتی ٢٠٠٠، ل٨٩–٩٠.

وشەیەکی تر، کاری هەڵوەشاندنەوە، هەڵوەشاندنەوەی دەقە لەپێناوی کرانەوەی زیاتر و فراوانکردنی فەزای مەدلول و واتا پێبەخشینی زیاتر، لێرەدا هەموو واتایەك بەشێوەیەکی بێکۆتا دوادەخرێت و هەموو وشەیەك بەرەو وشەیەکی ترمان دەبات لە چوارچێوەی سیستەمی دەلالی زماندا، خوێنەریش هەمیشە بەدوای مەدلولێکی دیاریکراودا دەگەڕێت لەسەر بنەمای بیری ئامادە و دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە، هەر ئەمەش بوو پاڵی بە دریداوە نا بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەق، بەتایبەتی دەقی ئەدەبی، بۆئەوەی دەق بەرەو زنجیرەیەکی بێکۆتا لە مەدلول بەرێت و ئاسۆی بیری خوێنەر فراوان بکات و لەژێر کاریگەری هەژمونی بیری ئامادە ڕزگاری بکات و سەنتەری ئامادە هەڵبوەشێنێتەوە و شتێ نەمێنێ بەناوی سەنتەرەوە و مەدلول و بیری نوێ هەمیشە و بەبەردەوامی لەدایك دەبێت لە ئەنجامی جیاوازییە بەردەوامەکانی لەگەڵ واتاکانی تردا، کە هەمیشە واتا دوادەخرێت، ئامانجی هەڵوەشاندنەوە لە بنیاتی گوتاردا هەوڵی دۆزینەوەی شاراوەکانی ئەو سیاقە بووە لە کێڵگەی دەلالیدا، واتە شۆڕشێك بووە دژی بوونیادگەری و ئامادەکردنی شاراوەکانی ناو دەق بووە، ئەویش بەهۆی دەوڵەمەندبوونی بەردەوامی مەدلولەکان بەپێی خوێندنەوەی ژمارەی دالەکان، واتە (هەڵوەشاندنەوەی بوونیادی ڕوانبێژی و میتافیزیکای کارایە لە دەقدا، ئەمەش بۆ ئەوە نیە کە ڕەتیبکاتەوە، بەڵکو دووبارە کردنەوەی نووسینەکەیەتی بە ڕوویەکیتر)[1]، واتە ئامانجی هەڵوەشاندنەوە (بونیادنانەوەیە، نەك داڕوخان و داڕمان، بنیادنانەوە لەسەر بنەمای ڕابردوونا، بەڵکو لەسەربنەمای دژیەکی و جیاوازی، ئەمەش لەلایەك دەربڕی هەڵوەشاندنەوەیە، لەلایەکی ترەوە گەڕانەوەی واتایە بۆ چەپێنراو و نادیار و قسە لێنەکراو و پەراوێزەکان)[2]، بەمجۆرە ڕەخنەی کرداری دریدا بریتیە لە تیشکخستنە سەر چەند خاڵێك لە دەقەکەدا، کە دژیەکی ڕوونی تێدایە، بە جۆرێك تەکنیکەکەی دریدا لەسەر ئەم خاڵانە شوێنەواری لەسەر پەیدا دەبێت، و لە کۆتاییشدا دەبێتە هۆی هەڵوەشاندنەوەی و داڕمانی هەموو پێکهاتەکەی، کەواتە ئامانجی لێکدانەوەی هەڵوەشاندنەوە بریتیە لە دۆزینەوەی جیاوازیەکان و دەرخستنی واتا دژیەك و جیاوازەکان لە نێو خۆیاندا، ئەوەی لە شیتەڵکردن و شیکردنەوەدا گرنگە بریتیە لە بایەخدان بە جیاوازیەکانی بەڵگە و هەڵوەشاندنەوەی، و هەڵێنجانی نیشانە و تایبەتمەندیە جیاوازەکان.

---

[1] – جايتريا سبيفاك، كريستوفر نوريس، صور دريدا، ثلاث مقالات عن التفكيك، اختيار و ترجمة: حسام نايل، مراجعة و تقديم: ماهر شفيق فريد، المجلس الأعلى للثقافة، ٢٠٠٠، ص١٠٥.

[2] – جاك دريدا، الكتابة و الاءختلاف، ص٦٠-٦١.

مادام فەلسە و ئەدەب لەوەدا یەکدەگرنەوە، کە هەردووکیان دەیانەوێت وێنایەك لە وێناکانی نوسەر بۆ دەوروبەر بخەنە ڕوو، بۆیە ئەدەبیش بابەتێکە لە بابەتەکانی فەلسەفە. هەر لە سەرەتاوە جاك دریدا "ڕەخنەی لە فەلسەفەی خۆرئاوا گرتووە کە لە ئەفلاتونەوە دەستپێدەکات تا هایدگەر، بەوەش تۆمەتباری کردوون کە فکری فەلسەفی خۆرئاوا گردبوونەوەیەکی لۆژیکییە ( گردبوونەوە لە دەوری لۆگۆس) کە لەسەر بنەمای دانە لێکدژەکانە، وەك (ئاخاوتن–نووسین)، (ئامادە–نائامادە)، (واقیع–خەون)، (خێر–شەڕ)"[1]، دواتر بەهۆی چەمکە نوێکانی وەك جیاوازی Difference کە بە واتای جیاوازی و دواخستن و داڕوخانی گردبوونەوە لە دەوری عەقڵ Logocentrism ڕووبەڕوویان بویەوە و بنەما فەلسەفیەکەی دامەزراند، کە (فەلسەفە هەر لەسەردەمی ئەفلاتونەوە تا دەگاتە هیگل، فەلسەفەی (ئامادە)بووە، بەواتای ئەوەیە کە بیر(فکر) تەنها بڕوای بەو (بوون)ە هەیە کە لە هۆشیاریدایە و وادەگەیەنێ کە مرۆڤ ناوەند (چەق)ی گەردوونە)[2]، جاك دریدا دژی میتافیزیکای ئامادە بووە و ئەوەی لە فەلسەفەی نوێشدا گرنگ بوو، دانانی سنورێك بوو بۆ میتافیزیکا و زاڵبوون بە سەریدا، و بەتێپەڕبوونی کات واتای (بوون)ی سنوردار کردووە، ئامادەیی ئامادەبوونە بەوەی، کە بیرێکە، مادەیەکە، بوونێکە، واتە (میتافیزیکای ئامادە پەیوەستە بە دیاریکردنی بوونێك، وەك ئەوەی بونەوەرێکە و ئامادەیی تیایە)[3].

دیارترین کاریگەری فەلسەفەی دریدا لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، لای ڕەخنەگرانی زانکۆی ییل بوو لە ئەمریکا و بەتایبەتی پاول دی مان، چونکە (پاول دی مان بە پشتبەستن بەو وتەیەی دریدا بەوەی ئەدەب دەتوانێت وەك بزوتنەوەیەکی هەڵوەشاندنەوەیی خودی دەق سەیری بکەین self-deconsturctive movement of a text، پاول دی مان لەگەڵ

---

[1]– هشام الدركاوي، التفكيكية، التأسيس و المراس، تقديم و مراجعة د. الرحالي الرضواني، دار الحوار للنشر و التوزيع، ط١، ٢٠١١، ص٥٩.

[2]– د. عبدالعزيز بن عرفة، التفكيك و الاختلاف المرجأ (جاك دريدا)، مجلة الفكر العربي المعاصر، مركز الانحاء القومي، الكويت، شباط ١٩٩٨، ص٧١–٧٢.

[3]– د.عبدالعزيز حمودة، المرايا المحدبة–من البنيوية الى التفكيك، ص٣٧٩.

ئەوەی ماناکەی دەخستەڕوو، پاشان لە هەمانکاتدا دایدەڕمان (یقوضە)undercutting، ئەدەب نزیکترین شتە کە لە پرەنسیبی جیاوازیدا یان نووسیندا بەرجەستەبێت، لە هەمان کاتیشدا کار لەسەر کارنامەی دەلالی دەکات، ئازادی وشەکان لە چوارچێوەی خواستن و خوازە و خەیاڵ بەکاردەهێنێت، بە بێ ئەوەی دژەکان نوێبکاتەوە، و هەرگیز نەدەگەیشت بە یەکیەتی )[١]، کەواتە دەق بریتیە لە بەشداریکردنی چەند دەقێکی تر و بۆ یەکتری دەکرێنەوە و هیچیان ڕێگری لەوی دی ناکەن، بەمەش دەق لە هەڵوەشاندنەوەدا سنورەکانی فراواندەبن و دەتوانێت سنورەکان بشکێنێت، جگە لەمەش دەقە باڵاکانیش واتا ڕوکەشەکەیان هەڵدەوەشێت، ئیتر بە هۆشیاری یان بە نەست نوسرابێت، دریدا پێیوایە( هیچ شتێك لە دەرەوەی دەقەوە نییە، و دەبێت تەرکیز بخرێتە سەر دەق و لەناوەوە بخوێنرێتەوە، کە دریدا لە زانستی نووسیندا ئاماژەی پێکردووە)[٢]، ئەمەش واتە ڕەتکردنەوەی مێژووی ئەدەبی لاسایکردنەوە و چاولێکەری و دابەشکردنی سەردەمەکان، چونکە بەدوای کاریگەری زمانیدا دەگەڕێت و ڕەخنەگر لە جیاوازی زمانی دوردەخاتەوە. "پراکتیزە کردنی ئەم فەلسەفەیە بەسەر گوتاری ئەدەبیدا چارەسەری زۆر لە کێشە هەڵواسراوەکان دەکات، گرنگترینیان توانای ئەم گوتارەیە بۆ فرە دەلالی لە لایەك و توانای بوونی وێنایەکی تیۆری بۆ بەدواچوونی پێکهێنانی ئەو گوتارە و پێشوازیکردن لێی، هەرچەند هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە بناغەدا میتۆدێکی فەلسەفیە، ئامانج لێی ڕزگارکردنی گوتاری فەلسەفییە لە سەنتەری میتافیزیکی، هێنانی ئەم زاراوەیە بۆ کێڵگەی توێژینەوە ئەدەبیەکان دەتوانێ یارمەتیدەری ڕەخنەگری ئەدەبی بێت، تا بەرەو قوڵایی میکانیزمەکانی دەق بڕوات"[٣]، هەڵوەشاندنەوەگەرەکان کاریان لەسەر هەڵوەشاندنەوەی مەدلولە چەقیەکانی دەق و ئەو ڕاڤە و خوێندنەوانەی کە

---

[١]– د.محمد عناني، المصطلحات الأدبية الحديثة، دراسة و معجم انكليزي–عربي، الشركة المصرية العالمية للنشر، لونجمان، القاهرة، ط٣، ٢٠٠٣، ص١٤٥.

[٢]– سەرچاوەی پێشوو، ص١٤٨.

[٣]– د. عەلی تاهیر بەرزنجی، چەند توێژینەوەیەکی ڕەخنەیی، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤، ل٤٤، هەروەها بڕوانە د. ايمان عيسى الناصر، وحدة النص و تعدد القراءات التأويلية في النقد العربي المعاصر، ط١، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت، ٢٠٠١، ص٩٧.

چەقبەستوون دەکردەوە و داوای مردنی نوسەریان دەکرد[*]، چونکە تەواوی دەق و مەدلولەکانی ئەوانەش کە لەدەقەکەدا نا ئامادەن، لە ژێر دەسەلاّتی خوێنەردایە و خوێنەر کاری نوسەر هەڵدەوەشێنێت و جارێکی تر دەقێکی تری جیاواز لە واتای نوسەر بەرهەمدێنێتەوە، و "گوتار دوای مردنی نووسەرەکەیشی بەبەردەوامی بەرهەمدێت و نامرێت، لەبەر ئەمەیە هەڵوەشاندنەوەگەرایی بانگەشەی نووسینی دەکرد، نەك قسەکردن، چونکە یەکەمیان، زەرورەتی مانەوەی دوای مردنی بەرهەمهێنەرەکەی بەهێزترە لە دووەم، بەلاّم دووەمیان واتە قسەکردن بوارەکەی کەمترە، تەنیا لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودایە"[١]، کاتێك باس لە خوێنەر دەکریٚ، بە دڵنیایی خوێنەری لێزان و بالاّیە ئەو خوێنەرەی درك بە شتەکان دەکا، وە کاتیٚ لە هەڵوەشاندنەوەدا باس لە لێکدانەوەی جیاواز دەکریٚ بە پێی بیرو بۆچون و باکگراوندی خوێنەرەکان، ئالێرەدا پێویستە هەڵوەستەیەك بکەین کە بەجۆرێك لە جۆرەکان ئەو خوێنەرەش دەبێتەوە بە نوسەر چونکە هەڵوەشاندنەوە جەخت لە نووسین دەکاتەوە نەك گوتن، بەم پێیەش ئەو ڕاڤە کردنە جودایانەی لەلایەن هەر خوێنەرێکەوە دەکرێت پێویستی بە نووسین و تۆمار کردنە و دەچێتە نێو پرۆسەی نووسینەوە و بەمشێوەیە بازنەی نووسین و لێکدانەوەکان فراوان دەبێت بەپێی ژمارەی خوێنەرەکانی. ئالێرەدا دەکریٚ بوتریٚ نوسەرو خوێنەر تەواوکەری یەکن و لە پرۆسەیەکی بەردەوامدان و ڕۆڵی یەکتری دەگێڕن واتە : نوسەر ــــــ خوێنەر ــــــ نوسەر، بەمپێوەرەش دەچینەوە سەر هەمان هاوکێشەی هەڵوەشاندنەوە کە دال و مەدلول هەمیشە گۆڕانیان بەسەردا دێت و بە جێگیری نامێننەوە دال ــــــ مەدلول ــــــ دال.

ڕۆلان پارت پێیوایە ڕەخنەی نووسین لەسەر نووسین، دەقێکی نویٚ لەسەر دەقی ئەسڵی زیاد دەبێت، خوێنەر بەرهەمهێنە نەك بەکارهێن و خۆی بە دەقدا هەڵئەواسیوە، کەواتە لە دەقدا بەردەوام دال و مەدلول لەبەردەم خوێنەر بەتایبەتی خوێنەری زیرەکدا والاّن و مانای جیاواز دەبەخشن، واتە هەموو خوێندنەوەیەك سەمەرەیەکی تر یان

[*] – بیری (مردنی نوسەر) واتە هەڵەیە وا سەیری کاری ئەدەبی بکرێت کە دوا مەبەستی نوسەرە، واتە دروستیش نییە سەیری کەسایەتی نوسەر ، یان مێژوو و ......تاد بکەین.

[١] – د. عەلی تاهیر بەرزنجی، چەند توێژینەوەیەکی ڕەخنەیی، ل٤٥-٤٦.

خوێندنەوەیەکی تر هەڵدەگرێت، ئەمەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە خودی دەقیش بەردەوام شتی بۆ زیاددەکرێت و خۆی تەواودەکات، واتە کوتلەیەکی تەوا و نییە و بەردەوام لە تەواوکردندایە، واتە ناتوانرێت قسە لەسەر تەواویەتی دەق بکرێت، هەرکاتێکیش بڵێین دەق تەواوبووە، ئەوا دەق ڕادەوەستێت و دەمرێت.

بە بۆچوونی دریدا میتافیزیکا بوون (وجود) دیاریدەکات و ئەمەشی بە ئامادەیی داناوە و ئەم ئامادەییەش دەسەڵاتی پێدەبەخشێت و وایلێدەکات بە پیرۆزی تێیبڕوانرێت، چونکە میتافیزیکا بە پاڵپشتی عەقڵ بانگەشەی خاوەندارێتی ڕاستیەکان دەکات، بەشێوەیەك کە پێگەیەکی بەهێزی بۆخۆی دروستکردووە لە بەرامبەر هەموو بۆچونە دژەکاندا، هەر بۆیە دریدا ڕایوایە کە دەبێ پایەکانی میتافیزیکا بڕوخێنرێ و لەبەریەك هەڵبوەشێنرێتەوە. دریدا واتای ئامادەیی لەڕێگەی ئەم نمونانەوە دیاریدەکات: (ئامادەیی شتێ بەوپێیەی وەسفی وێنەیەکە، یان بیرێکی زانراو و درکپێکراو، ئامادەیی بەوەی جەوهەر و ناوەڕۆکی بوونە، ئامادەیی زەمەنی و دیاریکردنی لە ساتەوەختی ئێستادا، ئامادەیی کوجیتو لە بەرامبەر (خود) و هۆش (وعی)دا، خودێتی، ئامادەیی هاوبەشی خود و ئەویتر ...هتد، کەواتە چەقێتی لۆگۆس دیاریکردنی بوونی هەبووە (موجود) بەو پێیەی کە ئامادەیە)[١]، کەواتە میتافیزیکای ئامادە پەیوەستە بەوەی کە هەرشتێ بوونی هەبێ لە ئێستادا ئەوە بە ئامادەبوو دادەنرێ، هەروەك چۆن لە کۆجیتۆی دیکارتدا کاتێ دەڵێ : (من بیردەکەمەوە کەواتە من هەم)[٢]، ئەمەش سەلماندنی بوونی منە لە ئێستادا، و مادەم بیردەکەمەوە کەواتە هیچ گومانێ بۆ واتا ناهێڵێ لەسەر ئامادەیی (من) لە ساتەوەختی ئێستادا.

---

١– جاك دريدا، علم الكتابة، ترجمة: انور معيث و منى طلبة، المركز القومي للترجمة، القاهرة، ط٢، سنة ٢٠٠٨، ص٧٤.

٢– جون ستروك، البنيوية و ما بعدها (من ليفي شتراوس الي دريدا )، ص٢١٦.

میتافیزیکای ئامادە لە سادەترین پێناسەیدا بریتیە لە: "بوونی دەسەڵات یان سەنتەرێکی دەرەکی، کە ڕاستی (مصداقیت) بە بیر و وترا و نەسەقەکان دەبەخشێت"[1]، یاخود "ئامادەیی باوەڕهێنانە بە بوونی سەنتەرێك Centre لە دەرەوەی دەق یان زمان، کە دەستەبەری جێگیرکردنی ڕاستی واتا دەکات، بێئەوەی بتوانرێ تانەی لێبدرێت یاخود بەدواداچون بۆ ڕاستیەکەی بکرێت، ئەمەش بۆچونێکی نموونەیی (مثالي)یە لە ناوەرۆکدا، و تێکدانی ئەم بیرۆکەیەش واتای تێکدانی ڕێبازی میثالي (مذهب مثالي) یان ڕۆحیە"[2].

دریدا کاریگەرە بە بۆچونەکانی هایدگەر، هەر وەك چۆن خۆی باسی لەوە کردووە کە قەرزارباری ئەوە، وە کاتێك ڕەخنە لە میتافیزیکا دەگرێت، دەیەوێت لە ناوەوەی خۆیدا ڕەخنەی لێبگرێت و پایەکانی لەق بکات و بیروخێنێ، هەر وەك چۆن هایدگەریش ڕەخنە ئاراستەی بیر دەکات و دەڵێت: (بیر بەشێوەیەکی ڕاست دەستپێناکات تا فێری ئەوە نەبین کە ئەو شتەی بە درێژایی سەدەکان پیاماندا هەڵداوە و پیرۆزمانکردووە، کە مەبەست لێی عەقڵە (لۆگۆس)، دوژمنێکی سەرسەختی بیرە)[3]، واتە لۆگۆس ڕێگرە لەبەردەم کرانەوە و فراوانبوونی هۆش و بیرکردنەوەدا و دەیەوێ بیر ڕێگا ڕاستەکەی خۆی بگرێتە بەر و هایدگەر مەبەستێتی ئەو بۆچونە هەڵبوەشێنێتەوە کە بەدرێژایی مێژوو بیری مرۆڤایەتی لەسەر وەستاوە و ئەو چەقبەستویە نەهێڵێت و بە ئاراستەی کرانەوەدا بیبات و بنەما بیریە کۆنەکان تێکبشکێنێ و شتێك نەمێنێ بەناوی لۆگۆسەوە کە پێشتر پیرۆز کرابوو، کە دریداش هەمان بۆچونی هەیە، بەشێوەیەك کە سەرجەم ململانێکان بنەمایەکی میتافیزیکیان هەیە و پیرۆزیان پێبەخشراوە و دریدا هەوڵی نەهێشتن و دارمانی ئەو پیرۆزیە دەدات لە پێناوی نەهێشتنی جیاوازیەکاندا.

---

[1]- حبيبة دباش، فلسفة الحضور و الغياب عند جاك دريدا، رسالة ماجستير، اشراف: د.لخضر مذبوح، جامعة منتوري، كلية العلوم الانسانية و علوم الاجتماعية، قسم الفلسفة، الجمهورية الجزائرية الديموقراطية الشعبية، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي، سنة ٢٠٠٨-٢٠٠٩، ص٥٩.

[2]- حبيبة دباش، فلسفة الحضور و الغياب عند جاك دريدا، ص٥٩، هەروەها بڕوانە، محمد عناني، المصطلحات الأدبية الحديثة، ص٥١.

[3]- د. عبدالرزاق الراوي، موت الأنسان في الخطاب الفلسفي المعاصر، هيدجر، ليفي ستروس، ميشيل فوكو، دار الطليعة للطباعة و النشر، بيروت، لبنان، ط١، ١٩٩٢، ص٧٠.

هەڵوەشاندنەوە ئازادی زیاتر بەخوێنەر دەبەخشێت، تاوەکو شێوازە کۆن و کلاسیکیەکان تێپەڕێنێت و شۆڕبێتەوە بەناو دەقدا و تیشك بخاتە سەر لایەنە شاراوەکانی، رۆلان بارتیش دەڵێت: "لەدایکبونی خوێنەر مەرگی نوسەری بەدواوەیە"[١]، لێرەدا ئەوە روندەبێتەوە، کە خاڵی هاوبەشی نێوان نوسەر و خوێنەر پرۆسەی نووسینە، بەهاتنە ئارای نووسینیش کاری نوسەر کۆتایی دێت و خوێنەر پرۆسەکە تەواو دەکات. بەمشێوەیە دەق لەسنورێکی دیاریکراودا قەتیس نابێت و بەڕوی خوێنەردا دەکرێتەوە و دال و مەدلول لەیەك قاڵبدا نامێنێتەوە و گۆڕانی بەسەردا دێت. بارت ئەوەشی راگەیاند "جێگیربوونی واتا و مەدلولی کۆتایی و گێڕانەوەی دەق بۆ نوسەر واتای داخستنی نووسینە"[٢] و لە دژی ئەمە وەستایەوە و داوای کرانەوەی دەقی بەڕوی خوێنەردا کرد و مەرگی نوسەری راگەیاند.

پەیوەندی نێوان نوسەر و دەق وەك پەیوەندی نێوان (باوك و کوڕ وایە، (نوسەر–دەق)–(باوك–کوڕ). دواتر دەگۆڕێت و دەسوڕێتەوە، زمان لەجێگەی نوسەر دەبێت بە سەرچاوە، دەسەڵاتی خوێنەریش بەرە و گەشەکردن دەڕوات، ئەو تیۆرە کلاسیکیەی نوسەر بەسەر دەچێت و خوێنەر رووبەڕووی دەقێتی Textuality دەبێتەوە، کە توخم و رەگەزی جیاواز هەڵدەگرێت، ئەمەش رێگە خۆشکەر بوو بۆ کردەی هەڵوەشاندنەوە بەرەو گشت رەهەندەکانی واتا و دەلالەت)[٣]، بەمشێوەیە لە هەڵوەشاندنەوەدا خوێنەر کۆتایی بە رۆڵی نوسەر هێنا و دەرگای والاکرد بەڕوی دەقدا و خوێنەر بوو بە بەرهەمهێنەری دەق.

بەبۆچونی بارت "دەق پەرەیەکی سپییە و پێش ئارەزووەکانی خوێنەر هیچ شتێك نادرکێنێ"[٤]، هەڵوەشاندنەوە لە روانگەی خوێنەرەوە لەدەق دەڕوانێت و شیکردنەوەی بۆ دەکات، ئاشکراشە تێڕوانین و لێکدانەوە بۆ دەق لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی تر بەپێی ئاست و پاشخانی رۆشنبیرییان گۆڕانی بەسەردا دێت و "خوێندنەوە لەنێوان دەق و خوێنەردا

---

[١] – رولان بارت، درس السيمولوجيا، ترجمة عبدالسلام بن عبدالعالي، دار التوبقال للنشر، المغرب، ١٩٨٢، ص١٥٣.

[٢] – محمد عزام، تحليل الخطاب الادبي، على ضوء المناهج النقدية الحداثية، دراسة في نقد النقد، من منشورات اتحاد الكتاب العربي، دمشق، ٢٠٠٣، ص١٣٥.

[٣] – پ ی.د. عبدالقادر حمه امين محمد، بنەماکانی هەڵوەشاندنەوە، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B ، ژمارە ٤٠، ئایاری ٢٠١٣، ل٣٤.

[٤] – د. عبدالعزيز حمودة، المرايا المحدبة من البنيوية الى التفكيك، ص ٣٤٧.

حاڵەتێکی دیالێکتیکی هەیە و خودی دەقیش واتا و شیکردنەوە و لێکدانەوەی جیاواز لەخۆ دەگرێت، کە بەبەردەوامی واتای وشە دوا دەخرێت، (دال– مەدلول–دال)، واتە دال دەبێت بە مەدلول و مەدلولیش جارێکی تر دەبێتەوە بە دال، پاشان ئەم (دال)ەش هەڵگری مەدلولی نوێیە و دەبێتەوە بە دال"[1]. بۆیە دەق بەردەوام لەڕێگەی دالەکانەوە مەدلولی جیاواز لەخۆدەگرێت و "دەق دەبێتە پرۆسەیەکی (دواخستن)، مەدلولی بێکۆتاش لەڕێگەی گەمەی دالەکانەوە پێکدێت، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە ناتوانرێ ببێتە سەنتەر و بەسەر خۆیدا دابخرێت"[2].

لە رووی پێکهاتەی زمانییەوە "دەق یان گوتار لە کۆمەڵێك گوتە پێکدێت، هەر گوتەیەك لەچەند وشەیەك و ڕستەیەکی لێکدرا و پێکدێت، کەواتە گوتار دەبێتە کۆمەڵێك گوتەی رێکخراو لەنێو بونیادی سیستماتیکی زماندا، ئەو گوتانە لەنێو نەسەقی گوتاردا رێکخراون، دەبنە بەشێك لە گشت، واتە هەر گوتەیەك بەشیکە لەکۆی گشتی گوتار"[3].

خوێنەر هەمیشە بەدوای واتا و مەدلولی نوێدا دەگەڕێت و لایەنە شاراوەکانی دەق ئاشکرا دەکات، کە هۆکاری ئەم گەڕان و پەیوەستبونەی خوێنەریش بەدەقەوە چێژی دەقە، بەبێ بونی چێژ پەیوەندی و خۆشەویستی خوێنەر بۆ دەق دروست نابێت، ئەمەش ئەو خاڵە پۆزەتیڤەی پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەیە و بەردی بناغەی ستراتیژی هەڵوەشاندنەوە ڕۆڵی خوێنەرە. دەق خۆی واتای خۆی دەستنیشان ناکا، ئەوە خوێنەرە واتاکەی دەدۆزێتەوە. خوێنەر نەك هەر بەشداری لە داهێنانی دەقدا دەکا، بەڵکو سەرلەنوێ دەینوسێتەوە و بڕیار لەسەر بەهاکەیشی دەدات. لای بارت، خوێنەر دەستپێکەرو بزوێنەرو بەرهەم هێنەری دەقەو هۆکاری بەردەوامی و گەشە سەندنیەتی.

هەڵوەشاندنەوە باسی گرنگترین بابەتی ژیان و فەلسەفە دەکات و لەواتای ژیان و بوونی (ڕاستی) و بەراوردی چاکەو خراپەو... تاد دەکۆڵێتەوە. دریدا ئەو بناغانەی بیرو هزری مرۆڤ لەسەریان دامەزراوە هەڵدەوەشێنێتەوە و سەر لەنوێ بە دیدگاو دنیا بینیەکی

---

[1] – د. عبدالعزيز حمودة، المرايا المحدبة من البنيوية الى التفكيك، ص ٣٣٥.

[2] – پ ی.د. عبدالقادر حمە امين محمد، بنەماکانی هەڵوەشاندنەوە، ل ٣٥.

[3] – ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل، جاك دریدا و هەڵوەشاندنەوە، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی کەمال، ٢٠١٠، ل٣٣.

نویٚ بە پێی سەردەم و لەسەر بنەمای جیاوازییەکان بنیاتی دەنێتەوە. هەڵوەشاندنەوە دژی واتای ئامادە و چەسپاو و نەگۆڕە، بەو واتایەی هەرگیز (دال) ێك ناگەڕێتەوە بۆ تەنها (مەدلوول)ێك، بەڵکو بۆ دالێکی تر ڕامان دەکێشیٚ و ئەم پرۆسەیەش بیٚ بڕانەوەیە، واتە واتا هەمیشە لە حاڵەتی دواکەوتندایە. (دال_ مەدلوول_دال).

دریدا "داوا و بانگەشەکەی بریتی بوو لە ڕۆڵێکی ئازاد بۆ زمان، بەو پێیەی هەڵگری جیاوازیگەلێکی زۆری واتاکانە "[1]، و بەردەوام بۆ ڕەهایی دەقی فەلسەفی "پەنا دەباتە بەر ئیستاتیکا، لای ئەو دژایەتیەك لە نێوان ئەوەی خەیاڵ بۆی دەچێت لەگەڵ ڕاستی و ڕوو بە ڕوو بوونەوەیەك لە نێوان خواست و چەمکدا نییە. دەریشکەوتووە کە دەقی فەلسەفی وێنەو ئەفسانە، قسەو خواست، چەمك و بیرۆکە، خەیاڵکردن و بەڵگە هێنانەوە، لە خۆی دەگریٚ "[2].

دریدا بانگەشەی ئەوە دەکات "لە چرکە ساتی وتندا دال و مەدلوول لە ئارادان، یان دەنگ و واتا لێك دانەبڕاون، ڕەنگە ناوەوە و دەرەوە مادی و نامادی یەکیان گرتبێت، ئەم چرکەیە خاڵی مەرجەعییە کە دەتوانرێت هەموو ئەم تایبەتمەندیانە کە گەوهەری میتافیزیکاکانی بگەڕێندرێنەوە بۆی، هەمو شێواندنێکی پێگەی تایبەتمەندی وتن دەبێتە مایەی تێکدانی ئەم میتافیزیکانە. هۆکاری بەهێز بوونی چرکەساتی وتن لە گێڕانی ئاوەها ڕۆڵێکدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەو خاڵە یاخود ئەو چرکەیەی کە تیایدا فۆرم و واتا پێکەوە ئامادە دەبن"[3]، لە دیدگای دریداوە واتا لە میانەی نێوان جیاوازی دالەکانەوە دروست دەبێت. هەموو دالێك جیاوازە لە دالەکانی ترو لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی لە نێوانیاندا هەر هەیە. هەموو دالێك واتای خۆی لە تۆڕێك پەیوەندی لەگەڵ دالەکانی تردا دیاری دەکات. دریدا دەڵیٚ: "ئەدەب دەکرێت وەکو بزوتنەوەی هەڵوەشاندنەوەی خودیانەی دەق لەبەرچاو بگیرێت، واتایەکمان پێشکەشدەکات و لەهەمانکاتدا تێکیدەدات، ئەدەب لەبەرجەستەکردنی پرنسیپی جیاوازییەوە نزیکترە. ئەو لەیەك کاتدا هەماهەنگە بە وەزیفەی دەلالەت و سەربەستی جووڵەی وشەکان لە میانەی وزە خوازراوەکان و ڕەگەکانی مەجازو خەیاڵ بەبیٚ کۆبونەوە لەنێوان ناکۆکییەکاندا هەرگیز ناگات بە یەکبوون"[4].

---

[1] – محمد حافظ دیاب، جاك دریداو سەرکێشی جیاوازی، ل١٥٤.

[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٧.

[3] – جوناثان کیلەر، جاك دریدا، گۆڤاری نما، ژمارە ١٥–١٦، هەولێر، ٢٠٠٤، ل٧١.

[4] – مەمدوح ئەلشیخ، هەڵوەشاندنەوە گەری لە فەلسەفەوە بۆ ڕەخنەی ئەدەبی، ل٢٦.

هەڵوەشاندنەوەخوازان پێیان وایە "جوانی یەکەمی ئەدەب دەگەڕێتەوە بۆ درۆ یان بۆ خەیاڵ، بەڵام شیعر کەیف سازە بە سەربەستی خۆی لە هەواڵەکردنداو دەزانێت ئەفراندنەکانی بنەمای خەیاڵ ئامێزیان هەیە، هەر لەبەرئەوەشە شیعر بە دەست ئەو کێشەیەوە گرفتار نییە کە دەقەکانی تری گرفتار کردووە، لە کێشەی هەواڵە کردن بۆ دەرەوەی دەق"[1].

دریدا کارەکانی سۆسێری هەڵوەشاندەوە، "بۆی چەقبەستنی لەدەوری دەنگ بخاتە ڕوو، هەروەها چونە نێو نووسین و پێشەنگی بەخشینی بە قسەکردن/وتن. بەشێوەیەك دەبینین دی سۆسێر بە ڕاستی جیاکاری لە نێوان دوو سیستەمی دیار لە سیستەمە بەڵگەدارەکان دەکات، ئەوانیش زمان و نووسینن کە قسەی پێش نووسین خستووە و پێشەنگی تەواوی پێبەخشیوە"[2]. چونکە سۆسێر پێی وایە نووسین وێنەی قسەی وتراوە و ڕونیدەکاتەوە کە "وشەی نوسراو تێکەڵ بە وشەی وتراو دەبێت، بەشێوەیەکی دۆستانە تاوەکو ڕۆڵی سەرەکی لێدەسێنێتەوە، ئەمانە هەموی بەرەو ئەوەمان دەبات کە ڕۆڵ و گرنگییەکی یەکسان بە نواندنی نیشانەی دەنگی ببەخشین لە کاتێکدا ئەگەر ڕۆڵی نیشانەکە خۆی زیاتر نەبێت"[3].

بەمجۆرە هەڵوەشاندنەوە لای جاك دریدا (وەك پەرچەکردارێك لەسەر بونیادگەرایی زمان و زاڵبونی سیموتیکا بەسەر مەیدانی ڕۆشنبیری ڕۆژئاواییدا سەریهەڵدا. ئەمەش واتای ئەوەیە کە هەڵوەشاندنەوە بەبۆچونی جاك دریدا، فەلسەفەی داڕمانێکی ئامانجدارە بەمەبەستی بونیادنانێکی ئەرێنی و چاوخشاندنەوە بەفەلسەفەکانی بونیادنان و جێگرەکاندا، وەك: عەقڵ، زمان، پێناس، ڕەگ و ڕیشە، دەنگ، و چەمکەکانی دیکە کەزاڵبوون بەسەر بیرکردنەوەی فەلسەفی ڕۆژئاواییدا، یان هەڵوەشاندنەوە هاتووە بۆ ڕەخنەگرتن لە وتەزا سەرەکیەکانی بیری ڕۆژئاوایی، کە لەسەردەمی ئەفلاتونەوە هەتاوەکو شەستەکانی سەدەی بیستەم بۆی بەجێماوە)[4]، واتە کاتی سەرهەڵدانی هەڵوەشاندنەوە لەگەڵ جاك دریدادا.

---

[1]- مەمدوح ئەلشیخ، هەڵوەشاندنەوە گەری لە فەلسەفەوە بۆ ڕەخنەی ئەدەبی، ل٢٦.

[2]- جاك دريدا – ما الآن؟ ماذا عن الغد؟ ص٤٠-٤١.

[3]- جاك دريدا – ما الآن؟ ماذا عن الغد؟ ص٤١، هەروەها بڕوانە: دو سوسير، محاضرات في الألسنية العامة، ترجمة يوسف غازي و مجيد النصر، المؤسسة الجزائرية للطباعة ١٩٨٦، ص٣٩-٤٠.

[4]- Christopher Norris: **Deconstruction: Theory and Practice**، Routledge، London-NewYork، 2édition 1991، p: 2.

هەڵوەشاندنەوە لە ئەمریکا (سەرەتا وەك شۆكێك بووە، تەنها لای دوو ڕەخنەگری ئەمریکی نەبێت، ئەوانیش، پاول دی مان "P.deman كە لە دوو ئاراستەدا بەشداریكرد: بونیادگەری و پاش بونیادگەری (هەڵوەشاندنەوە)، لەگەڵ هیلیس میلەر "Hillis Miller كە بەپێی میتۆدێكی ڕەخنەیی دەقی زۆر شاعیر و ڕۆماننوسی خوێندەوە و دەیویست بەو میتۆدە لە ناوەندی هەموو دەقەكاندا دوا (لێكدژی) ئاشكرابكات. دواتر بە قوتابخانەی (ییل)ی ئەمریكی ناسێنرا، بیری هەڵوەشاندنەوە پشتی بەستووە بە شیكردنەوەی بونیادنراو لەسەر جیاوازی و دژیەكی، بە تایبەتی لە بواری ئەدەب و ڕەخنەدا، لەبەرئەوەی دریدا لەسەرەتادا تەنها هەڵوەشاندنەوەی كورتكردبووەوە لە بواری فەلسەفەدا. لە كاتێكدا لەگەڵ گروپی ییلدا هەڵوەشاندنەوە فراوانبوو و ڕەوانبێژی و سیمیوتیكا و خوێندنەوەی دەقی ئەدەبیشی گرتەوە، بە هەمان شێوەش لای هەر یەكە لە پۆل دی مان، و هارۆڵد بلوم، و جیفری هارتمان و هێلز میللەر هەڵوەشاندنەوە فراوان بوو. میللەر پێیوابوو ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوە هەوڵدەدات لە سیستەمە لێكۆڵراوەكەدا ئەو ڕەگەزە بدۆزێتەوە كە كرۆكی لیكدژییە، واتە لە دەقدا ئەو سەرەداوە بدۆزێتەوە كەیارمەتی حەلكردنی هەموو دەقەكە دەدات، یان ئەو بەردە ناجێگیرە بدۆزێتەوە كە سەرجەم بیناكە دەڕوخێنێت)[١].

یەكەم كۆنفرانسی هەڵوەشاندنەوە لە هەردوو زانكۆی (ییل) و (جون هوبكنز) لە ساڵی ١٩٦٦ سازكرا، بەمەش ڕەخنە لە گۆڕەپانی ئەمریكیدا گەشەیەكی زۆری بەخۆوە بینی[٢]، بەتایبەتیش ڕەخنەگرە ڕۆمانسیەكان و ڕەخنەی نوێ[٣]، هەروەها كتێبەكانی پاول دی مان كاریگەری باشیان هەبوو، چونكە وەك یەكەم كەس لە ئەمریكا دادەنرێت بەتایبەتی لە

---

[١] - بڕوانە د.بەسام قطوس، دەروازەیەك بۆ میتۆدەكانی ڕەخنەی هاوچەرخ، ل١٩٤. هەروەها بڕوانە م.هـ. برامز، المدارس النقدية الحديثة في معجم المصطلحات الأدبية، ت: عبدالله معتصم الدباغ، بغداد، الثقافة الأجنبية، العدد الثالث، ١٩٨٧،ص٤٦.

[٢]– محمد عزام، تحليل الخطاب الادبي، ص ١٢٥.

[٣]– ڕەخنەی نوێ قوتابخانەیەكی ئەدەبیە لە سەدەی بیستدا لە ئەمریكا سەریهەڵداوە، جەختیان لە سەر زمان و وێنەی ڕەوانبێژی كردۆتەوە، لەگەڵ هەڵچونی سۆزی و عەقڵی بەتایبەتی لە شیعردا.

نووسینی کتێبی (العمی و البصیرة)، کە لە ساڵی ١٩٧١ دا بڵاوکراوەتەوە، تێیدا دەڵێت:"ڕەخنەگرەکان دەگەنە بینراوی ڕەخنە لە ڕێگەی نابینایی ڕەخنەوە"[١].

نوێنەرانی هەڵوەشاندنەوە لە ئەمریکا (شوێنی دەقی ئەدەبی یان غەیرە ئەدەبی لەنێو سەنتەری وتووێژەکانیاندا دیاریدەکەن، لەکاتێکدا سیاقی دەروونی و کۆمەلایەتی و مێژوویی فەرامۆش دەکەن، پێشەنگی و بایەخ بەو شتە دەدەن، کە ڕەخنەگرە نوێکان ناوی لێدەنێن خوێندنەوەی داخرا و Close reading، یان خوێندنەوەی دەق بەو وەسفەی کە دەقە، بەڵام بە پێچەوانەی (ڕەخنەگرە نوێکان)ەوە لە ڕابردوودا، هاوڕێ ئەمریکیەکانی دریدا بۆ ئەوە دەق ناخوێننەوە تاوەکو هەماهەنگی دەنگی (فۆنەتیکی) و دەلالی و ڕستەسازی (سینتاکسی) تایبەت بەدەق بدۆزنەوە، بەڵکوبەدوای کۆبونەوەی دژەکاندا و بەدوای دژکاری و تەڵەزگە لۆژیکیەکاندا دەگەڕێن، کە ئەستەمە سادەبکرێتەوە)[٢]، لە ڕاستیدا "لێکۆڵینەوە لە دەلالەتە خوازەییەکانی زمانی گوتار، گوزارشتکردنە لە مۆرکی ئەدەبیانەی خوێندنەوەی هەڵوەشاندنەوەگەرایی، هەندێك ڕەخنەگری ئەدەبی ئەم بیرۆکەیەی دریدایان وەرگرتووە، لەوانەش جیفری هارتمان خاوەنی کتێبی شیکەرەوە (المفسر)، یان شیکردنەوەی خودی (التحلیل الذاتي) ١٩٧٥، و هیلز میللەر لە کتێبی ڕەخنەگر وەك خانەخوێ (الناقد مضیفا) ١٩٧٧ داو، پول دی مان خاوەنی کتێبی هەڵوەشاندنەوەگەرایی و ڕەخنە (التفکیکیة و النقد) ١٩٧٩ و کتێبی خوازەکانی خوێندنەوە (مجازات القراءة) ١٩٧٩ و کتێبی کوێری و چاوساغی (العمی و البصیرة– Blindness and Insight) "[٣].

---

[١]– پول دی مان لە دوای دریدا لە بواری هەڵوەشاندنەوەدا بەیەکەم کەس دادەنرێت، دریدا زیاتر بایەخی بە سیاسەت دەدا، بەڵام پول دی مان بایەخی بە دەق و ڕەخنە دەدا، بۆیە ریشارد دوورتی لە زانکۆی فیرجینیا دەڵێت:"ئەگەر پول دی مان نەهاتایەتە ناو ئەم قوتابخانەیە، ئەوا ئەم قوتابخانەیە بڵاو نەدەبویەوە. شمناد ن ، جامعة کیرلا، هند، التفکیکیة قراءة ثائرة في النقد الادبي المعاصر، PDF، ص٤.

[٢]– بیر ف زیما، التفکیکیة، ص١٠٥.

[٣]– بڕوانە د. ئیبراهیم مەحموود خەلیل، ڕەخنەی ئەدەبی نوێ، لە لاساییکردنەوەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەگەرایی، وەرگێڕانی: پ. ی. د. محەمەد تاتانی، پێداچونەوەی: عەبدوڵا تاهیر بەرزنجی، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری دیالۆگ، کرکوك، چ١، ٢٠١٧، ل١٦٧.

**مایەی سەرنجە هەڵوەشاندنەوەگەرایی زیاتر لە ڕەخنەی ئەمریکیدا بڵاوبووەتەوە وەك لە زمانەکانی تر[١]، "هەڵوەشاندنەوە بووە بە پەیڕەوێکی جێبەجێکرا و لە بوارەکانی فەلسەفە و ئەدەب و هونەر و سەرجەم بوارە ڕۆشنبیریەکاندا، بەتایبەت لە ڕۆشنبیری ئەنگلۆسەکسۆنیدا و لە کێڵگەی فەلسەفە و ئاینگەراییەوە گواستراوەتەوە بۆ کیڵگەی ئەدەب و ڕەوانبێژی و ڕاڤە لەگەڵ گروپی ییل دا"[٢]، لە ڕاستیدا گروپی ییل لە ئەمریکا کە لە پاول دی مان و هیلیس میلەر و جیفری هارتمان و هاڕۆڵد بلۆم پێکهاتبو زیاتر خولیایەکی ئەدەبیان هەبوو، بۆیە هەڵوەشاندنەوە لە ئەمریکا زیاتر مۆرك و بەرگێکی ئەدەبیانەی پۆشیبو.**

## أ- پاول دی مان Paul de man

**پاول دی مان**[*] (P. de Man) **یەکێکە لە ڕەخنەگرە دیارەکانی ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوە لە ئەمریکا، لە هەردوو کتێبی (کوێری و بینایی** Bilindness and Insight) **و ئەلیگۆرییەکانی خوێندنەوە** (Allegories of Reading ) **تیۆرێکی لەبارەی خوێندنەوەی هەڵوەشاندنەوە دامەزراند"[٣]، و پێیوایە (ڕەخنەگرەکان بە بینایی ڕەخنەیی ناگەن، تەنها لەڕێگەی شێوەیەك لە کوێری ڕەخنەییەوە نەبێت)[٤]، واتە لەڕێگەی بینینێکی دەرونی ڕەخنەییەوە بەرەو لێکدانەوە و ڕاستی شتەکان دەچن. دی مان لەو بیرۆکەیەوە دەستپێدەکات کە "هەڵوەشاندنەوە لە دۆزینەوەی (دابڕان) و (جیاوازی)یەکانی ناو دەق و بابەت زیاتر هیچیکە داوا ناکات"[٥]، هەروەها باس لە (باڵادەستی لایەنی ڕوانبێژیانەی گوتار بەسەر ڕەهەندی لۆژیکی و صەرفیدا دەکات، کاتێك لە کتێبی** the resistance to

---

[١]– د.عبدالغزيز حمودة، المرايا المحدبة، ص ٢٩٤.

[٢]– د.جميل حمداوي، التفكيكية في قفص الاتهام، ط١، ٢٠١٥، pdf، ص٣٩.

[*]– ڕەخنەگری ئەمریکی پاول دی مان لە ١٩١٩/١٢/٦ لە بەلجیکا لەدایك بووە ، پاشان چووەتە ئەمریکا و لە زانکۆی هارفارد خوێندویەتی، دواتر بووە بە مامۆستای ڕەخنەی بەراورد (النقد المقارن)، لە زانکۆی ییل Yale لەساڵی١٩٧١ دا، لە ١٩٨٣/١٢/٢١ لە (نیوهیفن، کونیتیکت) لە ئەمریکا کۆچی دوایی کردووە.

[٣]– بڕوانە د.بەسام قطوس، دەروازەیەك بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، ل ١٩٧.

[٤]– رامان سيلدن، النظرية الأدبية المعاصرة، ترجمة سعيد الغانمي، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت، ط١، ١٩٦٦، ص١٤٢.

[٥]– بيير ف زيما، التفكيكية ، ص١٠٨.

theory جەخت لەوە دەكات كە زەحمەتیەكان دەرناكەون تەنیا ئەو كاتانە نەبێت كەچیتر ناتوانرێت جێكەوتە ئەپستمۆلۆژیەكانی ڕەهەندی ڕەوانبێژی گوتار فەرامۆش بكرێت)[١]، دی مان لەنێو ڕەخنەگرانی هەڵوەشاندنەوەدا "بەلێكۆڵینەوەكانی دەربارەی ڕەوانبێژی و ئاراستە ڕەوانبێژیەكانی ناوبانگیدەركردووە"[٢]، و لەگەڵ كرانەوەی دەلالەتدایە، لەپێناو دەرخستنی واتا خوازراو و شاراوەكان.

پاول دی مان (بە پێچەوانەی هیگڵەوە، كە جەخت لەسەر مۆركی چەمكوازی خوازە مردووەكان دەكاتەوە و خوازە بۆ دەلالەتێكی پەتی – ئەبستراكت (مجرد) كورتدەكاتەوە، بەڵام دی مان هەلی دەرخستنی مۆركی ڕەوانبێژی یان وێنەیی چەمكە سەرەكیەكانی تیۆر دەدات)[٣]، و لەنێو نووسینەكانی پەنجا و شەستەكانیدا، (لەلایەكەوە هزری هایدگەر لەخۆ دەگرێت، تاوەكو بنەمایەك بۆ ئەو لێكۆڵینەوە تایبەتیەی خۆی دانێت لەبارەی كەینونەوە، لە لایەكی تریشەوە سەرقاڵی دۆزینەوەی ئەو ناكۆكیە ڕەوانبێژیانەیە، كە وابەستە و هاوشانی هەموو جۆرە پرۆژەیەكی ئەدەبین)[٤].

دی مان لە وتارێكی نوێتریدا دەربارەی ئەركی ڕەمز لەلای هیگڵ، (پێیوایە لە توانایدایە سەرجەم ئیستاتیكای هیگڵی وەكو زانستی ئیستاتیكای ڕەمز پێناسە بكات، "كەواتە هیگڵ تیۆرستی ڕەمزە"، لەگەڵ ئەوەی هەموو ڕەخنەكانی هیگڵ لە ڕەمز فەرامۆش دەكات، جەخت دەكاتە سەر ئەوەی كە پرەنسیپی ڕمزی تاكە پرەنسیپی یەكخەرە كە ڕێگا بە هیگڵ و هیگڵیەكان دەدات وا تەماشای كارە هونەریەكان بكەن، وەك ئەوەی توتالیتاریزمێكی (گشتێكی) totalites خاوەن مەغزا بن و لەسەر ئاستی هەستپێكراوەكاندا دەربڕی هزری سیاسی و ئەخلاقی بن)[٥].

---

[١]– بيير ف زيما، التفكيكية ، ص١١٠-١١١.

[٢]– احمد العزري، تلقي التفكيكية في النقد العربي الحداثي – علي حرب أنموذجا، رسالة ماجستير، الجمهورية الجزائرية الديموقراطية الشعبية، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي،جامعة مولود معمري، كلية الاداب و اللغات، قسم الادب العربي، ٢٠١٢، ص٦٧.

[٣]– بير ف زيما، التفكيكية، ص١١١-١١٢.

[٤]– سەرچاوەی پێشوو، ص١١٥-١١٦.

[٥]– سەرچاوەی پێشوو، ص١١٧.

دی مان (کاتێك بەرەو ئەو هەڵوەشاندنەوەگەراییە نیتچەییە دەچێت، کە نیتچە وەك (زانای زمان) دەدۆزێتەوە و کاتێك کار بۆ ئەو پرۆژە نیتچەییە دەکات، کە بریتییە لە هەڵوەشاندنەوەی فەلسەفە بەهۆی شێوازە ڕەوانبێژییە وێنەییە تایبەتەکانی ئەدەبەوە، کەواتە فەلسەفە خۆی وا دەردەخات وەك ئەوەی لە سایەی ئەدەبەوە تێڕامانێکی بێکۆتایی بێت)[١]. دی مان "باوەڕی بە خوێندنەوەی پێوەریانە نەبوو، واتە باوەڕی بەو خوێندنەوەیە نەبوو، کە هەوڵ دەدات حوکم بەسەر ئەدەبدا بدات بەوەی ڕەوشتییە، یان نا ڕەوشتییە. بۆیە لە ڕەخنەکەیدا هیچ پێوەرێك لە پێوەرەکانی ڕەوشتی بەکار نەهێناوە، سەبارەت بە پەیوەندی نێوان ئەدەب و فەلسەفەش، (دی مان)یش وەك (دریدا) وایدەبینێت لە ئەدەبدا فۆڕمێك لە فۆڕمەکانی نووسینی فەلسەفی هەیە، کە لەسەر بەکارهێنانی زاراوە ڕوانبێژییەکان لە سیستەمە فەلسەفییەکاندا دامەزراوە"[٢]. پاول دی مان "دەق بە نەخوێنراوە (اللامقروئیة) دەناسێنێ، بەواتای بوونی خوێندنەوەیەکی نموونەیی، کاری ڕەخنەگر خوێندنەوەی نەخوێنراوەیە، لەبەر ئەوەی دەق کۆگای سەرجەم واتایە و لەتوانایدایە یاری بەخوێنەر بکات، و لەهەمانکاتیشدا باڵادەستە بەسەر واتادا لە ڕووی شاردنەوە و دەرخستنیەوە"[٣]. پاول دی مان جەختی لەوە دەکردەوە "سەردەمی دەسەڵاتی کاری ئەدەبی کۆتایی هاتووە و سەردەمێکی نوێ دەستی پێکردووە، کە سەردەمی دەسەڵاتی خوێنەرە، هەڵوەشاندنەوەش وا لە گوتار دەڕوانێت، کە سیستەمێکە تەنها لە ئاستی گۆکراودا تەواوکراوە، واتە تەنها لە دیمەنە نوسراوەکەیدا کە بوونی دالەکانن تەواوکراوە، مەبەستیشی لەمە ئەوەیە گوتار بەردەوام بەرهەم دەهێنێتەوە و بەمردنی نوسەرەکەی ناوەستێت، لەبەر ئەمە هەڵوەشاندنەوە لەبری گوتن داوای نووسینی دەکرد، چونکە نووسین بەبێ فەرمانی بەرهەمهێنەکشی هەر دەمێنێتەوە، کەچی سەبارەت بە گوتن تەنها لە چوارچێوەیەکی زۆر کەمدا نەبێت ئەمە ناکرێت"[٤]، هەر چۆن ڕۆڵان پارت دەڵێت:"ئامانجی کاری ئەدەبی بریتیە لە کردنی خوێنەر بە بەرهەمهێنی دەق، نەك بەکاربەری"[٥].

---

[١]- بیر ف زیما، التفکیکیة، ص١١٨.

[٢]- بڕوانە د. ئیبراهیم مەحموود خەلیل، ڕەخنەی ئەدەبی نوێ، لە لاساییکردنەوەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەگەرایی، ل ١٧١.

[٣]- احمد العزري، تلقي التفکیکیة في النقد العربي الحداثي، ص٦٨.

[٤] - بڕوانە د.بەسام قطوس، دەروازەیەك بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، ل ١٨٦-١٨٧.

[٥]- عبدالله الغذامي، الخطیئة و التکفیر، ص٢٣٣.

پاول دیمان لە کتێبی "کوێری و بینایی دا داوای چاوساغییەکی ڕەخنەیی دەکات بۆ پوچەڵکردنەوەی ئەو پێشەکیانەی واتای ڕواڵەتی دەیگەیەنن، هەروەها داوای چوونە ناو دەق دەکات لە ڕوانگەی بەسەنتەرکردنی پەیوەندی نێوان نوسەر و خوێنەر و گەڕان بەدوای واتای شاراوەدا، ئەمەش بە دۆزینەوەی جیاوازی نێوان ئەوەی ناوەکییە لەگەڵ ئەوەی دەرەکییە بەدیدەکرێت"[1]، و "جیاوازیدەکات لە نێوان دوو جۆر خوێندنەوەدا: خوێندنەوەیەکی پێوەریانە، و خوێندنەوەیەکی بەرهەمدار. قورسە خوێندنەوەی بەرهەمهێن بە پێوەرەکانی ڕاست و هەڵە هەڵبسەنگێنرێت"[2]. دیمان لە خوێندنەوەکانیدا هەڵدەستێت بە (هەڵبژاردنی لۆژیکی قوڵبونەوە لە دەقدا و ڕونکردنەوەی شێوازی گەشەکردنی گرژییە ڕوانبێژییەکان، تا دەگات بەو خاڵەی تیایدا لۆژیك بە ناڕاستەوخۆیی لەگەڵ ناوەڕۆکەکانیدا تێکەڵ دەبێت)[3]، و دەڵێت: " هەمیشە لە دەقەکانەوە مێژووی خوێندنەوەی بێلایەن یان نائاسایی بەرهەمدێت، کە دەکرێت ناوچە نادیارەکانی شیبکرێتەوە"[4]، و لایەنە شاراوەکانی ئاشکرا بکرێت. دی مان، خاوەنی چەمکی بەد خوێندنەوە دەڵێ: (مەبەستم لە خراپ خوێندنەوەی چاك ئەوەیە، دەقەکە دەقێکی تری سەرنجڕاکێش بەرهەم بهێنێ و دەقی دووەمیش چەندین دەقی دیکە بهێنێتە گۆڕێ)"[5]، لای هەڵوەشاندنەوە خوازان زمانی ئەدەبی ڕێگە بۆئەوە خۆش دەکا، کە بەهەڵە لێی تێبگەین و خراپی بخوێنینەوە، ئەو دەقەیشی ڕێ نادا بەد لێی حاڵی بین، ناکەوێتە بازنەی ئەدەبەوە، لای ئەوان خراپ خوێندنەوە خوێندنەوەی هەڵە نییە، بەڵکو مەبەستیان جۆرە خوێندنەوەیەکە، ڕێگە بۆ خوێندنەوەی جیاوازی دیکە خۆشبکا.

---

[1]- بڕوانە د. ئیبراهیم مەحموود خەلیل، ڕەخنەی ئەدەبی نوێ، لە لاساییکردنەوەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەگەرایی، ل١٦٩-١٧٠.

[2]- بڕوانە د. ئیبراهیم مەحموود خەلیل، ڕەخنەی ئەدەبی نوێ، لە لاساییکردنەوەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەگەرایی، ل١٧٠.

[3]- كريستوفر نوريس، التفكيكية النظرية و الممارسة، ترجمة: د. صبري محمد حسن، دار المريخ، الرياض، المملكة العربية السعودية، ١٩٨٩، ص٢١٤.

[4]- كريستوفر نوريس، التفكيكية النظرية و الممارسة، ص٢١٥.

[5] – حەمە سەعید حەسەن، لە بنیاد خوازییەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەق، گۆڤاری سروە، ل١٤.

## ب- جوزیف. هیلیس میللەر j. Hilis Miller

میللەر* یەکێکی ترە لە ڕەخنەگرە ئەمریکیەکان و لە کتێبی The ethics of reading بنچینەی هەڵوەشاندنەوە وا دەبینێت کە "هەڵوەشاندنەوە لە خوێندنەوەیەکی باش، زیاتر و کەمتر نیە لە چوارچێوەی واتادا"[١]، هەروەها لە کتێبی " fiction and repetition دا دەڵێت: پاساوی من بۆ باشترین خوێندنەوە ئەو خوێندنەوەیەیە کە بەشێوەیەکی باشتر دژایەتی نێو دەق ڕوندەکاتەوە و پێشکەشکردنی کۆی ئەو دەلالەتانەیە کە دەکرێت دەق پێکیانەوە ببەستێتەوە و بەشێوەیەکی میتۆدیانە دیاریان بکات، بەڵام لەلایەنی لۆژیکیەوە دژی یەکن"[٢].

هەڵوەشاندنەوە لای میللەر "ڕێگەیەك نییە بۆ شیکارکردن کەوا ڕەخنەگر لەسەر دەق پراکتیزەی بکات، بەڵکو هەڵوەشاندنەوە ئەو شتەیە کەوا دەق بۆخۆی پێی هەڵدەستێ، هەموو دەقێك بەزۆری هەڵدەوەشێتەوە، هەڵوەشاندنەوە خوێندنەوەیەکی وردی دەقە نەوەك ڕێگەیەکی پراکتیزەیی، ئەوە سروشتی ناوەکی زمانەوانییە"[٣]، میللەر دەڵێت: (ئەرکی ڕەخنەگر ئەوەیە بەردە لەقەکەی بینای دەق بدۆزێتەوە و بیهەژێنێ تا تەلاری دەقەکە، کە لەسەر هەرەسهێنان بو، بڕوخێنێ)[٤]. میللەر لەسەردەمی هەڵوەشاندنەوەگەراییانەی ڕەخنەی ئەدەبیدا (هەندێك چەمکی هەڵقولاوی شیکردنەوەی بابەتی بەکاردێنێت، و بە دڵسۆزی دەمێنێتەوە بۆ خوێندنەوەی داخراو Close reading ، کە زیرەکانە دەیکات بە ئامێرێکی ئاست بەرزی هەڵوەشاندنەوەیی، ئەو تێڕوانینە وردەی خوێندنەوەی داخرا و دەبێتە هۆی تێکشکاندنی ئەو پتەویە دەلالیەی

---

* - هیلس میللەر ڕەخنەگرێکی ئەمریکییە، لە ٥ی مارسی ١٩٢٨ لە ویلایەتی فیرجینیای ئەمریکا لەدایك بووە، دەرچوی کۆلیجی ئوبەرلینە لە ساڵی ١٩٤٨، لەساڵی ١٩٤٩-١٩٥٢ بڕوانامەی ماجستێر و دکتۆرای لەزانکۆی هارفارد وەرگرتووە، بە هەڵوەشاندنەوە کاریگەربووە، خاوەنی نزیکەی چل کتێبە.

[١]- بییر ف زیما، التفکیکیة ، ص١٢٨.

[٢]- سەرچاوەی پێشوو، ص١٣٢.

[٣]- عەبدولستار پیرداود حەسەن، هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە ئەدەبی کوردیدا لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، ل٩٠.

[٤] - حەمە سەعید حەسەن، لە بنیاد خوازییەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەق، گۆڤاری سروە، ل١٦.

**کەلای ڕەخنەگرە نوێکان شتێکی دانپیانراوە، هوارد فلیبرین ئەم تێکشکاندنەی ڕەخنەی نوێ وا پیشاندەدات، کە خاڵی هاوبەشی هەموو هەڵوەشاندنەوەخوازانی (ییل)ە)[1].**

**زانستی ئەخلاقناسی خوێندنەوە لای میللەر، هەر وەکو لای پول دی مان وایە، (بە دانپیانانیان بە مۆرکی دژیەکی(طابع المتناقض) دەق و بێتوانایی خوێندنەوە و شکستی خوێندنەوە، لەبری پراکتیککردنی تۆڕی ڕەمزیی تیۆری بەسەر بابەتی لێکدراوەدا، بەو مەبەستەی بتوانرێت بخرێتە ژێر گوتاری چەمکگەراییەوە، ئەگەر چی ج. هیلس میللەر نیتچەیی خۆی ڕاگەیاندووە، ئەمە ئەو ئاماژەیە دەبەخشێت کە ئەو سەر لەنوێ پەیوەندی بە گومانکارەیی (التشكيكية) کانتییەوە دەبەستێت، لەبارەی کورتنوسی (اختزال) چەمکی ئیستاتیکادا، کاتێك لە کتێبی Theory now and then 1991 دەربارەی پەیوەندی نێوان ئەدەب و تیۆرەوە نوسیویەتی، تێبینی ئەوە دەکات کە پێدەچێت خوێندنەوەی باش Good reading دواتر بەرەو پوچەڵکردنەوە و بە درۆخستنەوە (دحض)ی تیۆر یان ڕاستکردنەوەی بەشێوەیەکی ڕیشەیی بڕوات، نەوەکو جەختی لەسەر بکاتەوە)[2]، سەبارەت بەو ڕەخنەیەی هەڵوەشاندنەوە لەسەر دەق پەیڕەوی دەکات، دەڵێت: "ڕەخنەیەکی دەرەکی نییە، بەڵکو لە ناوەوەیە و بەهەمان سروشتی ئەو کارەی کە لەدژی کار دەکات و دوورە لە بچوککردنەوەی دەق بۆ پارچەی لەبەریەك هەڵوەشاو و بەشێوەیەکی جیاواز کار بۆ بنیاتنانەوەی ئەوە دەکات کە تێکیداوە، لەو کاتەیا کە دەیڕوخێنێت، لەهەمان کاتدا بنیاتی دەنێتەوە، و بەدەر لەوەی لە دەرەوە بەهەستێکی خۆ بەزلزانینەوە لەدەق بڕوانێت، دەبێت بە بارمتەی ئەو دەقەی کاری لەسەر دەکات"[3]، لەگەڵ ئەوەشدا میللەر (بەدڵسۆزی بۆ قوتابخانەی ڕەخنەی نوێ دەمێنێتەوە، ئەویش لە ڕێگەی ڕەتکردنەوەی بیری سیمۆلۆژی و دیاردەگەرایی و مارکسی کە پێیوایە دەشێت تیۆری ئەدەب ببێتە زانست، بۆیە ئەم جەخت دەکاتەوە لەوەی، ناکرێت توێژینەوەی ئەدەبی بەهەمان شێوەی توێژینەوە زانستیەکان پاساو بدرێتەوە)[4]، لە لێکۆڵینەوە پراکتیکیەکانیدا دەربارەی چەند بەرهەمێکی دیاریکراو (هەموو ئاوێتەبونێکی ڕەخنەی ئەدەبی لەنێو میتۆلۆژیای زانستە**

---

[1]– بير ف زيما، التفكيكية، ص١٢٥.

[2]– سەرچاوەی پێشوو، ص١٠٦.

[3]– عادل عبدالله، التفكيكية، ارادة الاختلاف و سلطة العقل، ص٦٥.

[4]– بير ف زيما، التفكيكية، ص١٢٦.

**کۆمەڵایەتیەکاندا ڕەتدەکاتەوە، لەگەڵ دریدا و هارتماندا بەرگری لە ئاوێتەبوونی نێوان ڕەخنە و ئەدەب دەکات، هەربۆیە لە کتێبی Throry Now and Then دا، دەڵێت: ڕەخنەی ئەدەبی ئەدەبێکی پلە دووە، لەم لایەنەوە ڕەخنەگرە هەڵوەشاندنەوەگەرەکان وادەردەکەون کە میراتگری ڕۆمانتیکی بن، کە پێی وابو ڕەخنە درێژکەرەوەی نوسەرە)[١].**

**میللەر (لە کتێبی Hawthorne and History دا قسە لەبارەی ئەستەمی گوزارشتکردن لە هەرشتێك دەکات، کە دەکرێت لێی دڵنیابین)[٢]، واتە چەندێك دڵنیابین لە بوونی شتێك، بەڵام هێشتا ئەستەمە بەتەواوی گوزارشتی لێبکەین، چونکە ئەو دڵنیاییە لەوەی شیاوی هەڵوەشاندنەوەیە لەلایەن ڕەخنەگرێکی ترەوە، واتە چەندێك گوزارشت لە شتێك بکرێت، ڕەنگە هێشتا نەتوانرێت بەتەواوەتی حەقی خۆی پێبدرێت. ، میللەر بە ڕەخنەگرانی قوتابخانەی جنێف کایگەربوو، لەو گریمانەیەیاندا کە دەڵێت: (عەقڵ بەشێوەیەك لە شێوەکان ئامادە دەبێت، بۆی بە فەرمانی گواستنەوەی واتا و هۆش هەڵسێت، بە شێوەیەکی پێشبینیکراو)[٣]، کە ڕەخنەگر لە ڕێگەی زمان و نووسینەوە دەتوانێت بچێتە ناو بیری نوسەرەوە، ئەوەی ڕونکردۆتەوە کە واتاکان لەناو دەقەکاندا یەکتر دەبڕن و زیاد دەکەن، دەکرێت لە ڕێگەی ئەنجامدانی پرۆسەی دووبارە خولقاندنەوەوە واتاکانیان هەڵبژێرین و بیانخەینە ڕوو، کە لێرەدا نووسین ڕۆڵی ئەو نێوەندگیرییە دەگێڕێت، میللەر دەربارەی شێوازی چونەناوەوەی ڕەخنەگر بۆ حاڵەتی عەقڵی نوسەر دەڵێت: "زمان ئەو نێوەندگیرەیە کە ڕەخنەگر بەتەواوەتی تیایدا نیشتەجێیە، ئەو دەتوانێت خۆی بخزێنێتە نێو دەقەوە، لەبەرئەوەی هەریەکە لە ڕەخنەگر و دەق، زمانێکی هاوبەش گوزارشتیان لێدەکات، هەر چۆن هۆکاری ڕەخنەگر بۆ لێکدانەوە دیسان هەر زمانە"[٤]، واتە زمان هۆکاری چونە ناو دەق و ناوەرۆکەکەیەتی، لە ڕێگەی ئەو چنینە زمانیەی هەست و بۆچونەکانی نوسەر داڕشتووە و دیسان هەر لە ڕێگەی زمانەوە دەتوانین کۆدەکانی دەقەکە ئاشکرا بکەین و هەنگا و بەرە و نەست بنێین و کۆدەکانی پشتی دەق بکەینەوە.**

---

[١]- بیر ف زیما، التفکیکیة، ص١٢٦-١٢٧.

[٢]- سەرچاوەی پێشوو، ص١٣٦.

[٣]- کریستوفر نوریس، التفکیکیة النظریة و الممارسة، ص٢٠٤.

[٤]- سەرچاوەی پێشوو، ص٢٠٥.

## ج- جیفری هارتمان Geeffery Hartman

هارتمان[*](هەموو لێکنزیکییەکی نێوان وتاری ڕەخنەیی و وتاری زانستە کۆمەڵایەتیەکان و زانستە سروشتیەکان بە دوور دەزانێت و لە کتێبی Criticism in the wilderness-1980 بەهەموو شێوەیەك ئەوە ڕەتدەکاتەوە گوتاری ڕەخنە پاشکۆی ئەم زانستانەبێت)[١]، هارتمان بەو پێیەی کە زۆرتر لە دنیای شیعر قاڵبۆتەوە، بەتایبەت "شیعرە ڕۆمانتیکییە ئینگلیزیەکان، تێڕوانینەکانی زیاتر بەشوێن قسەکردنە لە وزەی واتا و بوونی مەودایەکی جیاکاری لە نێوان کایەکاندا، بۆیە بڕوای وایە گرنگترین ڕایەڵ کە مێژووی ئەدەبی ڕوونیدەکاتەوە، پەیوەستە بەو دانپیانانەی، کە واتا و زمان هەرگیز هاوشانی یەکتر نین، واتە بەردەوام سنوورێکی جیاکاری لە نێوان کایەکاندا خۆی دەڕوێنێت، بەردەوام لە نێوان دەنگ و واتا، لەنێوان میتافۆڕ و وشە، لە نێوان دەق و ڕاڤە، مەودایەك و جیاکارییەك هەیە، ئەوەی لە لای هارتمان جێگەی چاوپۆشین نییە، ئەو مەودایانەیە کە لەپرۆسەی خوێندنەوەدا وەك فۆڕمێك وایە و ناکرێت پەراوێزی بخەین، بەردەوام هەبوونی ئەو مەودایانەی کە پڕیەتی لە واتا، چونکە هەر دەقێك بۆخۆی میتافۆڕێکە لە واتا"[٢]. هەڵوەشاندنەوە لای هارتمان (لەسەر سێ بیری سەرەکی بنیاتنراوە: دواخستن (delay)، سەرسوڕمان (indeterminacy)، نێگەتیڤی(negativity ))[٣]. هەوڵیدەدا "ڕایەڵەکانی ڕەخنە و کردەکانی خوێندنەوە لە هەناوی ئەدەب (دەق)ەوە چەکەرە بکات، نەوەك لە دەرەوە، واتە کاریگەری ژینگەی دەرەوەی وەك تارماییەك لەسەر نەبێت، چونکە ئەو کات ئەو تارماییە، فەزای دەق ڕووە و جۆرێك لە ئاڵۆزی و خنکاندن دەبات، ئەوکاتیش زمان ناتوانێت ئازادانە لە گەمەی هەڵگرتنەوەی ماناکاندا بەشداربێت"[٤]، واتە هارتمان زیاتر لەنێو هەناوی دەقی ئەدەبی و شیعرەوە توانیویەتی ڕێچکەی خۆی بدۆزێتەوە و خوێندنەوە ڕەخنەییەکانی ئاراستە بکات و ڕێچکەیەکی تایبەت بەخۆی هەبێت، ڕای وایە کە (دابو نەریت خەڵەتێنەرە،

---

[*] – جیفری هارتمان لە ١١ی ئەغستسی ١٩٢٩، لە فرانکفۆرتی ئەڵمانیا لە خێزانێکی جولەکە لەدایکبووە، لە ساڵی ١٩٣٩ وەك منداڵێکی پەنابەر چۆتە ئینگلتەرا، بۆی دوربێت لەنازیەکان، لە ساڵی١٩٤٦ لەگەڵ دایکیا چۆتە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و لەوێ دایکی نازناوی خێزانەکەیانی گۆڕیوە بە هارتمان، بۆی بنەچە ئەڵمانیەکەیان بشارێتەوە، دواتر بووە بە هاووڵاتیەکی ئەمریکی، هارتمان بڕوانامەی دکتۆرای لە زانکۆی ییل لە بواری ئەدەبی بەراوردکاریدا وەرگرتوە، خاوەنی نزیکەی بیست کتێبە، لە ١٤ی مارسی ٢٠١٦ لەتەمەنی ٨٦ ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە.

[١]– بیر ف زیما، التفکیکیة، ص١٣٧.

[٢]– عەبدولستار پیرداود حەسەن، هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە ئەدەبی کوردیدا لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، ل٩٣.

[٣]– بیر ف زیما، التفکیکیة، ص١٤٤.

[٤]– عەبدولستار پیرداود حەسەن، هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە ئەدەبی کوردیدا لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، ل٩٤.

**هەروەك چۆن دەق سەبارەت بەو داب و نەریتە بۆماوەییانەی دەقیان لە ناودایە دوا دەکەوێت، ئەمەش حاڵی ڕەخنەگرانە کاتێك هەستدەکەن لە چوارچێوەی ڕۆڵێکی لاوەکیدا گیریان خواردووە، کە تەنیا گوزارشتە لە لێکدانەوەی دەق و هیچیکە، تاکە ڕێگەش بۆ دەرچون ئەوەیە کە ڕەخنەگر خۆی لە کەموکورتی دەرباز بکات و بە ڕاستی و دڵسۆزی هەنگا و بنێ**)[١].

**هارتمان وایدەبینێت،** (**ئەو تێڕوانینەی بێ نێوەندگیریە، دەکەوێتە دوای زمانەوە، کە لەگەڵ خۆیدا بنیاتێکی نێوەندگیری بۆ هۆش هەڵگرتووە، کە ناکرێت هەروا بە ڕێکەوتبێت و بێهۆ و لەخۆوە بێت، لە زانینێکی پوختی پەیوەست بە خودەوە لە گەڵ بابەتەکەیدا**)[٢]**، ڕەخنە لای هاتمان** (**هەروەك ئەوەی لای نووسەرە ڕۆمانتیکیەکانی پێشتر وابوو، درێژە پێدەری نووسینی خەیاڵییە، و خوێنەریش وەکو ئەوەی تیۆرە ڕۆمانتیکیەکاندا هەیە، دەگۆڕێت بۆ نووسەرێکی زیادکار**(**مزيد،**augmente)**، خودی هارتمانیش سەبارەت بە نووسینە هەڵوەشاندنەوەگەریەکانی خۆی، قسە لەسەر بەیەکەوە گونجاندنێکی پتەو لەنێوان ئەدەب و لێدوانی ڕەخنەیی دەکات، دەڵێت: من لەنێو** (**ڕەخنە لە چۆڵەوانیدا– بیاباندا** Criticism in the wilderness **و سەیڤکردنی دەق** Saving the text) **دا، هەوڵدەدەم دەستنیشانی ئەو گونجاندنە پتەوە یان پەیوەندیە ئاڵۆزەی نێوان ئەدەب و لێدوانی ڕەخنەی ئەدەبی بکەم**)[٣].

**بە پێچەوانەی هەریەکە لە پول دی مان و میللەر،** (**کە لەنێو سەنتەری کارکردنیاندا هەوڵی دەستنیشانکردنی شوێنی ناکۆکی فۆڕمگەرایی دەدەن، واپێدەچێت هارتمان کەمتر کەوتبێتە ژێر کاریگەری تەڵەزگە** (**مأزق**)**ی لۆژیکی و میکانیکی و زیاتر لەژێر کرانەوەی دەقی فەلسەفی یان ئەدەبی و هەڵوەشاندنەوەییدا بێت**)[٤]**، لە چوارچێوەیەکی دیاریکراو و سنورداردا نەمێنێتەوە.**

---

[١]– **کریستوفر نوریس، التفكيكية النظرية و الممارسة، ص١٩٩.**

[٢]– **سەرچاوەی پێشوو، ص٢٠٤.**

[٣]– **بير ف زيما، التفكيكية، ص١٣٩.**

[٤]– **سەرچاوەی پێشوو، ص١٤٣.**

هارولد بلوم* كه به بیرۆكەی كاریگەری وەرگرتن و خراپ خوێندنەوە ناسراوە، (یەكێكە لە بەناوبانگترین ڕەخنەگرانی ییل، لەگەڵ ئەوەشدا دانانی بە ڕەخنەگرێكی هەڵوەشاندنەوە و ئەو خۆی نكوڵی لە پەیوەندی بە هەڵوەشاندنەوەوە دەكات، بەتایبەتی دوای دەركەوتنی ئەو وتارانەی لە دژی سامیەكان** لەكاتی گەنجیدا نوسیونی، سەبارەت بە بەشداریكردنی لە كتێبی بەكۆمەڵی هەڵوەشاندنەوە و ڕەخنە Deconstruction and Criticism ساڵی١٩٧٩ كە كۆمەڵێ وتاری دریدا و میللەر و هارتمان و دیمان و بلوم لەخۆ دەگرێت، دەڵێت: ناونیشانەكە گاڵتەیەكی كەسی (مزحه شخصیه) بوو و كەس لێیتێنەدەگەیشت، دەمویست بڵێم ئەو چوارە هەڵوەشاندنەوە بوون و منیش ڕەخنە، و پەیوەوەندیم بە هەڵوەشاندنەوەوە نییە)[١]. هارولد بلوم (لە نوێنەرانی هەڵوەشاندنەوە جیاوازە، چونكە وا وێنای ڕوانبێژی دەكات، كە تەنیا گوتارێكی وێنەیی نییە خوازەیەك كۆنترۆڵی بكات و ساناكردنەوەی ئەستەمبێت، بەڵكو لەگەڵ ئەوەشدا دیاردەیەكی دەروونییە (وەكو میكانیزمێكی بەرگریكردن بەواتا فرۆیدیەكەی)، و لەهەمان كاتیشدا ڕوداوێكی مێژووییە)[٢].

ئەو شتەی كە ئاشكرایە زەمینەیەكی هاوبەش لە ڕێگەی پارێزگاریكردن لە بیرۆكەی خراپ خوێندنەوە دەستەبەر بكرێت، كە سەرچاوە لێگرتنی بلۆمە، هەروەك چۆن هەڵوەشاندنەوەگەرە ئەمریكیەكان لێوەی سەرچاوە دەگرن، بلۆم پێیوایە "هەر چەشنە شیعرێك یان خوێندنەوەیەك دەرئەنجامی شیعر و خوێندنەوەیەكی دیكەیە، نەوەك

---

* – هارولد بلوم لە ١١ی یولوی ١٩٣٠ لە ئەمریكا لە خێزانێكی جولەكە لەدایك بووە، ساڵی ١٩٥٦ لە زانكۆی ییل بڕوانامەی دكتۆرای وەرگرتووە، ڕەخنەگرێكی ئەمریكییە و یەكێكە لەمامۆستایانی زانستە مرۆڤایەتیەكان لە زانكۆی ییل، خاوەنی زیاد لە چل كتێبە، كە بیستیان ڕەخنەی ئەدەبیە.

** – دژە سامی یاخود دژە جولەكە Anti semitism، زاراوەیەكە بۆ دژایەتیكردنی جولەكە وەك كۆمەڵێكی ڕەگەزی- نەژادی و ئاینی بەكاردێت، بۆیەكەم جار ئەم زاراوەیە لەلایەن لێكۆڵەری ئەڵمانی (فیلهم مار) بەكارهات، بۆ ئەو شەپۆلە دوژمنكارانەیەی بەرامبەر جولەكە كرا لە ئەوروپای ناوڕاست، لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەدا، هەرچەندە عەرەب و ئاشوریەكان و ئەوانەی سەر بەسامین بەهەمان شێوەی دژە سامی لێیان ناڕوانرێت، دژە جولەكە شێوەیەكە لە شێوەكانی ڕەگەز پەرستی.

[١] – بیر ف زیما، التفكیكیة، ص١٤٨.

[٢] – سەرچاوەی پێشوو، ص١٤٩.

پەیوەستبێت بە کۆمەڵێك وێنە و دیاردە و باوەڕەوە. بلۆم لەو باوەڕەدایە کە ڕاڤە و شیکاری هەر دەقێك پەیوەستە بە ڕاڤە و شیکاری دەقگەلی دیکەوە، چونکە لە بنچینەدا هیچ چەشنە خەیاڵکردنەوەیەك بەرهەم نایەت، ئەگەر کاریگەری وەرگرتنی لە لایەنێکی دیکەوە لەسەر نەبێت"[1]، ئەمەش بنەمای دەقئاوێزانە.

پێویستە لەو دوو بیرە سەرەکیە تێبگەین، کە بلۆم هێناویەتە ناوەوە، کە ئەوانیش بیرۆکەی کاریگەری (التأثیر) و خراپ خوێندنەوە misreading، یان خراپ تێگەیشتنە misprision، لەسەر قسەی بلۆم (شاعیری بەهێز strong poet ئەو کەسەیە، کە دەقی ڕابردوو(باوك) لەگەڵ پێداویستییە ئەدەبی و ئیستاتیکیەکانی تایبەت بەخۆی دەگونجێنێت، بە ئامانجی ڕزگاربوون لەو کاریگەرییە ئیفلیجکەرەی بلیمەتی باوك پەیڕەوی دەکات، خوێندنەوەی بلۆم پێویستیەکی بابەتی نییە، واتە دەق بەپێی پێویستییە ئەخلاقیەکانی هەڵوەشاندنەوەگەری بسەپێنێت، بەڵکو بریتییە لە خراپ تێگەیشتن(خراپ خوێندنەوە)ێکی نائاگاییانە و بێویست لە یەککاتدا)[2]. ئەم پەیڕەویکردنە نائاگاییەش بەلای پێویستیە دەرونیەکاندا دەشکێتەوە، ئەمەش بەپێی پێویستییە دەرونیەکانی هەریە لە نوسەر یان خوێنەر گۆڕانی بەسەردا دێت و بلوم ڕویکردۆتە پەیڕەویکردنی خراپ خوێندنەوە و بەهەڵە تێگەیشتن، ئەمەش ئەو دەرئەنجامە بوو کە بلۆم لە ئەنجامی خوێندنەوە و کردە شیکارییەکانی پێی گەیشت و ڕێچکەیەکی پەیوەست بەخۆی بەرهەمهێنا.

---

[1]– عەبدولستار پیرداود حەسەن، هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە ئەدەبی کوردیدا لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، ل٩٥.

[2]– بیر ف زیما، التفکیکیة، ص١٥٠.

جاك دريدا یەکێکە لەو فەیلەسوفانەی، کە بەشێوەیەکی قوڵ هاتۆتە نێو بیر و فەلسەفە و ڕەخنەی عەرەبییەوە و مەیدانێکی فراوانی داگیرکردووە، بەشێوەیەك کە وای لە نووسەر و توێژەرە عەرەبەکان کردووە، ململانێ بکەن لەبارەی لێکدانەوە و وەرگێڕانی بیر و هزری دریدا بۆ سەر زمانی عەرەبی و هەوڵی جێبەجێکردنی ڕێباز و بیر و بنەماکانی لەنێو بیر و ئەدەب و ڕەخنەی عەرەبیدا بدەن.

هەرچەندە هەڵوەشاندنەوە لای عەرەب لە بیر و هزری کەسێکی بەڕەگەز عەرەب سەریهەڵنەداوە، بەڵام بیرۆکەی هەڵوەشاندنەوە هەرزوو لای عەرەبەکان دەرکەوت و کاریان لەسەر کرد، بۆ نموونە زۆربەی لێکۆڵەرەکان لەسەر ئەو ڕایەن، یەکەم لێکۆڵینەوە لەسەر هەڵوەشاندنەوە لە ڕەخنەی عەرەبیدا دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٨٥، کە هەوڵێکی (عبدالله محمد الغذامي)یە لە کتێبی (الخطيئة و التكفير)دا[١]، سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەگەراییە عەرەبەکان، لە سەرەتادا لە بواری فەلسەفەدا دەتوانرێت قسەبکرێت لەسەر هەریەکە لە: ادوارد سعيد، عبدل الكبير الخطيبي، محمد اركون، عبدالسلام بن عبد العالي، محمد نورالدين افاية، فتحي تريكي، علي حرب، مطاع صفدي، محمد احمد البنكي، و علي أومليل، هەروەها سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە بواری ئەدەب و ڕەخنەدا هەریەکە لە: عبدالله الغذامي، محمد مفتاح، عبدالله ابراهيم، هشام الدركاوي، سعد البازعي، ميجان الرويلي، عبدالعزيز حموده، عبدالملك مرتاض، بسام قطوس، خالد أمين[٢]، کاریان لەسەر کردووە ، عبدالعزيز حموده هەڵوەشاندنەوە وا دەبینێت کە "تیۆر نییە و ڕێبازیش نییە، بەڵکو بەشێوەیەکی کاتی دەکرێت ناوی ستراتیژی دەقی لێبنرێت، و بۆ ئەوەی زیاتر وردتربین بریتییە لە پەیڕەوکردن و تیۆر نییە"[٣]، بۆی زیاتر لە کار و کاریگەری و ڕۆچوونی بیری دریدا بەنێو هزر و بیری نووسەر و ڕەخنەگرە عەرەبەکان بگەین، ناوی هەندێك لەو لێکۆڵەر و نووسەر و وەرگێڕانە دەبەین، کە لەنێو ڕەخنەی عەرەبیدا کاریان کردووە:

---

[١]- يوسف وغليسي، التفكيكية في الخطاب النقدي المعاصر، مجلة القوافل، العدد ٧، ١٩٩٧، ص٦٢.

[٢]- د. جميل حمداوي، نظريات النقد الأدبي في مرحلة ما بعد الحداثة، ص ٥٥-٥٦.

[٣]- د.عبدالعزيز حمودة، المرايا المحدبة-من البنيويوية الى التفكيك، ص ٢٧٠.

١- كاری وەرگێڕان: ئەو نووسەرانەی کتێب و لێکۆڵینەوەکانی دریدا و ئەو لێکۆڵینەوانەی سەبارەت بە دریدایان وەرگێڕاوە: (كاظم جهاد، فريد الزاهي، منذر العياش، عدنان حسن، عثمان الجبالي المثلوثي، عزيز توما، انور معيث و منآ طلبة، ابراهيم محمود، محمد بنيس، هدى شكري عياد، محمد البكري، جابر عصفور، جورج ابي صالح، حسين سبحان، بختى بن عودة، عبدالعزيز عرفة، كثير ادريس، عزالدين الخطابي، عبدالسلام بن عبد العالي، ادريس كثير، صبري محمد حسن، اسامة الحاج، عبدالكبير الشرقاوي، حمدي الجابري، يوئيل يوسف عزيز، احمد حسان، اسمهان ايت باعلي، فاطمة الجيوشي، احمد رضا ناصر، حسن البنا، فالح عبدالجبار)[١].

٢- كارە عەرەبییەکان سەبارەت بە دریدا و ئەو نووسەرانەی سەبارەت بە دریدا کتێبیان نووسیووە و لێکۆڵینەوەیان کردووە: (عادل عبدالله، عبدالعزيز حمودة، نديم نجدي، د.أمنية غصن، محمد البنكي، احمد ابو زيد، عمر مهيبل، بختي عودة، عبدالعزيز عرفة، نورالدين افاية، محمد علي الكردي، محمد شوقي الزين، عبدالسلام بن عبدالعالي، اسامة خليل، ام الزين بن شيخة، عبدالمنعم المحبوب، سامي محمد عبدالعال)[٢]، احمد العزري، حبيبة دباش. بەشێوەیەکی گشتی ئەمانە هەندێك لەو نووسەرە عەرەبانە بوون، ئەمە جگە لەو مێزگرتی و سیمینارانەی دریدا و ئەوانەی دەربارەی کارەکانی دریدایە، کە وەرگێڕاونەتە سەر زمانی عەرەبی و زۆر کاری تریش، کە پێویست نییە باس لەهەمویان بکرێت، چونکە ئەمە تەنها بەرچاوڕونیەکە بۆ ئەو نووسەر و وەرگێڕە عەرەبانە.

ئەگەر چی هەڵوەشاندنەوە لە ڕەخنەی کوردیدا لەم ساڵانەی دوایدا کاری لەسەرکراوە و لای کورد بەهەمان شێوەی ئەدەبی ئەوروپی و عەرەبی، سەرەتا لە هەناوی فەلسەفەدا بوونی هەبووە، بەتایبەتی لەکاری وەرگێڕانی بابەتە فەلسەفیەکان، بەڵام وەك کاری نووسین و لێکۆڵینەوە کارێکی ئەوتۆی لەسەر نەکراوە و "لە ڕەخنەی نوێی کوردیدا ئەم بابەتە کاری

---

[١]- د. أحمد عبدالحليم عطية، ما بعد الحداثة والتفكيك، مقالات فلسفية، دار الثقافة العربية، القاهرة، ٢٠٠٨، ص١٣١-١٣٧.

[٢]- سەرچاوەی پێشوو، ص١٤٣-١٤٨.

**کەمی لەسەر کراوە و چەمك و زاراوە و واتاکەی بەخوێنەر نامۆیە"[1]، و هێشتا بوارێکی فراوانی بەخۆوە نەدیوە، بەڵکو تەنها چەند هەوڵێکی سەرەتایی و گشتی هەن، چونکە لە سەرەتادا لەلایەك بەمیتۆدی هەڵوەشاندنەوە کار نەکراوە، لەلایەکی تریشەوە کارکردنەکە بەشێوەیەکی گشتی و تێکەڵاو بووە.**

**یەکەمین کار لەسەر هەڵوەشاندنەوە بەشێوەیەکی ئەکادیمی، کە تا ئێستا لەبەر دەستماندایە، بریتیە لە لێکۆڵینەوەیەکی د.عەبدولقادر محەمەد ئەمین بەناونیشانی (تیۆری هەڵوەشاندنەوە)، کە بەسێ بەش لەگۆڤاری (ئایندە)دا لە ژمارەکانی (٣٢،٣٤،٣٥)دا لەساڵی ٢٠٠٢ دا بڵاوکراوەتەوە، کە باس لە تیۆری هەڵوەشاندنەوە و سەرهەڵدان و گەشەکردن و بنەما و ستراتیژەکانی بەشێوەیەکی تیۆری دەکات، هەروەها دواتر لە ساڵی ٢٠١٣دا لە (هزروهونەر)دا، کە هەفتە نامەیەکی کولتوریە خەبات دەریدەکات، لێکۆڵینەوەیەکی بەناونیشانی (بنەماکانی هەڵوەشاندنەوە)، لە ژمارەکانی(٦٦،٦٤،٦٣،٦٢،٦١)دا بڵاوکردۆتەوە، کە بەتیۆری و پراکتیکی کاری لەسەر هەڵوەشاندنەوە کردووە و هەر هەمان لێکۆڵینەوە لە گۆڤاری زانکۆ، ژمارە ٤٠ی ٢٠١٣ بڵاوکراوەتەوە.**

**بەشێوەیەکی گشتی چەند کارێك لەسەر هەڵوەشاندنەوە کراوە، لێرەدا هەندێکیان دەخەینە ڕوو کەبریتین لە:**

**١- وەرگێڕان:**

**أ- بابەتی بیری و فەلسەفی: هەندێك بابەت لەلایەن چەند کەسێکەوە لەسەر بیری فەلسەفی و هەڵوەشاندنەوە وەرگێڕاوە و تێیدا لە ڕوانگەی فەلسەفەوە لە هەڵوەشاندنەوە دواون، بۆ نموونە:**

**١- جاك دریدا، بڕوام بەکۆتایی فەلسەفە نییە، و: ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل، گۆڤاری پێشکەوتن، ژ٧٤، ١٩٩٨.**

---

[1]- د. عەلی تاهیر بەرزنجی، چەند توێژینەوەیەکی ڕەخنەیی، ل٢٩.

٢- ممدوح الشيخ، هەڵوەشاندنەوەگەری لە فەلسەفەوە بۆ ڕەخنەی ئەدەبی، و: حسێن لەتیف، گۆڤاری ئاینده، ژ ١٤، ١٩٩٩.

٣- سەرەتايەك بۆ خوێندنەوەی فيكری جاك دريدا، و: ئازاد سوبحی، گۆڤاری ڕامان، ژ ٣٧، ١٩٩٩.

٤- ڕۆبيرت دياننی، ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوە، و: لە ئينگليزيەوە عەتا قەرەداخی، گۆڤاری ئاينده، ژ ٢٦، ٢٠٠١.

٥- پيير ڤی. زيما، هەڵوەشاندنەوە گەرايی، و: ڕێبين ڕەسول ئيسماعيل، چ ١، دەزگای ڕێبين بۆ چاپ و پەخشی كتێب، ٢٠٠٤.

٦- دەروازەيەك بۆ هەڵوەشاندنەوەگەرايی ژاك دريدا، و: جەمال پيرە، گۆڤاری بياڤ، ژ١٧، ٢٠٠٥.

٧- دريدا، هەڵوەشاندنەوەی فەلسەفە، ئا.و: ئاسۆ ئەحمەد، گۆڤاری بياڤ، ژ ١٧، ٢٠٠٥.

٨- لە مۆدێرنەوە بۆ پۆست مۆدێرن، كۆمەڵێك نوسەر، وەرگێڕانی لە عەرەبيەوە: ڕێبين ڕەسول ئيسماعيل، چ ١، چاپخانەی شڤان، وەزارەتی ڕۆشنبيری، بەڕێوەبەرايەتی خانەی وەرگێڕان، ٢٠٠٩.

ب- ئەدەبی:

١- هاشم ساڵح، ژاك دريدا لە چەمكەكانی تەفكيك و تەئويل دەدوێت، و: سەبور سەيوانی، گۆڤاری ژيار، ژ ٢، ٢٠٠٠.

٢- محمد حافظ دياب، جاك دريدا و سەركێشی جياوازی، و: لە عەرەبيەوە: نوری بێخاڵی، گۆڤاری نما، ژ ٩-١٠، ٢٠٠٢.

٣- ڕۆگير فيبستەر، جاك دريدا و هەڵوەشاندنەوەی دەق، ئا.و: لە فارسيەوە: ئيبراهيم مينۆيی، گۆڤاری نما، ژ ٩-١٠، ٢٠٠٢.

٤- خاليدە تسكام، جاك دريدا و تيۆری هەڵوەشاندنەوە، و: حوسێن لەتيف، گۆڤاری كاروان، ژ ١٧٨، ٢٠٠٤.

٥- ميتۆلۆژيای ڕەخنەيی پێكهاتە هەڵوەشێنی، چارلز برێسلەر، و: لە ئينگليزيەوە: عەبدولخالق يەعقوبی، گۆڤاری سەردەم، ژ ٢٢، ٢٠٠٥.

٦- خاليدە حاميد، جاك دريدا و تيۆری هەڵوەشاندنەوە، و: هاوڕێ ڕەشيد، گۆڤاری بياڤ، ژ ١٧، ٢٠٠٥.

٧- ستراتيژی جياوازی لای دريدا، و: ئاسۆ ئەحمەد، گۆڤاری بياڤ، ژ ١٧، ٢٠٠٥.

٢– نووسین:

أ– کتێب و وتاری ئەدەبی:

١– ڕێبین ڕەسول، هەڵوەشاندنەوەی گوتار، گۆڤاری هەڵەبجە، ژ ٣–٤، ١٩٩٩.

٢– ئازاد خدر، میکانیزمی هەڵوەشاندنەوە، گۆڤاری ڕامان، ژ ٣٨، ١٩٩٩.

٣– ئازاد حەمە، ئیپۆکی پاش بنەماخوازی لە میانەی خستنە ڕووی بیری ژاك دریدا، گۆڤاری ڕامان، ژ ٥٢، ٢٠٠٠.

٤– ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل، خۆرئاوا و سێنترالیزمی لۆگۆسی، گۆڤاری ڕامان، ژ ٤٢، ٢٠٠٠.

٥– ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل، گراماتۆلۆژیا لەنێو پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەدا، گۆڤاری ڕامان، ژ ٥٠، ٢٠٠٠.

٦– ستاری پیرداودی، فینۆمینۆلۆژیای ستراتیژیەتی هەڵوەشاندنەوە، گۆڤاری کاروان، ژ١٤٨–١٤٩، ٢٠٠٠.

٧– بەختیار سەجادی، تیۆری هەڵوەشاندنەوە، گۆڤاری ڕامان، ژ ٦٥، ٢٠٠١.

٨– ئازاد حەمە، بیری پۆست مۆدێرنیزم، بەشی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، چ٢، ٢٠٠٢.

٩– عەبدولموتەلیب عەبدولا، دریدا ڕەخنە لە سێنترالیزمی خۆرئاوایی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٥.

١٠– فاضل عومەر، جاك دریدا و هەڵوەشاندنەوە (لێکۆڵینەکا دەسپێکی)، چاپخانەی هاوار، دهۆك، ٢٠٠٥.

١١– ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل، ژاك دریدا– نووسین، جیاوازی، جێکەوت، گۆڤاری ڕامان، ژ ٩٥، ٢٠٠٥.

١٢– سالار مەلامحمد گەلاڵی، هەندێ لە زاراوەکانی هەڵوەشاندنەوە گەرایی، گۆڤاری ڕامان، ژ٩٥، ٢٠٠٥.

١٣– هاشم سەراج، بارت و دریدا و هەڵوەشاندنەوەگەری، گۆڤاری کاروان، ژ ٢٠٤، ٢٠٠٦.

١٤- ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل، جاك دریدا و هەڵوەشاندنەوە، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بلاّوكردنەوەی سلێمانی، ٢٠١٠.

**ب- لێكۆڵینەوەی ئەكادیمی:**

١- د.زاهیر لەتیف كەریم، وێنە شاراوەكان، لێكۆڵینەوەیەكە پشت بەتیۆرەكانی دوای بونیادگەری دەبەستێت، گۆڤاری زانكۆی سلێمانی، ژ ٩، ٢٠٠٢.

٢- د. عارف حیتۆ، هلوەشینگە ژ فەلەسفێ بو ڕەخنەیا وێژەیی، گۆڤاری بیاڤ، ژ ١٧، ٢٠٠٥.

٣- پ.ی.د عبدالقادر حمه امین محمد، بنەماكانی هەڵوەشاندنەوە، گۆڤاری زانكۆی سلێمانی، بەشی B، گۆڤارێكی زانستییە بەشی زانستە مرۆڤایەتیەكانی زانكۆی سلێمانی دەریدەكات، ژمارە (٤٠) ئایاری ٢٠١٣.

٤- د.عەلی تاهیر بەرزنجی، میتۆدی ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوە گەرایی پانتاییەك بۆ فرە خوێندنەوە، لە كتێبی (چەند توێژینەوەیەكی ڕەخنەیی)، بلاّوكراوەی ئەكادیمیای كوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤.

**ج- نامەی زانكۆیی: یەكەمین نامە لەسەر هەڵوەشاندنەوە نوسرابێت بریتییە لە:**

١- عەبدولستار پیرداود حەسەن، هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە ئەدەبی كوردیدا لە تیۆرەوە بۆ پراكتیزەكردن، نامەی ماستەر، هەرێمی كوردستان-عێراق، وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، زانكۆی سەلاحەدین، كۆلیژی پەروەردە، ٢٠١٠.

# بەشی دووەم

**بنەما و ستراتیژەکانی هەڵوەشاندنەوە**

**١- لۆگۆسەنتەریزم** Logocentrism

**٢- جیاوازی (الأختلاف-** Difference )

**٣- جێکەوت (الأثر)** Trace

**٤- زانستی نووسین** Grammatology

**٥- دەقئاوێزان** intertextuality

**هەڵوەشاندنەوە لەگەڵ ئەوەی میتۆدێکی ڕەخنەییە، بەڵام خاوەنی کۆمەڵێك بنەمایەو ئەم بنەمایانەش، هۆکاری سەرەکی بوونی میتۆد و پرۆسە ڕەخنەییەکەن، بەگشتی زاراوەکانی نێو هەڵوەشاندنەوە بریتین لە (سەنتەر –چەق – مەرکەز center، ئاپوریا – تەڵەزگەی لۆژیکی–مأزق فكري aporia، دەق Text، دوانە لێکدژەکان binary opposition، فۆنۆسەنتەریزم – دەنگ تەوەری phonocentrism، لۆگۆ سەنتەریزم – عەقڵ تەوەری Logo centrism، جیاوازی differance، خوێنەر reader، دەقئاوێزان enter textuality)[1]، و هەڵوەشاندنەوە کاریان لەسەر دەکات.**

**لە هەڵوەشاندنەوەدا (ستراتیژ مەودای کاری هەڵوەشاندنەوەی دەقە، بەڵام بنەما فاکتەرەکانی سەرهەڵدان و وەستانی هەڵوەشاندنگەراییە، دریدا پێیوایە کە دەقێکی سەربەخۆ نییە و داگیرکراوە، مادام کە بەخششی دەقێکی پێشووترە، کەواتە لەسەر پاشماوەی نوسینێکیتر بنیاتنراوە، بۆیە پێویستی بە ڕووخانی بنیاتەکەی هەیە)[2].**

**بێگومان فردیناند دی سۆسێر Ferdinand De Saussure بە دامەزرێنەری زانستی زمانەوانی دادەنرێت، لە ڕوانگەی ئەو وانانەی لە زانکۆی جنێف لە ساڵانی ١٩٠٦–١٩١١ پێشکەشیکرد[3]، سۆسێر هەندێ دوانەی زمانیی دژی لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی (زمان و قسەکردن) Language-parol دانا، بەو پێیەی (زمان لە بنەڕەتدا سیستەمێکی کۆمەڵایەتی سەربەخۆ و دابڕاوە لە تاك، و بۆ بەدەستهێنانی پەیوەندی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا بەکار دەهێنرێت، لە کاتێکدا (قسە– وتن) بەکارهێنانێکی ڕاستەخۆ و هەستپێکراوی زمانە لە لایەن یەکێ لە ئەندامانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیەوە، بە مەبەستی پەیوەندیکردن لەگەڵ یەکتریدا و کردارێکی خۆویست و سەربەخۆیە، لەبەرئەوە وەسفکردنی پێکهاتەکانی زمان لە ڕوانگەی پەیوەندی نێوان تاکەکانەوە دەستەبەردەبێت، ئەمەش زمان دەکات بە**

---

[1] - بەختیار سەجادی، تیۆری هەڵوەشاندنەوە، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٦٥، ٢٠٠١، ل٨٣.

[2] – يوسف وغليسي، النقد الجزائري المعاصر من اللانسونية الى الألسونية، دار توبقال، ١٩٩٩، ص١٥٨.

[3] – حبيبة دباش، فلسفة الحضور و الغياب عند جاك دريدا، ص١٩.

دەستەواژەیەك لە نەسەقی نیشانە)[1]، دال La significant وێنەیەكی دەنگیە، مەدلول Signifie وێنەی بیریە(هۆش)، و دال ڕوانگەیەكی مادی لەخۆدەگرێت، چونكە پێكهاتووە لە دەنگ و ئاماژە و جوڵە و وێنەی هەستپێكرا و ...هتد، لە كاتێكدا مەدلول پێكهاتە بیریەكەیە و ناوەرۆك وەك بیر و واتا دیاریدەكات، ئاماژە (دلالە)ش لە پەیوەندی دال و مەدلول پێكدێ[2] و بەبێ بوونی دال و مەدلول، دەلالەت دروست نابێ، چونكە دال و مەدلول وەك دوو دیوی دراوێك وان و خودی دەلالەش دراوەكەیە، كاری هەڵوەشاندنەوەش لەسەر واتاكە دەوەستێت، هەربۆیە سۆسێر گرنگیداوە بە زمان و وایداناوە (دالێكە و ئاماژەیە بۆ ئامادەیی، لە ڕێگەی بەستنەوەی دال بە مەدلولەوە بەپێی وێنەیەكی توندوتۆڵی لەخۆوە(اعتباطي))، و نووسینی خستۆتە خزمەتی وشەی وتراوەوە، كەلەم خاڵەدا دریدا لە دژی وەستاوەتەوە)[3]، چونكە "ستراتیژیەتی هەڵوەشاندنەوە زۆر لەوە گەورەترە كە تەنیا وەك میتۆدێك یان ڕەوتێك سەیری بكەین، بەڵكو دەشێ وەك پرۆژەیەكی گەورەی فرە ڕەهەند سەیری بكەین و بەكاریبهێنین"[4] و "هەڵوەشاندنەوە مەبەستێك نییە بۆ ڕوخان، هێندەی ئەوەی خوێندنەوەیەكە بۆ ڕزگاركردنی عەقڵ و دژەكانی واقیع"[5].

كار و چڕبوونەوەی دریدا لەسەر هەڵوەشاندنەوە، چەند هەنگاوێكی ورد و دەسكەوتی دیاری بەدەستهێنا، گرنگترین دەستكەوتە ڕەخنەییەكانی پرۆژەكەی دریدا لە ڕەخنە هەڵوەشاندنەوەگەراییەكەیدا بریتین لە:

١- لۆگۆسەنتەریزم Logocentrism

٢- جیاوازی، (الأختلاف- Difference)

٣- جێكەوت Trace

---

[1]- عبدالصبور شاهين، علم اللغة العام، مؤسسة الرسالة، بيروت-لبنان، ط٧، ١٩٨٦، ص٢٤.
[2]- زكريا ابراهيم، مشكلات فلسفية، مشكلة البنية أو أضواء على البنيوية، دا مصر للطباعة، مكتبة مصر، ص٤٩.
[3]- حبيبة دباش، فلسفة الحضور و الغياب، ص٢٤.
[4]- عەبدولستار پیرداود حەسەن، هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە ئەدەبی كوردیدا لە تیۆرەوە بۆ پراكتیزەكردن، ل١٢.
[5]- علي الحرب، هكذا اقرأ ما بعد التفكيك، ص١٦٦.

٤- زانستی نووسین (علم الكتابة-Grammatology)

٥- دەقئاوێزان intertextuality

ئەم پێنج خاڵە بەرەو ئامانجێکمان دەبەن ئەویش ئەوەیە، کە هەموو شتێك لە پرۆژەی هەڵوەشاندنەوەگەرایدا کاتییە و ناهەمیشەییە، چونکە سەرجەم پێکهاتە و بونیادەکان لە دۆخێکی بەردەوامی ناکۆتایدان، ئەمەش دەرئەنجامی داڕوخانی نموونەی مرۆڤایەتییە لە بەرامبەر دەقدا و ڕەتکردنەوەی تەقالیدە (ترادسیۆن) داهێنانیەکانی (الابداعية) لەدایکبونی بەرهەمی مرۆڤایەتییە و بێباوەڕییە بەڕاستی ڕەها و گێڕانەوەی هەموو شتێکە بۆ نا سەقامگیری[1]، واتە ڕەتکردنەوەی سەقامگیرییە.

لیتچ Lycth دەڵێت:( هەڵوەشاندنەوەی هاوچەرخ بەو جۆرەی شێوازێکە لە تیۆری دەق و شیکردنەوە، ڕوخاندنی هەموو شتێکە لە نەریتەکان و گومانی لە بیری بۆماوەیی نیشانە، زمان، دەق، سیاق، نووسەر، خوێنەر، ڕۆڵی مێژوو، کردەی ڕاڤەکاری و فۆڕمی نووسینە ڕەخنەییەکان هەیە، لەم پرۆسەیەدا شتە مادیەکان نامێنن، تا شتێکی سەیر دەربکەوێ)[2] و خوێنەر بەردەوام لەبەردەم مەدلولی نوێ و بێکۆتادایە، واتاش هیچ یاساوڕێسایەکی ڕوون و دیاریکراوی نییە، چونکە پشت بە توانا و لێکدانەوەکانی خوێنەر دەبەستێت، بۆیە زۆرجار ڕەخنەگران ڕووبەڕوویان وەستاونەتەوە و ڕەخنەیان ئاراستەی هەڵوەشاندنەوە کردووە، یاخود هەندێکیان پشتگیریان لێکردووە، هەروەك هاوارد ڤلین Haward vlyrn جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە (هەڵوەشاندنەوە خوازان تاکە هۆکاری قەیرانەکانی لێکۆڵینەوە ڕەخنەییەکانن، ڕایان وایە کە دامەزراوە ئەدەبییەکان بوونەتە کەرنەڤاڵێك و دابەشبوون و سنورێك نییە بۆ جیاکردنەوەی شتەکان)[3]، بێکۆتایی واتا و دەلالەت یەکێك بووە لەو ڕەخنانەی ئاراستەی هەڵوەشاندنەوە کراوە، چونکە خوێنەر دەسەڵاتێکی فراوانی هەیە لە

[1]- د. عماد حسين محمد، بئار النص، ص٦١.

[2]- د.عبدالعزيز حمودة، المرايا المحدبة-من البنيويوية الى التفكيك، ص٢٩١-٢٩٢.

[3]- د. بشير تاوريت و ساميه راجح، فلسفة النقد التفكيكى، ص١١١.

ڕاڤەکردنی دەقدا، و خوێنەر واتا بنیاتدەنێت و واتاکانیش بەپێی ژمارەی خوێنەرەکان دەگۆڕێت.

ڕەخنەی هەرە گەورەی هابرماس* لە دریدا تێکەڵاوکردنی زانست و ئەخلاق و هونەرە، ئەوە بە بۆچونی هابرماس هزر لە هێزی ڕەخنەیی خۆی دادەماڵێت و فەلسەفەش دەکاتە جۆرێك لە نووسین و مێژووش دەبێتە جۆرێك لە گێڕانەوە و ئەخلاق و سیاسەتیش دەبێتە گوتار و وازی زمانەوانی و ستراتیژی ڕەوانبێژی. لەو باوەڕەدایە کە "دریدا دوژمنی سەرسەختی عەقڵە، یەکێکە لەوانەی دەیانەوێ دەسەلاّتی ڕەوانبێژی بالاّ دەست بکەن بەسەر لۆژیکدا، بە واتای ئەوەی لۆژیك ناتوانێت واتاکان ببەخشێت، بەڵکو هەمو گوتارێك دەچێتە ژێر باری لێکدانەوەو تەئویلی ڕەوانبێژیانە، هەڵەی بۆچونەکانی دریدا لە ڕوانگەی هابرماسەوە لەوەدایە کە جەخت لە سەر ئەوە دەکاتەوە گوایە هیچ شتێك لە دەرەوەی دەقەکاندا نییە، لەلایەکی تریشەوە پێی وایە ڕاستگۆیی و ڕەخنەی ئەقلاّنی پەیوەستە بە مەسەلەی زمان و ڕەوانبێژی، لە دەرەوەی ئەم دوو بۆچونەدا تێڕوانینێکی تر نییە بۆ مێژووگەرایی، ئەوەش تۆمەتێکی ترە بەردەوام ئاڕاستەی دریدا دەکرێت، تۆمەتی ئەوەی دژایەتی مێژوو گەرایی دەکات، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە هەڵوەشاندنەوە حەقیقەتێکی ڕەوانبێژی پڕ لە فریودان و هەڵخەڵەتاندن نییە، هەروەها تەکنیکێکیش نییە بۆ سڕینەوەو لەناو بردنی سنورەکانی نێوان فەلسەفەو ئەدەب، وەکو ئەوەی هابرماس جەختی لەسەر دەکاتەوە، بەپێچەوانەوە دریدا بە ڕوونی ئەم بۆچونانەی هابرماس بەلاوە دەنێت و دەڵێت: هەرگیز لەنێو نووسینەکانی مندا بەهای حەقیقەت یان بەهاکانی تری پەیوەست بە حەقیقەت تێکنەشکێنراون، بەڵکو تەنیا ئەوەیە سەر لەنوێ لەنێو سیاقی بەهێزتر، گەورەو فراوانتر، خراونەتە گەڕ"[١].

هەندێك لە ڕەخنەگران بەگومانەوە لە هەڵوەشاندنەوە دەڕوانن و پێیانوایە هەڵوەشاندنەوە باوەڕی بە بەدیهاتنی وێناکردنی بابەتیانەی هزر و واقیع نییە و زمان لەو

---

* – یورغن هابرماس بە ڕەگەز ئەڵمانیە و لە ١٩٢٩/٦/١٨ لە دسلدورف لە ئەڵمانیا لەدایك بووەو تا ئێستاش لە ئەڵمانیا دەژی، فەیلەسوف و زانایەکی بەناوبانگی هاوچەرخی بواری کۆمەڵایەتی سیاسیە لە سەردەمی ئێستادا.

[١] – ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، جاك دریداو هەڵوەشاندنەوە گەرایی، گۆڤاری نما، ژمارە ٩–١٠، هەولێر ٢٠٠٢، ل١١٩.

**ئاستەدا نییە بتوانێت بەشێوەیەکی دروست ڕاستییەکان بگوێزێتەوە، یەکێك لەوانە کریستۆفەر باتلەر (C.batlar) باوەڕی وایە "دەقی ئەدەبی لەسایەی هەڵوەشاندنەوەدا پێکهاتەیەکی زمانەوانی ناڕێکە، یان پێکهاتەیەکی زمانییە بەهۆی بوونی کۆمەڵێك درز و کەلەبەر و بۆشاییەوە لەناوەوە بەرهەڵستی لەگەڵ خۆیدا دەکات، چونکە ئەمانە وایلێدەکەن هەڵگری زۆر لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی بێکۆتابێت"[1]، بەڵام لە ڕاستیدا (هەڵوەشاندنەوە دەسەڵاتی تەواوی بەخوێنەر نەداوە واتا لەناو دەقدا دروستبکات، خوێنەر بۆی نییە واتایەك بەرهەمبێنێت هیچ پەیوەندیەکی بە دەقەکەوە نەبێت، بەڵکو مەبەست لە بێکۆتایی واتا، خستنەڕووی زیاد لە خوێندنەوەیەکە بۆ دەق، بەشێوەیەك ئیحای جیاواز و ڕوون لەدەقەکەوە وەرگرێت و دال تەنها یەك مەدلولی نەبێت و لەسەری بۆستین)[2]، ئەمەش وەڵامدانەوەیەکی دروستە بۆ ئەو ڕەخنانەی ئاراستەی هەڵوەشاندنەوە دەکرێت، گوایە خوێنەر سەربەستە و بەئارەزوی خۆی واتا بۆ دەق زیاددەکات. لە هەڵوەشاندنەوەدا (هیچ شتێك لە دەرەوەی دەقدا نییە، و مەبەست لێی گرنگیدان نییە بە دەق، لەسەر حسابی واقیعی دەرەکی، یاخود پشتگوێخستنی یەکە مادییە دەرەکیەکان و گوێپێنەدانیان، مەبەستی هەڵوەشاندنەوە نەرێکردنی گرنگی مێژوو یان واقیع نییە، بەڵکو واتای ئەوەیە کە سەرجەم ئەمانە لە ناوەرۆکی کارەکەدا پارێزراون، لەڕێگەی ئەو جیاوازییەی لە پارچەپارچەکردن و بڕینی دەقدا پەیڕەو دەکرێت، لە هەمان کاتیشدا ئامادەیی واقیع بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەسەلمێنێت، لەبەرئەوەی ئەو سەرچاوەیەی بەشدارە لە دروستکردنی دەقدا، هەمیشە بوونی خۆی لەناویا دەسەپێنێت)[3]، چونکە دەق لە بۆشاییەوە لەدایك نەبووە.**

---

[1] **– جاك دریدا، الكتابة و الاءختلاف، ص٤٩.**

[2] **– د. عماد حسين محمد، بئار النص، ص٨٠.**

[3] **– فيصل الاحمر، معجم السيمائيات، ص٣٤٢.**

هەڵوەشاندنەوە چەند بنەما و ستراتیژێکی هەیە، ئەوانیش بریتین لە :

## ١- لۆگۆسەنتەریزم Logocentrism

یەکێك لە بنەماکانی هەڵوەشاندنەوە کە جاك دریدا بەکاریهێناوە Logocentrism ە، بەواتای گردبوونەوە بەدەوری عەقڵدا، یان میتافیزیکای ئامادە، Logos (کە وشەیەکی یۆنانیە بەواتای (ئاخاوتن،قسە)، یان عەقڵ و مەنتیق دێت، کە کیڵگەیەگی دەلالی فراوانە، دەلالەتی زاراوەکەش بە ئامانجی بڵاوبونەوەی ئامادە و گردبوونەوە بە دەوری (ئاخاوتن) و (عەقڵ) و لۆژیکدا بووە)[١]، و لەسادەترین پێناسەیدا (بەواتای بوونی دەسەڵاتێك یان ناوەندێکی دەرەوە، کە واتا دەبەخشێتە وشە و نووسین و بیر و نەسەقەکان و بە دامەزراوەییان دەکات)[٢]، و (ستراتیژیەتی هەڵوەشاندنەوەی دریدا لە لایەنی فەلسەفەی ئەپستمیەوە، هەوڵەدات ئەوەمان بۆ ئاشکرا بکات، کە لۆگۆسەنترالیزمی خۆرئاوایی تەنیا و تەنیا وازییەکی زمانەوانییە، بەرزبۆتەوە بۆ ئاستی شارستانیەت)[٣]، زاراوەکە ئاماژەیە بۆ ئامادەبوون و ئاخاوتن و عەقڵ و مەنتیق دەگەیەنێ، و  لە فەلسەفەی خۆرئاوادا هەر لە سەردەمی ئەفلاتونەوە، وەك پێوەرێکی نموونەیی لە ڕووی بیر و داهێنانەوە سەیرکراوە، و فەلسەفەی خۆرئاوا فەلسەفەیەك بووە لەسەر بنەمای عەقڵ بنیاتنراوە و پێوەری زانیاری و ڕاستیش بووە، بەجۆرێك (ناوەندێتی زمان یان میتافیزیکای ئامادە، بنەمایەکی پەرەپێدەری ناوەندێتی دەنگ بووە)[٤]، یاخود (هەژموونی دەنگ بووە بەسەر نووسیندا)[٥]، و لەسەر بنەمای ناوەندێتی دەنگ Phonocentrism پێکهاتووە، کە ئاخاوتن پێش نووسین دەکەوێت، بەمشێوەیە لە ئەفلاتونەوە تا هایدگەر، یەکەی دەنگ بەسەر یەکەی نووسیندا، یان ئامادە بەسەر نا ئامادەدا زاڵبووە و بەهۆی گرنگی عەقڵەوە حوکمی تەواوی واتای پێبەخشراوە، هەربۆیەش بۆچونە عەقڵی و فەلسەفیەکان بوونە بنەما و پێوەری بیر و فەلسەفە. کاتێك

---

[١]- جاك دریدا – ما الآن؟ ماذا عن غد؟ ص٣١.

[٢]- د.عبدالعزیز حمودة، المرایا المحدبة–من البنیویویة الی التفکیك، ص ٣٧٨.

[٣]- جاك دریدا، دەرمانخانەی ئەفلاتون، وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە: ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل، چ١، ٢٠١٥، ل٥١.

[٤]- د.یوسف وغلیسی، اشکالیة المصطلح في الخطاب النقدي العربي الجدید، منشورات الاختلاف، الجزائر، ط١، ٢٠٠٨، ص٣٥٩.

[٥]- سەرچاوەی پێشوو، ص٣٦٠.

دریدا "دێتە سەر وشەی لۆگۆس Logos ، جارێکی تر پشت بە تێگەیشتنی هایدگەر دەبەستێت، کاتێك ئەوەی پشت ڕاستکردەوە کە وشەکە لەلای گریکەکان دوو بەهای باڵادەستی هەیە، ئەوانیش واتای (وتن) و واتای (پەلهاویشتن)ە، بەمەش لۆگۆس هەستی خاوەنداریێتی ڕاستی دەوروژێنێت. ئیتر لە تێڕوانین و کارکردنی هایدگەرەوە لەسەر وشەکە، دریداش ڕوانیە وشەکە و کاری لەسەر کرد و بە ڕوخسارێکی هەستپێکراوی بوونی گوتار و جۆری ڕاستیەکەی دانا"[1]، گردبوونەوە بە دەوری عەقڵ و مەنتیقدا، بەواتای گردبوونەوەی وشەیە بەدەوری دەنگدا، بنەما و گرنگیەکەشی بۆ ئەفلاتوون دەگەڕێتەوە، کاتێك سەبارەت بە ئاخاوتن دەڵێت: (دیالۆگی ڕۆحێکی بێدەنگە لەگەڵ خود)دا[2]، ئەمەش بنەمای بنەڕەتی ئامادەیی قسەکەرە لەگەڵ خودی خۆیدا، کە نوێنەرایەتی ئامادەبوون و گردبوونەوەیە بەدەوری دەنگدا لە ناو ئاخاوتنی قسەکەراندا لە کات و شوێنێکی دیاریکراودا، کە کۆیان دەکاتەوە.

دەستپێکردنی هەڵوەشاندنەوە لای دریدا وەك فەلسەفەیەك بوو بۆ سەرلەنوێ ڕوانینەوە بە فەلسەفەی ڕۆژئاوادا، لەسەر بنەمایەکی مەعریفی و چوونەوە بە هەوڵە فکریە پێشینەییەکان، واتە مێژووییەکان، بۆ نموونە نیتچە و ڕەتکردنەوەی ئەوانەی پێش خۆی وتبوویان لەبارەی حەقیقەت و ماهیەت و ناوەرۆکەوە، هەروەها هەوڵەکانی هایدگەر (بەچاوخشاندنەوە بە چەمکەکانی میتافیزیکیا و قسەکردن لە کەینونە–بوون (وجود) لە فەلسەفەی ڕۆژئاوادا، بەوەی لە ڕاستیدا قسەکردنە لەسەر کات نەك بوون، بەمەش میتافیزیکا و بیری میتافیزیکی تێپەڕاند)[3]. کەواتە (هەڵوەشاندنەوە خۆی لە خۆیدا مەرجی فەلسەفی و مەعریفی هەڵگرتووە و ناتوانرێت دابڕێنرێت لە مەسەلەی سەرەکی دەق، جگە لەمەش تەنها پەیڕەوێکی ڕەخنەیی نیە، یاخود ڕێگەیەك نیە بۆ ڕوانین لە دەق بە ئەندازەی ئەوەی بریتی بێت لە خواستێك بۆ ڕەخنەگرتن لە بنچینەی دەقێك، خوێندنەوەش لەم

---

[1]– د. یادگار لەتیف شارەزووری، دیاردەگەرایی و ڕەخنەی ئەدەبی، ل١٣٨، هەروەها بڕوانە معجم المصطلحات الأدبية المعاصرة، عرض و تقديم و ترجمة: د. سعيد علوش، دار الكتاب اللبناني، بيروت، ط١، ١٩٨٥، ص٢٠٠.

[2]– عبدالله ابراهيم و اخرون، معرفة الاخر، ص ١٢٥.

[3]– هانز جورج غادامير، طرق هيدغر، ت: د.حسن ناظم و علي حاكم صالح، دار الكتاب الجديد المتحدة، ط١، ٢٠٠٧، ص١٢٦.

حاڵەتەدا پشت بە خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی دەقەکان دەبەستێت، بۆ ئەوەی لۆژیکی کارکردنی دەق دیاریبکات)[1].

هەڵوەشاندنەوە لە واتا فراوانەکەیدا ڕەخنەگرتنە لە میتافیزیکا، نیتچە تەنها بەشتە ڕوخساری و ئاڵووێرکراوەکان ڕازی نابێت، بەڵکو بەدوای شتە ئاڵۆزەکانی دیاردەکاندا دەچوو، لە پێناو گەیشتنە ڕاستیەکان، بەو پێیەی فەیلەسوفێکی ڕاشکاو بوو و پرسیاری لە هەموو شتەکان دەکرد و پیرۆزی لە هەموو شتێك داماڵی و هەموو ئەوانەی لە سەردەمی ئەفلاتونەوە تاوەکو ئەمڕۆ بوونەتە سیمای شارستانی ڕۆژئاوا، بەرهەمی عەقڵی خۆمانن، بۆیە لێرەوە کەوتە هەڵوەشاندنەوەی ئەو بیرۆکانە و سەرلەنوێ دارِشتنەوەی بیرەکان لەسەر چەمکەکانی (سوپرمان، ئیرادەی هێز، گەڕانەوەی نەمری)، ئەمەش ڕەخنەگرتنە لە لۆگۆسەنتەریزم، لە ڕاستیدا بنەمای لۆگۆسەنتەریزم "ئەوەیە زمان نوێنەری بونیادێکە لە ئاماژەپێدانە بێکۆتاکان، کە تیایدا هەر دەقێك ئاماژە بە دەقێکی تر و هەر نیشانەیەکیش ئاماژە بە نیشانەیەکی تر دەکات"[2].

هەڵوەشاندنەوەی لۆگۆس لای دریدا "واتای (بێ عەقڵی)، یان (نا عەقلانییەت) نییە، بەڵکو مەبەستی دامەزراندنی هزرێکی پێشکەوتووە، کە لەسەر هەوڵدان بۆ ڕەتکردنەوەی میتافیزیکای ڕۆژئاوایی (میتافیزیکای ئامادە) دامەزراوە، ئەو میتافیزیکایەی ماوەیەکی زۆر هزری ڕۆژئاوای داگیرکردبوو و سیستەمی ڕۆژئاوایی زۆر بەتوندی گوزارشتی لێدەکرد، بەتایبەتی سیستەمی هیگل، کەمەیلی لەوە بوو بەشێوەیەکی گشتی ئەولەویەت بدات بەناوەڕۆکێکی دیاریکراو لەسەر ئەو بنەمایەی کەکۆی مەدلولەکانە، هەروەها سیستەمی دی سۆسێر، کە لەسەر چەسپاندنی دووانەییەکانی وەك:(قسە/نووسین، ئامادەیی/غیاب، دەنگ/بێدەنگی، ڕاستی/خەون....هتد) دامەزراوە"[3]. عەقلْ و هۆش "پێدراوێکی دوانەی کۆن نین، بگرە لە ڕێگەی پەیوەندیان پێکەوە تێکەڵ بە ڕاستی دەبن، و هۆشێکی لە پێشینە بونی

---

[1]– د. شكري عزيز الماضي، من اشكاليات النقد العربي الجديد، ص١٧٤.

[2] – بڕوانە د.بەسام قطوس، دەروازەیەك بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، ل ٢٠١.

[3] – بڕوانە د.بەسام قطوس، دەروازەیەك بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، ل ١٨٨.

نییە، بەڵکو دەرئەنجامێکە بەنزیکبونەوەی بیر بۆ بابەت لەدایکدەبێت"[1]. دریدا مەبەستیەتی ئەو دەلالەتانە تێکبشکێنێت کە لە لۆگۆسەوە سەرچاوە دەگرن، تاوەکو دەلالەتی نوێ و جیاواز بێتە کایەوەو لە لۆگۆس و هزری میتافیزیکای ڕۆژ ئاوا بەدەر بێت.

ئەم بنەمایەی دریدا دەیخاتە ڕوو "بەتایبەتی هەوڵی ئازادکردنی دەق و فرەییەکی بێکۆتای واتا، بەجۆرێك دەق ببێتە زنجیرەیەکی پێکەوە بەستراو لە دەلالەتی بە مەرجەعەوە نەبەستراو، تواناکەشی بەهۆی (جیاوازی)ەوە دەگۆڕێت بۆ غیابی دەلالەتی باڵاو بەپێزبونی دەلالەتی گریمانەیی"[2]، دریدا دەڵێت:"تیۆری دەق کە لەگەڵ کەسانی تر کاری لەسەر دەکەم، دەتوانین بڵێین ئەمیش مادییە، مەبەستم لە مادی ئامادەیی مادە نییە، بەڵکو خۆڕاگری دەقە لە ئاست هەوڵی دەستبەسەراگرتنیدا، چونکە دەستبەسەراگرتن هەمیشە ئایدیالییە"[3]، لێرەدا دریدا داوای خوێندنەوەی ناوەوەی دەق دەکات،"ئەمەش نەك تەنها لەڕێگەی قەتیسبوون لەناو دەقی ئەدەبیدا، بەڵکو لە ڕێگەی هاتوچۆکردنێکی بابەتییەوە لەنێوان ناوەوە و دەرەوەی دەقدا، کەتیایدا بەردەوام پرسیار لە (چین)ێکی مەعریفیەوە بۆ چینێکی تر و لەشوێنێکی دیاریکراوەوە بۆ شوێنێکی تر دەگوازرێتەوە، بۆ ئەوەی گشتەکە کەلێنی تێبکەوێت، دریدا ئەم پرۆسەیەی ناوناوە هەڵوەشاندنەوە"[4] .

ستراتیژی هەڵوەشاندنەوەو ڕەخنەگرتنی دریدا لە لۆگۆسێنترالیزمی خۆرئاوا، سڕینەوەو پشتکردنە مەرجەعیەتە خۆرئاواییەکە نییە، بەڵکو ڕەتکردنەوەو وەستانە لە دژی ئەو هزرە خۆرئاواییەی کە خۆی وەك سێنتەرێك نمایش دەکات و ئەوانیتر وەك پاشکۆو پەراوێزی خۆی دەبینێت، لەم چوارچێوەیەشدا پێیوایە خۆرئاوا تەنیا پەیوەستی ئاین و کولتووری مەسیحی و یەهودییەو، هەرچی ئاین و کولتوور ئیسلام و خۆرهەڵاتە دەبنە پەراوێز و پاشکۆ، بۆیە دریدا دژی هەر جیاکاریەکەو لەگەڵ هەڵوەشاندنەوەی هەر سێنتەرێکە، سەبارەت بەو خوێندنەوانەی کردوێتی دەڵێت: "لەو خوێندنەوانەدا کە

---

[1] – جاك دريدا – ما الآن؟ ماذا عن الغد؟ ص٩٩.

[2] – بڕوانە د.بەسام قطوس، دەروازەیەك بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، ل٢٠١-٢٠٢.

[3] – جاك دريدا، الكتابة و الاعختلاف١٩٨٨، ص٣١.

[4] – بڕوانە د.بەسام قطوس، دەروازەیەك بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، ل٢٠٢.

هەوڵمداوە دایانمەزرێنم، بەلامەوە گرنگ نییە لەدەرەوە ڕەخنە بگرم، بەڵکو ئەوەی بەلامەوە گرنگە جێگیربونە لەناو بونیادە تەبا و گونجاوەکانی دەق و دۆزینەوەی ناتەواویەکان، یان لێکدڕیە ناوەکیەکان، تا لەڕێگەیانەوە دەق خۆی بخوێنێتەوە و خودی خۆی هەڵبوەشێنێتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت دەق دوای بزاڤێکی سەرچاوەیی خودی ناکەوێت، کە تێیدا دەق تەنها بەرەو خۆی بجولێت، بەڵکو لەدەقدا هێزی پێچەوانەیی هەن، کە دەق لەبار دەبەن و پارچە پارچەی دەکەن"[1].

ڕەخنەگرتن لە لۆگۆسەنتەریزم "ڕەتکردنەوەی دیاریکردنی بوونە بەو پێیەی ئامادەییە، وەك لە میتافیزیکای ڕۆژئاوایدا باوە، هەوڵدانیشە بۆ تێکشکاندنی ئەو مەرکەزیەتە دیاریکراوە وەك بونێك بەو پێیەی ئامادەییەکی بێکۆتایە. بەتێکشکاندنی مەرکەزیش هەموو شتێك دەبێت بەگوتار و دەلالەتی مەرکەزی، یان دەلالەتی گریمانەکراوی ڕەسەن دەتوێتەوە و نامێنێت، گوتاریش بەڕوی ئاسۆکانی داهاتودا دەکرێتەوە، بەبێ هیچ ڕێوشوێنێکی پێشوەخت دانراو، تواناکەشی بەهۆی (جیاوازی)ەوە دەگۆڕێت بۆغیابی دەلالەتی باڵاو بەپێزبونی دەلالەتی گریمانەیی"[2].

ئەگەر لای (بارت) _ بەڵگە _ وەك بونیادێکی سیمیۆلۆژی دەربکەوێت، ئەوا "دریدا ئەو بونیادە هەڵدەوەشێنێتەوە، چونکە (بەڵگە) ئینتیمای میتافیزیکی هەیە، تەنیا بە هەڵوەشاندنەوەی (سینترالیزمی لۆگۆسی) دەتوانین لەو بونیادە ڕزگارمان بێت، هەڵوەشاندنەوەی سێنتەر لەسەر ئەو پرەنسیپە ماف بەخۆی دەدات، کە بونیاد سێنتەری نییە، وەك چۆن سەرەتاو کۆتایی نییە، بەڵکو بونیاد ئامادەییە لەناو زماندا"[3].

ئەفلاتوون دەیەوێت "ئەسڵی ئاخاوتن و دەسەڵاتەکەی بە تایبەتیش لۆگۆس بۆ شوێنگەی باڵادەستی و باوکایەتی بگێڕێتەوە، دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت کە ئاخاوتن یەکێکە لە ئیمتیازاتەکانی باوکایەتی، لۆگۆسیش لەم دەسەڵاتە باوکسالاری و تیۆکراتیەوە

---

[1] – جاك دریدا، الكتابة و الاختلاف، ص٤٩.

[2] – بڕوانە د.بەسام قطوس، دەروازەیەك بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، ل ٢٠١.

[3] – نیهاد جامی، سیمۆلۆژیای دریدا، گۆڤاری نما، ل١٢٨ –١٢٩.

سەرچاوە دەگرێت، کەواتە لۆگۆس لە ئاخاوتنەوە سەرچاوە دەگرێت. کەواتە بابەتەکە ئەوە نییە کە خودی لۆگۆس بۆ خۆی باوك بێت، بەڵکو لە بنەچەدا ئەسڵی لۆگۆس باوکایەتیەو ئەو دەسەڵاتە باڵایەیە. کەواتە خودی قسەکەر باوکی قسەکانی خۆیەتی و موڵکداریێتیان دەکات، لێرەدا لۆگۆس کوڕەو بەبێ بوونی باوکی و بەبێ ئامادەیی و پاڵپشتی ئەم باوکە بوونی نابێت، ئامادەیی باوك کە لە بری ئەوو لە پێناوی ئەودا وەڵام دەداتەوە، بەبێ باوکی تەنیاو تەنیا نووسینە"[1]، بەم پێیە نوسین بە بێ قسە (وتن)، بێ باوك و بێکەسە و تواناى ژیانکردنی نییە، بەڵام دریدا ئەم بۆچوونەی وەلا ناو، لای ئەم نووسین پێویستی بەهیچ باوکێك نییە و خۆی دەپارێزیت و توانای مانەوە و بەردەوامی هەیە.

ئاخاوتن "شوناسی هەقیقەت و ئامادە نییەو نووسینیش فریودەرو نائامادەییە، نووسین کاتێك خرایە سەر کاغەز ئەوە کوڕی کەس نییە، نەوەی کەس نییە، بگرە ئەو منداڵێکیش نییە تاوەکو دەسەڵاتی باوکایەتی قبوڵ بکات، بۆیە ئەم ئەسڵەی خاوەنداریێتی و باوکایەتی ڕەتدەکاتەوەو دانی پیا نانێت، بە پێچەوانەی ئەویش ئاخاوتن بۆیە زیندووە چونکە خاوەنی باوکێکی زیندەدارە، باوکێك کە لەنێو ئێستادا ئامادەیی هەیەو لە تەنیشتیەوە وەستاوەو پاڵپشتی لێدەکات و ڕێگای نیشان دەدات و ناهێڵێت بە هەڵە لێك بدرێتەوە و تەئویل بکرێت و بەناوی باوکایەتی و نازناوو شوهرەتی خاوەنداریێتیەوە پارێزگاری لێدەکات، ئا لەم کاتەدا ئاخاوتن لە پەنای ئەم پاڵپشتیەدا گوزەران دەکات و لەسایەی ئەوەشەوە دەژی و ڕێگاش بە خۆی نادات باوکی خۆی تیرۆر بکات، ئێمە لەگەڵ دریدا لە نێو دیالۆگی فیدرۆسدا دەگەینە ئەو باوەڕەی کە ئاخاوتن واتای ئامادەیی دەگەیەنێت و نووسینیش واتای نائامادەیی "[2].

---

[1] – ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، فارما گۆن لە ستایشی نوسیندا، تێڕامانێك لە کتێبی دەرمانخانەی ئەفلاتوون – ی جاك دریدا، گۆڤاری نما، ژمارە ٩–١٠، هەولێر، ٢٠٠٢، ل١٦٩.

[2]– ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، فارما گۆن لە ستایشی نوسیندا، ل١٦٩.

بەلای دریداوە "(واتا) نە لەهێماوە سەرچاوە دەگرێ، نە لەوەش کە هێما ئاماژەی بۆ دەکەن، بەڵکو تەنها لێکەوتەی ئەو پەیوەندیەیە"[1]، پێیوایە "مێژووی فەلسەفە لە ڕۆژئاوا هەر لەسەردەمی ئەفلاتونی باوکی فەلسەفەوە تا ئەرستۆ و کانت و هیگڵ و تا ویتگنشتاین و هایدگەر یەك گفتوگۆی ئاخاوتن _ سەنترالیزم بووە "[2]، بۆیە بەرامبەر ئەو بۆچون و سەنترالیزمە وەستایەوە و هەڵیوەشاندەوە.

بە بۆچونی دریدا "مێشکی مرۆڤی ڕۆژئاوایی بۆ هەر مەبەستێك بە شوێن چەقێکدا دەگەڕێ و ئەم (چەق خوازی) یە بناغەی فەلسەفەی ڕۆژ ئاواییە. بە وتەیەکی تر دەتوانین بڵێین کە لە دوو وشەی دژیەك هەمیشە یەکێکان ناوەکییەو ئەوی تریان دەرەکی. (ناوەکی) یەکە شتێکی باش و خەڵك — خۆشی لێهاتووەو (دەرەکی)یەکە شتێکی خراپ و خەڵك — لێ هەڵگەڕاوە. چەند نموونەیەك لە وشە ناوەکییەکان ئەمانەن: خودا، عەقڵ، بوون، مرۆڤایەتی، حەقیقەت، ڕووناکی، چاکی و... بۆ هەر یەك لەم چەقانە یەك یان چەند وشەی دژ یا جیاواز لەوانە دروستکراوە کە ئەمەش ئاکامی بیرکردنەوەکانی فەیلەسوفە ڕۆژئاواییەکانە"[3]، کەواتە وشەی سەرەکی کە دەبێت بە چەق وەك (خودا، عەقڵ، جوانی، بوون، ڕاستی، ڕووناکی، چاکە...هتد)، لە گۆڕاندایەو هیچ شتێك بە تەنیا یەك واتای نیەو واتاکان لەگەڵ یەکدا جیاوازن، بۆ نموونە لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کە زیاتر لە هەزار ساڵ لە ژێر هەژمون و بیری ئاینی مەسیحی و کەنیسەو پاپاکاندا بوون، کە باوەڕیان بە چەقی ئاینی هەبوو. هەر بۆیە دریدا دەیەوێ هەمو باوەڕو گریمانە میتافیزیکیەکان هەڵبوەشێنێتەوە، کە مرۆڤ پێی وایە نەگۆڕو جێگیرن و "ئەم چەقانە کە مرۆڤی ڕۆژئاوایی دایانهێناوە هیچ کامیان واقیعی نین و هەمویان بڕیارین، دریدا جێگەی دوو وشەی (نووسین) و (ئاخاوتن) دەگۆڕێ و پتر بایەخ بە نووسین دەدات، واتە لە ڕەخنەی ئەدەبی پاش نوێخوازیدا هیچ جێگایەك بۆ چەق خوازی تەرخان نەکراوە"[4].

---

[1] – ریچارد ئاپیگناسی و کرس گادات، پست مودرنیسم، و: بۆ فارسی : فاتیمە جەلالی سعادت، خوێندنەوە: جەمال حسێن، گۆڤاری نما، ژمارە ٩– ١٠، هەولێر، ٢٠٠٢، ل ٢٤٧.

[2] – سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤٧.

[3]– بەختیار سەجادی، ڕەخنەی ئەدەبی هاوچەرخ، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٥٣، هەولێر، ٢٠٠٠، ل١٤٤.

[4]– بەختیار سەجادی، ڕەخنەی ئەدەبی هاوچەرخ، ل١٤٥.

خوێندنەوەی ئەدەبی دریدا بریتیە لەوەی "کاتێ کە خوێنەری دەقێکی ئەدەبی ئیتر بڕوای بە میتافیزیکی حوزوور نەما، ئینجا دەتوانێت ئازادانە دەقەکە بخوێنێتەوەو جێگای وشە دژیەکەکان بە ئاسانی بگۆڕێتەوەو لە ئەنجامی خوێندنەوەکەدا بەواتایەکی دژ بەو واتایە کە لە مێشکی نوسەری دەقەکەدا هەبووە بگات"[1]، هەر بۆیە ئەو ئازادیە بەخوێنەر دەدات، کە لە بەرامبەر میتافیزیکا ئامادە بۆستێتەوە.

سێنترالیزم تەنیا پێکهێنانی خودێکی پاك و بێگەردو دور لە کەمو کوڕی نییە، بەڵکو دیوێکی تری بریتیە لە وێناکردنی وێنەیەکی شێواو بۆ ئەوی بەرامبەر، بۆیە "بەردەوام لەنێو تێڕوانینی سێنترالیزمدا خودێکی پاك و بێگەرد لەبەرامبەر ئەوێکی شێواو ناتەواودا بونی هەیە"[2]، لەبەرئەوەی سێنترالیزم ئایدۆلۆژیایەکی دورخەرەوەو پەراوێزکار لەبەرامبەر ئەویتردا بەرهەم دێنێت و هەمیشە خودێکی پاك و بێگەرد دوور لە کەموکوڕی بۆ خۆی وێنا دەکات.

لێکۆڵینەوەو خوێندنەوەی لۆگۆسێنترالیزمی خۆرئاوا لە بنەڕەتدا خوێندنەوەی بیرو عەقڵی خۆرئاوایە، گردبونەوەو چەقبەستنێتی بە دەوری خۆیدا، گردبونەوەی هزرو بیرو باوەڕو و ڕۆشنبیری و ئەتنییە و نەسەقێکی ڕۆشنبیری بارکراوە بە ڕۆشنبیری ئاینی و کولتووری و بیروباوەڕی کۆمەڵایەتی کە لەکاتێکی مێژوویی دیاریکراودا دروستبووە. لە هزری ڕۆژئاوادا عەقڵ هەمیشە سەنتەرە، ڕێگا بە کەس نادات لە پرەنسیپەکانی لابدات و لێی دەرچێت، بۆیە بە چەندین ڕوخساری ئاینی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ڕەوشتی مرۆڤایەتی دەوریان دەدات، ئەقڵ هێزی بێ کۆتاو وزە بەخشی مانەوەو بەردەوامییە.

عەقڵی خۆرئاوایی، ئەو زاراوەیەیە کە هەمیشە لە بەرامبەر ئەوی دی (عەقڵی خۆرهەڵاتی)دا، خۆی نمایش دەکات و ئامادەیی خۆی بە نائامادەیی ئەوی تری بەرامبەر وێنا دەکات، بانگەشەی عەقڵانیەت دەکات لە نێو سیستەمێکی هزری عەقڵانیدا، بە شێوەیەك لە خودی خۆی زیاتر هیچی تر بەدی ناکات و خۆی بە لۆگۆسێنترالیزم دادەنێت و پێیوایە کە هیچ شارستانیەتێك جگە لە شارستانیەتی خۆرئاوا بەنێو ئەو پرۆسە عەقڵانیەی

---

[1]– سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٥.

[2]– د.عبدالله ابراهیم، المرکزیة الغربیة، ص١٠.

ئەودا تێنەپەڕیوەو پێی ناگەنەوە. هەر بۆیە ڕۆڵی ئەوی بەرامبەری پەراوێز دەخست وەك پاشکۆیەکی خۆی تێی دەڕوانی کە لە ناو بازنەیەکدا خول بخوات بە دەوری ئەمداو خۆی چەقی بازنەکە بێت، بەمشێوەیە خۆرئاوا دەبێت بە چەقی شارستانیەت و خۆرهەڵاتیش بە پەراوێزێکی لاوەکی. ئەمەش هۆکار بوو بۆ ئەوەی جاك دریدا، هەڵوەشاندنەوە وەك ستراتیژیەك بەکار بهێنێت تا لە ڕێگەیەوە خۆرئاوا دان بە بوونی بەرامبەردا بنێت و وەك پێداویستیەکی ئەپستمی بۆ تێگەیشتن لە خود لە سایەی چەمکی جیاوازیدا و تێگەیشتن لە بەرامبەر. ڕەخنەگرتنی دریدا لەو سەنتەرە گەیاندیە ئەو ئەنجامەی "یەکێك لە گەورەترین ڕێگا کاریگەرەکان کە سەنتەری عەقڵی لەسەر بنیاتنراوە لە فەلسەفەی ئەوروپیدا بریتییە لە گرنگیدان بە وتن لەسەر حسابی نووسین، چەقبەستن لە دەوری عەقڵ و مەنتیق، لە ڕاستیدا چەقبەستنە لە دەوری دەنگ"[١]، جاك دریدا تەنیا مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی گوتاری میتافیزیکای لۆگۆسێنترالیزمی ڕۆژئاوا نییە لە بەرامبەر ڕۆژهەڵاتدا، بەڵکو مەبەستێتی دیالۆگ و و لێکنزیکبوونەوەی زیاتر لە نێوان شارستانیەتەکاندا بێنێتەدی و ئەوە بسەلمێنێت کە خۆرئاوا بەبێ خۆرهەڵات هیچ پێگەیەکی ئەوتۆی نییەو خۆرهەڵات و خۆرئاوا هەردووکیان تەواوکەری یەکترن.

هەروەها (فۆنۆسێنتەریزم)یش یەکێکە لەو چەمکانەی دریدا کاری لەسەر دەکات و بەواتای ناوەندێتی یان سەنتەریزمی دەنگ دێت، ئەگەر "عەقڵ دەبێ بە لۆژیکی فەلسەفی، ئەوا دەنگیش دەلالەتە بۆ ئامادەبوونی قسەکەر، بە واتای دەنگ و عەقڵ لەناو سێنتەری وشیاری سیستەمێك لە ئامادە بونیان سەلماندبوو، کەچی جیاوازی ئەو سیستەمە تێکدەشکێنێ، دەیەوێ لۆژیکێك بۆ زمان بدۆزێتەوە بیکات بە کۆتایی بیرکردنەوەکان، بەڵکو ئەو ئامادەییەش هەڵدەوەشێنێتەوە، کە هەر یەك لە عەقڵ و دەنگ دەبن بە کۆمەڵێك کۆد "[٢]، ئەمەش واتای ئەوەیە دەنگ وەك سەنتەرێك خۆی نمایش دەکات و دەبێتە سەرەتا و بنەڕەتی گوتار لە میتافیزیکای خۆرئاوادا، کە هەر لە ئەفلاتونەوە تاوەکو هایدگەر سەرچاوەی گرتووە.

---

[١] – عبدالله ابراهيم و اخرون، معرفة الاخر، ص١٢٥.

[٢] – نيهاد جامی، سيمۆلۆژيای دريدا، ل١٢٩.

ئەوەی دریدا تووڕە دەکات سەبارەت بە دژە گەمەی چەمکەکان ئەوەیە کە "ئەم فەلسەفە مێتافیزیکیە خۆرئاواییە هەقیقەت بە چەمکی ئاخاوتن دەدات و ناهەقیقەت بە چەمکی نووسین، بە واتایەکیتر ئاخاوتن وەك سێنتەرێك و نووسینیش وەك سێنتەرێك نمایش پێدەدات، کە دریدا ناوی دەنێت فۆنۆسێنتەریزم ( Phonocentrism")[1]، لە ڕاستیدا "هەردوو چەمکی (لۆگۆسێنتەریزم – فۆنۆسێنتەریزم)، وەك دوو ڕووی یەك دراو و لەلایەن گوتاری میتافیزیکای خۆرئاواییەوە خراونەتە ڕوو، هەروەك دەبینین (دریدا فۆنۆسینترالیزم بە خەسڵەتێك لە خەسڵەتە بنەڕەتیەکانی لۆگۆسێنترالیزم دادەنێ)، واتە کاتێك گوتاری میتافیزیکای خۆرئاوایی دەیەوێت سەرجەم ڕووگە مەعریفیەکان بۆ خودی خۆی پاوان بکات، ئەوا دێت بایەخ بەئاخاوتن دەدات لەسەر حسابی نووسین، بەمەش دەیەوێت لە دوو ئاراستەوە (لۆگۆسی فۆنێمی) پاوانخوازیەکانی خۆی فراوانتر بکات"[2]، ئەمەش پێچەوانەی بۆچونەکانی دریدایە، هەربۆیە هەڵوەشاندنەوە هەوڵیدا لە ڕوانگەی زمان و کارکردن و پەنابردنە بەر زمان، لە سایەی زمان خۆیەوە فۆنۆسێنترالیزم تێکبشکێنێت و کار لەسەر کردنەوەی کۆدەکانی بکات و هەڵیبوەشێنێتەوە.

[1] – ستاری پیرداود، گومانی هەڵوەشاندنەوە، هەڵوەشاندنەوەی گومان، گۆڤاری ٢٣، ل٤٥.

[2] - عەبدولستار پیرداود حەسەن، هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە ئەدەبی کوردیدا لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، ل٦٧.

## ٢- جیاوازی (**الاختلاف**- Difference)

یەكێ لەو بنەمایانەی دریدا بۆچونی ئامادەیی و نائامادەیی لەسەر دامەزراندووە بیری جیاوازییە، (واتا) لە ڕوانگەی جیاوازییەوە دەستەبەر دەبێت لە پرۆسەی نووسیندا، گرنگی جیاوازی لە بنیاتی (ئاخاوتن و نووسین)دا بەگشتگیركردنی ستراتیژیەتەكەیەتی وەك هۆكارێك بۆ چاو پیاخشاندنەوە بەگوتاری (فەلسەفی و ئەدەبی)دا، لە پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەدا، بەمەبەستی نەمانی دوانە لێكدژەكان، هەر بۆیەش دریدا گرنگیدا بە داڕمانی سەنتەری بیری دوانە لێكدژەكانی وەك (ڕۆح – جەستە، فۆڕم – واتا، سەر – خوار، خێر – شەڕ، تا بتوانێ دووانە لێكدژەكان هەڵبوەشێنێتەوە، كە فەلسەفەی خۆرئاوا دایڕشتبوو و بەشێك لەو چەمكانە جێگای گرتەوە بەتایبەتی چەمكی جیاوازی)[١]، هەر بۆیە "ستراتیژی هەڵوەشاندنەوە گرنگی زۆری بە پەردەهەڵماڵین لەسەر دوالیزمە دژەكانی وەك ڕۆح/مادە دا، ئەوەی ڕونكردەوە كە هیچ یەكێك لەم دوو وشەیە ناتوانێت واتا بگەیەنێت مەگەر بە خستنەپاڵ یان بەراوردكردن نەبێت بە وشەی تر"[٢]، بەمپێیە (پرانسیپی جیاوازی لە ستراتیژی هەڵوەشاندنەوەدا لەسەر بنەمای ڕكابەریەكی بەهێزی نێوان دالەكانە و سنورێكی داخراوی نیە و دەلالەتەكان بەشێوەیەكی كتوپڕ لەگەڵ دالەكان دەردەكەوێت و جارێكیتر ئامادەییان دەبینرێت، خوێنەریش هەوڵی دۆزینەوەیان دەدات، بەمجۆرە نا ئامادەیی واتا بەردەوام دەبێت لە دەقی ئامادەدا و دواخستنی دالەكان لە مەدلولەكانیان دەڕەخسێت، خوێنەر لەڕێگەی خۆیەوە دەق دەشكێنێ و لەگەڵ هەموو خوێندنەوەیەكی نوێدا واتای نوێ دەڕەخسێ)[٣]، جاك دریدا بەدوای واتا جیاوازەكانی دایكرۆنی و سایكرۆنیدا دەگەڕا و زیاتر فۆكەسی دەخستە سەر واتای دیاكرۆنی، بەشێوازێك خستیە بەر لێكدانەوەی جیاواز و دژەكانی ناو دەق، ئەوانەی كە دەقیان لەسەر بنیاتنراوە، جگە لەمەش لە جیاوازیدا واتای وشەكان بەپێی كات و سەردەم و خوێندنەوە و ئاستە ڕۆشنبیری و .......تاد تاكەكان دەگۆڕێت، بۆیە وشەكانیش واتاكانیان دەگۆڕێت، بەمەش جیاوازی لە

---

[١]- عبدالله ابراهیم و اخرون، معرفة الاخر، ص١٢٢.

[٢]- د. یادگار لەتیف شارەزووری، دیاردەگەرایی و ڕەخنەی ئەدەبی، ل ١٣٩.

[٣]- د.بشیر تاوریریت بالاشتراك مع سامیة راجح، التفكیكیة في الخطاب النقدي المعاصر، ص٥٤.

واتا و لێکدانەوەکاندا ڕوودەدات، جگە لەمەش هەڵوەشاندنەوە ئەو بنەما و بنچینانە پوچەڵدەکاتەوە کە لە بونیادنانی دەقدا فۆکەسی خراوەتە سەر، لەپێناو دۆزینەوە و ئاشکراکردنی واتایەك کە نوسەرەکەی حسابی بۆ نەکردووە، واتە واتایەکی نائامادە لە دەلالەتەکانی زماندا، بەمەش چەقیەتی دەق هەڵدەوەشێنێتەوە بەبێ ئەوەی واتاکەی لەیەك شتدا یەکلایی بکاتەوە.

ڕووداوە دالەکان پشت بە جیاوازی دەبەستێت، بەڵام خودی ئەم جیاوازیانە بەرهەمی ڕووداوەکانن، کاتێك جەخت لەسەر جیاوازیەکان دەکەینەوە، دەردەکەوێت کە پشتبەستون بە ڕووداوی پێشووتر، بەو شێوەیە مرۆڤ لە لێکدانەوە بەردەوام دەبێت و بەردەوامیش (جیاوازی) بەرهەمدێنێ، واتە دژەکاری بەردەوام دەبێت، ئەم گواستنەوەیە دریدا بە جیاوازی (difference) ناوی دەبات، (فرمانی فەڕەنسی differ بە واتای (جیاوازی) و (دواخستن) دێت، هەروەها وشەی ( difference) لە فەڕەنسیدا بە شێوەی "difference" واتای (جیاوازی) نەبووە، بەڵام بڕگەی دوایی کەپیتی (a) لە خۆ دەگرێت، بڕگەیەکە جگە لەو وشەیە، بۆ پێکهێنانی (ناو) لە کردار بەکار دێت، بۆ ئەوەی کردار بکرێتە (ناو) بەڵام ئەم وشە نوێیەی وا لێکردووە کە بەواتای (جیاوازی و دواخستن ) بێت، بەمجۆرە ( difference) بەواتای جیاوازییەکی نێگەتیڤ دێت و مەرجێکە بۆ پێکهێنانی دەلالەت، هەروەها کردارێکی پۆزەتیڤە و دەلالەت لە ( جیاوازی ) و ( دواخستن ) دەکات و بەرهەمهێنەری جیاوازی ترە)[1]، کە نیشانە (کۆکەرەوەی (دال–مەدلول)ە، بەڵام دریدا وایدەبینێت کە بەپێچەوانەوەیە، لەبەرئەوەی نیشانە جیاوازی هەیە لەگەڵ نیشانەکانی تر کە لە پێشودا هاتووە، ئەمەش وادەکات کە واتا بوونی نیە تیایدا و بەڵکو هەمیشە لە دواخستندایە)[2]، بەواتای هەم جیاوازی و هەم دواخستنیش دێت لەیەك کاتدا، هەر ئەمەشە کە جیای دەکاتەوە لە difference یەکەی سۆسێر، واتە "بەرهەمەکەی سۆسێر بەشێوەیەکی ڕەخنەگرانە دەخوێنێتەوە و جیاوازی (difference)یەکەی سۆسێر دەگۆڕێت

---

[1]– جون ستروك، البنيوية و ما بعدها (من ليفي شتراوس الي دريدا )، ص ٢١٩ .

[2]– هيام عبد زيد عطية عريعر، الخطاب النقدي العربي المعاصر و علاقته بمناهج النقد الغربي، تموز للطباعة و النشر و التوزيع، دمشق، ط١، ٢٠١٢، ص٣٢٢.

و دەیکات بە (differance)یەکەی خۆی"[1]، سۆسێر پێیوایە (زمان سیستمێکە لە ئامارژەدان)[2] و لێکۆڵینەوەکان لە خاڵێکی دیاریکراودا یەکتر تەواودەکەن و حاڵەتی مێژوویی نییە و گەشەی کردبێ، لەبەر ئەوە هەموو هێمایەك پێکهاتەی (دال) و (مەدلول)ە، دال وێنەی دەنگیە و مەدلول تێگەیشتن و واتایە، و پەیوەندی نێوانیشیان بڕیارییە، بەڵام لای دریدا تەنها لە سنوری دال و مەدلودا نامێنێتەوە و دەبێت بە (دال –مەدلول–دال)، و پێی وایە "سۆسێر بۆخۆی لە لۆگۆسەنتەریزمدا چەقیوە و هەر بەو بۆنەیەشەوە زیاتر بایەخ بە (ئاخاوتن) دەدات نەك(نووسین)، بۆ تێگەیشتن لە چەمکی ( جیاوازی ) دریدا سەرەتا دەبێ بگەڕێینەوە بۆ "زانای زمانناسی سویسری (فردیناند دی سۆسێر)، کە ڕای وایە سەرچاوەی واتا لە زماندا (جیاوازییە)، بۆ نموونە واژەی (بەلەم) دەربڕی چەمکی شتێکە لەبەر ئەوەی جیادەبێتەوە لە وشەی (سەنگەر) و زۆر نیشانەی تریش لە زماندا، بەم پێیە واتا لە ئەنجامی جیاوازی نیشانەکانەوە سەر هەڵدەدات، کە دوبارە جیاوازی دروست دەبێت لە نێوان کۆمەڵێك نیشانەی تری وەك (پاڵتۆ، تیر )، (شیر، نان)... تاد، بەشێوەیەکیتر (تیری ئینگلتن) دەڵێت: مانا لە نیشانەی زمانی ڕاستەخۆدا بوونی نیە، چونکە مانای نیشانە لە جیاوازیدایە لەگەڵ شتەکانی تر، بەدەربڕینێکی تر ئامادەیە، لەبەرئەوەی مانا لەناو زنجیرە نیشانەکاندا بڵاوبۆتەوە و بەئاسانی جێگیربوونی نیە لە هەرنیشانەیەکدا، بەڵکو نواندنی حاڵەتێکی بوون و ئامادەییەکی هەمیشەییە لەهەر ساتێکدا "[3].

واتا لە لای بونیادگەرەکان و ئەوانی تریش (لە ڕێگەی دووانە لێکدژەکانەوە دەستەبەر دەبێت، ئەمەش بە دانانی وشە بەرامبەر بە دژەکەی، واتای شتەکانیش لە ڕێگەی دژەکانیانەوە دەزانرێ (خێر – شەڕ، ڕوناکی – تاریکی، ژیان – مردن،...)، بەڵام

---

[1]– بەختیار سەجادی، تیئۆری هەڵوەشاندنەوە، گۆڤاری سروە، ناوەندی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی، ساڵی شازدەهەم، ژمارە ١٧٣، ساڵی ٢٠٠٠، ل١٥.

[2]- تيري ايغلتن، مقدمة في النظرية الأدبية، ترجمة: عاصم اسماعيل الياس، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٢، ص١٠٦.

[3] – پ.ی.د عبدالقادر حمە امين محمد، بنەماکانی هەڵوەشاندنەوە، ل٣٦، هەروەها بڕوانە مقدمة في النظرية الاَدبية، تيري انكلتن، ترجمة: ابراهيم جاسم علي، دار الشؤن الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٢، ص١٣٩–١٤٠.

هەڵوەشاندنەوەگەرەکان بە شێوەیەکی بەردەوام لە ڕێگەی جیاوازیەکان و دواخستنی دەلالەوە، هەڵسان بە دواخستنی واتا)[١].

جیاوازی لەسەر فەلسەفەی ئامادەیی و ئامادەنەبوون بونیادنراوە. بەو واتایەی کە دالەکان چەند واتایەکی فرە و جیاواز هەڵدەگرن، و واتایەك ئامادە دەبێت و واتایەکی دیکە ئامادە نابێت. بەمەش جیاوازیەکان لە زۆربووندا دەبن، و مەدلولەکانیش ژمارەیان زۆرتر دەبێت لە ڕووی زیادبوونی بەردەوام و پوکانەوە و هەڵوەشاندنەوە و دواخستن و کەرتوپەرت کردنەوە. هەموو ئەمەش واتای ئەوەیە کە هەندێك یەکە ئامادەییان دەبێت و لە هەمان کاتدا هەندێکی دیکەشیان ئامادەییان نابێت.

دواخستن، ڕەگەزێکی هەڵوەشاندنەوەیە و (بەواتای کردەیەکی بەردەوامە لە دواخستنی دەلالەتەکان، واتە مەدلول لە هەڵوەشاندنەوەدا لە حاڵەتێکی گۆڕانی بەردەوامدایە بۆ دال، کە لە کۆتایدا دەگاتە (دواخستن)ی بەردەوامی دەلالەتەکان، بەمپێیە (زمان کۆمەڵێك داله و هەموو دالێکیش بۆ مەدلول، و دواتر بەدوای یەکتردا بۆ مەدلولی دووەم، دووبارە ئەمیش دەگۆڕێت بۆ دال، بەو شێوەیە دواخستن دەبێتە تەوەری گەمەی ئازادی دالەکان لەژێر ڕۆشنایی هەڵوەشاندنەوەدا )[٢]، دواخستن بەواتای پرۆسەی بەردەوامی دواخستنی دەلالەتەکانە، دالیش هەمیشە لە دۆخی گۆڕاندایە، هەڵوەشاندنەوەش بەهۆی گۆڕانی (دال)ەوە دەبێتە هۆی (دواخستن)ی بەردەوام، بەمشێوە دریدا لە دوالیزمە دژەکانی سۆسێر سودمەند بووە بۆ گەیاندنی واتا، کەلای سۆسێر ئەم دوالیزمانە بوون بە پرەنسیپێکی گرنگ لە زماندا، دریداش دوالیزمی ئامادە–نائامادە، زمان–ئاخاوتن، نووسین–جیاوازی، لە پرۆسەی هەڵوەشاندنەوەدا بەکارهێناوە.

هەڵوەشاندنەوەپشت دەبەستیت بە خوێندنەوەیەکی شیتەڵکاریانە و کاری یەکەمیشی بریتیە لە دەرخستنی دژیەکی و جیاوازیە بیریەکان، پەراوێزی بەگرنگتر لە سەنتەر زانیوە، لەسەر حسابی پیرۆز بایەخی زیاتری بە شتە ناپیرۆزەکان داوە، بۆیە ئەوە خوێنەرە کە

[١]– د. بشير تاوريت و ساميه راجح، فلسفة النقد التفكيكي، ص٢٨.

[٢]– د. عبدالعزيز حمودة، المرايا المحدبة من البنيوية الى التفكيك، ص ٣٧٨.

پەیڕەوی خوێندنەوەی هەڵوەشاندنەوەدەکات. ئەوەش زانراوە کە لێکدانەوە لە ناو خودی دەقەکە یان سەرچاوەکەیدا بوونی نیە، لێرەشەوە ئاماژەیەکی دیاریکراو لە ناو دەقدا بوونی نیە، بەڵکو ئەوە خوێنەری دەقەکەیە کە لە سەر ڕۆشنایی ئەزمونی کەسی خۆی و ئەزمونی خوێندنەوە دیاریکراوەکەی شیکردنەوەی بۆ دەکات. توێژەری مەغریبی موحەممەد فەتاح بڕوای وایە کە تەوژمی هەڵوەشاندنەوەپشت دەبەستێت بە "بنەما فەلسەفیەکانی ڕەفزکردنەوەی دوالیزمەی کۆن، و چەمکە سوفستائیەکان و کەلەپورە پێشینەکان و فەلسەفەی عەدەمی، مەبەستە سەرەکیەکەشی ئەوەیە کە هەموو دەقێك تەنها لێکدانەوەی جیاواز لە خۆ ناگرێت و پەسەند ناکات، بەڵکو چەند لێکدانەوەیەکی دژیەکی دیکەش پەسەند دەکات کە یەکتر هەڵدەوەشێننەوە"[١].

جاك دریدا بڕوای وایە کە واتا لە دەقەکان و نووسراوە پێدراوەکاندا لە دەرئەنجامی فرەیی مەدلولەکانەوە دیاریدەکرێت لە نێوان وشە جیاوازەکاندا. ئەمەش واتای ئەوەیە کە جیاوازی تایبەتمەندیەکی پۆزەتیڤە لە ڕێبازی توێژینەوەی (دریدا)دا، لەبەرئەوە واتاکان بە زۆر دەبن بە فرەیی جیاوازیەکان. وە ئەگەر فردیناند دی سۆسێر بڕوای وابێت کە مەدلول تاکە واتایەکی کۆدەنگی لەسەر هەبێت، دریدا وای دەبینێت کە ئەو واتایە مەدلولاتی جیاواز و ناکۆتا و هەمەچەشن و فرەی هەیە. بەوەش جیاوازی دەبێتە ئاماژەیەکی پۆزەتیڤ و بەشدار دەبێت لە دەوڵەمەندکردنی زمان و دەقی ئەدەبی و فەلسەفیدا. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم جۆرە لە جیاوازی پۆزەتیڤ، دریدا چەمکی (différance) جیا(دوا)ی بەرهەمهێناوە لە بەرامبەر چەمکی نێگەتیڤی بۆ واتای جیاوازی کلاسیکی (différence). لەم چوارچێوەدا و بۆ جیاکاری لە نێوان ئەم دوو ووشەیەدا دریدا دەڵێت :"بڕوام وایە دودڵیەکان سەبارەت بە وەرگێڕانی ئەم چەمکە دەگاتە کرۆکی. ئەو چەمکە ناتوانرێت وەربگێڕدرێت بۆ عەرەبی و تەنانەت بۆ ئینگلیزی و بە هەمان شێوە زمانەکانی دیکەش و تەنانەت بە جۆرێك لە جۆرەکان بۆ فەرەنسیش لەو ڕووەوە کە دژ دەوەستێت لەگەڵ ئەو ووشانەی کە لە میراتە لاتینیەکەوە هاتوون، بەڵام دەکرێت بەکارهێنانی ئەم چەمکە ڕوونبکەینەوە و گوتارێك لەسەر بەکارهێنانەکەی بنووسین. بەڵام سەبارەت بە ئاماژەکانی ئەو چەمکە، ئەوە بڕوام وایە کە لە

[١]- د. جميل حمداوي، نظريات النقد الأدبي في مرحلة ما بعد الحداثة، ص٥١.

**میانی زنجیرەیەك لە چەمکی دیکە کە کاردەکات لەگەڵیدا دەکرێت ڕوونبکرێتەوە. بۆ نموونە نووسین، یان کاریگەری، یان زیادە، یان پاشکۆ، هەموو ووشانە کۆمەڵە ووشەیەکن کە بەهایەکی دوو لایەنەیان هەیە یان بەهایەکی دیاری نەکراویان هەیە: کاریگەری ئەوەیە کە ئاماژە دەکات و دەسڕێتەوە لە هەمان کاتدا، زیاد ئەوەیە کە بۆ خستنە سەر یان ڕێگری کردن لە کەمبوونەوە هاتووە. فارماکون ئەو چەمکە ئەفلاتونیەیە کە لە هەمان کاتدا ئاماژەیە بە ژەهر و تریاك، خێر و شەڕ (ڕووی نووسینەکە) هتد. ئەمانە پوختەی ووشە گەلێکن کە ناکرێت جیا بکرێنەوە لە زمان، بە هەمان شێوە هەمان کاری** (différance) **دەکەن بەگوێرەی ناولێنانی دریدایی ئەگەرچی لێشی جیاواز بن. بۆیە ئەوە زنجیرەیەکە کە هەر هەڵقەیەك سەربەخۆییەکی ڕێژەیی هەیە، بەڵام هەڵقە هاوسێکەی تێدا دووبارە دەبێتەوە"[١]، کەواتە وشەی** différance **لە بیری دێریدادا بۆ وەرگێڕان زۆر سەختە، دێریدا خۆشی چەندینجار جەختی لەسەر ئەوە کردۆتەوە، کە ئەم وشەیە بۆ وەرگێڕان دەستنادات، لەبەرئەوەی"نە وشەیە و نە چەمك"، بەڵکو زنجیرەیەك لە چەمکەکان پێکەوە کۆدەکاتەوە، کە هەر یەکێکیان لە ساتێکی یەکلاکەرەوەی دەقدا، بەنێو ئەوانیتردا دەچێت، کە واتە ئەمە چەمکێك نییە، بەڵکو زیاتر سیمبول و ڕەمزە و لایەنێکی سەرەکی پرۆژەکەی دێریدا پێکدەهێنێت، دژ بە مێژووی میتافیزیکای ڕۆژئاوایی. ئەمەش واتای ئەوەیە کەجیاوازی وەستاوە لەسەر پوکاندنەوەی واتاکان، و فرەکردنی مەدلولەکان و زیادکردنی واتاکان کە بەرهەم دێن لە کەرت و پەرت کردن و ناکۆکی و دژیەکیەوە، واتە جیاوازی** Difference **لەسەر بنەمای جیاوازی و لێکدژی دەلالەتەکان دامەزراوە.**

**جیاوازی یان دواخستن یەکێکە لە لایەنە گرنگەکانی هەڵوەشاندەوە، "دریدا مەبەستی لە (** difference**) ئەوەیە: هیچ وشەیەك واتایەکی دیاریکراوی نییە، بەڵکو هەمان وشە چەندین واتای جیاوازی هەیەو بەردەوام واتای خۆی دوا دەخات و نایدات بە دەستەوە. (دال_مەدلول_دال) . دال ئەگەر مەدلولێکیشی هەبێ، مەدلولەکە دەبێتەوە بە دال و ئەم دالە**

---

[١] - جاك دريدا، الكتابة و الاعختلاف، ص٥٣.

نوێیەش مەدلولێكی تازەی دیكەی هەیە و دەشبێتەوە بە دالێكی دیكە و بەم شێوەیە واتای خۆی دەگۆڕێ و دوادەخات"[1] بۆیە دەبینین واتا هەمیشە دوا دەخرێت و جێگیر نییە.

دریدا واتایەكی دیار و ئاشكرای بۆ دەستەواژەی جیاوازی دانەناوە و "جەخت لەوە دەكاتەوە نە وشەیە و نە چەمكە، بریتییە لەو لادانەی بەهۆیەوە دەبێت بەزمان یان كۆد، یان هەر سیستەمێكی سەرچاوەیی گشتی كە نیشانەیەكی مێژوویی هەبێت، ئاماژەیە بۆ بنیاتێك لە جیاوازییەكان"[2]، بۆیە "بە ئاسانی ناتوانرێ واتاو دەلالەتی دیاریبكرێت، زیاتر لێڵی و فرە واتایی پێوە دیارە و بۆتە بەردی بناغەی فەلسەفەی دریدا"[3]، بەڵكو جیاوازی "گەمەیەكی ڕێكخراوە بۆ بونیادەكان و وروژاندنیان و ئەو ڕێكخستنەی ڕەگەزەكانی بەیەكەوە دەبەستێتەوە، ئەو ڕێكخستنەش لەیەك كاتدا پۆزەتیڤ و نێگەتیڤە بۆ ئەو كەلێنانە كە دەستەواژەكان ناتوانن دەلالەتەكانیان بەرجەستە بكەن و كارەكانیان ڕاپەڕێنن"[4].

سەبارەت بە جیاوازی واتا بۆ نموونە كاتێك دەنگی (دار) یان (زار) یان (كار) ... هتد دەردەبڕین، ئەوە لە بنەڕەتدا جێماوی ڕەمزی تریشی تێدایە كە دەرمان نەبڕیوە، دریدا سەبارەت بە جیاوازییەكان دەڵێت "كارلێكردنی جیاوازییەكان زنجیرەیەك لێكدان و پێكهێنان و ناردن بە دوای خۆیدا دێنێت، كە ڕێگرە لە بونی توخمێكی سادە لەهەر ساتێك لە ساتەكان یان هەر شێوەیەك لە شێوەكان كاتێك كە بۆخۆی ئامادە دەبێت. جا لە نێو گوتاری نوسراودا بێت یان گوتاری وتراو، ئەوا هیچ توخمێك نییە بتوانێت ببێت بە ڕەمز (سومبول) بەبێ ئەوەی پەیوەندی بە توخمێكی ترەوە نەبێت، كە ئەویش بە ئاسانی ئامادە نییە، ئەو پەیوەندییە واتای وایە كە هەموو توخمێك – فۆنیم یان گرافیم– ئەو كاتە پێكدێت، بە ئاماژەدان بەو جێكەوتە یان توخمانەی تر لە زنجیرەو سیستەم كە تێیدایە، هیچ شتێكیش لە سیستەم بە ئاسانی ئامادە یان نائامادە نابێت"[5].

---

[1] – حەمە سەعید حەسەن، لە بنیاد خوازییەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەق، گۆڤاری سروە، ل١٥.

[2] – د.عبدالله ابراهیم، المركزیة الغربیة، ص٣١٧.

[3] – پ.ی.د عبدالقادر حمە امین محمد، بنەماكانی هەڵوەشاندنەوە، ل٣٦.

[4] – محمد حافظ دیاب ، جاك دریداو سەركێشی جیاوازی، ل١٥١.

[5] – جون ستروك، البنیویة و ما بعدها (من لیفي شتراوس الي دریدا )، ص ٢١٩.

هەڵوەشاندنەوە "دژی هەموو واتایەکی سەرچاوەییە، دەرکەوتن و بوونی واتاش دەکەوێتە ژێر تیشکی پرۆسەی ( دواخستن )ەوە، کە شتێکی ڕێژەییە، بۆیەش لە خوێندنەوەی دەقدا ڕاڤەو تەئویلی جۆر بە جۆر ڕێپێدراوە. هەموو گوتارێکیش تایبەتمەندی جیاوازی هەیە، لە نوسەرێکەوە بۆ نوسەرێکی تر، یان لە خوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی تر"[١]. کە لەسەر بنەمای فرەیی و لە میانەی چەمکی ( جیاوازی )دا واتا دەستەبەر دەبێت، لەبەر ئەوەی " (جیاوازی) چەمکی سەرچاوەیی تێکدەشکێنیٚ و سنوری دیاریکراوی نامێنیٚ، کە خوێنەر دڵنیایی خۆی لەسەر ڕابگەیەنیٚ بۆ گەیشتن بە واتاو فەلسەفەی ڕۆژئاواش پەنای بۆ دەبرد. بەڵام فەلسەفەی هەڵوەشاندنەوە ئەم جۆرە سەنتەرانە دەهەژێنیٚ، چونکە واتا لە دیدی (دریدا) وە لە چوارچێوەی ( جیاوازی و دواخستن )دایەو دەبێتە فرەواتایی و دەلالەت، کە ئامانجی هەڵوەشاندنەوەیە"[٢]، دالەکان بیٚ کۆتاین و هەر دالێك چەند مەدلولێکی هەیە و دالی تر بەدوای خۆیدا دێنیٚ و مەودای خوێندنەوە فراوان دەکات، هەر بۆیە " ڕوداوە دالەکان پشت بە ( جیاوازی ) دەبەستن، بەڵام جیاوازیەکانیش ئەنجامی ڕووداوی ترن یان بەرهەمی ڕوداوی ترن، کاتیٚ مرۆڤ جەخت لەسەر جیاوازیەکان دەکاتەوە، دەگاتە ئەو باوەڕەی ئەو جیاوازیانە پشت بە ڕووداوی پێشوتر دەبەستن، بەو شێوەیە مرۆڤ دەتوانێت لە لێکدانەوەی خۆی بەردەوام بێت و بەردەوامیش جیاوازی بەرهەم دێنێت، بەو شێوەیە ئەو دژەکارییە بەردەوام دەبێت"[٣] و جیاوازی لە ئەنجامی ڕوداودا دێتە بوون، دریدا ئەو گواستنەوەیە و بازدانە لە ڕەهەندو تێڕامانێکەوە بۆ یەکێکی تر بە جیاوازی ناو دەبات.

واتا لای دریدا لە ئەنجامی "جیاکاری دالێکەوە بۆ دالێکی ترە، هەموو دالێك جیایە لە دالەکانی تر بە واتای ئەوەیە پەیوەندی لە نێوانیاندا هەیە، هەموو (دال) ێکیش لەناو تۆڕی پەیوەندیەکاندا واتاکەی دیاریدەکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا واتای هەموو دالێك بەشێوەیەکی تەواو لەهەر ساتێکدا بوونی نیەو هەمیشە نائامادەیە، هەرچەندە ئامادەیی هەیە، بەم

---

[١] – پ.ی.د عبدالقادر حمه امین محمد، بنەماکانی هەڵوەشاندنەوە، ل٣٥.
[٢] – سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥.
[٣] – ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، جاك دریداو هەڵوەشاندنەوە، ل٢٣٠.

**شێوەیە ( جیاوازی و دواخستن ) پێچەوانەی ئامادەو نائامادەیە، بەڵکو پێشیان دەکەوێت"[1] و واتا هەمیشە دوا دەخرێت و بەپێی جیاوازی دالەکان دەستەبەر دەبێت.**

**زمانی ڕەخنە یان ڕاڤە "خۆی پەیڕەوی هەلومەرجی (Difference)ەوە هەرچەندیش ئەم زمانە پتر هەوڵبدات بە ئاقارێکی (واتایی) تایبەتی بخولقێنێ، واتا وەلانراوەکانی دیکەی خۆیان پیشانی خوێنەر ئەدەن، بە واتایەکی تر ڕاڤە یان گوزارشتە هەڵەکان ناتوانن بوونیان هەبێت: بە جۆرێکە کە پاوڵ دیمان ( Paul deman) ڕەخنەگری ئەمریکایی لایەنگری هەڵوەشاندنەوە ئەڵێ خوێندنەوە (بە واتای هەڵگرتنی ڕاڤەیەکی تایبەت لە دەق) هەمیشە هەڵگرتنی هەڵە نادروست و ناخوێندنەوەی دەقە"[2]، و هیچ خوێندنەوەیەکی دروست لەخۆوە نییە و ڕاڤەی دروستی دەق، تەواوکەری خوێندنەوەی دەقە.**

**دریدا بە دوو واتا چەمکی جیاوازی بەکار دەهێنێت: (یەکەم:بە واتای جیاوازبوون، دەقەکان لێکجیاوازن یان واتاکانی دەقێك لێك جیاوازن. دووەم: بە واتای بە دوا خستنەوەی واتا، واتە کە دەقێك دەخوێنرێتەوە واتاکەی بەردەوام بەدوا دەخرێ و خوێندنەوەی جاری یەکەم هانمان دەدات بۆ خوێندنەوەی جاری دووەم "[3]، بەمشێوەیە خوێندنەوە بەردەوام دەبێت و جیاوازیەکان خوێندنەوەی نوێ بەرهەمدێنن و واتا هەمیشە دوا دەخرێ.**

**بەپێی سیستەمی جیاوازییەکان ئێمە دەتوانین وشەکان لە واتا پەیوەندیدارەکانیان جیا بکەینەوە، بەهۆی سیستەمی جیاوازییە دەنگیەکانەوەو تێگەیشتن لەوەی کە شتێك شتێکی تر نیە، لەبەر ئەوە (Dog) سەگ، (hog) بەراز و(bag) جانتا نیە. لای سۆسێر پەیوەندی نێوان دال و مەدلول جێگیرە، "لەبەر ئەوەی سیستەمی جیاوازیە فۆنەتیکی و سیمانتیکیەکان بە ڕێگەیەکی ڕێك بێکێشە ئامێز کاریان کردووە. بەڵام لای دریدا زۆر کێشە ئامێزە، واتا هەمیشە لە بارێکی ناجێگیرو ناکۆك دایە. لە کاتێکدا ئێمە بیر لە سەگ (dog)دەکەینەوە بیر لەوەش دەکەینەوە کەو نیە، پشیلەیەك، بەرازێك و چی و چی نیە. بە**

---

[1] – عبدالوهاب المسيري (د) ، موسوعة اليهود و اليهودية و الصهيونية، نموذج تفسيري جديد، دار الشئوون، مصر، ط١، ١٩٩٩، المجلد الخامس، ص٤٣٧.

[2] – رۆگێر فیبستەر، جاك دریدا و هەڵوەشاندنەوەی دەق، ئا : و : لە فارسییەوە : ئیبراهیم مینۆیی، گۆڤاری نما، ژمارە ٩-١٠، هەولێر، ٢٠٠٢، ل١٣٤.

[3] – بەختیار سەجادی، تیۆری هەڵوەشاندنەوە،ل٨٣.

شێوەیەکی تر لە کاتێکدا ئێمە هەوڵ ئەدەین واتایەك جێگیرکەین، هەندێ شتی تاك و ئیجابی بنوێنێت، بەبێ دەنگی یان بەنەفیکردنی ئەو فیگەرە یان واتا دژ یا جیاوازانە کە دەخرێتە بەرامبەر، دەستەبەر دەبێت. بیرۆکەی (باش)مان نیە بەبێ دژەکەی (خراپ) ، وە بیرۆکەی (پیاو) و (پیاوەتی)مان نییە بەبێ (ژن) و (ژنێتی)"[١]، و دوانە لێکدژەکان تەواوکەری یەکترن، دووانە لێکدژەکان (binary opposition)، وەك شەو/ڕۆژ، پیاو/ژن، ڕووناکی/تاریکی... تاد، دریدا دەڵێ، "کە لەزماندا وشەکان یا دژ بەیەکن یا لەگەڵ یەك جیاوازییان هەیە، هەر ئەمەش بووتە هۆی وەدی هاتنی واتا لە گوتاردا، بە بیروڕای دریدا تەنها بەهۆی ئەم جیاوازییەوە بووە کە تا ئێستا مرۆۋ توانیویەتی لە قسەی یەکتر تێ بگەن. دریدا دەڵێ کە فەیلەسوفە ڕۆژئاواییەکان هەر لە ئەفلاتوون بەملاوە هیچ کات بابەت یامەبەستێکیان بە تەنیایی باس نەکردووە، بەڵکو هەمیشە بۆ لێکۆڵینەوە و قسە کردن لەسەر بابەتێك وشەیەکی جیاواز یان دژ بەو بابەتەیان داناوە. بۆ نموونە، بۆ باسکردن لەسەر (خراپی) هاتوون ئەو (خراپی)یەیان لەگەڵ (چاکی)یەکدا بەراورد کردووە، بەم شێوەیە چەند جۆر خراپییان داناوە، لە ڕەخنەی ئەدەبی بونیادخوازیدا هەرکام لەم دوو وشە دژ یەکە بۆ خۆی واتایەکی هەیە، بەڵام لە ڕەخنەی ئەدەبی پاش بونیاد خوازیدا جێگەی ئەم دوو وشەیە دەگۆڕێ و ئەمەش بۆ ئەوەیە کە خوێنەر بتوانێت بە شێوەیەکی نوێ لە دەقەکە بکۆڵێتەوە"[٢].

هەڵوەشاندنەوە لە سایەی چەمکی جیاوازیدا "کار لەسەر ئاماژەکانی (دەلالەتەکان)ی نێو گوتار دەکات و چەندین چەمکی جیاواز بەدالەکان دەبەخشێت (هەر خوێندنەوەیەك بۆ دالەکان جۆرە مەدلولێك دەبەخشێت، بەوەش کار لەسەر ئامادەی نائامادەیی دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی دۆزینەوەی نادیار چونکە بەردەوام لەگەڵ هەر خوێندنەوەیەکی نوێدا مەدلولێکی نوێتر لەنێو دەقی گوتاردا دێتە ئاراوە"[٣]، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ دەلالەتێکی نوێ ناتوانێت ببێت بە ڕەهاو دەلالەتەکانیتر بەلاوە بنێت. ئامادە و نائامادە، بریتیە لە بەرهەمێکی

---

[١]- ڕۆجەر وێبستەر، پێکهاتە شکانی دەق، ل٩٠.
[٢]- بەختیار سەجادی، ڕەخنەی ئەدەبی هاوچەرخ، ل١٤٤.
[٣]- عبدالله ابراهیم، معرفه الاخر، بیروت، ١٩٩٠، ص١١٦.

زانیاری(معریفی) لێکدانەوەی هەڵوەشاندنەوەیی و لەسەر بنەمای چەمکەکانی تر بنیاددەنرێت، هەموو ڕێڕەوێکی ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوە، ملکەچی ئامادەبوونی دالەکان و نائامادەیی مەدلولەکانە.

لەسایەی بونی جیاوازیدا دووانەی خۆرئاواو خۆرهەلآت وەك پێویستیەك تەواوکەری یەکترن، بەشێوەیەك خۆرئاوا پێویستی بەبونی (ئەو)ی بەرامبەرە تابالآدەستی و هەژموونی خۆی بەدیبکات، بەمپێیە نەخۆرئاوا بەبێ بونی خۆرهەلآت بونی هەیە، بەهەمان شێوە نە خۆرهەلآتیش بەبێ بونی خۆرئاوا بونی هەیە، هەریەکەیان پێویستی بە (ئەو)ی جیاوازە تا لە سایەیەوە خۆی بناسێت.

جیاوازی "دەکەوێتە پێش دال و مەدلول، دەکەوێتە پێش هەیکەل و واتا، هەموو جیاوازییەك کە دەبێتە جیاوازی، جێکەوت لەسەر ئەوی تر جێدەهێڵێت، لێرەدا جێکەوت دەبێتە ئەسڵی ڕەهای هەموو واتاو دەلالەتێك، بەلآم چونکە جێکەوت هیچ ئەسڵێکی نییە، کەواتە واتاش هەمو سەرچاوەکە ون دەکات و دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری جێکەوت. بەو جۆرە گرفتی ڕاستی و مەعریفەو ئەسڵی یەکەم نامێنێ و کێشەی یەکەمین سەرچاوەش نامێنێ، ئەوەی دەمێنێتەوە تەنیا جیهانێکی خاوێن و بێگەردە کە شایستەی ڕاڤەکردنە"[1].

دریدا هەوڵیدا کرانەوەی زیاتر بەدەق ببەخشێت و لێکدانەوەکان و بواری خوێندنەوە بەرتەسك نەکاتەوە و لەقاڵب بدرێت، پەیڕەوکەرانی هەڵوەشاندنەوە دژی ڕوونی و ئاسانی زمان و خۆبەدەستەوەدانی واتان، بۆیە لە ڕوانگەی ئەوانەوە واتا ئامادە نییە و هەمیشە دوادەکەوێ و بە ئاسانی خۆی نادات بەدەستەوە و لە ئەنجامی خوێندنەوەی زیاتر واتا دەستەبەر دەبێت و مەودایەکی بەرفراوان هەیە لەنێوان دال و مەدلولەکانیدا و لەسایەی جیاوازیدا فراوانتر دەبێت، "جیاوازی بەهەموو واتاکانیەوە بەرەو فرەیی (التعدد) و زۆری و زیادبونی تەئویل و شیکردنەوە و لێکدانەوەی دەقی ئەدەبی دەڕوات، ئەمەش ئامانجی هەڵوەشاندنەوەگەرەکانە"[2].

---

[1]– سەرەتایەك بۆ خوێندنەوەی فیکری جاك دریدا، و:ئازاد سوبحی، ڕامان ژمارە ٣٧.

[2]– د. بشير تاوريت و ساميه راجح، فلسفة النقد التفكيكي، ص٦٢.

واتا جێگیر نییە و پەرشوبڵاوە لەنێو ئاماژەکاندا و بەپێی جیاوازی ئاماژەکانیش واتا گۆڕانی بەسەرداڕێت، دیاریکردنی هەروا ئاسان نییە، چونکە لە گۆڕاندایە و بەپێی ئامادەیی و نا ئامادەیی گۆڕانی بەسەردا دێت. لە هەڵوەشاندنەوەدا هەمیشە واتا دوا دەخرێت، بەمپێیە زمان "بنیاتێکە لە جیاوازییەکان و بەخێرایی دەگۆڕێت بۆ واتایەکی دیاریکرا و بۆی دوبارە بیڕوخێنێ و بگۆڕێ بۆ واتایەکی تر. ئەوە ئەو واتایەیە کە خوێنەر بەدوایدا دەگەڕێ و هەندێجار ئاماژەی پێدەدات و هەندێجاریتریش وندەبێت، بەمەش بەردەوامی وەردەگرێت و خوێندنەوە دەبێت بەکارێکی گران، و لە هەوڵی دۆزینەوەی گونجاندن(الائتلاف)ە لەنێوان جیاوازییەکاندا"[1]. کەواتە هەمو ئاماژەیەکی زمانی بەرەو واتایەکی دیاریکراومان دەبات، دواتر ئەم واتایە وندەبێت و واتایەکی تر جێگەی دەگرێتەوە، بەمشێوەیە گۆڕان لەواتادا بەردەوام دەبێت و واتا جێگیر و دیاریکراو نابێت و لە نائامادەییەکی بەردەوامدا دەبێت و هەمیشە دوا دەخرێت.

دریدا سەبارەت بە جیاوازی دەڵێت: "ئەو سەرچاوە بەرز و بڵندەیە کە وابەستەی هیچ مەرجێکی پێشینە نابێت و ناتوانین لەوە زیاتر بڕۆین و تێیپەڕێنین، لەبەر ئەوە ئەسڵە، بێئەوەی سەنتەرێکی هەبێت کە بۆی بگەڕێتەوە"[2]. یاخود دەڵێت: "جیاوازی ئەو ئەسڵەیە کە ئاسان و پڕ نییە، بریتییە لە ئەسڵی ئەو شتانەی لیکدراو و جیاوازن، جیاوازی بون و ناوەرۆك نییە و سەر بەهیچ جۆرێك لە جۆرەکانی بونی ئێستا یان نائامادە نییە"[3]، و جیاوازی خۆی ڕەسەنە و وابەستەی هیچ سەنتەرێك نییە.

هەڵوەشاندنەوە پشتدەبەستێت بەخویندنەوەیەکی پشکنەرانەی ناواخنی بۆ دەق و گوتارەکە و گەڕان بەدوای کێشە و گرفتە سەرەکیەکان، و بەگەڕخستنی خوێندنەوەیەکی قوڵ. بە واتایەکی دیکە، پرۆسەی هەڵوەشاندنەوە بە دۆزینەوەی بەشە پەراوێزخراو و شاراوە و ونبووەکان لە دەقێکدا یان لە گوتارێکدا کۆتایی دێت، و جیاکردنەوەی ئەم بەشە شاراوانەش لە پاش دۆزینەوە و ڕاڤکردن و شیکردنەوە و هەڵوەشاندنەوەیان دێت، بە

---

[1]- د.عبدالله محمد الغذامي، المشاكلة و الاختلاف، قراءة في النظرية النقدية العربية و بحث في الشبيه المختلف، المركز الثقافي العربي، بيروت، ط١، ١٩٩٤، ص١٩.

[2]- عادل عبدالله، التفكيكية، ارادة الاختلاف و سلطة العقل، ص ١٦٢.

[3]- سەرچاوەی پێشوو، ص١٢٥.

مەبەستی زانینی چۆنیەتی پەیڕەوکردنی ڕۆڵەکەی لە نێو بونیادی گشتی بیردا و پاشان زانینی خاڵە لاواز و بەهێزەکان، و باش و خراپەکانی، لەو کاتەشدا دەگەین بە توانایەکی مەزنتر و کاریگەریەکی زیاتر لە ڕەخنەگرتنی مەرجەکانی بەرهەمهێنانی ڕۆشنبیریەکی دیاریکراو و ئەو کارانەی کە ئەو رۆشنبیریە پێی هەڵدەستیٚ.

زۆرترین ئامانجی هەڵوەشاندنەوە خۆی دەنوێنێت لە دابینکردنی مەعریفەیەکی باشتر بۆ دیاردە مرۆیی و کۆمەلایەتی و مێژوویەکان، و زانینی چۆنیتەی پێکهاتن و بونیادنانی، هەموو ئەوانە، واتای ئەوەیە کە هەڵوەشاندنەوە پشت دەبەستێت بە هەڵوەشاندنەوەی ڕاڤەکاری، کە وەستاوە لەسەر گەڕان و دۆزینەوەی جیاوازیەکان و دژیەکیەکان و واتا زۆروزەوەندە بێکۆتاکان، و سەرلەنویٚ پێکهێنانەوەی نەك لە شێوەی نەگۆڕە کاتیگۆریەکان یان لە شێوەی بنەما وێنەییەکان یاخود بونیادی ڕەها هەروەك ئەوەی بونیادگەرایی و سیمیوتیکا دەیکات، بەڵکو کرداری سەرلەنویٚ بونیادنانەوە بە کۆتا دەگات لەسەر هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئاماژەکان و کەرتوپەرت کردنیان.

جیاوازی یەکێکە لە بنەما ڕەخنەییەکانی هەڵوەشاندنەوە، کە ڕێگا خۆشکەرە بۆ فرەیی لێکدانەوەکان و ناجێگیرە، دەسەلاتێکی فراوان بەخوێنەر دەبەخشیٚ بۆ بەرهەمهێنانی واتا و دەلالەتی جیاواز لە ڕاڤەکردنی دەقدا، زاراوەی جیاوازی (هۆکاری دۆزینەوەی پەیوەندیە ئەپستمۆلۆژی و بیریەکانە و بنەما ڕەخنەییە گرنگەکانی نێوان ئامادە و نا ئامادەیە، وەك چەمکی پەرتبوون Dissemination و جێکەوت Tyace و گەمەی دالەکان و تەڵەزگەی لۆژیکی(Aporie–مأزق فكري)، و جوڵەی دال و مەدلول و نا ئامادەیی دەلالەت بەدوای خۆیدا دەهێنیٚ، و جیاوازی لە پرۆسەی ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوە لە دوو ڕووەوەیە[١]:

١- لەسەر بنەمای جیاوازی دالەکان و بەرهەمهێنانی مەدلولی جیاواز، پێشخستنی زمانی نووسین بەسەر زمانی ئاخاوتندا.

---

[١]- د.عماد حسيب محمد، بئار النص، ص٦٥.

٢- جیاوازی فۆڕمی دوانەی لێکدژ و بەرامبەر لەخۆ دەگرێت، وەك خێر-شەڕ، سروشت-شارستانی،مرۆڤ-بونیاد.

بەمپێیە پەیوەندی نێوان دال و مەدلول لە دوانە لێکدژەکاندا شێوەی باو و مەنتیقی نییە و بەپێی سیاقی جیاواز دەگۆڕێت.

جیاوازی بۆخۆی سنورێکی بەرفراوانی هەیەو ملکەچی هیچ کۆت و بەندێك و مەرجێکی پێش وەختە نابێت، لەبەر ئەوەی جیاوازی هیچ سەرچاوەیەك و سەنتەرێك نییە بۆی بگەڕێتەوە، کاتێك کە سەنتەرێك نەبێت و شتێك نەمێنێتەوە بەناوی سەنتەرەوە، ئەمە سنورەکان فراوان دەکات و پەیوەندیەکانی نێوان دال و مەدلول تێك دەشکێت و بواری ئاماژە کردن بەرفراوان دەبێت، دریدا ویستی لە ڕێگەی گومانێکی میتۆدیانەوە، گوتاری جیاوازی بەرهەمبهێنێت و گەشەی پێبدات، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەم جیاوازییەوە ڕەخنە لە گوتاری لۆگۆسی خوارئاوا بگرێت و تێکی بشکێنێ و ئەو بنەمایانەی کە لەسەری بنیادنرابوو هەڵبوەشێنێتەوە.

## ٣- جێکەوت (الاثر) Trace

لەلای دریدا هێمایە، هێمایەك بەردەوام جیٚ پەنجەی خۆی لەسەر توخمەکان دیاریدەکات، ئەو هێمایە دریدا ناوی دەنێت جێکەوت Trace، واتە ئەو جێکەوتە بەردەوام لەنێو چرکەساتی ڕابردوو و ئێستا و ئایندەدا خۆی دەسەپێنێت، بەشێوەیەك وا لە توخم دەکات بۆ سەرچاوەی پێشووتری بگێڕدرێتەوە، ئەو تێڕوانینە بۆ کاری جێکەوت لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە دریدا هەرگیز بڕوای بەوە نییە و دەشێت زەمەن و مێژوو بەگشتی، بەپێی ڕووگەیەکی هێڵکاری و نەخشەسازی دیاریبکرێت، بۆیە دەبینین دەڵێت: (من بانگەشەی دابەشکردنی زەمەن ناکەم، بە پێی ڕووگەیەکی هێڵی پێشووتر، ئێستا – دواتر/ ڕابردوو، یان ئێستا – ئاینده، ئەو چرکەساتانە لەگەڵ یەکتریدا دەژین، ڕابردوو بەردەوام ڕابردووە، بەبیٚ ئەوەی بە یەکجارەکی ڕابردوو بێت، ئێستا بەردەوام ئێستایە، بەبیٚ ئەوەی بەتەواوی هەمەکیانە ئامادەبێت، یان ئەوەندە ئامادەیە بەشێوەیەك دەبێتە هۆی نا ئامادەیی، بۆیە بەردەوام دەنگی ڕابردوو هەڵدەگرێت)[١]، بەم شێوەیە تێدەگەین جێکەوت و پرەنسیپی جێکەوتکاری لەنێو پرۆژە هزریەکەی دریدا کاردەکەن و شوێنپەنجەی خۆیان لەسەر توخمەکان هەڵدەکۆڵن و دیاریدەکەن.

چەمکی جێکەوت بەواتای (سڕینەوەی شتێك و مانەوەی بەشێکی پارێزراوە لە نیشانەکان)[٢]، و (ئەو بەها ئیستاتیکیەیە کە سەرجەم دەقەکان بەدوایدا دەچن)[٣]، واتە تەنها ئاماژە نی یە بۆ سڕینەوە، بەڵکو ئاماژەشە بۆ مانەوە، و ئاماژەیە بۆ بوونی شتێك و لە هەمان کاتیشدا دەسڕێتەوە و دیار نامێنیٚ، واتە ئامادە نابێت، ئەمەش دەچێتە خانەی پرۆسەی بەرهەمهێنانی نووسینەوە و بەرە و جێکەوتمان دەبات، هەر لەم چوارچێوەیەدا بنەمای زۆری واتا و پەرتبوون پێکدێت، کە ئاماژەیە بۆ گەمەی ئازادی نیشانەکان و ناجێگیری واتا.

---

[١]– جاك دریدا، دەرمانخانەی ئەفلاتون، ل١١٥.

[٢]– سەرچاوەی پێشوو، ص٢٧.

[٣]– د. أحمد عبدالحليم عطية، ما بعد الحداثة والتفكيك، ص٢٠٧.

بیری جێکەوت وەرگیراوەو ئەسڵ نییە، چونکە لە ئەنجامی جیاوازیەکانەوە هاتووە و فۆڕمێك نییە لە فرۆڕمە ڕەهاکان و لە کارا بوونی (ئامادە)شدا دەبینرێتەوە کە (هەڵگری تایبەتمەندی دژە ئەویش (نائامادە)یە لەبری ئەوەی کە (نائامادە) پێناسە بکرێت بە سیفەتێك کە دژە دەتوانین مامەڵە لەگەڵ ئامادە بکەین، کە دیاردەیەکە لە دیاردەکانی نائامادەو جیاوازی)[١]، بەڕای دریدا پێناسەیەك بۆ جێکەوت بە ئامادەبونێکی ڕەها ناکرێت (جێکەوت تەنیا لە خودی خۆیدا نیە و بە هاتنە ئارای ئەویترەوەیە )[٢]و پەیوەستە بەڕابردوو و ئێستا و ئایندەوە.

دریدا هەموو فەلسەفە وا وێنا دەکات کە "کردەی گۆڕینبێت بۆ خواستن metaphorisation بەو ئاماژەیەی کە ناکرێت لە دەرەوەی خوازە و ڕەوانبێژیەوە بیربکرێتەوە، خوازە ڕێگەنادات دەستنیشانبکرێت یان لە ڕێگەی ئەو چەمکەی خۆی بەرهەمیهێناوە کۆنترۆڵ بکرێت، چەمکی خوازەی (جێگۆڕکێی شوێن Meta-forein) خۆی لە خۆیدا خوازەیە، بەمشێوەیە دریدا چەمکی خوازە پوچ دەکاتەوە و هەڵیدەوەشێنێتەوە و لەبری نووسینێکی ڕەوانبێژی گەشەپێدەدات کە جێگەی چەمکی میتایی وێنەیی بگرێتەوە وەك جێکەوت trace یان پەرتکردن (بعثرة– dissemination)"[٣]، دریدا کاتێك زاراوەی dissemination بەکاردێنێت، ئەمە بە واتای (بڵاوکردنەوە و پەرتکردنی شتێك بەکاردێت، واتە فڕێدان و پەرتکردنی و بەفیڕۆدانی، دریدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە لایەنی پۆزەتیڤی هەیە، چونکە کاتێك جوتیار تۆوی دانەوێڵە فڕێدەدات و پەرت دەکات، لەگەڵ ئەم پرۆسەیەدا هەندێك جار بەرهەمی پۆزەتیڤی لێدەکەوێتەوە، ئەوەش هەمان حاڵەتی نووسینە، ئالێرەوەیە کە نووسین دەبێتە هەڕەشە، چونکە کاتێك فڕێدەدرێت و پەرت دەکرێت و دەگەڕێتەوە)[٤]، واتە دریدا دێت لەجێی خوازە، پەرتکردن یان جێکەوت بەکاردێنێت، و دەڵێت: "هیچ شتێك لە دەرەوەی دەقدا نییە"[٥]، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە هیچ سیاقێك لە دەرەوەی دەقدا نییە

---

[١] – عادل عبدالله، التفکیکیة، ارادة الاختلاف و سلطة العقل، ص٨٩.

[٢] – سەرچاوەی پێشوو، ص٩٤.

[٣]– بییر ف زیما، التفکیکیة، ص ٧١-٧٢.

[٤]– جاك دریدا، دەرمانخانەی ئەفلاتون، ل٢٤٧.

[٥]– سەرچاوەی پێشوو، ص٣٥.

کەواتای ڕاستەقینەی دەقمان بۆ دەستەبەر بکات، ئەمەش واتای دابڕانی دەق نییە لە دەرەوەی دەق، بەڵکو ئەوەی لە دەرەوەی دەقدایە پەیوەستە بە دەقەوە و لەنێو دەقدا تۆمار دەکرێت، کەواتە دەق سەرجەم بنەما ئابوری و سیاسی و مێژوویی و زانستی و کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و ...تاد، لەخۆ دەگرێت لەگەڵ سەرجەم ئەو ڕارودۆخانەی کاریگەریان لەسەر نووسین و خوێندنەوەی دەق هەیە، هەروەها بەدیویێکی تردا جارێکیتر جەختکردنەوەیە لەسەر نووسین، چونکە دەق لە چوارچێوەی نووسیندا دەستەبەر دەبێت.

لە پرۆسەی بونیادگەریدا، نیشانە Sign دوو جەمسەری هەیە، دال Signifier و مەدلول Significance، واتە (نیشانە لە شێوەی یەکەیەکی زمانی تاکە، کە وشەیە و دەکەوێتە ناو نەسەقێکی گشتی بچووك، کە ڕستەیە یاخود لە شێوەی دەقدا یان نەسەقێکی گەورەتر، کە یەکە بچوکەکان پێکیانهێناوە لەناو چەندین نەسەقی بچوکدا کە (دەق)ە Text ، یان کار Work پێکدەهێنن، یاخود زۆرجاریش نیشانە هەر زمان نییە، بەڵکو ئاوازێکی مۆسیقی یان ڕەنگێك یان چەند ڕەنگێك لە تابلۆیەکدا یان هەر یەکەیەکی تر کە دەلالەت بگەیەنێ)[1].

( تیری ایگلتن ) سەبارەت بە واتا دەڵێت ( واتا لە نیشانەی زمانی ڕاستەوخۆدا بوونی نی یە، چونکە واتای نیشانە لە جیاوازیدایە لەگەڵ شتەکانی تر، بە دەربڕینێکی دیکە نائامادەیە، لەبەر ئەوەی واتا لەناو زنجیرەی نیشانەکاندا بلاو بۆتەوەو بە ئاسانی جێگیر بوونی نییە لەهەر نیشانەیەکدا، بەڵکو نواندنی حاڵەتێکی بوون و نائامادەییەکی هەمیشەییە لەهەر ساتێکدا )[2]، جێکەوت (پرەنسیپی بنەڕەتی نووسینەو شوێن و کاتی نییە، و بەبیرەوەریەوە پەیوەستە کە ڕەسەنێتی تەواوی پێکدەهێنێ)[3] و جێکەوت "لە بنەڕەتدا هیچ شتێك نییە، بەڵکو بۆچونێکە لەدەرەوەی شتەکان، جێکەوت و شتەکانیش یەکناگرنەوە"[4]. عبدالله الغذامي "چەمکی جێکەوت دەبەستێتەوە بە چەمکی نائامادەوە، چونکە جێکەوت لە ژێر پەردەی نائامادەدایە، لێرەدا ئامانجی خوێندنەوە ئەوە نییە کە واتای نوێ بداتە وشەکان، بەڵکو ئامانجی خوێنەر دەقی ئەدەبی و ئەرکێکی جوانییە لە چێژ بەیەکدا چوونی

---

[1]– د.عبدالغزيز حمودة، المرايا المحدبة، من البنوية الي التفكيك، ص٢٢.

[2] – تيري ايكلتن، مقدمة في النظرية الأدبية، ترجمة ابراهيم جاسم العلي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٢، ص١٤٠.

[3] – د.يوسف وغليسى، اشكالية المصطلح في الخطاب النقدي العربي الجديد، ص٣٦٥.

[4] – سەرچاوەی پێشوو، ص٣٦٦.

دەقە ئەدەبییەکانەوە دێت، ئەویش لە ڕێگای فەزای سیاقی جۆربەجۆری خوێنەرەوە دەستەبەر دەبێت، جێکەوت لە ئەنجامی پەیوەندییەکانەوە سەرهەڵدەدات، لەم جۆرە خوێندنەوەیەدا، خوێنەر بە دوای واتای دیاریکراوی وشەکاندا ناگەڕێت یان ڕاڤەو درکەو خوازەکان شیناکاتەوە، بەڵکو بە دوای ئەرکی پەیوەندییەکانی نێوان ڕەگەزەکاندا دەگەڕێت لە پێناو سیاقێکی ئازاد کە جێکەوتی بەدوادا دێت و لەو ئەزمونە سەرهەڵدەدات، کە چالاکی خوێنەرانەی ڕەخنەگره"[1]، و جێکەوت هەمیشە لە دەرەوەی شتەکانەوە جێپەنجەی لەسەر توخم دیاریدەکات.

دریدا ڕای وایە کە ( ئەسڵ ناتوانێ ببێت بە ئەسڵ، بە پشت بەستن بە دووەم نەبێ، کە پشتیوانی لە یەکەمینی یەکەم دەکات، بەمجۆرە یەکەم بریتیە لە یەکەم و دووەم، بەهەمان شێوە دووەم بریتیە لە دووەم و سێیەم، واتە ئەسڵێکی ڕەها و سادە و ڕوت لە ئارادا نییە، چونکە کاتێك ئەسڵ وەك ئەسڵ سەرهەڵئەدات و فۆرمەلە دەبێ، پاشان پیس دەبێ و لە ئەسڵێتی خۆی دور دەکەوێتەوە، لێرەدا ئەسڵ ناچار ئەبێ ڕێگە بۆ ئەو جێکەوتانە بکاتەوە کە دروست دەبن )[2]، بەم شێوە ئەسڵ بە ئەسڵێتی نامێنێتەوە و جێگە چۆڵ دەکات بۆ جێکەوت و ئەو ڕۆڵە بەو دەبەخشێ، بەم پێیەش جێکەوت هیچ ئەسڵێکی ڕەهای نییە و دریدا پێی وایە، کە جێکەوت شتێکە چەمکی میتافیزیکای (ئامادە) دەسڕێتەوە، ئامانجیشی هەڵوەشاندنەوەی فەلسەفەو ئاشنابوون بە (ئامادە) لە ڕێگای کردەی زمانەوەیە، چونکە (سۆسێر جەخت لە سەر بەراوردی نێوان دال و مەدلول (واژە و زبان) دەکاتەوە، بەڵام (دریدا) مەدلول پێش دال دەخات، لەبەر ئەوەی بۆچوونی (سۆسێر) وایە کە چەمکەکانی (ئامادە) لەدەرەوەی واژەکاندایە)[3] ،هەر بۆیە "بە لەناوبردنی بیرۆکەی ئەسڵ بە واتای تێکدان و ڕوخاندنی لۆگۆسێنترالیزم و فۆنۆسێنترالیزمە و فەلسەفەیەکی بێ سەنتەر دەخاتە ڕوو"[4].

ئەگەر هەڵوەشاندنەوەی دەق بەمەبەستی دەستنیشانکردنی پێکهێنەرەکانی و پێوەندیەکانی نێوان ئەو پێکهێنەرانەو سەر لە نوێ پێکەوە بەستنەوەی ئەو پێکهێنەرانە بێ، بەو جۆرەی خوێنەر لە واتای دەقەکە نزیك ببێتەوە، ئەوا خودی هەڵوەشاندنەوە گەڕانەوەیە

[1] – پ.ی.د عبدالقادر حمە امین محمد، بنەماکانی هەڵوەشاندنەوە، ل٤٥.

[2] – عادل عبدالله، التفكيكية، ارادة الاختلاف و سلطة العقل، ص٩٠.

[3] – د. محمد عنانی، المصطلحات الأدبية الحديثة، ص١٣٧-١٣٨.

[4] – پ.ی.د. عبدالقادر حمەامین محمد، بنەماکانی هەڵوەشاندنەوە، ل٤٦.

بۆ ڕەخنەی نویێ، کە ڕەخنەگر ڕۆڵی پردی نێوان دەق و خوێنەر دەبینێ و لە هەڵوەشاندنەوەدا جێکەوت خوێنەر دەدوێنێ و خاوەن بەهایەکی ئیستاتیکییە لە نێو دەقدا و خوێنەری ئەدەبیش مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و بەردەوام لە دۆخی گۆڕاندایە.

دریدا زنجیرەیەك چەمك و واتاو وشەی پێشنیاز کرد "کە بۆخۆیان یەك وشەو زاراوەن، بەڵام ئەو دوالیزمییەتەش لەخۆدەگرن، واتا لەناوەوەدا هێزێکی وایان تێدایە، توانای هەژاندن و هەڵوەشاندنەوەیان هەیە، چونکە میتافیزیکای خۆرئاوایی بەردەوام بە ئەنقەست لەنێو پرۆسەی سەپاندنی واتادا، یەکێك لە واتاکانی ئەو زاراوانەی بەلاوە ناوەو پەراوێزی کردووە، یەکێك لەو زاراوانە (جێکەوت)ە، کە لەیەك کاتدا ئاماژە لە خودی خۆی و لە سڕینەوەو نەمانی شتێك دەکات بە شێوەیەك بۆ خۆی بوونی نەماوە، بەڵام لەنێو هێمای تردا هەر ماوەتەوە"[1]،بەو شێوەیە جێکەوت دەبێتە پردێك بۆ بەیەکەوە بەستنەوەی دەق و هێماکان و دیاریکردنی جێپەنجەی لەسەر توخم و دەق ئاماژەیە بۆ جێکەوتی جیاوازیەکان و چنراوێکە لە جێکەوت.

---

[1]- ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، جاك دریداو هەڵوەشاندنەوە، ل٢٢٢- ٢٢٣.

## ٤- زانستی نووسین Grammatology:

له فەلسەفەی میتافیزیکای ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتیشدا جێگەی (لاوەکی) بۆ وشەی (نوسراو) و شوێنی سەرەکی بۆ وشەی (دەربڕاو)ە، دیارترین مەبەستی تیۆری دریدا گواستنەوەی شتەکانە لە زمانەوە بۆ نووسین، دەقی نوسرا و بۆ چاپکراو، بەشێوەیەکی دیاریکرا و سەیری دەق دەکات و چڕبوونەوەش لەسەر نووسین بریتیە لە گواستنەوەی بایەخ و گرنگی لە قسەوە بۆ نووسین، گراماتۆلۆژیا (زانستی نووسین)، یەکێکە لە چەمکە بنەڕەتیەکانی میتۆدی هەڵوەشاندنەوە، دریدا بۆ ئەوە پێشنیازی کرد تاوەکو لە بەرامبەر میتافیزیکای ئامادەدا بۆستێتەوە، میتافیزیکای ئامادە بەهۆی لۆگۆسێنترالیزمەوە کە لەبنەڕەتدا لەسەر بنەمای فۆنۆسێنترالیزم هاتۆتە بون و پێکهاتووە، و بایەخ و پەرەپێدانە بە ئاخاوتن و بەلاوەنان و پەراوێزکردنی نووسین، دریدا بەمەبستی ڕوبەڕوبونەوەی میتافیزیکای ئامادە، "زانستی نووسین"ی خستە ڕوو، کە ماوەیەکی زۆر هەژموونی خۆی بەسەر سیستەمی فەلسەفەی خۆرئاوادا کێشابوو، ئەویش بەهۆی کرداری گردبوونەوە بەدەوری (عەقڵ)دا، کە لەڕاستیدا بەهۆی کرداری گردبوونەوە بەدەوری (دەنگ)دا بوو، کە بەواتای گرنگیدانە بە ئاخاوتن پێش نووسین، هەربۆیە دریدا (گراماتۆلۆجیای خستە ڕوو، کە ناونیشانی یەکێکە لە کتێبە گرگەکانی و لە ساڵی ١٩٦٧ بلاْوکراوەتەوە)[١].

"ئاخاوتن و نووسین" دوو زاراوەی تەوەرین و لە چەمکە کۆنەکاندا واتای تایبەتی خۆیان هەیە، و (ئاخاوتن/ قسە) بایەخی زیاتر بووە لە (نووسین) و چەمکێکی لە پێشینە بووە، بەپێی چەمکە کۆنەکانیش نووسین–نوسراو نوێنەریکردنی وشەی ئاخاوتن/گوتراو بووە، دەبینین سۆسێر باڵادەستی و ڕۆڵی گرنگی بە ئاخاوتن/قسە بەخشیوە و لە پێش نووسین دایناوە، پێشنیازی ڕێبازێکی کرد کە (هەرشێوەیەك لە شێوەکانی لێکۆڵینەوە لە (نووسین) ڕەتدەکاتەوە ئەگەر بێت و دەنگەکەی گۆنەکرابێت/نەوترابێت)[٢]، دریدا ئەوەی دەرخست کە سۆسێر کارێکی کردووە، ئەویش گردبوونەوەیە بە دەوری (دەنگ)دا (فۆنۆسەنتەریزم) و نووسینی ڕەتکردۆتەوە، دریدا وایدەبینێ و ڕونیکردۆتەوە و ڕەخنە لە فۆنۆسەنتەریزم دەگرێ، چونکە بیری ڕۆژئاوایی بەگشتی بنەمای پەیوەندیەکی نابەرانبەریە لە نێوان ئاخاوتن و نووسیندا و پەیوەندیەکی تۆتالیتاریانەیە بەسەر نووسیندا و

---

[١]– عبدالله ابراهيم و اخرون، معرفة الأخر، ص١٣١.

[٢]– جاك دريدا – ما الآن؟ ماذا عن غد؟، ص٤١.

**دوورخستنەوەیی و دانانی بە پاشکۆی ئاخاوتن/قسە، هەربۆیە دریدا ڕەخنەی لە گردبوونەوەی عەقڵ گرت بەناوی لۆگۆ سەنتەریزم Logo centrism، زاراوەیەکی تری بەکارهێنا دژ بە زاراوەی گردبوونەوە لە دەوری دەنگ (فۆنۆسەنتەریزم) ئەویش (زاراوەی گراماتۆلۆجیا – علم النحو – Dela grammatologie یەو ئەوەشی ڕەتکردەوە کە (نووسین)پاشکۆی (ئاخاوتن) بێت)[1]، واتە (نووسین هەڵگری زمانی ئامادە و پێشینە نیە، بەڵکو یەکەکانی زمان بەرهەمدێنێ و داهێنان بەرجەستە دەکات، دریدا ئاماژە بە دوو جۆر نووسین دەکات، یەکەمیان ئەو نووسینەیە کە لەسەر بنەمای ناوەندێتی عەقڵە و وشە ئامرازێکی دەنگیە و ئەبجەدیە، ئامانجی گەیاندنی وشەی وتراوە، دووەمیان نووسینی ڕێزمانی (سینتاکس)ی یان دوای بونیادگەرییە، کە پرۆسە سەرەتاییەکەی زمان بەرهەمدێنێ، بۆیە نووسین دژی وتراوە و نوێنەری دەنگ نیە، (بوون)یش بەبێ نووسین مەحاڵە، ئەویش چوونە ناو زمانی جیاوازیە و تەقینەوەی بێدەنگیەکانە)[2]، واتە جیاوازی بەرەنگاربوونەوەی پێکهاتە دەلالیەکانی ئاخاوتنە، بۆیە نووسین ئامادەبوونێکی پێشینەی واتا نیە، بەم پێیە نووسین پێش زمان دەکەوێت و خودی زمانیش لە دەقەوە سەرچاوە دەگرێت.**

**دریدا لە لێکۆڵینەوەی هەڵوەشاندنەوەدا گەیشتە ئەو باوەڕەی (ئەگەر ئاخاوتن چوارچێوەی ئامادەبوون و شوناس و تاکێتی و سەرەتای هەموو شتەکان بێت، ئەوا نووسین چوارچێوەی نا ئامادەیی و جیاوازی و فرەیی و دژیەکیە)[3]، چونکە لە میانەی نووسیندا وەك ئامانجێك "جێکەوت بەدوای خۆیدا دەهێنێ، بەمجۆرە شیکردنەوە و جەخت لەسەر بەهاو گرنگی دەق دەکاتەوە، دەبێتە تەوەرێك بۆ تێڕوانین و دۆزینەوەی نائامادەیی دەق"[4]، بەمجۆرە هەڵوەشاندنەوە ڕێڕەوێکی بێکۆتای واتای گوتارە بەهۆی کردەی دووری نێوان (دال و مەدلول) و گەمەی ئازادی دالەکانە، چونکە ئەگەر (دال) لەژێر کایگەری دەسەڵاتی (ئامادەبوون)دابێ، ئەوا مەدلول لەژێر هەژموونی ئەم دەسەڵاتە دەردەچێ و (جیاوازی و دواخستن) دەخرێتە ڕوو.**

---

[1]– جاك دریدا – ما الآن؟ ماذا عن غد؟ ص٤٢.

[2]– عبدالله الغذامي، الخطیئة و التكفیر، ص٥١.

[3]– سەرچاوەی پێشوو، ص ١٢٦.

[4]– پ ی.د. عبدالقادر حمه امین محمد، بنەماکانی هەڵوەشاندنەوە، ل٤٤.

جاك دریدا "فەلەسەفەی دالی دەنگی هەڵوەشاندەوە کە لە ڕووی زمانەوە باڵادەست بوو بەسەر ڕۆشنبیری ڕۆژئاواییدا بۆ ماوەی چەند سەدەیەك، هەر لە سەردەمی ئەفلاتونەوە هەتاوەکو سەردەمی فردیناند دی سوسیر، دالی نووسینی لە بری دانا، و کاریگەریەکانیشی هێشتا ماون و لاپەڕەکانیشی بەردەوام لەبەری دەگیرێتەوە. هەموو ئەمەش واتای ئەوەیە کە فەلسەفەی دال کە زاڵ ببوو بەسەر رۆشنبیری ڕۆژئاوادا لە بری میتافیزیکای ئایدیاڵی بووە"[١]. بە بڕوای دریدا (چەمکی دال و مەدلول بەهەمان شێوە چاوبەستیڵکردنە (خداع)، چونکە چەمکی دال و مەدلول لە زماندا کە لە زمانەوانی بونیادگەریدا هاتووە، بریتیە لە وێنەیەکی تری چەمکی وتە و نووسینی تەقلیدی)[٢]، کەواتە گراماتۆلۆژیا ڕەخنەیە لە دوانییەکەی سۆسێر و دریدا لە دەنگ و واتادا چڕبۆتەوە، لەبەر گرنگی لەخۆگرتنی واتا، دریدا پێشنیازی گۆڕینی نیشانەی بە (جێکەوت) کرد، چونکە هەڵگری بەرکەوتن (لمسات)ی نووسین و چالاکی داڵە، بۆیە زمان لە سیستەمی نیشانەییەوە وەك لای سۆسێر گۆڕا بۆ سیستەمی جێکەوت وەك لای دریدا. بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر، ئەگەر دی سۆسێر بڕوای وابێت کە هێما لە دال و مەدلول پێکهاتبێت و تەنها تاکە مەدلولێك بوونی هەیە کە کۆدەنگی هەیە لەسەری، بەڵام جاك دریدا بڕوای وایە کە ئەو مەدلولە تەنها یەك دانە نیە، بەڵکو ژمارەیەك مەدلولی جیاواز و دژ بەیەکن. بەمجۆرە ووشەی ئاو ئاماژەیە بۆ ژمارەیەك واتای زۆر و کۆتا نەهاتوو کە زیندوێتی دەدات بە دالەکە، لەبەرئەوە ئاو ڕەنگە واتای پەرداخێك ئاو بێت، یان چەند دڵۆپێك ئاو بێت، یان باران یان دەریا یاخود دەریاچە بێت... ئەوەش واتای ئەوەیە کە چەند دەلالەتێکی دیارینەکراو و جیاواز بوونی هەیە. بەو واتایەی نە سەنتەربوون هەیە و نە سەرەتا، وە هەموو هێمایەکیش ئاماژەیە بۆ هێمایەکی دیکە لە شێوەی زنجیرەیەکی کۆتا نەهاتوو لە جیاوازیە دژ بە یەکەکاندا لە گەڵ خودی خۆیاندا، وە هێمای هێماش بریتیە لە نووسین. لەبەرئەوەشە دریدا نا ئامادەیی ڕەگوڕیشە و سەرەتا ڕادەگەیەنێت.

---

[١]- د. جميل حمداوي، نظريات النقد الأدبي في مرحلة ما بعد الحداثة، ص٣٧.

[2] -Jack deride، of Grammatology، trans as gayathrichakravor thy spivak،pelhi،motilal Banarsidass،1994،p12

**لێکۆڵینەوە زمانیەکان هەر لەسەرەتاوە گرنگیەکی تەواویان بە زمان داوە و بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و دەروونی ئەژمارکراوە، و جەختیان لەسەر دەرەوە و ناوەوەی زمان کردۆتەوە، کە پەیوەندی نێوان (دال و مەدلول)ە، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە گۆڕانێکی بەسەر زماندا هات و دریدا ئەوەی خستە ڕوو، کە (ئەو تایبەتمەندیانەی دەوترێت نووسین لە وتن جیا دەکاتەوە، بەسەر قسەکردنیشدا جێبەجێ دەبێت)[١]، بەو واتایەی کە ناکرێت زمان تەنها پێکهاتەی شتەکان و دەنگیش ڕەنگدانەوەی شتەکان بێت.**

**لە ڕوانگەی دریداوە (نووسین پێویستی بە باوك یان کوشتنی باوك نییە، چونکە خۆڕێکخەرە – مدبر (مراوغ) و وەك تارمایی (طيف) وایە، لە نا ئامادەییا ئامادەیی خۆی دەردەخات و هەرجارەو بە شێوەیەکی نوێ دەردەکەوێ، ئەمەش واتای ئەوەیە دووبارە نابێتەوە، چونکە هیچ دانەیەك (نسخە)ی تری نییە تا ڕێگە بە دووبارە بونەوەی بات)[٢]، کەواتە نووسین خودی خۆیەتی و لەیەك کاتدا هەم باوکە و هەم کوڕیشە و پێویستی بە جێگرەوە نییە و دەگەینە ئەو باوەڕەی، کە ئاخاوتن واتای ئامادەیی دەگەیەنێت و نووسینیش واتای نائامادەیی، کەواتە بەبۆچونی دریدا نووسین پێویستیە و زانست ناتوانێت پارێزگاری لە بون و پێگەی خۆی بکات لە ڕێگەی نووسینەوە نەبێت، کە مانەوە و بەردەوامی بۆ دەستەبەر دەکات.**

**زانستی نووسین وەك ستراتیژی هەڵوەشاندنەوە زیاتر ڕووبەڕووی میتافیزیکای "ئامادە بوون" دەبێتەوە، کە ماوەیەکی زۆر هەژمونی خۆی بەسەر سیستمی فەلسەفەی خۆرئاوادا کێشابوو، هەر لە سەردەمی "ئەفلاتون"ەوە تا دەگاتە هایدگەرو بەهۆی لۆگۆسەنتەریزمەوە و (Logo centrism) لەسەر بنەمای فۆنۆسەنتەریزمەوە ( Phonocentrism)* کە گرنگی بە " ئاخاوتن" ئەدا پێش (نووسین)[٣]، و ئەفلاتوون**

---

[١]– جون ستروك، البنيوية و ما بعدها (من ليفي شتراوس الي دريدا )،ص ٢١١.

[٢]– حبيبة دباش، فلسفة الحضور و الغياب، ص٨٧.

* – فۆنۆسینترالیزم، واتە گرنگیدان بەدەنگ و دەنگ دەبێت بە چەق و سنتەری هەموو شتەکان، لە دوو بەش پێکدێت، فۆنۆ، واتە دەنگ، سینترالیزم، واتە چەقێتی و ناوەندێتی.

[٣] – پ.ی.د عبدالقادر حمە امین محمد، بنەماکانی هەڵوەشاندنەوە، ل٤٢.

**"نووسین دادگایی دەکات، دادگایی کردنی نووسین لەوەوە سەرچاوە دەگرێت، کە شێواندنی هەقیقەتەو کەمکردنەوەیە لە بەهای ئاخاوتن و گوتەی سەرزارەکی"[١].**

**جوناسان کیلەر وا پێناسەی نووسین دەکات: "بریتییە لەزنجیرەیەك نیشانەی بینراو کە لە نائامادەبونی قسەکەریشدا کاری خۆی دەکات"[٢]، بە پێچەوانەی قسەوە کە قسەکەر ڕاستەوخۆ دەبێت خۆی ئامادەبێت، یان هەست بە بونی بکرێت ئەگەر بێت و تۆمارکراویش بێت، هەروەها جەخت دەکاتەوە، کە (نووسین پێش ئاخاوتنە، بەو پێیەی زنجیرەیەك نیشانەی بینراوەو لە نائامادەیی قسەکەردا کاردەکات، بە پێچەوانەی ئاخاوتنەوە کە لە سیستەمی مادی نیشانەکاندا بەرجەستە دەبیّ لە کاتێکدا ئاخاوتن لە دەنگدا خۆی دەبینێتەوە)[٣]. تزفیتان تودورف دەڵێ: "نووسین دوو واتای هەیە، کە واتا بەرتەسکەکەی بریتی یە لە سیستەمێکی نەخشێنراو بۆ زمانێکی تۆمارکراو، بەڵام لە واتا گشتیەکەیدا بریتیە لە سەرجەم سیستەمە شوێنی و دەلالی و بینراوەکان"[٤]. بەمپێیە نووسین نائامادەیی قسەکەرەو نیشانەو وشە تۆمار کراوەکان جیاوازە لە دەنگە تێکەڵەکانی ناو هەوا لە کاتی قسە کردندا، کە بەکۆتایی هاتنی قسەکردن دەنگەکانیش کۆتاییان دێت و توانای مانەوەیان نابێت و وندەبن ئەگەر بێت و تۆمار نەکرێت و نەنوسرێت، کەواتە هێزی مانەوە لە نووسیندایە نەك قسە کردن، هەر بۆیە ( فەیلەسوفەکان ڕقیان لە نووسین بووەو دەترسان دەسەڵاتی ڕاستەقینەی فەلسەفە بڕوخێنیّ )[٥]. دریداش وا ئاماژە بە زانستی نووسین دەکات، کە وەك هێڵێکی زانستی ئاڕاستەی میتافیزیکا دەکرێت و ڕەخنەی لێدەگرێت، دڵنیاشە لەوەی، کە ( ئاخاوتن ) زەمینەیەکی میتافیزیکی گەورەی زانستی و تەکنیکی و ئابوری خۆرئاوایە و لە زەمەنێکی دیاریکراودا بەسەر دەچیّ و جەخت دەکاتەوە کە ناتوانین**

---

[١] – ڕێبین ڕەسولّ ئیسماعیل، فارما گۆن لە ستایشی نوسیندا، ل ١٦٢.

[٢]- د. عبدالله ابراهیم، المركزیة الغربیة، ص٣٢٧، یان بڕوانە ، Jonathan culler، on deconstruction (New York، cornell university press، 1986) P.19.

[٣] – عبدالله ابراهیم، سعید الغانمی، عواد علی، معرفة الاخر، مدخل الي مناهج النقدیة الحدیثة، المركز الثقافي العربي، بیروت، ط٢، ١٩٩٦، ص١٣٢.

[٤] – سەرچاوەی پێشوو، ص١٣٢.

[٥] – رامان سیلدن، النظریه الأدبیة المعاصرة، ترجمة سعید الغانمي، دار الفارس للنشر و التوزیع، المغرب، ط١، ١٩٩٦، ص١٣١.

دەستبەرداری نووسین بین لەژێر هەر بارودۆخێکدابێت، و ناتوانرێت پێشبینی هیچ کۆمەڵگەیەکی بێ نووسین بکرێت.

(زانستی نووسین) کە دریدا بانگەشەی بۆ دەکرد، "لەسەر بنەمای پێشینەی چالاکی لێکۆڵینەوەی زمانی – سیمیایی دەرکەوت، دریدا ئاواتی بوو کە (گراماتۆلۆجیا) جێگەی (سیمۆلۆجیا) بگرێتەوە، کە سۆسێر پێشنیازیکرد، لەبەرئەوەی سیمۆلۆجیا بارگەیەك لە چەقبەستنی بۆماوەیی لەخۆ دەگرێت، کە دریدا دەیەوێت زانستی نووسین ئەو پەیوەستیە تێپەڕێنێت و ڕزگاربێت لە ستراتیژی بڕیارە زۆرەملێکانی نێو سیمۆلۆجیا، ئەوەش بەبەکارهێنانی چەمکی جێکەوت لەجیاتی چەمکی نیشانە"[1]، دەبینین سۆسێر بالادەستی و ڕۆڵی گرنگی بە قسە/وتن بەخشی و لە پێش نووسین دایناوە.

سۆسێر کاری لەسەر سەنتەری دەنگ کردووە و نووسینی بە پاشکۆی قسەکردن داناوە و " کردوێتی بە هۆکاری نواندنی قسە و هۆکارێکی تەکنیکی و دەرەکییە، لەبەر ئەوە پێویست ناکات بەهەند وەربگیرێت لە لێکۆڵینەوەی زماندا"[2].

نووسین لای دریدا "گۆڕینی قسە بە نووسین یان سەنتەرێك بە یەکێکی تر ناگەیەنێ، هەر بۆ خۆیشی بەقسەی خۆی سەنترالیزمی لۆگۆسی ڕەتدەکاتەوە، بەڵکو هەوڵدەدات بۆ دامەزراندنی نووسینێك کە لەسەر جیاوازی بونیادنرابێ، ئەویش لە ڕێگەی دۆزینەوەی جیاوازی بەردەوام لە نووسیندا "[3]، نووسین لای دریدا کرۆکی گوزارشت کردن و دەربڕینە بەو پێیەی کە تەنیا ئاماژە نییە بۆ واتایەك لەسەر ڕووبەری کاغەز بەهۆی پیتەکانەوە، بەڵکو نووسینە کە لەنێوان دەربڕین و وشە نزیکەکان یان لەیەکچووەکان جیاوازی دەدۆزێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا کە لەیەك کاتدا بۆ خودی خۆی چەندین مەدلولی جیاوازی هەیە.

دەنگ Phone "وشەیەکی دەرەکی نییە و توانای خۆسڕینەوەی هەیە، وەك چۆن دەزانرێ کە وشەی گۆ کراو وێنەیەکی دەنگی (بیستراو)ە ، کاری ئامادەکردنی چەمکی وێنە

---

[1] – جاك دریدا – ما الآن؟ ماذا عن الغد؟ ص١١٩-١٢٠.

[2] – د.عبدالله ابراهیم، المرکزیة الغربیة، ص٣٣٢.

[3] – محمد حافظ دیاب ، جاك دریداو سەرکێشی جیاوازی، ل١٥٢.

دەنگیەکەیە، وشەی گۆکراو یان وێنەی دەنگی لە کاتی ئامادەکردنی چەمکدا وندەبێ، لەبەر ئەوە (دال) لە کاتی ئامادەبوونی مەدلول دا خۆی دەکوژێنێتەوە، چونکە مەدلول لە چەمکەکەیەو لە هەمو شتێ گرنگترە"[1]، کەواتە دال وێنەیەکی دەنگییەو مەدلولیش چەمکە، دال وشەیەکی دەربڕاوەو وشە نوسراوەکەش دالی دالەکەیە کە وشە دەنگیەکەیە، بۆ نموونە دەربڕینی وشەی کۆتر کە وێنەیەکی دەنگی یەو دالەکەیە، بەلاّم چەمکەکەی باڵندەی کۆترە، کە لە زمانی کوردیدا وێنە دەنگیەکە ( کۆتر)ە بەلاّم لە زمانێکی تردا جیاوازە، بۆ نموونە عەرەبی (حمام) ە و لە ئینگلیزیدا pingo لە کاتێکدا نووسینی دالەکە دالی دالەکەیە واتە نووسینی وێنە دەنگیەکەیە، چەمکەکەش خودی باڵندەکەیە. یاخود بۆ دەربڕینی "چەمکی (گوڵ) پێویستمان بە دەربڕینی دەنگی (گوڵ) ە کە ئەم وێنە دەنگیە دالەکەیە، بەلاّم کاتێك وشەی (گوڵ) دەنووسین، ئەمە نوێنەری وێنە دەنگیەکەیە لە ڕێگەی بنیاتی نووسینەوە Graphic structure و ئەم وێنە نوسراوەش هیچ پەیوەندیەکی بە چەمکەوە نییە، بەڵکو تەنها نمایندەیەکی بینراوی وێنەی دەنگی یەو وەکو خەیاڵ وایەو سەرەکی نییە و لاوەکییە، لەچاو وێنە دەنگیەکەداو دەکرێ پەراوێز بخرێ"[2]، کەواتە وێنەی دەنگی یان بیستراو کە دالەکەیە ئەو وشە گۆکراوەیە کە لەسەری ڕێککەوتوین و بەپێی ڕێکەوتنی زمانی هاتۆتە ئاراوەو لە بنەڕەتدا هیچ پەیوەندییەکی لۆژیکی بە چەمکەکەوە نییە (مدلول) ، بەلاّم کاتێك وێنە دەنگیەکە دەردەبڕێت و گوێ بیستی دەبین، ڕاستەوخۆ لە مێشکماندا وێنەی چەمکەکە بەرجەستە دەبێت.

دریدا لە کتێبی Grammatology زانستی نووسین دا کە لە ساڵی ١٩٦٧ بلاّویکردۆتەوە، جەختی لە نووسین دەکردەوە نەك ئاخاوتن، هەر لەم ڕوانگەیەوە ڕەخنەی لە بۆچونەکانی فردیناند دی سۆسید گرتووە کە لە چوار چێوەی لۆگۆسەنتەریزمدا بووەو پێچەوانەی بۆچونەکانی ئەفلاتون بووە کە پێی وایە "نووسین لە جەوهەردا شتێکی خراپە، شتێکی دەرەکییە بۆ یادەوەری، زانست بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو ڕاو بۆچوون بەرهەم دێنێت،

---

[1]- س. رافيندران، البنيوية و التفكيك، تطورات النقد الادبي، ترجمة: خالدة حامد، دار الشؤون الثقافية العامة، العراق- بغداد، ط١،٢٠٠٢، ص١٤٢.
[2] - سەرچاوەی پێشوو، ص١٤٣.

حەقیقەت بەرهەم ناهێنێت، بەڵکو تەنیا ڕووخساری شتەکان بەرهەم دێنێت"[1]. واتە بەلایەوە زیانبەخشەو لە ڕاستی و جەوهەری بابەتەکە دوردەکەوێتەوە، و دەڵێت: "نەخێر! نامە ڕوخسارێکی دیاریکرا و یان وێستگەی کۆتایی نییە، ئەمەش کارێکی نێگەتیف نییە، بەڵکو مەرجێکی تراجیدی جێگیرە و تاکە شتە کە ڕوودات بۆ دۆزینەوەی نوێتر"[2]، ئەمەش واتای بەردەوامی پرۆسەکە دەگەیەنێت.

بونیاد لەڕێگەی "دەرکەوتنی گراماتۆلۆژیاوە هەڵدەوەشێتەوە، سێنترالیزمی دەنگیش دەخاتە بەردەم هەڵوەشاندنەوەی بونیادە دەنگیەکان بۆ دەقی نووسراو، کە نوسراو دەنگ دەکاتە چەندین بەشی جیاواز و سەربەخۆ، ئەوەش واتای جیاوازمان پێدەبەخشێت، واش لە گرامانۆلۆژیا دەکات لەنێو واتای نێو دەق، چەمکی کۆتایی واتا بگۆڕێت بۆ فرە واتایی، بەوەش گراماتۆلۆژیا ئەو توانایەی لەنێو نووسین دروستکرد، کە دەق لەنێو هەر پرۆسەیەکی خوێندنەوەدا زەمەنێکی جیاواز بەرهەم دێنێت، زەمەنی خوێنەر.. ئەو زەمەنەی لەنێو دەقدا واتاکانی بەرهەمهێنەر ڕەهایی نابێت و زمان لە ئاستی ڕووداو دەگوێزێتەوە بۆ دەلالەتی فەلسەفی، لە هەر پرۆسەیەکی خوێندنەوەدا کۆمەڵێك واتا کەشف دەکرێت، چونکە دەق بە ئاقارێك دەبات کە هەڵگری کۆمەڵێك جیاوازی بێت، واتا بەردەوام دەقی جیاواز دەخولقێنیٚ، جیاوازی ئەو دو دیدە فەلسەفیەی دەق دەکاتە ڕووبەرێك بۆ فەلسەفە، هەر ئەو ڕووبەرە فەلسەفیەشە کە لە دەرەنجامەکانی بەرهەم هێنانەوەی واتا زمان دەکات بە تیۆر، بوونی تیۆریش زمانێکی تر دەخولقێنیٚ، لەناو دەقدا سیستەمێك ئامادەیی دەبیٚ پارێزگاری لەو زمانە دەکات کە نووسین دەیخولقێنێت ئەوەش مەبەستێکی سەرەکی نووسینە کە ڕووداو لە گوتراو دەگوازێتەوە بۆ نووسین، بەو کارەش مەبەست جیاکردنەوەی (زمان/ئاخاوتن) بوو لە یەك"[3].

لە فیدرۆسدا ئەفلاتون زەمی نووسین دەکات "بەو پێیەی ئامرازێکی خەوشداری گەیاندنە، ئەگەر لە چرکە ساتی ئەسڵی یان لەباوکی خۆی جیا بکرێتەوە ئەوا دەرفەت دەدرێت بە هەموو هەڵە تێگەیشتنێك، و لێکدانەوەی هەڵە، لەبەر ئەوەی قسەکەر ئامادە نییە

---

[1] – بییر ف زیما، التفکیکیة ، ص٥٨.

[2] – عادل عبدالله، التفکیکیة، ارادة الأختلاف و سلطة العقل، ص٧.

[3] – نیهاد جامی، سیمۆلۆژیای دریدا، ل١٣٠.

چی لە بیری خۆیدایە بۆ خوێنەری ڕوون بکاتەوە. بەم شێوەیە ئەفلاتون فەزڵی وتن دەدات بەسەر نووسیندا، بەو پێیەی کە نووسین مشەخۆرو ناتەواوە، ئەوەش واتا سڕینەوەی هەر کاتێك لە خەسڵەتەکانی زمان، یاخود هەندێك لە بواری وەزیفی زمان، یاخود دەرهاویشتنی لایەنێکی "[1]. وشە نوسراوەکان ئاماژەی فیزیائین و پێویستە خوێنەر ڕاڤەیان بکات و ژیان بکات بەبەریانداو واتایەکیان بداتێ کە بەڕاستی دەزانێت، نابێت هەمان واتا بێت کە وشە بەخۆی دەدات، بەڵکو دەبێت واتاکەی لە ڕاڤەکردنی خوێنەرەکانیەوە سەرچاوە بگرێت.

زۆربەی بیرمەندان و زانایان و فەیلەسوفەکان هەر لە سەردەمەکانی زووەوە نووسینیان زانیوەو پرۆسەی نووسین و تۆمارکردن بونیان هەبووە، کە چەندین جۆری لە خۆ گرتووە وەك نووسینی وێنەیی (لۆگۆگرافیك) یان نووسینی ئاسایی (پیت) ، واتە شێوازێکی نووسین بوونی هەبووە، ئەو بیرمەندانە بەپێی کات و سەردەمەکەی خۆیان شێوازێکی نووسینیان زانیوە، بەڵام پەیڕەویان نەکردووە، چونکە باوەڕیان وابووە کە وشەی گوتراو گۆ کراو و بالآترو پاکو بێگەردەو ڕەسەنایەتی خۆی لە دەس نایات و توانای مانەوەی هەیە، بەڵام وشەی نوسراو و تۆمار کراو هەرچەندە توانای مانەوەی زیاترە، بەڵام پیس و خەوشدارو مردووەو ڕەسەنایەتی لەدەس ئەیات و گۆڕانی بەسەردادێت و لێکدانەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت، چونکە قسەکەر ئامادە نییە تاوەکو ڕاستی و دروستی وتەکانی بسەلمێنێت. بۆیە هەریەکە لە فیثاغورس و سوقرات نەیان نوسیوەو هیچ نوسراوێکی خۆیان لەدوا جێ نەماوەو بیرۆکەکەیان لە ڕێگەی خوێندکارو شوێنکەوتووەکانیانەوە بە ئێمە گەشتووە، فەیلەسوفەکان بۆیە دژی نووسین بون و ڕقیان لێیبووە، چونکە "ترسی ئەوەیان هەبووە کە نووسین خاوەنی هێزێکی تێکدەرانەیە و لەوانەیە ئەو ڕاستیەی کە فەیلەسوفەکان مەبەستیانە خاپوری بکات و تێکیبشکێنێت، ئەو بۆچونەی فەیلەسوفەکانیش لەسەر بنەمای هزری ئەپستراکت دامەزراوە، هزر وەك لۆژیك و پێیانوایە کە تەنیا لە سایەی وتن و قسەکردنەوە ڕاستی دەبەخشن، و کاتێك لەسەر کاغەز تۆمار دەکرێت و دەنوسرێتەوە ئەوا پیس دەبن"[2] و بەهای ڕاستەقینەیان لەدەست دەیەن، هەربۆیە ڕقیان لە نووسین بووە و دژی

---

[1] – جوناثان کیلەر، جاك دریدا، ل٦٩.

[2] – عبدالله ابراهیم و اخرون، معرفة الاخر، ص١٢٣– ١٣٣.

نووسین بون و ئەم دژایەتیەیان بۆ نووسین نەشاردۆتەوە چونكە "دەسەڵاتی ڕاستەقینەی فەلسەفە دەڕوخێنێت، ئەو ڕاستییەی پشت بەبیری ڕووت دەبەستێ (لۆژیك ، بیرۆكەكان ، كێشەكان) لەكاتی نووسیندا ڕوبەڕوی مەترسی و شێواندن دەبێتەوە"[1] چونكە ئەو ڕاستییەی ئەوان بانگەشەیان بۆ دەكرد لەسەر بنەمای بیری ڕووت دامەزراوە و ( وایان دەبینی كە تەنیا وشەی گۆكراو (وتراو) توانای گواستنەوەی ڕاستیەكانی وەك خۆی هەیە، بیر هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانیەوە لەسەر بنەمای ناوەندێتی دەنگ دامەزراوە و بەجۆرێك وشەی وترا و لە (بیر)ەوە نزیكترە تاوەكو وشەی نوسراو، چونكە وشەی وتراو نوێنەرایەتی ئامادەیی تەواو دەكات)[2].

نووسین "بە شێوەی نا دڵنیایی دەمانباتە ناو بیری نوسەرەوە، دەكرێت بێئاگا لە ناوی نوسەر و بێ قسەكەر و پەیوەندی بە دانەرەوە دەربكەوێت، لەبەر ئەوەش ناكرێت تەنها ئامرازێك لە ئامرازەكانی نواندنی وتن بێت بەڵكو بەشێوەیەكی گرنگتر لادان یاخود شێواندنی وتنە "[3]و پێویستی بە خاوەنی نووسین یاخود ئامادەیی قسەكەر نییە، و بەبێ بونی ئەوان چەمك و واتای خۆی دەبەخشێت، هەر بۆیە ڕۆلان پارت مەرگی نوسەری ڕاگەیاندو جەختی لە دەق دەكردەوە، چونكە دوای هاتنە بەرهەمی دەق، نوسەر ئامادەیی هەبێت یان نا هیچ لە واتای دەق ناگۆڕێت.

ئەو گراماتۆلۆژیایەی دریدا بانگەشەی بۆ دەكات "لە دەرەوەی خۆیدا واقیع بەرهەم ناهێنێتەوەو هەر چۆن بچوكیشی ناكاتەوە، كە بەم ئازادییە نوێیە دەتوانین وای ببینین كە هۆكاری سەرهەڵدانی واقیعێكی نوێیە لەنێو بوندا، بەڵام دەكرێ بپرسین هۆكارو سودی وابەستەبونی دریدا بەو شێوەیە  بە نووسینەوە چی یە؟ سیلدن (Selden) بەو شێوەیە وەڵامی ئەم پرسیارە دەداتەوە: ١-  هێمایەكی نوسراوە، دەشێت بەبێ ئامادەبوونی سیاقەكەی دووبارە ببێتەوە. ٢- توانای تێكشكاندنی سیاقە ڕاستەقینەكەی هەیەو لەنێو

---

[1]- رامان سيلدن، النظرية الأدبية المعاصرة، ترجمة: جابر عصفور، دار قباء للطباعة والنشر و التوزيع- القاهرة، ١٩٩٨،ص١٣٧.

[2]- سەرچاوەی پێشوو، ص١٣٦-١٣٧.

[3] - جوناثان كیلەر، جاك درید، ل٦٩.

سیستەم و سیاقی نوێترەوە دەخوێنرێتەوە، بەوەی گوایە هێمایە لەنێو گوتاری تردا.
٣- دەبێتە پانتایی واتا، بە دوو شێوەو دوو ڕوو، یەکەمیان توانای گواستنەوەیەتی بۆ زنجیرەیەکی نوێ لە نیشانەکان، دووەمیان توانای گواستنەوەیەتی لەسەرچاوەیەکی ئامادەوە بۆ یەکێکی تر"[1]، ئەمانەش کۆمەڵێ تایبەتمەندی نووسینن، کە وتن (قسە) ئەو تایبەتمەندیەی نییە. لە نێو ئەو پرۆسەیەدا "نووسین نابێتە هەڵگری چەند یەکێتیەك، بەڵکو دەبێتە هۆی ناردنی ئەو یەکێتیانە، لەبری ئەوەی ببێتە ئامرازو شێوازێکی دەنگداری هەڵگری وشەی دەربڕاو، دەبێتە بەرهەمهێنەری زمان، چونکە ئەو کردارە بواری ئەوە بە دریدا دەدات جیاوازی و دژکارەکانی نێو گوتار بەدی بکات "[2].

دریدا زمانەوان نەبووەو وەکو (زمانزانێك – لینگویستیك) کاری نەکردووەو نەچووە بەلای ڕێزمانی زمان و لۆژیکی بەکار هێنانیدا، ئەو هەوڵی ڕونکردنەوەی بنەماکانی زانستی نووسینی داوە. کاتێك لە نێو فەرهەنگی لیتری Litter ی دا بە دوای واتای گراماتۆلۆژیادا گەڕاوە، ئەو پێناسەیەی بۆ زانستی نووسین دۆزیوەتەوە کە دەڵێت (گراماتۆلۆژیا نووسینی پیتی ئەبجەدیە، بڕگە بڕگە کردنی نووسینە، خوێندنەوەو نووسینە) ، دریدا زانستی نووسینی وەك هێڵێکی زانستی ڕەخنەیی بەکارهێناو ئاڕاستەی میتافیزیکای کرد، کە لەسەر بنەمای شێوازی قسە کردن دامەزراوەو پشتی بە ئاخاوتن بەستووە، و ڕای وایە کە، لە نێو ڕۆژگاردا سنوردارە و ئەمڕۆ لە لێواردایە و بەرەو کۆتایی دەچێ، هەربۆیە هەوڵیدا لە سایەی گراماتۆلۆژیادا بنەما فەلسەفیە کلاسیکیە چەق بەستووەکان تێپەڕێنێت و بەرەو بابەتی نوێ هەنگاو بنێت و ئەو بۆچونانەی وەلاوە نا کە بانگەشەی کۆتایی فەلسەفە دەکەن و بۆچونی وابو فەلسەفە لە ئێستادا تێکەڵ بە زانستە مرۆڤایەتیەکان و ئەپستمۆلۆژیا بووە، و گراماتۆلۆژیا هەوڵێکە بۆ دەرچون لەو بازنە فەلسەفیەی لەسەر بنەمای سێنتەر بنیادنراوە، ئەو فەلسەفەیەی کە لە سوقراتەوە گرنگیدانی بە ئاخاوتن و پشتکردنە نووسین بە میرات بۆیان مابوەوە، دریدا ڕووبەڕووی ئەو سێنتەرانەی خۆرئاوا کە جگە لەخۆی هیچی تر بەدیناکات بووەوە و پێیوایە هیچ چاوگ و سەرچاوەیەك نییە تا ببنە پێوەر بۆ ڕاستیە

[1] – عبدالله ابراهيم و اخرون، معرفه الأخر، ص١٣٦.
[2] – ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل، جاك دریدا و هەڵوەشاندنەوە، ل٢١٦-٢١٧.

**فەلسەفیەکان، و هەمو فەلسەفەیەك کە دامەزراوە لەسەر بنەمای فەلسەفەیەکی تر دامەزراوەو لە بنەڕەتدا جۆرێکی تری سێنترالیزم بووە، و لە نێو گراماتۆلۆژیاشدا زمان لەسەر بنەمای جیاوازی کار دەکات نەك گەڕانەوە بۆ سەنتەرێکی دیاریکراو.**

**نووسین بەرهەمی گەشەسەندنی بیری مرۆڤایەتییە، هەر لەسەردەمەکانی زووەوە تا ئێستا، لەگەڵ گەشەسەندنی بیری مرۆڤایەتیدا زانستی نووسینیش گەشەسەندنی بەخۆیەوە بینیوە و یەکێکە لە هۆکارە هەرەگرنگەکانی تۆمارکردنی مێژوو و بیری مرۆڤایەتی.**

**جان جاك روسو لە دانپیانانەکانیدا (اعترافات روسو) ڕای وایە "نووسین زیادەیە (supplement)[*] و پێویست نییە، بەو پێیەی نووسین سیستەمی نیشانەکانە و بەهەڵە لێکدانەوە یان خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، بەڵام دریدا جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە نووسین تەواوکەری قسەکردنە و کەموکورتیەکانی پڕدەکاتەوە و نووسین دەرفەتی بۆ ئەوانیتر ڕەخساندووە کە وەکو خۆی بیناسن، یان وەك ئەوەی ناوی دەنێت (خودێکی ناوەکی)یە یان ئەو ڕاستییەی لە ئامادەبونیدا دەرناکەوێ تەنها لە ڕێگەی نیشانە نوسراوەکانەوە نەبێت"[١]، دریدا زاراوەی (supplement)ی بەکارهێنا بەمەبەستی وێنای پەیوەندی ناجێگیری دوانەی ئاخاوتن/نووسین، لای ڕۆسۆ "نووسین" تەنها زیادەیەکە بۆ "ئاخاوتن"، زیادەیەکی ناپێویستە و وشەی suppleer لە فەڕەنسیدا بەواتای گۆڕین دێت (شتێك بچێتە شوێن شتێکی تر)، بۆیە دریدا ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە نووسین زیادە نیە و شوێنی ئاخاوتن دەگرێتەوە)[٢]، هەروەها (دوانەی ئامادە/نائامادە، کە ناوەرۆکی ستراتیژی**

---

**[*]– supplement زیادە، هەندێك جار بەواتای پاشکۆ، پاشبەند وەردەگیرێت، یەکێکە لەو زاراوە و چەمکانە، دریدا بەگشتی کاری زۆریان لەسەردەکات، دریدا ئەم چەمکە لای ڕۆسۆ دەستگیر دەکات، لە میانەی ئەم چەمکەشەوە دەیەوێت بزاڤێکی سەرەکی نووسین دەستگیر بکات، ڕۆسۆ کاتێك ئەم چەمکەی بەکارهێنا، ویستی خۆی لە ناوەرۆکی میتافیزیکیانە بێنێتە دەرەوە، بۆیە (زاراوە–بزاڤ) دەخاتە ڕوو، کە بەشێك نیە لە دوالیزمی میتافیزیکایی، بەڵکو لەناو خۆیدا هەم کارێك و هەمیش دژەکەی لەخۆ دەگرێت، زیادە خۆی گریمانەی ئەوە دەکات کەشتێك ناتەواوە، دێت زیادی دەکات و تەواوی دەکات، لەم کاتەدا کە دێت شتەکە تەواو بکات، بۆی دەردەکەوێت تەواو نیە و ناتەواوە، بۆیە ئەم زیادەیە پێویستە، کەلێنێك و درزێك هەیە پێویستی بە پڕکردنەوەیە، لێرەدا ئەم چەمکە وەك زیادەیەك دێت کۆی گشتی شتەکە دادەپۆشێت و دەبێتە نوێنەری شتە ئەسڵیەکە، لەبری ئەوەی وەکو زیادەیەك تەماشا بکرێت. (جاك دریدا، دەرمانخانەی ئفلاتون، ل٢٥).**

**[١]– د. عبد العزيز حمودة، المرايا المقعرة، نحو نظرية نقدية عربية، مطابع الوطن– الكويت، ط١، ٢٠٠١، ص١٣٠.**

**[٢]– رامان سيلدن، النظرية الأدبية المعاصرة، ترجمة سعيد الغانمي، ص١٣٢.**

**هەڵوەشاندنەوەیە و دریداش بەهۆی خوێندنەوەی دانپێدانانی ڕۆسۆ و لە میانەی ئەو چەمکەدا، پەنای بردوەتە بەر پەیوەندی نێوان ئاخاوتن/نووسین، و (پاشبەند) و تەواوکەری supplement وەرگرت، کە دەڵێت کرداری suppleer لەزمانی فەڕەنسیدا ئاماژیە بۆ تەواوکاری و گۆڕین، واتای وایە (نووسین) تەواوکەری (ئاخاوتن)ە، لەهەمان کاتیشدا دەچێتە شوێنەکەی )[1] ، کەواتە ئەم نیشانە نوسراوانە تەواوکەر و پڕکەرەوەی کەموکورتیەکانی قسەکردنن (وتن)، کە مەبەستی دریدا لە بانگهێشتکردن بۆ نووسین پڕکردنەوەی ئەو کەموکورتیانەیە و لە پرۆسەی نووسیندا "جێکەوت بریتییە لەو بەها ستاتیکیەی هەمو دەقێك بەدوای دەکەوێت"[2] و مەبەستی هەمو دەقێکی ئەدەبیە و یەکێکە لە دەسکەوتە سەرەکیەکانی نووسین لە ڕێگەی کاریگەری زمان و دروست بەکارهێنانی. نووسین هۆکارێکە بۆ "گەیشتنی شاعیرەکان بە ڕاستیە نادیارەکان لە ڕێگای گەشتە هەمیشەییەکانی نێو زماندا، کە هەڵگری چەمکی نهێنی و شاراوەکانە و ڕێگە بەوتنی ئەو شتە دەدات کە ناوترێت"[3]. نووسین قسەکردن (وتن)ی تێپەڕاندووە، "تەنانەت پێش زمانیش دەکەوێت و خودی زمانیش دەبێت بەو وەچەیەی لە دەقەوە بەرهەمدێت"[4]. بەمپێیە زمان لە نووسینەوە بەرهەمدێت، چونکە "نیشانە زمانییەکان یەکێکن لەو هەڵبژاردانەی نووسین دروستیدەکات بۆ گوزارشتکردن لەوەی کە دەیەوێت"[5].**

**نووسین دێت (بۆئەوەی سەرجەم نادیاری و ئاڵۆزیەکان و دژیەکیەکان لەخۆ بگرێت کە واقیع دەینەخشێنێت(یزخر)، نووسین کرداری هاوسەنگی خوێندنەوەی بەرهەمهاتوی کرداری دەقە و لە هەڵوەشاندنەوەدا گرنگی خۆی وەرگرتووە و ڕۆڵی دیاریکراوی خۆی تێپەڕاندووە بۆ پڕکردنەوەی ئەو کەموکورتیانەی وتن (قسەکردن) جێیان دێڵێت، بە**

---

**[1]– د. بشير تاوريت، فلسفة النقد التفكيكي في الكتابات النقدية المعاصرة، عالم الكتب الحديث للنشر و التوزيع، ط١، ٢٠٠٨، ص٨٤.**

**[2]– عبدالله الغذامي، الخطيئة و التكفير، ص٥٠.**

**[3]– د. بشير تاوريت و ساميه راجح، التفكيكية في الخطاب النقدي المعاصر، ص٧٢.**

**[4]– عبدالله ابراهيم و اخرون، معرفة الأخر، ص١٣٣.**

**[5]– د. بشير تاوريت و ساميه راجح، التفكيكية في الخطاب النقدي المعاصر، ص٧٢.**

لێکۆڵینەوە لە واتاکان بە شێوەیەکی فراوان و سەربەستانە و هەوڵدان بۆ کرانەوە و فراوانبونی زیاتر تا گەیشتن بە ئاماژەکان و ئاشکراکردنیان)[١].

دریدا لەڕێگەی هەوڵە هەڵوەشاندنەوەییەکانیدا توانی بگاتە قوڵایی ئەو چەقەی عەقڵی ڕۆژئاوایی لەسەر دامەزراوە، کە بریتییە لە پشتبەستن بە قسەکردن و پشتگوێخستنی نووسین کە هەمیشە بە پاشکۆی قسەکردنیان داناوە. لەبەر ئەوەی کاتێك مرۆڤ قسە دەکات، ئەوا بونی خۆی دەسەلمێنێت، لە وشەی وتراودا دەزانین مەبەستمان چییە، ئەوەی مەبەستمانە دەیلێین، ئەوەی دەیلێین مەبەستمانە و دەزانین چی دەڵێین، ئەمەش لەگەڵ نووسیندا پێچەوانەیە و دژە، چونکە نوسەر بیرەکانی دادەڕێژێتە سەر کاغەز، لەخۆی جیا دەکاتەوە و دەیگوازێتەوە بۆ شتێك کە دەتوانرێت بخوێنرێتەوە و لەنێوان خوێنەرێك و خوێنەرێکی تردا بگوێزرێتەوە.

لە هەڵوەشاندنەوەدا ئاماژەکان فراوانتر دەبن و نووسین ئەو فراوانی و گەشەسەندنە دەستەبەر دەکات، چونکە دەق بەردەوام گەشە دەکات و ئاماژەی زیاتر لەخۆ دەگرێت و لە سایەی خوێنەرەوە سنوری ئەو دەسەڵاتە فراوان دەبێت، چونکە ئەوە خوێنەرە لێکدانەوە و تەئویلی جیاواز بۆ دەق دەکات و دەسەڵاتی لێکدانەوەی پێبەخشراوە و لەدوای نەمانی دەسەڵاتی نوسەر، دەسەڵاتی خوێنەر دەستەبەر دەبێت و دەق هەڵدەوەشێنێتەوە و واتا و مەدلولی جیاوازی پێدەبەخشێت و سەر لەنوێ دایدەڕێژێتەوە.خوێنەر تەنها بەکاربەرێکی سادە و ساکار نییە، بەڵکو جەمسەرێکی کاریگەری بەرهەمهێنانی دەقە و بەپێی توانا و لێهاتویی و پێشینە و باکگراوندی خۆی سەرلەنوێ خوێندنەوە بۆ دەق دەکات و دایدەڕێژێتەوە، ئەمانەش هەموی لە سایەی نووسیندا فەراهەم دەبێت.

گراماتۆلۆژیا هەوڵ دەدات لەبەرامبەر ئەو چەمکانەی وەك تاکە پێوەر بۆ ڕاستی خراونەتە ڕوو بۆستێتەوەو بەلایانەوە بنێت، گراماتۆلۆژیا لە سایەی ستراتیژیەتی هەڵوەشاندنەوەدا ڕوبەڕوی میتافیزیکاو ئایدیالیزم و چەمکی ئامادە دەبێتەوەو ئەو سەرچاوە هزری و فەلسەفیانەی وەکو تاکە سەرچاوەی ڕاستی خراونەتە ڕوو و پێشتر

---

[١]- سەرچاوەی پێشوو، ص٧٣.

**بڕیاریان لەسەر دراوە، هەڵدەوەشێنێتەوە. لە گراماتۆلۆژیادا واتا پەیوەستی نووسینە، واتە هەر لە سەرەتاوە نووسین شتێکی پێشکەشکردووە کە لەسەر بنەمای جیاوازی و بەردەوامی دەلالەتەکانە، ئاشکرایە کە بە جیاوازی دەلالەتەکانیش، واتاو چەمکی جیاواز بۆ ڕاستی بابەتەکان دێتە بوون، مەرج نیە شتێك ڕاست بوو، هەر بە ڕاستی بمێنێتەوە، بەڵکو دەشێت هەڵەبێت، لەبەر ئەوەی دەستنیشانکردنی چەمکی ڕاستی پەیوەستە بە کات و شوێنەوە، کە بە پێی بنەما هزری و ئاینی و کۆمەڵایەتیەکان گۆڕانی بەسەردا دێت و ئەوەی دەشێت لێرە ڕاست بێت، ڕەنگە لە شوێن و کاتێکی تردا هەڵە بێت.**

## ٥- دەقئاوێزان ( intertextuality )

دەقئاوێزان بووەتە بنەمایەکی گرنگی ناو دەق، چونکە بە شێوەیەکی گشتی دەق بەبێ دەقئاوێزان نابێت و لەڕێگەی دەقئاوێزانەوە توانست و ڕادەی وەرگرتن و داهێنانی نوسەری دووەم دەردەکەوێت، لەبەرئەمەش چەمکی دەقئاوێزان لە قۆناغی ڕەخنەی نوێدا بایەخ و گرنگییەکی تایبەتی بۆ دەق و سەرچاوەکانی پێکهێنانی دەق هەیە، چونکە دەقی ئەدەبی توانای فراوانکردنی لەنێو دەقی تردا هەیە، بەمەش هەموو دەقێك دەبێتە بەشێك لە پێکهێنانی دەقێکی تر، ئەمەش وادەکات هەموو دەقێك لە چوارچێوەی یەك واتادا داناخرێت، بەڵکو چەند واتایی بووەتە بنەمایەکی گرنگی دەق.

دەقئاوێزان لای دریدا، فرە خوێندنەوەی دەقە، کە لە واتای ونی خوێندنەوە misreading دەقێکی تازە لە لای خوێنەر دروست دەبێت، کەواتە دەق لە هەڵوەشاندنەوەدا یەك واتای نییە، بەڵکو زمانی جیاواز و ستراکچەرێکی ئاڵۆزی هەیە.

یەکێك لەکارە گرنگەکانی دەقئاوێزان دەرخستنی توانا و بەهێزی دەق و ئاستی ڕۆشنبیری و بەئەزمونی نوسەرە لەناو دەق و دیاریکردنی سەرچاوەی پێکهێنانە کە لەڕێگەی ئەم دیاریکردنەشەوە پێکهێنەرەکانی دەق و رادەی ڕۆڵ و پێگەیان و دەنگیان لەناو دەقە نوێکەدا دەردەکەوێت، بەگشتیش دەقئاوێزان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ و لەڕێگەی نەستەوە یان هەستێکی بەکاربردنەوە هاتووەتە ناو دەقی دووەم، ئەم هاتنە ناوەوەش بەگشتی هەموو لایەنەکانی (بیری، ئەدەبی، وێنەیی، ...تاد) دەگرێتەوە. لە دەقئاوێزاندا هەستپێکرا و تەنیا پەیوەندییەکی ڕووت نییە، چونکە ئامانجە لە خۆیدا و لە چەمکە جیاکارییەکەی جیا ناکرێتەوە و پەیوەندییە مادییەکەی بەدرکپێکراوەکانەوە بەو شێوەیەی کە هەیە نییە.

بە شێوەیەکی بنەڕەتی (هەموو ئەو پەیوەندیانەی کە دەبنە هۆی پەیوەستبوونی دەربڕینێك بە دەربڕینێکی تر پەیوەندی دەقئاوێزانییە، واتە دوو واژە، دوو دەربڕین، جۆرێك پەیوەندی دەلالی تایبەتییان هەیە کە ئێمە پێیان دەڵێین (پەیوەندی دیالۆگی))، واتە پەیوەندی دیالۆگی پەیوەندی دەلالیە لە نێوان هەموو دەربڕینەکاندا کە دەکەونە

بازنەی واژەکانەوە)[1]، کەواتە دەقئاوێزان "بەو پەیوەندییە دەگوترێت، کە دەقێك لەگەڵ چەند دەقێکی ئەدەبی تردا هەیەتی. جا ڕەنگە ئەو پەیوەندییە زۆر ئاشکرابێت و بەئاسانی هەستی پێبکرێت و بەسادەیی دەربکەوێت، یان لەوانەیە کەمێك تێڕامانی بوێت، تا دەگەیتەوە سەر ئەسڵەکەی و بیرت دەکەوێتەوە، جاری واش هەیە لەوانەیە ئەوەندە ئاڵۆزبێت، پاش تێڕامانێکی زۆریش خوێنەری وردی بوێت تا هەستی پێبکات، یان تەنانەت لەوانەیە پێویستی بەلێکدانەوە و شرۆڤەکردنیش هەبێت"[2].

جولیا کریستیڤا دەڵێت"هیچ دەقێك سەربەخۆ و دابڕاونییە لە دەقی تر"[3]، واتە هەموو دەقێك لە دەقی ترەوە شت وەردەگرێت، یان دەقی تر شتی لێوەردەگرن، لەگەڵ ئەوەشدا "دەقئاوێزان تەنها جوینەوە نییە، بەڵکو توانەوە و دیالۆگ و سەرلەنوێ داڕشتنەوەی ئەو دەقانەیە کە وەریان دەگرێت، بەڵام بەشێوازی جۆراوجۆر و واتای نوێوە"[4] و دەقئاوێزان "پرۆسەیەکی هەمە ڕوخسار و ناوەڕۆکە، بەو واتایەی بەشێك لە سیماکانی وەك وەرگرتن، ناوهێنان،ئاماژە،....هتد، لەناو دەقەکاندا دەبینرێت، هەندێکیشیان پەیوەندیان بە لایەنی ناوەرۆك و شاردنەوەی بیرۆکەکانە لە ناودەقەکاندا، لەم پێناوەشدا هەندێك جار دەق وردوخاش دەکرێت، بۆ ئەوەی سەر لەنوێ لە وێنای دەربڕینەکانیەوە دەقێکی تر بنیادبنرێتەوە"[5]، ئەمەش بنەمای هەڵوەشاندنەوەیە. چونکە هەڵوەشاندنەوە "بانگەوازی بۆ دەقئاوێزان دەکرد کە ڕۆبچنە ناو قوڵایی واتاوە، ئەمەیش لە ئەنجامدا خوێنەر بەرەو چەند ڕێگەی دەلالی دیکەی ناو دەقەکە ڕادەکێشێت بۆ توێژینەوە لە واتای دەقەکان تا دەقێکی تازەی لێ بەرهەمبێت، ئەم دەقە تازەیەش ئەنجامی کارلیککردنی چەند دەقێکی پێشووترە. هەڵوەشاندنەوە بەم شێوەیە لە ئەنجامی ئەو وتەیەی دەقئاوێزانەوە دەگاتە نهێنییەکانی

---

[1]-تزفيتان تودوروف، ضمن – المبدأ الحواري، ترجمة: فخري صالح، دار الشؤون الثقافية العامة،العراق – بغداد، ط١، ١٩٩٢، ص ٨٢ .

[2]– د. سامان جەلال عەزیز، دەقئاوێزانی خودی لە شیعرەکانی گۆراندا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B – زانستە مرۆڤایەتیەکان)، ژمارە (٥٩) کانونی دووەمی ٢٠١٩، ل١١٥.

[3] – د.ابراهيم مصطفى محمد الدهون، التناص في شعر ابي العلاء المعري، عالم الكتب الحديث، الاردن،٢٠٠٧، ص١٣.

[4]– د. شنۆ محەمەد مەحمود، دەق ئاوێزان لە شیعری نوێی کوردیدا بە نموونەی پیرەمێرد، گۆران، لەتیف هەڵمەت، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠١٢، ل٣٠.

[5]– ئاوارە فەرەیدون قادر، دەقئاوێزان لەشیعرەکانی (ئەنوەر قادر محمد)دا، نامەی ماجستێر، زانکۆی سلێمانی، حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، سکوڵی زمان، بەشی کوردی، ٢٠١١، ل ١٨–١٩.

نووسەر و تایبەتمەندیی داهێنانەکانی و ئەوەی کە نووسەر لە خوێنەری شاردبۆوە ئاشکرای دەکات"[١]. دەقئاوێزان لەسەر ئاستی قسە و دەربڕین و ئاستی ناوەکی و دەرەکی، ڕەهەندی زمانی جێدێڵت و سەرلەنوێ لێکدانەوەی جیاواز لەخۆ دەگرێت و چەمکی هەڵوەشاندنەوە وەردەگرێ.

لە ڕوانگەی (بارت)ەوە "دەقئاوێزان لە دوو جەمسەرەوە سەرچاوە دەگرێت، یەکەمیان جەمسەری ڕۆشنبیری نوسەر، کە دەقەکە بەرهەمدێنێت، جەمسەری دووەمیان خوێنەرە کە لە خەزنکردنیدا جیاوازە لە داهێنان، چونکە دەق بەشێوەیەکی تر بەرهەمدێنێت و لە ڕێگەی خوێندنەوە جیاوازەکانەوە دەق دەردەکەوێت، ئەویش لە ئەنجامی جیاوازی جەمسەری فکری هەریەکە لە خوێنەرەکان"[٢]، کە هەریەکەیان بەپێی ئاستە ڕۆشنبیری و باکگراوندە هزریەکەی خوێندنەوەی بۆ دەق دەکات.

لای (جولیا کریستیڤا) "شێوەکانی دەقئاوێزان لە دوو ئاستدا کۆ دەبێتەوە، ئاستێکیان بە شێوەیەکی لەخۆوەیەو بەبێ مەبەستە، کە تیایدا گوتاری نائامادە، دزە دەکاتە نێو گوتاری ئێستاوە بەبێ ئاگایی، ئاستی دووەمیان بە ئاگایی و مەبەستە و ئاماژە دەکات بە داڕشتنی گوتاری ئێستا بۆ دەقێکی تر، بە شێوەیەکی تەواو دیاریدەکات، تا دەگاتە پلەی دەقئاوێزانی"[٣] و بەمشێوەیە دەقئاوێزان بە دوو شێوە دێتە بوون، کە یەکێکیان لە ئاگاییەوە سەرچاوە دەگرێت و بەمەبەستە، ئەوی تریان لە بێئاگاییەوەیە و بێ مەبەستە. کەواتە "دەقئاوێزان زاراوەیەکی بەرگ ئاسایە، بۆ هەموو ئەو پەیوەندییە شیاوانەی لە نێوان دەقەکاندا بنیاتدەنرێت، پەیوەندیەکان لەوانەیە بنیاتنرابێت لەڕێی هەریەکێ لە وەرگرتن لە سەرچاوەکانەوە بە ڕاستەوخۆ، یان ئاماژەی ناڕاستەوخۆ، هەتا وشەی نەریتی باوو دیار، تا دەگاتە دەنگەکانیش لە پشت بەستن بە خودی زماندا،کاریگەری ئاکامەکانی ئەو

---

[١] – د. شنۆ محەمەد مەحمود، دەق ئاوێزان لە شیعری نوێی کوردیدا بە نموونەی پیرەمێرد، گۆران، لەتیف هەڵمەت، ل٧١.

[٢] – عبدالباسط مراشده، التناص فی الشعر العربی الحدیث، اطروحة دکتورا، جامعة الاردنیة، عمان، ٢٠٠٠، ص١٦.

[٣] – محمد عزام، النص الغائب(تجلیات التناص فی الشعر العربی)، منشورات اتحاد کتاب العرب،دمشق، ٢٠٠١، ص٣٨.

پەیوەندیانەش درێژ دەبنەوە بەرەو پشتگیری و گونجان و تەبابوون، تا ڕەتکردنەوەی دەقێك، یان هەوڵدان بۆ شێواندن و گاڵتە پێکردنی ئەوی تر"[1].

دەقئاوێزان کارێکی هەڵوەشاندنەوەییەو دەتوانێت بەهۆی پێوەرەکان دەقێك هەڵبوەشێتەوە بۆ چەند دەقێکی تر، دواتر پەیوەندیەکانی نێوان خودی نوسەر وخوێنەر و دەق بدۆزێتەوە، هەر دەقێك گەر بێت و بەوردی لە ڕوانگەی دەقئاوێزانەوە سەیریکەین و تێی بڕوانین، "ئەوە بەدیدەکەین کە دەقێك یان چەند دەقێك بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ بێت یان ناڕاستەوخۆ، خزاونەتە نێو دەقەکەوە و لەگەڵ دەقەکەدا کارلێکیان کردووە و بوونەتە بەشێك لە دەقەکە و پارچەیەکی سەربەخۆیان پێکهێناوە، هەر بۆیە دەکرێت بڵێین دەقئاوێزان کەرنەڤاڵی دەقەکانە لەنێو دەقێکدا"[2]، لەبەر ئەوە هەڵوەشاندنەوە "بازنەی دەقئاوێزان فراوان دەکات بەوەی خوێنەر بەرهەمهێنەری دەقە. دەقی نوێ بریتییە لە کارلێککردنی دەقەکان و خوێندنەوەی دەقەکانی پێشوو لە ڕێگای یاریکردن بە مەدلولات و ونکردنی واتا، هەروەها داهێنان بە دیاریکردنی ڕاستەوخۆی ڕاپۆرت ئاسا لە واتادا نابێت، بەڵکو دەقی ئەدەبی هەمیشەیە و دەمێنێتەوە و خۆی لە بەدەستەوەدان و بەربەست دەپارێزێت، هەرچەندە بەهێزیش بێت، چونکە ئەو دەقە نوێنەری ڕابردوو و ئێستایە و چاودێری داهاتوویش دەکات، هەموو ئەمانەش بە کرداری خوێندنەوە دەبێت"[3].

دەقئاوێزان دەبێتە باسێکی ئێستایی، ئیتر گرنگ نییە دەقەکانی ڕابردو هاتبنە ناو ئەم دەقەی ئێستا، بەو واتایەی ئەم دەقە سەر بە یەکێك لە دەقە کۆنەکان بێت، بەڵام ئەوە گرنگە بزانرێت چۆن ڕۆڵی نوێی پێبەخشراوە لە چوارچێوەی دەقی ئێستادا، یان پەرچە کرداری خوێنەر چییە لە بەرامبەر ئەم دەستێوەردانەی دەقی تر لە بنیادی دەقیدا، واتە دەقئاوێزان تەنها دەقی ئێستا زیندو ڕاناگرێت، بەڵکو دەقی نائامادە و کۆنیش بە بەرزی دەهێڵێتەوە.

---

[1]- سامان جەلال عەزیز، دەقئاوێزانی شیعری گۆران لە شیعری (هەردی، دیلان، ع.ح.ب، کامەران) دا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، سکوڵی زمان، بەشی کوردی، ٢٠١٤، ل١٧.

[2]- ئاوارە فەرەیدون قادر، دەقئاوێزان لەشیعرەکانی (ئەنوەر قادر محمد)دا، ل ٢٤.

[3]- د. شنۆ محەمەد مەحمود، دەق ئاوێزان لە شیعری نوێی کوردیدا بە نموونەی پیرەمێرد، گۆران، لەتیف هەڵمەت، ل٧٠.

لای بارت: " دەقئاوێزان ئاڵوویری دەقەکان و ئەوەی کە لەخۆیان گرتوە لە چوارچێوەی فەزای دەقەکاندا، یان ئەوەی لە دەوریان دەسوڕێتەوە، بەڵام دواجار یەکدەگرن، بۆیە هەموو دەقێك دەقئاوێزانە"[1] هەروەها "دەقئاوێزان قەدەری هەموو دەقێکە ئیتر هەر ڕەگەزێك بێت، کورت ناکرێتەوە بۆ مەسەلەی سەرچاوە یان کاریگەری"[2]. یاخود دەڵێت "ئاڵوگۆڕی دەقەکان، هاتوچۆی پارچەی دەقەکانە لە فەزای دەقدا کە بەناوەند دادەنرێت و لە کۆتایشدا لەگەڵیدا یەکدەگرێت، ئەویش ڕێگایەکە لە ڕێگاکانی هەڵوەشاندنەوە و بنیاتنان، واتە هەموو دەقێك دەقئاوێزانە، دەقەکانی تریش بە ئاستی جۆربەجۆر تیا دەبینرێن، شێوەی تێگەیشتنیش ئاساییەو دەقە ڕۆشنبیرییەکانی کۆن و نوێی تیا دەناسرێتەوە"[3]، بەم پێیە هەموو دەقێك چنراوێکی نوێیە، بە بەڵگە هێنانەوەو تێڕوانینەکانی ڕابردوو.

دەقئاوێزان دژی لەقاڵبدانی دەقە و"بیری دەقئاوێزان بەرپەرچی هەموو داخستنێك دەداتەوە بەڕووی دەقدا، لەبەر ئەوەی لەسەر هەموو دەقێکە وادەربکەوێت کە کارکردنە لە دەقەکانی رابردودا"[4]، هەروەها "واتای دەق لەناو دەقدا تەواو نابێت و خوێنەر بەرهەمی دەهێنێت نەك تەنها لە ڕێگەی ئەو پەیوەندیانەی کە لەناو دەقدا هەن بەڵکو لەڕێگەی ئەو تۆڕە ئاڵۆزەی کە لەنێوان دەقەکانی ترو پرۆسەی خوێندنەوەدا هەیە"[5]، و لە دەقئاوێزاندا، "(دەق) کۆمەڵێك دەقی تری لەخۆ گرتووە، پرۆسەی لابردن و جێگیرکردن و زیادکردنی بەسەردا جێگیردەکات تاکو بەپێی بیر و تێڕوانین و بۆچونی

---

[1] – محمد عزام، النص الغائب(تجليات التناص فى الشعر العربى)، ص١٣٥.

[2] – رولان بارت، ضمن – نظرية النص، (دراسات فى النص و التناصية)، ترجمة محمد خير البقاعى، مركز الانماء الحضارى، حلب، ١٩٩٨، ص٣٨.

[3] – رولان بارت، ضمن – افاق التناصية، المفهوم و المنضور، ترجمة وتقديم د.محمد خير البقاعى، الهيئة المصرية العامة للكتاب ،١٩٨٨، ص٤٢.

[4] – مارك انجينو، ضمن – افاق التناصية، ص٧٥.

[5] -Griffig‹ Thomas. Intertextualität in linguistischen Fachaufsätzen des Englischen und Deutschen (Intertextuality in English and German Linguistic Research Articles). Frankfurt a.M. et al.: Lang‹ 2006 .

هونەری بیگونجێنێت، بەشێوەیەك شایستەی خوێندنەوە و لێكۆڵینەوە بێت و بانگهێشتی تواناو ئاستی ڕۆشنبیری و سەردەمیانەی خوێنەر بكات بۆ زانین و تێگەیشتنی باكگراوندی دەقە نوێكە و ئەو ئاماژانەی دەیبەخشێت"[1].

هەڵوەشاندنەوە ستراتیژێكی ڕەخنەیی فراوان و گشتگیرە و سەرلەنوێ خوێندنەوەی تێكستە ئەدەبی و فەلسەفی و ڕۆشنبیریەكانە، كە ڕووبەڕوی پرۆسەیەكی چڕوپڕ و پڕ ململانێ دەبنەوە، لە ئەنجامی دەقئاوێزانیان لەگەڵ دەقێك یان دەقەكانی تردا، و دەقئاوێزان پرەنسیپێكە لە پرەنسیپەكانی هەڵوەشاندنەوە و بەجۆرێك لە جۆرەكان ڕەتكردنەوەی ڕۆڵی نوسەرە، هەروەك ڕۆلان بارت ڕایگەیاندووە، لەبەر ئەوەی "بەپێی چەمكی دەقئاوێزان تەنها خودی شاعیر خۆی خاوەنی دەق نییە، بەڵكو كۆی كەلتوری مرۆڤایەتی بەشدارە بەشێوەی جیاواز، دەق تا كنە و پشكینی بۆ بكەیت واتای زیاتر دەدات بەدەستەوە، لە هەمان كاتیشدا باكگراوندی ڕۆشنبیری خوێنەر دەق زیاتر دەوڵەمەند دەكات"[2]، چونكە (دەق پێكهاتەی نووسینی جۆربەجۆرە و لە ڕۆشنبیری جیاوازەوە سەرچاوەی گرتووە و لەگەڵ یەكتریدا ئاوێتەی دیالۆگ دەبن و هاوشێوە و دژ دەوستنەوە)[3]، بەم پێیە (هەڵوەشاندنەوە میتۆدێكی ڕەخنەیی گشتییە، هەوڵی دووبارە خوێندنەوەی دەقە فەلسەفی و زانستی-زانیاری (معرفي) و ڕۆشنبیری و داهێنانە جۆراوجۆرەكان دەدات، ئەم دەقانە بە چەند پرۆسەیەكی ئاڵۆزی دەرئەنجامی پەیوەندی دەقە دەقئاوێزانبووەكان (المتناصة) لەگەڵ یەكتریدا تێدەپەڕن)[4].

دریدا لە ڕێگەی دەقئاوێزانەوە (سنور لە نێوان دەق و دەقێكی تردا، كە لەسەر پرەنسیپی وەرگرتن (اقتباس) و بەیەكدا چون و هاتنە ناوەوەی

[1]- ئاوارە فەرەیدون قادر، دەقئاویزان لەشیعرەكانی (ئەنوەر قادر محمد)دا، ل ٣٨.

[2]- پ.ی.د. عەلی طاهر حسین، دەقئاویزان لە شیعرەكانی شێركۆ بێكەس دا، گۆڤاری زانكۆی سلێمانی، بەشی (B – زانستە مرۆڤایەتیەكان)، ژمارە (٥٩) كانونی دووەمی ٢٠١٩، ل٢٠.

[3]- فاضل ثامر، اللغة الثانية، ص١٣٠.

[4]- د. عماد حسين محمد، بئار النص، ص٦٠.

دەقەکان دامەزراوە، ناهێڵێت، لەبەر ئەوەی هەر دەقێك یان بەشێك لە دەقێك هەمیشە ئامادەیە و شیاوی گۆڕین و گواستنەوەیە بۆ سیاقێکی تر لە کات و زەمەنێکی تردا، هەموو دەقێکی ئەدەبی پوختە و پێکهاتەی کۆمەڵێك وشەیە، ئەم وشانەش پێشتر لە دەقی تردا بوون، هەرچۆن شیاوی گواستنەوەن بۆ دەقی تریش، بەم شێوەیەش هەڵگری مێژووی کۆن و بەدەستهێنراوە، ئالێرەوە هەڵوەشاندنەوە هات تاوەکو جەخت لە بەها و گرنگی دەق بکاتەوە، هەر چۆن دریدا دەڵێت هیچ شتێك لە دەرەوەی دەقدا بوونی نییە، لەبەر ئەوەی هیچ شتێك لە دەرەوەی دەقدا نییە، ئەوا هەڵوەشاندنەوە کار لە ناوەوەی دەقدا دەکات و بە دوای جێکەوتدا دەگەڕێت)[1].

دەقئاوێزان گەڕانە بەدوای واتای (نائامادە)دا، لە ڕێگەی تایبەتمەندییەکانی زمان و زەمینەی جیاوازەوە پێکدێت، و دریدا ( وا دەڕوانێتە دەقەکان، کە پێویستی و پێکهاتەی زیاد لە گوتاری تاکەکەسییە، واتە لەناو دەقەکاندا (خود) بەدوای دایەلۆگی خودەکانی تردا دەگەڕێت، و لە هەمان کاتیشدا بەرهەمهێنی خوێندنەوەی جیاوازە)[2]، هەر بۆیە "خوێنەرانی هەڵوەشاندنەوە بەدوای دەقئاوێزانی دەقەکاندا دەگەڕێن و دەچنە قوڵایی و واتا و خوێنەریش لەناو دەقدا بەرەو ئاستەکانی دەلالی دەبات، بەمجۆرە چەمکی دەقئاوێزان لای ڕەخنەگرانی هەڵوەشاندنەوە، چەمکێکە دژی (دەقێتی) لە بونیادگەریدا، کە دەقی ئەدەبی بەلایانەوە دەقێکی داخراوە یان نەسەقێکی کۆتاییە و شیکردنەوە و ڕاڤەکردنیشی دەکەوێتە ئەستۆی پەیوەندیەکان و یەکەکانی ناوەوە، کە پێی دەوترێت نەسەقی بچوك (دەق)، بەڵام دەقئاوێزان دژی ئەم حاڵەتەیەو دەقیش لایان پێکهاتەیەکی داخراوو کۆتایی نییە، بەڵکو هەڵگری جێکەوتی دەقەکانی پێشووترە، یان بە دەربڕینێکی تر هەڵگری جۆری ڕۆشنبیرییە"[3] ، واتە واتای بەرهەمهاتوو واتایەکی ئامادە و ڕاستەوخۆ نییە، بەڵکو لە ڕێگەی دالەکانەوە بنیاتی نوێ

---

[1]- د. أحمد عبدالحليم عطية، ما بعد الحداثة والتفكيك، ص٢٠٧-٢٠٨.

[2]- د. بشير تاوريت، التفكيكية في الخطاب النقدي المعاصر، دار رسلان للطباعة والنشر والتوزيع، سوريا، دمشق، ط١، ٢٠٠٨،ص٦٤.

[3]- پ ی.د. عبدالقادر حمه امين محمد، بنەماکانی هەڵوەشاندنەوە، ل٤٢.

و مەدلولی جیاواز لەناو دەقدا پێکدێت، بەمجۆرە دەقئاوێزان دەق بەرەو دەلالەتی نویێ دەبات و بەرهەمهێنانی دەلالەتیش پەیوەستە بە زەمینەی مێژوویی و ڕۆشنبیری خوێنەرەوە. داهێنان لە ڕێگەی واتای ڕاستەوخۆوە نایەتە بەرهەم، بەڵکو لە نائامادەیی واتاوە دێتەدی، و فراوانبوونی بازنەی دەقئاوێزانیش پەیوەستە بە خوێنەرەوە، کە بەبەرهەمهێنەری دەق دادەنرێت، و لای هەڵوەشاندنەوەگەرانیش دەق گەمەی دالەکان و بەیەکداچونی دەقەکانە، و دژی ئامادەیی ڕاستەخۆی واتان و داهێنان لە ناڕاستەخۆیی واتادا دەبیننەوە.

# بەشی سێیەم

**شیکردنەوە و پراکتیزەکردنی دەق بە پێی بنەماکانی هەڵوەشاندنەوە**

- دەقی ( حەزێکی شێت )ی فەرەیدون عەبدول بەرزنجی
- دەقی ( تەلیسم )ی ئەنوەر قادر جاف
- دەقی ( تاقە شایەت )ی شێرکۆ بێکەس
- دەقی ( هیوا )ی عەبدوڵا پەشێو

## شیکردنەوە و پراکتیزەکردنی دەق بە پێی بنەماکانی هەڵوەشاندنەوە:

جاك دریدا کار دەکات لەسەر هەڵوەشاندنەوەی چەمکی گشتگیری و هارمۆنی لە بواری ڕۆشنبیریدا، بە تایبەتیش لە بواری شیکردنەوەی دەقە ئەدەبی و فەلسەفیەکاندا. لەم چوارچێوەیەدا دریدا دەڵێت: "من مامەڵە لەگەڵ دەقدا ناکەم، هەر دەقێك بێت وەك کۆمەڵەیەکی هاوچەشن، هیچ کات لە دەقدا هاوچەشنی نیە، لە هەموو دەقێکدا، تەنانەت لە دەقە میتافیزیکیە زۆر تەقلیدیەکاندا هێزی کار هەیە، کە لە هەمان کاتدا خودی خۆی هێزی هەڵوەشاندنەوەی دەقەکەیە. هەمیشە توانای ئەوە هەیە لە خودی دەقێکی توێژینەوە لەسەر کراودا ئەوە بدۆزرێتەوە کە یارمەتیدەرە بۆ لێپرسینەوە لە دەقەکە و وایلێدەکات بە خودی خۆی هەڵبوەشێنرێتەوە"[1].

دریدا هاتووە بۆ هەڵوەشاندنەوەی بیری گونجان، دەقەکە بە بەردەوامی دەگۆڕێت بۆ دونیایەکی نەگونجان و ململانێی ناوخۆی و خودی، لەبەرئەوە دەقەکە دەکەوێتە ململانێ لەگەڵ خودی خۆیدا لە ڕێگەی ئامرازەکانی هەڵوەشاندنەوە و پەرتبون، و دۆزینەوەی شوێنی دژیەکی و جیاوازی و ناکۆکیەکان، دریدا پشت دەبەستێت بە ئامرازی هەڵوەشاندنەوە لە هەڵوەشاندنەوەی دەقەکان و شیکردنەوەی گوتارەکاندا، جا ئەو دەقە ئەدەبی بێت یاخود فەلسەفی، ئەوەی بەلای دریداوە گرنگە لەو خوێندنەوانەی کە هەوڵیدا بیانکات "ڕەخنە نەبووە لە دەرەوە، بەڵکو جێگیری و بەبابەتیکردن بووە لە بونیادە نەگونجاوە ناهارمۆنیەکەی دەقەکەدا، و گەشتنە بە دژیەکیە ناوەکیەکان، (دەق)ی لە خودی (دەق)ەکەوە دەخوێندەوە، و بەخودی (دەق)یش دەقەکەی هەڵدەوەشاندەوە، ئەمەش واتای ئەوە نیە کە دریدا شوێن جوڵانەوەیەکی سەرچاوەیی – خودی کەوتبێت، جوڵەی دەقەکە تەنها بۆ خودی خۆی دەگەڕێتەوە، هەروەها لە دەقەکەدا چەندین هێزی جۆراوجۆر هەن کە دێن بۆ هەلوەشاندنەوە و بەش بەش کردنی دەقەکە"[2]، ئەوەش واتای ئەوەیە کە دریدا لەگەڵ دەرەوەی دەقدا نیە و لە ناو دەقەکە یان گوتارەکەدا دەگیرسێتەوە بەمەبەستی پەیڕەوکردنی گەمەی تێکدان و هەڵوەشاندنەوە و لێکترازان، سەرەڕای تێکشکاندنی تابۆ بۆماوەکان، و ڕەخنەگرتن لە وتەزا سەرەکیە باوەکان لە ڕۆشنبیری ڕۆژئاوادا، و خستنە ڕووی وەهمە ئایدۆلۆژیەکان، بە تایبەتی ئایدۆلۆژیای باڵادەست و دامەزراوەکان، کە بە دوای خۆیدا پێکهاتن و سەرلە نوێ بونیادنانەوەی واتای پۆزەتیڤ دەهێنێت.

---

[1]– جاك دریدا، الكتابة و الاءختلاف، ص٤٩.

[2]– سەرچاوەی پێشوو، ص٤٧.

جاك دريدا بەو جۆرە هەڵوەشاندنەوە دەناسێنێت کە بڕوای بەتاکە زمانێك نیە، واتە بڕوای بە چەند زمانێك هەیە لە ڕێگەی ئامرازەکانی جیاوازی و دژ یەکی و گفتوگۆ و ڕووخاندن و دەقئاوێزانەوە، ئەمەش واتای زۆر توند بوونە لەسەر فرەیی لە زمان و دەلالەت و ڕۆشنبیریدا. دەکرێت بوترێت هەڵوەشاندنەوەی جاك دریدا هەڵوەشاندنەوەیەکی فرەیی جیاوازیە، و باوەڕی بە تاکە لۆژیکێك و هارمۆنی و گشتگیری و ڕەگەز و تایبەتمەندی نیە، تا هەنوکە هەرچی سەبارەت بە زمان، دەق، نووسەر، خوێنەر، ڕۆڵی مێژوو، شیکردنەوەی دەق، جۆرەکانی نووسین و ڕەخنە نوسراوە، هەڵوەشاندنەوە گومان لە هەمووی دەکات.

ئەو واتایەی شاعیر بە دوایدا دەگەڕێت "کۆمەڵێ واتاو یاسای لاوەکی تر لە خۆ دەگرێت"[1] و ئەرکی خوێنەرە بەدوای ئەو واتایانەدا بگەڕێت و بەدییانبکات و ئاشکرایانکات. لەکاتێکدا هەریەکە لە خوێنەر و هەڵوەشاندنەوە "لە گرنگترین پرەنسیپەکانیاندا لە خاڵێکدا بەیەك دەگەن، ئەویش ڕەتکردنەوەی دەق و مەبەستێتی نوسەرە"[2]، و دەبینین هەردوکیان جەخت دەخەنە سەر وەرگر، بەتایبەتی هەڵوەشاندنەوە کار لەسەر خوێنەر دەکات و واتا لە وەرگردا چڕدەکاتەوە، "زیادە ڕەوی ناکەین ئەگەر بڵێین، گرنگترین ڕۆڵ لە ستراتیژی هەڵوەشاندنەوەدا ڕۆڵی خوێنەرە نەك نوسەر، یان نیشانە، یان نەسەق، یان زمان، تەنها خوێنەرە واتا لەلای ڕوودەدات و لەبارەیەوە دەدوێ، بەبێ ڕۆڵی خوێنەر دەق یان نیشانە یان نوسەر بونیان نییە"[3]. ئەمەش ئەو پێگەیەیە کە هەڵوەشاندنەوە بە خوێنەری بەخشیوە لە خوێندنەوەی دەق و بەرهەمهێنانی واتادا.

ڕەخنەگری هەڵوەشاندنەوە، نایەوێ واتای دەق لێکبداتەوە، دەیەوێ ئەوە بسەلمێنێ کە دەق واتایەکی دیاریکراوی نییە، یان هێندەی ژمارەی خوێنەرانی واتای هەیە و هەوڵدەدا دەقەکە لە گەشەسەندنی بەردەوامدا بێت و واتای نوێ بەرهەمبهێنێ.

---

[1] – ولیم راي، المعنی الادبی، من الظاهراتیه الي التفکیکیة، ترجمة یوئیل یوسف عزیز، دار المأمون، ١٩٨٧، ص١٠٦.

[2] – د. عبدالعزیز حمودة، المرایا المحدبة من البنیویة الی التفکیك، ص ٣٢١.

[3] – سەرچاوەی پێشوو، ص ٣٢١.

**دەقی (حەزێکی شێت)ی فەرەیدون عەبدول بەرزنجی**

دەقی (حەزێکی شێت) ئەگەرچی کۆی دەقەکە کارکردنە لەسەر پەیوەستبوونی نەستی شاعیر و دەیەوێت ئەو کاردانەوەیەی کە خۆشەویستەکەی لەسەر شاعیر دروستیکردووە بیناسێنێت، ئەم ناسینە وردەش دوای بەجێهێشتنی شاعیرە ئیدی کاتی بێت یان هەمیشەیی، واتە کردەی بەجێهیشتن کردەی کارای کارلێکی دەرونی شاعیرە تاوەکو ئازارەکانی ناخمان پێبناسێنێت، هەربۆیە ئەم دابڕانە وادەکات، شاعیر چەندێك لەناو خەڵکیدابێت، ئەوەندەی دووری یار تەنهایە و ئەم تەنهاییەش هۆکاری ئەو حەزەیە کە شاعیر هەیەتی و لەسەری بەردەوام دەبێت، بۆیە ئەم پرۆسەیە کارێکی بەردەوامە، هەر لەبەر ئەمەش فرمێسك لەناو شیعردا بەردەوام بوونی دەبێت، لە ڕاستیدا حەزی شێت واتە حەزێك بەدەر لە ئیرادە و خواستی کۆمەڵایەتی، یان پێوەرە کۆمەڵایەتیەکان، چونکە شێت یاخود شێتی لادانە لە تەواوی پێوەرە لۆژیکی و یاساییەکان، واتە هیچ بەرپرسیاری و لێپرسینەوەیەکی نییە، ناشکرێ شاعیر ئەم شێتیەی لەخۆوە هێنابێت، کەواتە خۆشەویستی و حەزی شاعیر یەکلایەنە و لە ناخدایە و توانای ئاشکراکردنی نییە، چونکە شاعیر خۆی دەزانێت ئەم حەزە نالۆژیکیە و ناکرێت نەئاشکرا بکرێ و نە دوای بکەویت، لەبەرامبەر ڕازیبوون بەمە فرمێسکی شیعری هەڵبژاردووە و حەزەکەشی لەناو کۆش و سنگی وشەدا دەهێڵێتەوە، فەزای شیعرەکە فەزایەکی ڕۆمانسییە و هێزی خۆشەویستی باڵی بەسەردا کێشاوە، بۆیە چەقی سەرەکی ڕوداوەکان، یان شوێن و پانتایی ڕوداوەکان، ناخ و دڵی شاعیرە و دەیەوێت لەڕێگەی هەستەکانەوە ئەو فەزایەمان بۆ دەربخات، ئەم بەرز ڕاگرتن و پیرۆزکردنەی بەرامبەر، یان خۆشەویستەکەی لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە عاشقی یار بووە و ئامادەیە وەك پەروانە بەدەوری ئەو چرایەی کە هیوای پێبەخشیوە بسوڕێتەوە و لەپێناویدا بسوتێت، کەواتە هێزی جەستەی بریتیە لە خۆشەویستی و بەبێ ئەو ژیان و بوونی هیچ واتا و بایەخێکی نییە، بۆیە لەپێناو زیندو هێشتنەوەی ڕۆح و بەرز ڕاگرتنی عەشق، ئامادەی هەموو قوربانیدانێکە.

## حەزێکی شێت

که جێم دێڵی

هەموو شتێ

نیشانەیە بۆ تەنیایی..

من ئەزانم چیرۆکی ئەم حەزە شێتە

فلیمێکە بێ کۆتایی

بۆیە ئەبێ

فرمێسك لە چاوی هەڵبەستما

شتێك بێ زۆر زۆر ئاسایی..

*        *        *

ئەی ئەو کەسەی

لەناو دڵما گەورە ئەبی و

تاجی وڵاتی شیعری من

لەسەر ئەکەی

بە عەشقی تۆ بۆ نەسووتێم

چی لە عەشقت پیرۆزترە؟ ..

تۆ نازانی بەنیگای ئەو جووتە چاوەی

لە ئەستێرەی ئاسمان ئەچن

پەپوولەی گیانی مردووی من

بۆ کوێ ئەبەی ؟ ..

کە نیگا ئەگۆڕینەوە

چەپکێ خەمی

سەوزو شیرین گەورە ئەبێ

دەچاوەکانت دا مەخە

دا یان مەخە

ئەی فێر نەبووی

چۆن لە خەمی شاعیر بگەی ؟ ..

*       *       *

تۆ ئەی خورپەی دڵی شێتم

خۆشەویستیت . . ،

خەمێکی هێجگار گەورەیەو

خۆشم ئەوێ

لەدڵما جێ ی نابێتەوە . .

ئەترسم دڵم بتەقێ

ئەوسا حەزم هەموو دنیا ئەگرێتەوە . .

ئەوسا گڕی حەزێکی شێت

هەموو گیانم ئەسووتێنێ

ئیتر کێ شیعرت بۆ بڵێ ؟ . .

کێ بگری بۆ

نیگای چاوت ؟ . .

کێ بێ خەمت لە گەڵ بەشکاو

بتوێتەوە

لە گەڵ دەربڕینی ناوت ؟ . .[1]

فەرەیدون عەبدول بەرزنجی ٨ی حوزەیرانی ١٩٧٩

شاعیر دەیەوێت بڵێت هێزی کاریگەری و کاردانەوە لای شاعیر چاوی یارە، بۆیە بەردەوام داوای سەیرکردن و گۆڕینەوەی نیگای لێدەکات، ئەم سەیرکردنە دروستکردنی پردی ڕۆحی نێوان شاعیر و یار و گواستنەوەی خەمی ناخی شاعیرە بەخۆشەویستی و خۆشی و ژیاندۆستی، هەربۆیە چاو داخستن، واتە سەرەتایەکی نوێی دەستپێکردنەوەی خەمی شاعیر، بۆیە بە خۆشەویستەکەی دەڵێ ئەگەر ئەتەوێ خەم نەخۆم، کەواتە

---

[1] – دیوانی فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل٢١.

بەبەردەوامی سەیرمبکە، ئەم خۆشەویستییەی شاعیر لە دڵیدا هەڵیگرتووە بەردەوام گەورە دەبێ، بەشێوازێك شێتی ئەم حەزە بووە و بووەتە خەمی سەرەکی و بیرکردنەوەی ڕۆژانە، بۆیە ئەم دابڕان و دووریە وادەکات ڕادەی خۆشەویستیەکەی زیاتر بکات و گەورەتربێت، ئەو ساتانەشی ئەم خۆشەویستییە دەردەبڕێ، هەموو دنیا پێی دەزانێ، دواجار دەگاتە ئەوەی ئەگەر ئەم دڵە، کە عەشق بە پیرۆز دەزانێ و بەردەوام لە جۆشدایە بۆی، دابڕێت و ئەم عیشقەی تیا نەمێنێت، ئیدی شتێك لای شاعیر نامێنێت بەمانای دەربڕینی هەست و سۆز، نوسینی شیعر، گریانی عەشق ... تاد، بەمانایەکی تر هەموو ئەمانە بەشێکن لەو عەشقە ڕاستەقینە و پیرۆزەی کە شاعیر ناوی لێناوە و خاسیەت و تایبەتمەندی ئەم پیرۆزیەش لەو دابەشکردنەدایە، ئەگەرنا هەرچی پێشتر وتویەتی جگە لە دەربڕینێکی شاعیرانە لەپێناو شیعرێکدا هیچی تر نییە، دەق بەگشتی فەزایەکی دروستکردووە، تێیدا دوو کارەکتەری سەرەکی ڕۆڵی دیار دەگێڕێت، بەشێوازێك هەریەکەیان بووەتە نیشانە و مەدلول بۆ چینێکی دیاریکراو، بەو مانایەی ئاماژە بەو دڵخوازی و قوربانیدانە شاراوەیە دەکات، کە لە دڵی شاعیردا هەڵگیراوە و بووەتە گڕ و خستنەگەڕی وێنە و زمانی شاعیر، بەمەش ململانێ و جوڵەیەکی خستۆتە نێوان زمان و وێنەی شیعرەکەوە، لە بەرامبەریشدا هێزی شیعرەکە بریتیە لەو خۆشەویستیەی کەلای شاعیر بوونی هەیە، ئەگەر چی وەك دەرکەوتن، جوڵەیەکی بەهێزی نییە، بەڵام لە ڕوی واتا و مەدلول و وێنە و هێزی شیعریەوە، هیچی کەمتر نیە لە کەسی یەکەم، چونکە بووەتە هێزی پارسەنگی پاراستنی واتا و مەدلولی دەقەکە.

دەقی (حەزێکی شێت)ی فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، شیعری جێکەوت و تایبەتمەندیەکانی لەخۆ دەگرێت، خوێندنەوەیەکە تایبەت بە جێکەوت، کە لەسەر بنەمای جێکەوتی ڕەگەزەکانی تری دەق لە کۆنتێکستەکەدا پێکدێت و بە گەمەی جیاوازیەکاندا تێدەپەڕێ و بوار بۆ کەلێنەکانی دەق دەکاتەوە لە نێوان ڕەگەزەکانی زماندا، لێکۆڵینەوەکەمان سێ تەوەر لەخۆ دەگرێت، کە بریتین لە: تەوەری یەکەم/جێکەوتی خودی، تەوەری دووەم/دووبارەبوونەوە، تەوەری سێیەم/ لەدایکبوونی واتا یاخود بەدوادا هاتنی واتا.

جێکەوتی خودی مەبەست لە سەرهەڵدان و سەرچاوەگرتنی ئازار و ڕوانینەکان و دروستکردنی جێکەوتە لەسەر هەم خود و هەم بەرامبەر، بۆیە شاعیر مەبەستیەتی لە ڕێگەی کارلێك دروستکردن لە دەروونی خودەوە هەمان کاریگەری و جێکەوت بگوازێتەوە بۆ خوێنەر، هەموو ڕەگەزێك ئاوێتە و دەقئاوێزانە لەگەڵ ڕەگەزێکی تری ناو کۆنتێکستی شیعری و دەلالەت پێکدەهێنی، لێرەدا جێکەوتی خودی لە دوو ڕەگەزی سەرەکی پێکدێت، کە زمانی دەق و دەلالەتەکانیەتی.

لەم دەقەدا دوو ڕەگەز دیاری دەکەین:

ڕەگەزی یەکەم: جێکەوتی پەپولە، کە پەپولە پەیوەستبوونێکی ڕاستەوخۆی بە دەروونی شاعیرەوە هەیە و جێکەوتێکی خودیە و بەهاکەی لەوەدایە یەکێکە لەو مێرووە باڵدارانەی کە هەمیشە لە گەڕان و سوڕانەوەدایە و سیمایەکی جوان و ناسك و ڕازاوەی هەیە و تێکەڵ بە ڕەنگەکان بووە و سروشتی ڕازاندۆتەوە، نیشانەی سادەیی و ڕۆح سووکی تیا بەدیدەکرێت و هیچ زەرەرمەندیەکی لێناکەوێتەوە، لێرەدا دەلالەتی دەق لەسەر بنەمای (جێکەوت)ی پەپوولە کە نمایندەی واتای جوانی و سادەیی پێوە دیارە و زۆر جاریش دەگوێزرێتەوە بۆ شتە نامۆ و نادیارەکان و بێدەنگی لەدەست ئازارەکان، هێمای جوانی لێدەبێتە شتە نەخوازراوەکانی دابڕان و دوورکەوتنەوە و فرمێسك و سووتان و مردن و شتی تری پەیوەندیدار، کە جەخت لەسەر ماهیەتی جێکەوت دەکەنەوە، هەروەك دەڵێت:

پەپوولەی گیانی مردووی من  
بۆ کوێ ئەبەی ؟ ..  
کە نیگا ئەگۆڕینەوە  
چەپکێ خەمی  
سەوزو شیرین گەورە ئەبێ

لێرەدا گیانی مردوو (مدلول) ←—— پەپولە (دال) ←—— من (کورتی تەمەن)

ڕەگەزی دووەم: ڕەگەزی شوێن، دەلالەتی شوێن لە دەقدا لە دوو ڕووەوە سەیر دەکرێت، شوێنی نێگەتیڤ و پۆزەتیڤ، هەروەك دەڵێت: (ئەوسا حەزم هەموو دنیا ئەگرێتەوە)، دنیا بەگشتی ئەو شوێنەیە، کە هەموو بوونەوەرەکانی تیا کۆدەبێتەوە و بەتێکەڵی لەگەڵ یەکتریدا ژیانێکی سادە دەبەنە سەر، واتە ئەو جۆرە (حەز)ەی دەلالەتەکانی خستونیەتە ڕوو، (حەز)ێکی سەرسووڕهێنەرە و جیاواز لە حەزەکانی تری خود و ئەوانیتر، کە هاوتەریبن لە گەڵیدا و واتاکانیش فراوان دەبن و لە تاك واتایدا نامێننەوە و حەزێکی باڵایە و دەستی بەسەردا ناگیرێت، لێرەدا دەگوێزرێتەوە بۆ ئەو حەزەی زۆرجار نادرووست دەبێت و زۆرجاریش ئومێدی پێدەبەخشێت، لەگەڵ حەز و ئارەزووەکانی خودا یەکدەگرێتەوە، لێرەدا جێکەوتی دەق ئەوە دەردەخات، کە دەلالەتەکانی دەق دەبنە نوێنەری شتەکان.

ئەوسا حەزم هەموو دنیا ئەگرێتەوە . .
ئەوسا گڕی حەزێکی شێت
هەموو گیانم ئەسووتێنێ

کەواتە دروستکردنی سەرچاوەی کاریگەری و کارلێکراوی خود لە ڕێگەی ئەوی ترەوە و بەرفراوانکردنی ئەم دوو ڕوانینە لە ڕێگەی خواستی زیاتری خودەوە، وایکردووە سنوری هەمەچەشنەی خود و هەم شوێنی دیاریکراو و سنوردار ببڕێت بۆ کۆی جیهان، چونکە جێکەوتەکە جێکەوتی مرۆییە و ڕەنگدانەوەی خێراتر و کاریگەرترە لە شوێن و کاتە جیاوازەکان.

### تەوەری دووەم/دووبارەبوونەوە

لێرەدا مەبەست لە (دووبارە بوونەوەی واژەکان یان ئەرکە ڕەوانبێژیەکان نییە، کە دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی پەیوەندیە دووبارەبووەکان، بەڵکو مەبەست دووبارەبوونەوەی ئەسڵە، و توانای دووبارەی بەرهەمە لە ژێر چەتری واژە دووبارە بووەکان و فرەیی یەکەکان بە شێوەیەکی سیستماتیك لە پێناو بەدیهێنانی دەلالەتی جیاواز)[١]، دووبارە بوونەوەی ئەسڵ واتە واتای سەرەکی و بنچینەیی، یاخود واتای مەبەستداری شاعیرە بەخودی خۆی، بۆ

[١] – د. عماد حسين محمد، بئار النص، ص١٨٤.

جەختكردنە لەسەر وەسفی دەلالەتێك، كەواتە دووبارەبوونەوەكان چالاكییەكی زمانی شاعیرە و لە ڕێگەی ئەم چالاكیە زمانیەوە دەتوانێت واتای جیاواز و مەبەستدار لەبەردەم خوێنەردا والاّ بكات، كەواتە مەبەست لە دووبارەبوونەوە، دووبارەبوونەوەی واتای نوێیە، لە ڕێگەی چەند وشە و قەرینەیەكی جیاواز لە پێناو بەدەستهێنانی دەلالەتی نویّ و جیاوازدا، هەروەك كریستوفر نوریس دەڵێت: ( هەڵوەشاندنەوەی دەق بەبەردەوامی ململانێی واتایە و ئەوەی دەق دەیدركێنیّ ئەوە نییە و ئەوەی نایدركێنیّ ئەوەیە)[١]، واتە (دووبارەبوونەوە، دووبارەی ناوەوەی دەق نییە، پەیوەندیەكی ئاڵۆزی فەزای زمانە، ئەم كاریگەرییە دەبێتە هۆی لادان و جیاوازییەكان)[٢]، هەربۆیەش دووبارەبوونەوە گوتارێكی هەڵوەشاندنەوەیە.

لەم دەقەی خوارەوەدا دووبارەبوونەوە بەهۆی چەند ئەركێكەوە ڕوودەدات، كە خۆی لە ١-دووبارەی (ئامراز) و ٢- دووبارەی (بنەما) و ٣- دووبارەی (واژەكان)ەوە دەبینێتەوە.

حەزێكی شێت
كە جێم دێڵی
هەموو شتیّ
نیشانەیە بۆ تەنیایی..
من ئەزانم چیرۆكی ئەم حەزە شێتە
فلیمێكە بیّ كۆتایی
******************
تۆ ئەی خورپەی دڵی شێتم
خۆشەویستیت . . ،
******************
ئەوسا حەزم هەموو دنیا ئەگرێتەوە . .
ئەوسا گڕی حەزێكی شێت

---

١- د. أحمد عبدالحليم عطية، ما بعد الحداثة والتفكيك، ص٢٢٣.
٢- سەرچاوەی پێشوو، ص٢٢٣.

لێرەدا دووبارەبوونەوە لەم دەقەی سەرەوەدا چەند ئەرکێك دەبینێ، کە خۆی لە ئامراز و دووبارەی بنەمای وشە و دووبارەی واژەکاندا دەبینێتەوە.

١-دووبارەی ئامراز: ئامرازەکانی وەك (ئەم – ئەی – ئەوسا) کە بەشێوەیەکی جیاواز واتای وشە بنەماییەکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

یەکەم/ ئامرازی (ئەم)، ئاماژەیە بۆ (گومانکردن) لە جۆری حەزێکی شێت، کە بڕوای پێی نییە و دوور و درێژ دەخایەنێ و پێی ناگات، واتە بە مانای (گومان) دێت، دەڵێت (من ئەزانم چیرۆکی ئەم حەزە شێتە)، واتە ئاماژەکردن بۆ حەزەکە بەهۆی ئاوەڵناوی نیشانەوە، وایکردووە گومان لەسەر خودی حەزەکە دروست بکات و ناساندن و جۆر و پێگەی کاریگەری و کارلێکراوی بخاتە ئەستۆی خوێنەر و جۆری خوێندنەوەکەی.

دووەم/ ئامرازی (ئەی)، دوابەدوای وشە بنەماییەکە هاتووە و واتایەکی جیاوازی پێبەخشیوە و بێجگە لەوەی گومان لە خۆشەویستەکەی دەکات، (هاوار)ی بۆ دەکات و دەپاڕێتەوە لێی، وەك ئەوە وایە کە خودێك بەرامبەری وەستابێ و پەنای بۆ دەبات، لێرەدا واتای (هاوار و پاڕانەوە) دەگەیەنێ، کاتێك دەڵێت (تۆ ئەی خورپەی دڵی شێتم)، ئامرازی (ئەی) بۆ نیدا و ئاگادارکرنەوە دوو جار بەکارهێناوە( ئەی ئەو کەسەی لەناو دڵما گەورە ئەبی )، لە لایەك هاواری بۆ ئەکات، لە لایەکی ترەوە ئاگاداری دەکاتەوە، دەیەوێت لە ڕێگەی ئەم ئامرازەوە جێگە و پێگەی ئەوی خۆشەویست لای شاعیر بخاتە ڕوو، تاوەکو لەم ڕێگەیەوە هەم جێکەوت و هەم دووبارەبوونەوەی واتای جیاواز بەرهەمبێنێت.

تۆ ئەی خورپەی دڵی شێتم

خۆشەویستیت . . .،

خەمێکی هێجگار گەورەیەو

(ئەی) ئامرازی بانگەوازە بەمەبەستی ناونەهێنانی ڕاستەقینەی کەسێك یان خۆشەویستێك، یان بۆ دەستنیشانکردنی دەلالەتی ئاخاوتن لەگەڵ کەسێك، لەگەڵ ئەوەی ناوی وەك جێناو بەکارهێناوە، دووبارە وەك هۆشیارکردنەوەش لە ڕێگەی ئامرازی (ئەی)

**باسیکردووە، تاوەکو ڕادەی شێتی دڵی کە بەهۆی ئەوی خۆشەویستەوە دوچاری بووە بناسێنێت.**

**سێیەم/ ئامرازی (ئەوسا)، کاتێك دەڵێت (ئەوسا حەزم)، لەگەڵ بەشێکی بنەمای وشەکەدا هاتووە و واتە ( حەز ) لەگەڵ ئامرازی ( ئەوسا ) دووبارە بۆتەوە و دوو جار بەکاریهێناوە، کە بەواتای (مەرج) دێت، واتە کاتێ حەزەکانی لە داهاتوودا مەیسەر بوو، ئەوا ئەویش جەخت لەسەر خۆشەویستیەکەی خۆی دەکاتەوە و دڵنیا دەبێت لێی.**

**لە نمونەی چوارەمدا ( ئەوسا ) لەگەڵ بنەمای وشەکەدا ( حەزێکی شێت ) دووبارە بۆتەوە بەمانای ( مردن )، بەڵام ئەگەر ئەو مەرجە جێبەجێ بوو لەوەیە کە ( هەموو گیانم ئەسوتێنێ)، ئیتر ( نە شیعر و نە گریان و نە خەم ) نامێنێ، دەقەکە بەرە و دیاردەیەك دەبات، ئەویش ئەوەیە، کە لێدوان و قسەکردن لەسەر ( وەسفکراو ) بەو شێوەیە گۆڕانی بەسەردا دێت بەهۆی دووبارە بوونەوەی بنەماکەی.**

**دووبارە بوونەوە دژایەتی واتا دەخولقێنێ لەسەر ئاستی ڕستەکە و نێوان بنەمای وشەکە و واتا دەچێتە ژێر چەتری خوێنەرەوە و فرەیی لە واتادا دەڕەخسێت، ئەمەش لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە کۆنتێکستە زمانیەکە جیاوازە لە دووبارەبوونەوەی کۆنتێکستی زمانی کۆن، دووبارە بوونەوەی واژەکان واتە خوێندنەوەی دەق بە واتا نوێکە، نەك لێکدانەوە و میتۆدی ڕەخنەی کلاسیك، بۆیە خوێندنەوەی کۆنتێکستە زمانیەکان جیاوازە لە خوێندنەوەی کۆن، ئەرکی ڕێزمانی نامێنێ، بە نمونەی:**

**تۆ ئەی خورپەی دڵی شێتم**
**خۆشەویستیت . . . ،**
**خەمێکی هێجگار گەورەیە**

**وشەی ( شێت ) دووبارە بۆتەوە لەگەڵ وشەی ( دڵ )، واتە دووبارە بوونەوە هیچ پەیوەندیەکی بە وەسف و وەسفکراوەوە نییە، بەڵکو جێکەوتێکی هەڵوەشاندنەوەی دەروونی گەورەیە لە ئاست تاکدا نەماوە، ( شێت ) وەك هێزێکی سروشتی بێت و تواناکەشی لە ڕادە بەدەرە، هەروەها دووبارەبوونەوە هەڵگری دەلالەتی بنەمایەکی شۆڕشگێڕانەیە، واتە جێکەوتێکی شۆڕشگێڕانەیە نەك جێکەوتی خودی سادە.**

ئەم دیاردەیە جۆرە گواستنەوەیەکە لە واتا و لە بنەمای وشەکەدا ڕوویداوە، ئەویش ( حەزێکی شێت )ە، چونکە وشەی شێت سێ جار دووبارە بۆتەوە، لەگەڵ وشەکانی (حەزە شێتە ، حەزم، حەزێکی شێت)، هەریەکەیان دەلالەتی تایبەتی هەیە و پەیوەندیەکی نوێیە و جۆرێك لە بلاوبونەوەی واتا لەخۆ دەگرێت.

جۆرێکیتر لە دووبارەبوونەوە دەربڕینی وەرگیراوە:

ئەم جۆرە هیچ پەیوەندیەکی بە دووبارەبوونەوەی واژە و ئامرازەکانەوە نییە، بەڵکو بە ئاراستەی دیاردەیەکی جیاواز هەنگاو دەنێت، کە خۆی لە (دووبارەبوونەوە)دا دەبینێتەوە، بۆ نمونە هەر لە شیعری (حەزێکی شێت)دا، شێوەی ئەم دووبارەبوونەوەیە بە ڕونی بەدیدەکرێت، واتە لێرەدا مەبەستمان دووبارەی وەرگیراو لە دەربڕینەکەدایە، بۆ نمونە: من ئەزانم چیرۆکی ئەم (حەزە شێتە)، کە هەردوو دەربڕینەکە (حەز + شێت) لە دەربڕینی (حەزێکی شێت)ەوە وەرگیراوە، کە ناو و ئاوەڵناوە، حاڵەتێکی سیستماتیکی ڕیزمانییە و بە شێوەیەکی دروست هاتوون و ئاوەڵناو وەسفی ناوەکە دەکات و سیفەتی شێتی بەخشیوەتە وەسفکراو و حاڵەتێکی تاکی نەناسراوە و تاك واتایە، بەڵام لە دەربڕینی: من ئەزانم چیرۆکی ئەم (حەزە شێتە)، هەردوو وشەکە بەهۆی ئامرازی ( ە )وە، بۆتە وشەیەکی لێکدراو و واتایەکی سەربەخۆیە و ماناکەی پەیوەست نییە بە یەکێکیان، بەڵکو بە گشتی دەلالەت لە خودێك یان بوونەوەرێك دەکات، چونکە دەڵێت: (من ئەزانم چیرۆکی ئەم حەزە شێتە)، واتە حاڵەتێکی نەناسراوە و چیرۆکێکی تایبەتی هەیە، و ئاراستەی کەسێك یان بوونەوەرێك دەکات، ئەو واتایە نییە کە لە حاڵەتی ناو و ئاوەڵناودا هەیە، بەڵکو لە حاڵەتی لۆژیکییەوە گواستراوەتەوە بۆ حاڵەتی دەلالی.

هەروەها لە دەربڕینێکی تردا دەڵێت: (ئەوسا حەزم هەموو دنیا ئەگرێتەوە)، وشەی (حەز) لە (حەزێکی شێت) وەرگیراوە، لێرەدا بەهاوکاری ڕاناوی لکاوی ( م ) چووەتە سەر وشەی (حەز)، واتە جۆرە پەیوەندیەکە لە نێوان خود + ئەوانیتردا، کە دەلالەت لە داهاتوو دەکات، بەهۆی پەیوەندی وشەی (ئەوسا)وە، واتە لە تاك ماناییەوە بەرەو فراوانی هەنگاو دەنێت و وەك هێمایەکی ڕووناکی بلاو دەبێتەوە، چونکە (حەز + هەموو دنیایە)، بۆیە

دەلالەتی واژەیی دەربڕی ئەزموونێکی ڕاستگۆیانەیە و بڵاودەبێتەوە و لە ئاستی خۆیاندا نامێننەوە.

**تەوەری سێیەم/ لەدایکبوونی واتا یاخود بەدوادا هاتنی واتا:**

بریتییە لە (زنجیرەیەك واتای لەدایکبوو لە کۆنتێکستی ڕستەی دەقی شیعریدا و لە ئەنجامی دووبارەبوونەوەی واژەکان، واتاش بەشێوەیەکی بازنەییە و لە ئاستی تاك واتایدا نامێنێتەوە، واتە لە واتایەکی دیاریکراودا ناوەستێ و بەردەوام دەبێت)[1]، بۆیە ئەگەر دوا مانا یان مانا کۆتایی هات و بەدەستهێنراو لێکدانەوەی لەسەر دەقەکە داخست، ئەوا تەواوکەرە و بەتەواوکردنی ماناش، واتە کۆتایی دەق. بۆ نمونە:

حەزێکی شێت

کە جێم دێڵی

هەموو شتێ

نیشانەیە بۆ تەنیایی..

واتای بازنەیی بەدەوری (حەزێکی شێت)دا دەسوڕێتەوە و تا کۆتایی دەق هاوتەریبە لەگەڵیدا، جۆرێك پیرۆزی بە (حەزێکی شێت) دەبەخشێت و سیفەیەکی داهێنەرانەی پێدەدات، کە دەلالەت لە وەفا و بڕوا بوونە، لە ڕووی سیستماتیکی ڕێزمانییەوە ئاوەڵناوی (شێت) وەسفی وشەی پێش خۆی دەکات و شیعرییەتی پێدەبەخشێ، پیرۆزیەکەشی لەوەدایە کە دوای ڕۆیشتنی هەموو شتێ دەبێتە هێمای نێگەتیڤ، کە هێمای جێکەوتی تەنیاییە، بەمەبەستی تەواوکردنی واتای پیرۆزییەکەی دەق دەڵێت:

من ئەزانم چیرۆکی ئەم حەزە شێتە

فلیمێکە بێ کۆتایی

بۆیە ئەبێ

فرمێسك لە چاوی هەڵبەستما

---

[1]- د. عماد حسين محمد، بئار النص، ص٢٠٠-٢٠١.

شتێك بێ زۆر زۆر ئاسایی..

*　　*　　*

له نموونەی وەسفی دووەمدا، لەدوای ئەوەی کە بەتەنیا ماوەتەوە و (ئەم حەزە شێتە) وەك فلیمێك کۆتایی نایە، فرمێسك ڕشتنیش کارێکی ئاساییە، بەڵام ئەم بەردەوام دەبێ لەسەر (حەزە شێتە)کەی، بەڵام بەشێوەیەکی نامۆ دەردەکەوێ و لە واقیع دادەبڕێ و بەهۆی دووبارەبوونەوەی واژەکە وێنای جێکەوتی نامۆیی دەرەخسێت.

له وەسفی نموونەی سێیەمدا:

تۆ ئەی خورپەی دڵی شێتم

خۆشەویستیت . . .،

خەمێکی هێجگار گەورەیەو

خۆشم ئەوێ

لەدڵما جێ ی نابێتەوە . .

ئەترسم دڵم بتەقێ

لەم وەسفەدا تەواوکردنی زنجیرەیەك لەوەسف دێت و وێنەکان تەواو دەکات، هەر لە سەرەتای دەق تا کۆتایی، بەڵام لێرەدا سیفەتی بەخۆی بەخشیوە بەهۆی دووبارەکردنەوەی وشەی (شێتم)، بەرامبەر بە خۆشەویستەکەی، گومانیشی لەوەیە کە (دڵی بتەقێ)، لێرەدا دوو دەلالەت لەخۆ دەگرێت، (دابڕان) یان (مانەوە)، بەڵام بەهۆی بوونی شتە نێگەتیڤەکانی ناو واقیع و دەوروبەرەکەی، توانیویەتی جۆرە کەسایەتییەکی جیاواز لەوانیتر بەخۆی بدات و بە مانای جیاواز هەنگاو بنێ و جێکەوتێکی کەسایەتی ببەخشێتە خودی خۆی، بۆیە بەهۆی دووبارە بوونەوەی واژەکانی (حەزم، حەزێکی شێت)، لە دەربڕینەکانی وەك:

ئەوسا حەزم هەموو دنیا ئەگرێتەوە . .

ئەوسا گڕی حەزێکی شێت

هەموو گیانم ئەسووتێنێ

لە دووبارەبوونەوەی واژەکاندا واتای فراوانی بەدوای خۆیدا هێناوە و جۆرێکە لەسەر جەختکردنەوەی خۆشەویستی و بڕیاردان لەسەر (مانەوە)، کە هەموو دەربڕین و وشەکان ئاماژەیە بۆ (دابڕان)، بۆیە دەڵێت:

ئیتر کێ شیعرت بۆ بڵێ ؟ . .
کێ بگری بۆ
نیگای چاوت ؟ . .
کێ بێ خەمت لە گەڵ بەشکاو
بتوێتەوە

بەهۆی جۆری دووبارەبوونەوەی واژەکان، جۆرێکە لە جەختکردن لەسەر کەسایەتی خۆی وەك هێمایەکی خۆشەویستی بە درێژایی دەق دەردەکەوێت، جێکەوتی کەسایەتی و سیفاتی بەرز بەجێدەهێڵێ و بەکۆتایی دەقیش واتای بازنەیی دەق تەواو دەبێت لە لای شاعیر نەك خوێنەر، کەواتە شاعیر لە ڕێگەی حەزێکی شێتەوە، حەزی ئاسایی و حەزی پیرۆز و حەزی ناشێت و تاد، لای خوێنەر بەرهەمدێنێت، بەمەش خوێنەر لەبەر دەم چەند ڕێگایەکدا ڕادەگرێ و پێویستە لە ڕێگەی لێکدانەوەی واتاکان، لە ڕێگەی ئەم حەزەوە چەند واتایەکی جیاواز بەرهەم بهێنێت، لە پێناو دۆزینەوەی واتای مەبەستدار، زۆری ڕێگەکان و واتاکان، یاخود ناچارکردنی خوێنەر بۆ لێکدانەوەی ئەگەرەکان، ئاستی توانستی شاعیر پیشاندەدات بۆ بەرهەمهێنانی چەند واتایی لە دەقدا، چ لە ڕێگەی وشەوە بێت یان ئامراز یان کۆنتێکستی دەقەکەوە.

## دەقی (تەلیسم)ی ئەنوەر قادر جاف

ئەنوەر قادر جاف یەکێکە لە شاعیرە مۆدێرنەکانی سالآنی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو، بەزمان و ستایلێکی جیاواز لە سەردەمەکەی خۆی دەنوسێت، یەکێك لەو شیعرانەی کەپێویستی بە تێڕامان و وردبونەوەیە، دەقی (تەلسیم)ە، کەلەسالّی ١٩٨٥ نوسراوە. شاعیر لەم دەقەدا دەیەوێت پەیامێکی تایبەت لە قالّبێکی گشتیدا بخاتە ڕوو، بەو واتایەی بنچینەی ڕوداو خودی ژیانی تایبەتی شاعیرە و دواجار بۆ کۆمەلّگەی کوردی، کە پێویستە هەموان لەپێناو ئامانجی مەبەستداردا ڕێگە و کاروانەکەیان بکەن بەیەك و بەرگەی تەلیسم و ئازارە دەستکردەکان بگرن.

### تەلیسم

وەك زڕەی زەنگی زەواریٚ،
کە ڕێی دوور و هەوراز دەبڕیٚ،
ئاواتییە بۆ هەواریٚ ...
وەك سۆزەی شمشالّی شوانیٚ،
نۆ پایزیٚ، بەربەیانیٚ...
دەڕژێتە دەشتی خامۆش و
بەڕیٚ دەکا لەنجەی جوانیٚ...
ئەم دلّە کوردانەی ئێمەش،
زۆر دەمێکە کۆیلەیەتی خستووەتە ژێر پێیەوە و
بانگی ئازادی زوو داوە...
بەلاّم هێشتا تەلیسمی ڕەشی خۆخۆری و
دووبەرەکی بۆ نەشکاوە...[١]

٢٤ی تەمووزی ١٩٨٥

---

[١] - ئەنوەر قادر محمد، زریان و زایەلّە و زنار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بلاّوکردنەوە، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ٢٠٠٤، ل١٢٤.

دەق لە ڕوی پراکتیکەوە: دەق بریتیە لە خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی ڕابردوو بە چەند ئاراستەیەکی جیاواز و یەك ئامانج و مەبەستدار، بۆیە ناونیشانی بە (تەلیسم) ناساندووە، تەلیسم بریتیە لەو جادووە بەهێزەی، کە بەزۆری لە دەقی ئەفسانە و داستانیەکاندا بوونی هەیە، بۆیە شاعیر دەیەوێت لە ڕێگەی ناونیشانەوە هێزی دەق ئامادە و بەهێز بکات، لەلایەکی تریشەوە دەیەوێت کردنەوەی تەلیسمەکە بکاتە هۆکاری ئاسایی کێشە و چارەسەر و گەیشتنە ئەنجامی دەقەکە، بۆیە شاعیر ڕاستەوخۆ لە تەلیسمەوە دەستی پێکردووە و دواتر دەیەوێت سەرە داوی تەلیسمەکە بناسێنێ، تاوەکو مەترسی تەلیسمەکە وابکات، خوێنەر بەدوایدا بچێت، وەك دەڵێت:

تەلیسم

وەك زڕەی زەنگی زەواریێ،

کە ڕێی دوور و هەوراز دەبڕێ،

ئاواتییە بۆ هەوارێ ...

شاعیر هەر لە سەرەتای دەقەکەوە ئەوەمان پێدەڵێت، هەموو شتەکان لە خاڵی سەرەتاوە دەستپێدەکەن، لەپێناو گەیشتنە ئەنجامی خۆیان، کەواتە هەریەکە لە شتەکان کارنامەی خۆیان هەیە، لە ڕێگەی کارنامە و بە ئەنجامگەیاندنی، دەگەینە مەبەستە سەرەکیەکەی شاعیر، بۆیە بەردەوام (زڕەی زەنگ) واتە ئاماژەی دەستپێك و بەرەو ئامانجی مەبەستدار، بەردەوامی جوڵانەوە و دەنگ واتە بەردەوامی و نەوەستان بە بێ وچان، واتە چوون و بەردەوامی و ئاگادارکردنەوەی دەوروبەر و هۆشیارکردنەوەیان، لەگەڵ ئەمەشدا خودی خۆی لەپێناو گەیشتن بە مەنزڵگەی خۆی ڕێدەکات، تاوەکو بگاتە ئەو شوێنەی مەبەستیەتی. جگە لەمەش وێنا و دیمەنێکی تری سەرنج ڕاکێش دەکێشێت، لەپێناو دەرخستنی ئاستی بەهێزی و بەردەوامی پەیامی شیعرەکە بۆ ئامانجەکەی، بۆیە لە ڕێگەی ئەو سۆزەی لە گەروی شمشاڵی شوانێکەوە دێتە دەرێ لە بەرەبەیانێکی پایزیدا، یان سەرەتای بەیانێکی پایزدا و لەگەڵ ژینگەی پایزدا، ئاوازێکی غەمگین دەوروژێنێت، بەمەش کاریگەری و

جێکەوت بەجێدەهێڵێت، بۆیە دووبارە شوان و شمشاڵ و ئاواز سیانەیەکی تەواوکراوی یەکترن لە پێناو بەخشینی ئاوازێکی وروژێنەری دەرونی و ناخی بە بەرامبەر، بۆیە ئەم سیانە ئاماژەی بوونی کەسێکی ئازاد و هەوایەکی ئازادە، بۆیە بەردەوام ئەم ئاوازانە لەناخی کەسێکی پاك و ئازاد و دوور لە کۆیلەی شتەکانەوە دەردەچێت، بۆیە کاریگەریەکان هێندە بەهێزن، لەگەڵ ئەمەشدا ئەو تەلیسمەی کە لە ناونیشاندا هێناویەتی، بەشێکە لەو ئاواز و ژینگەیەی نەتوانراوە خۆی لیٚ لابدات، وەك دەڵێت:

بەڵام هێشتا تەلیسمی ڕەشی خۆخۆری و
دووبەرەکی بۆ نەشکاوە...

شاعیر دەیەوێت بڵێت ئەم فەزا و ئازادیە لە تاکدا و تاکەکان بەدەر لە کۆمەڵ یاخود دابڕاو لە کۆمەڵگە ئازادن، بەڵام دواجار وەك کۆمەڵگە بەشێکی دانەبڕاون لە داب و نەریت و یاساکان و هێشتا هێزی خۆخۆری و دووبەرەکی ناوخۆیی لە نێوان کەسە نزیکەکاندا هەر ماوە و بەردەوامی خۆی هەیە، بۆیە شاعیر مەبەستیەتی ئەو پەیامەی لەپشت دەقەکەوەیە، کە بریتیە لە شکاندنی بەستەڵەکی ڕق و قین بیشکێنێت و گیانی تەبایی و ئازادی و پشتیوانی و یەکێتی بهێنێتە ناو کۆمەڵگە و خێزان، چونکە دواجار هەموان پێویستیان بەمەیە، بەڵام ئەوە بەرژەوەندیەکانە ڕێگری دەکەن لە گەیشتن بەم ئامانجە، بۆیە ئەمەشی وەك تەلیسم ناساندووە، شکاندنی تەلیسمیش پێویستی بە خەبات و شەونخونی و قوربانیدانە، بۆیە گەر دەمانەوێت ئەم تەلیسمە لەناو کوردا چ وەك کۆمەڵگە لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسیەوە چ وەك خێزان نەهێڵین، دەبێت بەردەوام بین لەسەر ئەو سەرەتا دەستپێکراوە و گویٚ بەهیچ بەربەستێك نەدەین.

**فەزای بێدەنگ ( ئامادەیی دەق ):**

فەزای شیعر، بەشێکە لەپێکهاتەی دەق و واتاکەی، خودی فەزای بێدەنگیش بەشێکی دانەبڕاوە لە واتاکانی دەق، بەتایبەتی ئەو واتایانەی کە میتا زمان دەیگەیەنێت، بۆیە شیعر ئاوێنەیەکی پێچەوانەیە و تێیدا وێنەکان یاخود وێناو خەونەکان پێچەوانە دەکاتەوە، لەپێناو گەیاندنی واتای دەقی سێبەر و ناساندنی فەزای بێدەنگی دەق، چونکە فەزای

بێدەنگی ئەو شوێنە شیعریەیە، کە شاعیر بەهوشیاریەوە بەکاریدەهێنێت، لەپێناو بەشداریکردنی لە واتا و وێنە و جوانیەکانی دەق.

فەزای بێدەنگ لە شیعرەکەدا بریتیە لە فەزایەکی سروشتی و بەهارەیی و تێیدا چەند تابلۆیەکی جیاواز و سروشتی لەناو ئەم فەزایەدا دەکێشێ، لەپێناو ناساندنی فەزای بێدەنگی گشتی دەقەکە، وەك دەڵێت:

وەك زڕەی زەنگی زەواریێ،

کە ڕێی دوور و هەوراز دەبڕێ،

ئاواتییە بۆ هەواریێ ...

وەك سۆزەی شمشاڵی شوانێ،

ئەم فەزایەی کە ئاسمانی شیعریی دروستکردووە، لە بنچینەدا لە فەزای ڕوداو و باسکردنی ڕوداوەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، چونکە لە بنچینەدا لە ڕابردوو و ئێستا و ئاینده پێکهاتووە، بەلاّم ئێستایی لەم زەمەنانەدا زۆر گرنگە، چونکە ئەو زەمەنە بێدەنگە دەخاتەوە ناو ڕوداوەکان، لێرەوە ڕوداوەکان دەخرێنەوە سەر ڕێگاکەی خۆیان، لەپێناو گەیشتنە ئاکامێکی دروست لە ڕوداو و واتاکان.

شاعیر دەڵێت:

ئەم دڵە کوردانەی ئێمەش،

زۆر دەمێکە کۆیلەیەتی خستووەتە ژێر پێیەوە و

بانگی ئازادی زوو داوە...

کەواتە لەناو مێژوودا زەمەنێکی شاراوە هەیە، کە بریتیە لە قبوڵنەکردنی ستەم و کارکردن بۆ ئازادی، بۆیە بەردەوام ئەم زەمەنە لەناو شیعردا ئەو واتا شاراوانەی لەخۆ گرتووە، کە شاعیر مەبەستی بووە بیڵێت، لە ڕێگەی میتاکانەوە، لەپێناو خۆ پاراستن لە ستەم و تاوانبارکردن. لەگەڵ ئەمەشدا ئەوەمان پێدەڵێت، کە ئەم زەمەنە بێدەنگیە بەردەوام بایەخی خۆی هەیەو لەڕێگەی ئەم بێدەنگیەوە بەردەوام هێزی نوێی واتاکان لەگەڵ زەمەنەکان درێژە پێدەدات.

**فەزای جوڵە ( نائامادەیی دەق ):**

شاعیر لە دەقدا و لە ڕێگەی زەمەنی ڕابردوو و ئێستا و ئایندەوە، فەزایەك دەداتە خوێنەر، کە ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی ئەم بەدوایەکدا هاتنەی زەمەنی دەقدا فەزایەکی جیاواز لە نێوان زەمەنەکان دابنێت، بۆیە ڕابردوو فەزایەکی خەماوی و پڕ لە کارەسات بۆ شاعیر پیشاندەدات، چونکە تێیدا چەندین جار کورد ئازاری جیاواز دراوە، لە پێناو مەبەست و ئامانجەکەیدا بەرگەی سەرجەم ئەم ئازارانەی گرتووە، بەڵام دواجار ئەو ئایندەیەی کە شاعیر لەساڵی (١٩٨٥) دیاریکردبوو دەکاتەوە ئێستا و ئایندەی ئەم قۆناغە و تێیدا فەزایەك دەخولقێنێت و ئەو ئامانجەی کە هەوڵی بۆ دەدا بەشێکی بووەتە ئەمری واقیع و کاری پێدەکرێت.

شاعیر بۆ گەیاندنی مەبەستە سەرەکیەکەی گوزارشتی خواستن و خوازەیی و وێنەیی بەکارهێناوە، لە پێناو دروستکردنی کاریگەری لەسەر بیر و ڕوانینی خوێنەر، شاعیر بەپێی هێزی کاریگەری و لە پێناو ناساندنی زەمەنی دەقەکەی، فەزایەکی خەماوی لە هەمان کاتدا هیوا بەخشی ئایندەیی دروستکردووە، تاوەکو لەم ڕێگەیەوە هەم زەمەنی ڕابردوو هەم ئاینده بناسێنێت، و دوانەی دژی خەم و خۆشی بکاتە تەرازوی هاوسەنگی دەق، کاتێك دەڵێت: ئەم دڵە کوردانەی ئێمەش،

زۆر دەمێکە کۆیلەیەتی خستووەتە ژێر پێیەوە و
بانگی ئازادی زوو داوە...
بەڵام هێشتا تەلیسمی ڕەشی خۆخۆری و
دووبەرەکی بۆ نەشکاوە...

برگسۆن دەڵێت: "کات بریتیە لە ماوە و کەرەستەی خودی ژیانی سایکۆلۆژی دەق"[١]، بەوەی "هیچ کەسێك وەك شاعیر هەست بە کات ناکات"[٢]، بەمەش "کات وێنەیەکی گرنگی کارامەییەکانمانە بەهۆی پەیوەندی قوڵمان بە جیهانی ناوخۆیی مرۆڤەوە"[٣]، کەواتە ئەوەی ڕابردوو بریتیە لە زەمەنی دابڕاو لە دەوروبەر و بوونی فشاری جەستەیی و دەروونی، بۆیە بەردەوام بەدوای هیوا و ئاواتەکانی ناخدا وێڵە و چاوەڕێی کات و زەمەنی داهاتووە، بۆیە دەڵێت:

---

١- الكسيس كاريل، الانسان ذلك المجهول، ترجمة: شفيق اسعد فريد، قاهرة، ٢٠٠٠، ص١٨٩.
٢- جيزى منصور، ابواب و مرايا، دار الكتب و الوثائق العراقية، ١٩٨٧، ص٧٢.
٣- هانز ميرهوف، الزمن في الادب، ترجمة: سعيد الغانمي، مؤسسة سجل العرب، ١٩٧٢، ص٧.

وەك زڕەی زەنگی زەواریٚ،

كە ڕێی دوور و هەوراز دەبڕێ،

ئاواتییە بۆ هەواریٚ ...

ئاستی نائامادەیی دەق ئەو هیوایەیە كە دەیخوازێت و لە زەمەنی ئامادەیی دەقدا بەرجەستە نەبووە، لەسۆنگەی خەمەكانی ڕابردوو و بەردەوامی هیواكان و لێكدانەوەی ڕوداوەكان، بۆیە فەزایەكی هیوا بەخش لەسەر ڕوانینەكانی ئایندە بونیاد دەنێت و لێرەوە ئەوە بەخوێنەر دەدات، كە هەموو هەوڵەكان و سەرەتاكان لە هەر زەمەنێكدا بێت، گەیشتنە ئەنجامیان هەیە و دەگەنە مەبەستی خۆیان، بەڵام ئەوە كاتە، ئەم پرۆسەیە دوا دەخات و بەردەوام گەورەترین گرفتە لە سستی تێپەڕینی زەمەنەكان.

لۆگۆسی ئەم دەقە بریتیە لە یەكگرتنی كلتور و خەبات لەپێناو دروستكردنی لۆژیكێكی نویٚ بۆ دەقەكە، و وەستانەوە بەرامبەر ئەو هێزەی هەمیشە وەك سەنتەری دەسەلات و هێز خۆی دەناسێنێت و ئەوانیتر دەكاتە پاشكۆ و سوتەمەنی بەردەوامبونی، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوە ناشارێتەوە، كە دووبەرەكی و ناتەبایی ڕێگرە لەبەدیهێنانی ئەو ئامانجە و پێویستە ئەو تەلیسمە تیكبشكێنریت، بۆ گەیشتن بەهیواكان، بۆیە لۆگۆسی دەق بریتیە لەوەی، كە دەیەوێت ژیانێكی ئازاد و سەربەست لەپێناو گوزەرانێكی خۆشترا بهێنێتە دی، بۆیە هێزی لۆگۆس وەك كار و خەبات دەستیپێكردووە لەپێناو گەیشتنە ئەنجام و پێكهێنانی پەیامی لۆگۆسەنتەریزمی دەق، وەك دەڵێت:

ئەم دڵە كوردانەی ئێمەش،

زۆر دەمێكە كۆیلەیەتی خستووەتە ژێر پێیەوە و

بانگی ئازادی زوو داوە...

بەڵام هێشتا تەلیسمی ڕەشی خۆخۆری و

دووبەرەكی بۆ نەشكاوە...

جێکەوت بەواتای (سڕینەوەی شتێك و مانەوەی بەشێکی پارێزراوە لە نیشانەکان)[1]، و (ئەو بەها ئیستاتیکیەیە کە سەرجەم دەقەکان بەدوایدا دەچن)[2]، واتە تەنها ئاماژە نی یە بۆ سڕینەوە، بەڵکو ئاماژەشە بۆ مانەوە، جێکەوت لە ئەنجامی پەیوەندیەکانەوە سەرهەڵدەدات، کە "لەیەك کاتدا ئاماژە لە خودی خۆی و لە سڕینەوە و نەمانی شتێك دەکات بە شێوەیەك بۆ خۆی بوونی نەماوە، بەلاّم لەنێو هێمای تردا هەر ماوەتەوە"[3]، بەو شێوەیە جێکەوت دەبێتە پردێك بۆ بەیەکەوە بەستنەوەی دەق و هێماکان، خودی زڕەی زەنگ بەبێ هیچ ڕستەیەکی تر ڕاستەوخۆ جێکەوت لە دەرونی خوێنەردا دروست دەکات، چونکە پەیامێکی جیاواز و ڕاستەوخۆ و پەیوەست بە کلتوری کوردەوە دەداتە خوێنەر و ڕاستەوخۆ لەگەڵ هەستەکانیدا یەکدەگرێت، بۆیە شاعیر لەڕێگەی ئاشنابوون بە کلتوور، ئەو دەربڕینانەی ڕاستەوخۆ کاریگەری و جێکەوتیان هەیە، بەکار دەهێنێت، وەك دەڵێت:

وەك زڕەی زەنگی زەواریێ،
کە ڕێی دوور و هەوراز دەبڕێ،
ئاواتییە بۆ هەواریێ ...

یان: ئەم دڵە کوردانەی ئێمەش،
زۆر دەمێکە کۆیلەیەتی خستووەتە ژێر پێیەوە و
بانگی ئازادی زوو داوە...

دیارە لە ڕێگەی جێکەوتی نەستی تاکی کوردەوە دەیەوێت ئەوە بڵێت ئەگەر کورد بە ڕوکەش و سیماکان ئەوە نیشاندەدات کە لەگەڵ زۆرداربێت، بەلاّم لەناخیدا دژی کردارەکانی دەوەستێتەوە و هەرگیز زوڵم و ستەمی قبوڵ نەکردووە، ئەوەی وایکردوە، ناچاری و فشارە نەك متمانە و بڕوا بوون.

دەقئاوێزانی ئەم دەقە بریتییە لەوەی شاعیر یەکێکە لەو کەسانەی ئاشنایە بە گۆرانی شاعیر و کاریگەری ئەوی لەسەرە، "بەو پێیەی هەموو دەقێك لە بونیاتەکەیدا دەقئاوێزان هەیە، کاری

---

[1]- جاك دريدا، الكتابة و الاءختلاف، ص٢٧.

[2]- د. أحمد عبدالحليم عطية، ما بعد الحداثة والتفكيك، ص٢٠٧.

[3]- ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، جاك دریداو هەڵوەشاندنەوە، ل٢٢٢- ٢٢٣.

لێکۆڵەریش دیاریکردن و چوونەوە سەر سەرچاوە دەقئاوێزان لە گەڵکراوەکەیە"[1]، هەر بۆیە ئاوازی شمشاڵی شوان کاریگەری لای ئەمیش دروستدەکات و هەروەك لە دەقی (ئافرەت و جوانی)[2]ی (گۆران)دا بەدیدەکرێت، کاریگەری لەسەر شاعیر دروستکردووە و دەقئاوێزانی دەقەکەی شاعیر بووە و دەقئاوێزانی دەرەکی دروستکردووە و هەمان کاریگەری و جێکەوتی لای شاعیر بنیاتناوە، (دەقئاوێزانی دەرەکی ئاوێتە بوونی دەقی نوسەرە لەگەڵ سەرچاوە دەرەکییەکان وەك دەقی ئاینی و ئەفسانە و شیعری کۆن و دەقی کەلتوری)[3]، بەڵام بە وێناو بەکاربردنێکی جیاواز و لێرەوە شمشاڵ هەمان ئاشنایەتی دەرونی دروست دەکات و دەیەوێت هەمان جێکەوت دروست بکاتەوە. کاتێك دەڵێت:

لە گەرووی شمشاڵ، لە تەلی کەمان

گەڵ هەڵساوە ئاوازەی جوان جوان.

یان تەلیسم کە ناونیشانی دەقەکەی (ئەنوەر قادر)ە و ڕوپۆشی فەزای دەقەکەی کردووە، لای گۆرانیش بەهەمان شێوە بونی هەیە، بەڵام بەوێنایەکی جیاواز.

کام تاسە، کام مەیل، کام چاوەنواڕی

تەلیسماوی یە وەك هی دڵداری؟ ...

لای ئەنوەر قادر تەلیسم ناونیشانی سەرەکی دەقەکەیە و بنەمای دەقەکەی پێکهێناوە و ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لە بنیاتی دەقەکەدا، بەڵام لای گۆران ڕۆڵێکی لاوەکی هەیە، کەواتە کاتێك ئەم وێنایە گوازراوەتەوە و هاتۆتە لای ئەنوەر قادر بەشێوەکی تر وێنای کردووە بەبەکاربردنێکی جیاواز، لای ئەنوەر قادر تەلیسم ئاماژەیەکی نێگەتیڤانەیە، بەڵام لای گۆران تەلیسمی دڵداریە و ئاماژەیەکی پۆزەتیڤانەیە، هەرچۆن سۆزی شمشاڵ لای ئەنوەر قادر سۆزێکی خەماوی و ڕەشبینانەیە، بەڵام لای گۆران سۆزێکی پڕ جۆش و ئاوازە و گەشبینانەیە، هەر بۆیە دەقئاوێزان گەڕانە بەدوای واتای (نائامادە)دا، لە ڕێگەی تایبەتمەندییەکانی زمان و زەمینەی جیاوازەوە پێکدێت.

---

[1] – سامان جەلال عەزیز، دەقئاوێزانی شیعری گۆران لە شیعری (هەردی، دیلان، ع.ح.ب، کامەران) دا، ل٢٤٥.

[2] – دیوانی گۆران، کۆکردنەوەی محمدی مەلا کریم، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغداد ١٩٨٠، ل١٠.

[3] – امل احمد عبدالطيف أحمد, التناص فى الرواية الياس خورى, ص١٩١.

پێکهاتەی دەق بۆچوون و ئاستی وردی و بینینی شاعیرە بۆ ڕووداوەکان و هەستکردنە بەیەکسانی مرۆڤەکان، لەبەرامبەریشدا نەرێنی ئایدۆلۆژیا جیاوازەکانە، بۆیە گرنگی ئەم دەقە چۆنیەتی خستنە ڕووی دوانەی لێکدژی ئایدۆلۆژیای نەرێنی و ئایدۆلۆژیای ئەرێنییە، لە بەرامبەر مرۆڤی شەڕانگێز و ئاشتی خواز....تاد، بۆیە لێرەوە خوێندنەوەکە چەمك و باوەڕەکانی ئەودیوی دوانە لیکدژەکان بەدیدێکی فەلسەفیەوە دەخاتە ڕوو، کاتێك لە بنیاتی ڕووکەشی دەق دەڕوانین هەڵگری هەڵوەشاندنەوەیە لە ناوەرۆکیدا، ڕاستە دەقەکە لە ڕووکەشدا باسکردنە لە مەحکەمە و ...هتد، بەڵام کۆی ئەمانە بانگهیشتکردنە بۆ ڕووبەڕووبونەوە و بەرپەرچدانەوەی ئەو واقیعەی سەپێنراوە، واتە هەڵوەشاندنەوە Deconstruction کە (بەدیارخستنی باشترین بەشە شاراوەکانی نێو یەکە سەرەکیە خۆ سەپێنەکانە، ئامانجی بەرهەمهێنانی لێکدانەوەکانە بۆ دەقەکان، کەمتر لەوەی ئامانجی پشکنینی شێوازی خوێندنەوەی خوێنەرەکان بێت بۆ ئەو دەقانە)[1] و بەشێوەیەك تا ڕادەیەك سەربەستی بە خوێنەر دەدات بۆ ڕاڤەکردن و لێکدانەوەی دەقەکان بەپێی ئەو بنەمایانەی جاك دریدا دیاریکردووە، کە ئاستی ڕۆشنبیری و پاشخانی ڕۆشنبیری خوێنەر ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت، هەڵوەشاندنەوە گەڕانە بەدوای واتا و داتاکان و دژی چەقێتی واتایە و هەوڵی گۆڕین و هەڵگەڕانەوەی ئەو واتایانەیە، ئەو سەربەستیەی کە خوێنەر لە ستراتیژیەتی هەڵوەشاندنەوەدا هەیەتی، ڕزگاری دەکات لە خۆبەستنەوە بە فۆڕم و ستایل و دیزاینە کەلتوری و کلاسیکیەکان، بەمەش ئاسۆی لێکدانەوە و دەربڕینەکان فراوان دەبێت.

لە هەڵوەشاندنەوەدا واتا لە دوو ئاستدا دەبینرێت، ئاستی ڕاستەوخۆ و ئاستی قووڵ، لە ئاستی ڕاستەوخۆدا ناڕونیەکی تیادا دەبینرێت، بەڵام لە ڕووی دەلالەتەوە دەوڵەمەندە، لە ئاستی قووڵیشدا هەڵوەشاندنەوەی گوتاری سیستەمی فیکرییە، نموونەی دەقی (تاقە شایەت)ی شێرکۆ بێکەس خاوەنی هێزێکی دەلالی ڕوخێنەرە، کە لەئاستی نائامادەیی دەقدا لەنێوان دوو بونیادایە، هێز و فیکرێکی ئەرێنی لەگەڵ هێز و فیکرێکی نەرێنی.

---

[1]- د.عماد حسيب محمد، بئار النص، ص٥٣.

# تاقه شایەت

دوو جادەی لێکدراو: خاچێکە

هالاَوی پەڵەیەك گەرمە خوێن:

تاوانی تازەی نێو شارێکە

شایەتیش :

هەر تاقە چۆلەکەی هەڵنیشتوی

سەر داری باخێکە

شایەتیٚ : کە هەرگیز بانگ ناکریٚ

بۆ بەردەم "مەحکەمە"[1]

شێرکۆ بێکەس ١٩٨٧

**دەق لە ڕووی پراکتیکەوە**

شاعیر لەم دەقەدا دوو هێزی جیاوازی لە ڕوی فیکر و ئایدۆلۆژیاوە هێناوە، هێز و فیکرێکی نەرێنی و لەگەڵ هێز و فیکرێکی ئەرێنی، دەیەوێت ئەنجام بکاتە پارسەنگی بڕیاردان لەسەر ئەو دوو هێزە، چونکە ئەنجامەکان کارەکان هەڵدەسەنگێنیٚ، بۆیە هێزی میانڕە و لەگەڵ ئەوەی کەمە لەچاو هێزی بەرامبەر، بەلاَم بەردەوام هێزی مانەوە و بەردەوامی و سەرکەوتن لای هێزی مرۆڤ دۆستە، لێرەدا پرەنسیپ و بنەما و ستراتیژەکانی هەڵوەشاندنەوە دەخەینە ڕوو، کە زیاتر ئەو خاڵ و فەزایانەی پەیوەستە بەشیکردنەوە و ڕوونکردنەوەی بۆچون و بنەماکانی لە ڕوی پراکتیکەوە، کە لێرەدا چەخت دەخاتە سەر دال و مەدلول، کە لەواتای فەرهەنگی داماڵراون، و ڕۆدەچین بەنێو کەلێن و بۆشاییەکانی دەقدا بەپێی بنەماکانی هەڵوەشاندنەوە، بەمەش جوڵە دەکەوێتە نێو ئاماژەکانی دەق و زمانی دەق بەرەو کرانەوە دەڕوات و فرێز و دەستەواژەکان لە ئاستی جێگیردا نامێننەوە و بەرەو گۆڕان

---

[1] – شێرکۆ بێکەس، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی دووەم، چاپی چوارەم، پرۆژەی کتێبی دانسقە (٢)، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٤٨٤.

و تەقینەوە دەچن، کاتێك بەپێی بنەماکانی هەڵوەشاندنەوە دەقێك هەڵدەوەشێنینەوە، نابێت تەنیا لەیەك ڕوانگەوە لێی بڕوانین، بەڵکو مەودای خوێندنەوەی دەق لە ڕوانگەی هەڵوەشاندنەوەوە مەودایەکی فراوانە و مامەڵە لەگەڵ کۆی دەقەکە و فەزای دەقدا بەشێوەیەکی فراوان دەکات، بەتایبەتی باکگراوندی ڕۆشنبیری و ئایدۆلۆجیای دەقەکە، بەمشێوەیە هەموو دێڕ و کۆپلەکان هەڵگری داڕمان و هەڵوەشاندنەوەن، هەروەك لە فەزای دەقدا، کە چەند فەزایەکی تێدا دەبینرێ کە ئەویش فەزای بێدەنگ و فەزای جوڵەیە.

## فەزای بێدەنگ

لە فەزای بێدەنگدا واتا و دەلالەتی وشە و چەمکەکان دەخەینە ڕوو، کە هەریەکەیان هەڵگری واتا و دەلالەتی تایبەتی خۆیەتی و ئاسۆی دەقەکە فراوان دەکات و پێویستی بەهەڵوەستە لەسەرکردنە تا مەدلولەکانیمان لا ئاشکرابێت، وەك لە دەقەکەدا بەدیدەکەین :

### تاقە شایەت

شایەت(بینەری ڕوداو)ە، هێما و هێزی یەکلایکردنەوەی تاوانبار و بێتاوانە، ئەو کەسەیە کەدەبێتە بەڵگەی ئەکتیڤی بڕیاردان لەسەر دۆسیەکە، لەسەر ئاستی ڕوکەش کەسێك بۆ پشتیوانیکردن و ئاگاداربوون لە شتێك بانگبکرێت، ئاستی قوڵ و هێزی فریاد ڕەس و یەکلاییکەرەوە، یان ناساندنی تاوانەکانە.

### دوو جادەی لێکدراو:خاچێکە

خاچ لەبەرئەوەی ناسنامەی ئاینی کریستیانە، بۆیە هێنانی وەك هێمای ئەم ئاینە و ناساندنی وێنەی لێکدانی دوو جادە، کە دەکاتە (خاچ)، ڕاستەوخۆ دەقئاوێزانی ئاینی دروستکردووە، چونکە سەرچاوەی دروستبونی دەقئاوێزانەکە ئاینی کریستیانە، بۆیە خاچ (هێمای ئاینی) و هێمای ئاینی کریستیانی و دواتر ئاشتی و ژیان بۆ مرۆڤایەتی، خاچی لێکدراو لە لێکدانی دوو هێڵی ڕاست پێکدێت، و لێرەدا لەبری هێڵەکان جادەی بەکارهێناوە، بۆیە پەیامەکەی یەکسان دەکاتەوە بە مەبەستە سەرەکیەکەی خاچەکەوە،

کەواتە خاچ لە ئاینی مەسیحیەوە سەرچاوەی گرتووە وەك هێمایەك بۆ ئاشتیخوازی مەسیح و ئەو تاوانە نامرۆڤانەیەی بەرامبەری کرا، کاتێك زۆر بێبەزەییانە لەخاچ درا.

هاڵاوی پەڵەیەك گەرمە خوێن:

تاوانی تازەی نێو شارێکە

خوێن تاوان و هێمایە بۆ زوڵم و زۆر و کوشتنی خەڵکی، دەق وەك خەمخۆریەك بۆ نەتەوە و نیشتیمان دەردەکەوێت، و دەیەوێت لەڕێگەی پەیامی شیعرەکەوە ئەوە بخاتە ڕوو، چونکە (تاوانی ناو شارێکە) و شایەت تەنها باڵندەکانن (چۆلەکە)، کە هەرگیز بۆ دادگا و مەحکەمە ناشێت و بانگهێشت ناکرێت.

هەر تاقە چۆلەکەی هەڵنیشتوی

سەر داری باخێکە

تاقە چۆلەکە هێمای مانەوە و بەجێمانی شایەتە بە نهێنی، لە واتا سادەکەیدا ئەو چۆلەکە وێڵەیە، کە دابڕاوە لە گروپەکەی خۆی، یان تەنها ئەو ماوەتەوە و ئەوانی تر لەبەر کیمیا باران و تۆپبارانی حیزبی بەعس لەناوچوون.

بۆ بەردەم مەحکەمە

مەحکەمە شوێنی یەکلاییکردنەوە و وەرگرتنەوەی مافەکانە، ئەو دام و دەزگایەیە کە بڕیار لەسەر ڕاستی و دروستی، تاوانباری و بێتاوانی کەسەکان دەدات، کەواتە ئەگەرچی وەك ڕوکەش مەحکەمە بڕیاریداوە و ئەنجام بەدڵی هێزی توندڕەو بووە، بەڵام وەك ئەرزی واقیع و ئەنجام بۆ هێزی میانڕە و بووە، بۆیە بەردەوام وشەکان داماڵراون لە واتای ئاسایی و واتایەکی مەدلولی و فەرهەنگی بەبەردا کردووە، بۆ ئەوەی هێزی واتایی و ژیانی پێببەخشێت، نیشانەکە بریتیە لە ئاماژەی مرۆڤێك، کە ناتوانرێت بانگبکرێ، ئەگەرچی تەواوی ڕاستی لایە، چونکە خودی شایەتەکەش قاچاخە و گەر بێت و بگیرێ هەمان تاوانی بەسەردا دەدرێ، بۆیە بە واتای جیاواز و بە ئەرکی جیاواز وشەکانی بەکارهێناوە.

لە فەزای جوڵەدا دەلالەتەکان لە ڕوانگەی دەق و لە ڕێگەی ڕەگەزەکانەوە بەپێی بنەماکانی هەڵوەشاندنەوە دەخەینە ڕوو، دەق لەڕێگەی ئەزمونی شیعرەوە، توانیویەتی زۆر بەوردی تیشك بخاتە سەر ڕوداوەکان، بەشێوازێك ڕوداوێکی زۆر گەورە لەڕێگەی پەیام و شایەتێکی بێزمانەوە بخاتە ڕوو، بۆیە توانیویەتی فەزایەکی ورد و شێواز و دەربڕینێکی جیاواز بەکاربهێنێت، لەپێناو گەیاندنی ئەو پەیامەی دەق مەبەستیەتی بیخاتە ڕوو، لە ڕێگەی ئەم تیشکە و بینینی وردی ڕوداوەکان، دەرگایەك بۆ خوێندنەوە و قسە و باسکردن لەسەر دەقەکانی بەشێوازێکی جیاوازتر لە ڕابردوو بکاتەوە، ئەم چڕکردنەوەیەی وشە لە دەقدا وایکردووە دەبێت لێکۆڵەر تێڕامانێکی وردتر بۆ خوێندنەوەی پەیامی سەرەکی پشت وشەکان بەکاربهێنێت، لەگەڵ ئەوەی لە تێڕوانینە شیعریەکەدا ڕەنگە واتا بەوشەیەکەوە پەیوەستبێت، بەڵام لە هەڵوەشاندنەوەدا ڕێگە بە لێکۆڵەر دەدرێت بەجیاوازتر و بەچەند واتا ببینێت و کاری لەسەربکات، واتە جیاوازتر ببینێت، لەڕێگەی کۆنتێکستی دەقەکەوە، یان سەرجەم ڕستە و دێڕەکانی شیعرەکەوە. هەر بۆیە دەق وێڵە بەدوای ڕاستی و ڕوداوێك، کە لەبنچینەدا پەیوەستە بەدەرونی خودی شاعیر وەك تاکی کورد و دواجار وەك کۆی نەتەوەی کورد، چونکە ڕوداوەکە بریتیە لە تاوانێك بەرامبەر بەگەلی کورد بەبێ جیاوازی.

لە ڕێگەی ناونیشانەوە، کە دەروازەی سەرەکی و دەرگای چونە ژورەوەیە بۆ نێو دەقەکە، کە هەر لە ناونیشانەکەوە (تاقە شایەت)، پەیوەستبوونی ناونیشانمان بە ناوەرۆك و کۆی دەقەکەوە بۆ دەردەکەوێت و ناونیشان و دەقەکە ڕایەڵێکی پەیوەندی و وابەستەیی لە نێوانیاندایە، ئەمەش سەرەتای کردنەوەی کۆدەکانی نێو دەقەکەیە، لێرەوە شاعیر ئەو پەیامە بە خوێنەر دەدات، کە پێویستە ئەم دەرفەتەی کەبووەتە هۆی ناساندنی ڕوداو و پەیامی سەرەکی دەق، مەبەست لە ڕوداوی مانەوەی تاقە شایەتە، کە بووەتە چەمکی سەرەکی ململانێکان و پاراستنی نهێنی ڕوداو و کارەکتەری سەرەکی تاوانەکە، دوای بکەوێت و جارێکی تر و بەخوێندنەوەیەکی نوێ، بنەمای دەقەکە بخاتەوە بەر باس، جگە لەمەش پەیامەکەی کردۆتە بونیادێکی فرەیی جیاواز، چونکە دەیەوێت لەم فەزا جیاوازەدا چەند ڕێچکەیەك و ڕێڕەوێکی جیاوازتر بۆ لێکۆڵەر و خوێنەر بکاتەوە، هەربۆیە دەیەوێت لە

**ڕێگەی ناونیشانەوە و بەهۆی سەرنجڕاکێشی و تەنهایی شایەتەکەوە، خودی دەقەکە دەکاتە دەقێکی سەرنج ڕاکێش و خوێنەر ناچار دەکات ئەو تەنهاییە بناسێ و دەرئەنجامەکەشی بۆ دەربکەوێت، هەربۆیە دەق لە ڕێگەی هێنانەوەی چەند وێنە و دیمەنێك وەك (دوو جادەی لێکدراو، پەڵەیەك گەرمە خوێن، تاقە چۆلەکەی هەڵنیشتو، شایەت، مەحکەمە)، کە دەرئەنجامێکی پەیامدار و جیاواز دەردەخەن، دەیەوێت لەسەر هەمان شێواز و ڕێگەی نوێ پەیامی خۆی بگەیەنێت. دالی (خاچێکە) یەکسانە بە (تاقە شایەت)؟، نەخێر چونکە (خاچ) نیشانەی ئاینی مەسیحی و ئەو زوڵمەیە، کە بەرامبەر پەیامبەری ئاینەکە کرا، ئەو ئاینەی نیشانەی خۆشەویستی و تەبایی و یەکسانی و ڕێزگرتنی مرۆڤەکانە لە یەکتر، ، ئەمە لێرەدا ڕووبەڕووی (تاقە شایەت) لۆگۆسەنتەریزم دەوەستێتەوە، کە ڕێگە نادرێ وەك چەقێك بەدەوری خۆیدا بسوڕێتەوە، ڕێگە بەشایەتی تر نادرێ، کەواتە ڕووبەڕووی (جیاوازی) دەوەستێتەوە، کە لە خاچدا دەبینرێ، ئەوانیش (یەکسانی، دادپەروەری، ڕێزگرتن، هاوکاریکردن، خۆشەویستی،...هتد)، ئەمانە هەمووی دەلالەت لە جیاوازی دەکەن و جێکەوتی ئەمانە دێتە دی دژی (تاقە شایەت) لۆگۆسەنتەریزم، کە گردبونەوەیە بە دەوری عەقڵدا، یان میتافیزیکای ئامادە، یاخود عەقڵ و مەنتیق دێت، کە هەر لەسەردەمی ئەفلاتونەوە وەك پێوەرێکی نموونەیی لە ڕووی بیر و داهێنانەوە سەیرکراوە و فەلسەفەی خۆرئاوای لەسەر دامەزراوە، بە جۆرێك میتافیزیکای ئامادە لەسەر بنەمای ناوەندێتی دەنگ** phonocentrism **دامەزراوە، و ئاخاوتن پێش نوسین دەخات، و هەوڵدانە بۆ هەڵوەشاندنەوە و تێکشکاندنی ئەو چەقێتیەی وەك ئامادەییەکی بێکۆتا دیاریکراوە، بابەتی سەرەکی دەق بریتییە لە سەنتەری دەق، کە هەر دەقە خاوەن سەنتەرێکی بابەتیەوە و کۆی دەقەکەی لەسەر بنیاتنراوە، بە هەڵوەشاندنەوەی ئەو سەنتەرەش واتە هەڵوەشاندنەوەی یەك بابەتی و گردبوونەوە بەدەوری چەقدا و خولقاندنی چەند بابەتێکی تر، کە هۆکاری فراوانبوون و دەوڵەمەندکردنی بابەتی سەرەکی دەقەکەیە، و بابەتەکانی لۆگۆسەنتەریزم تێکدەشکێنێ (تاقە شایەت)، چونکە پێویستە فرەیی هەبێت لە شایەتدا، نەك تەنها تاقە شایەت، واتە دەقەکە تاقە شایەت تێکدەشکێنێ بۆ فرەیی، مانا دەلالیەکەی لەگەڵ بوونی زوڵم و هەوڵدان بۆ شاردنەوە و کپکردنی تاوانەکە، بەڵام بەردەوام شایەتێك هەر**

بەجێدەمێنێت، تاوەکو شایەتی لەسەر زوڵمەکە بدات، ئەم تاقە چۆلەکەیەش ئەو ڕۆڵە کوردانەن لەپرۆسەی ئەنفالدا بەرنەکەوتوون و یان هەڵهاتوون و ماون، کە واتا سەرەکیەکەی شیعرەکە بریتیە لەوەی هەموو تاوانێك چەندێك بەنهێنی بکرێت، شایەت و بەڵگەی لەدوا بەجێدەمێنێت، بەڵام جیاوازی بونی شایەت و نەبونی، لە بەرامبەر ئامادەبوون و شایەتی نەدان یەکسانە بەیەك ئەنجام، بۆیە بوون و نەبوونی وەك یەك وایە، ئەمەشی وابەستە کردووە بە کورد و ئەو تاوانانەی بەرامبەری کراوە، لە کاتێکدا گەلی کورد گەلێکی ئاشتیخوازە و هیچ کاتێك هێرشی داگیرکاری ئەنجام نەداوە و هەمیشە بە ئاشتیخوازانە جولاوەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەدڕندەترین شێوە و نامرۆڤانە لە لایەن دوژمنەکانیەوە مامەڵەی لەگەڵدا کراوە.

دریدا لە دوای لێکۆڵینەوەی هەڵوەشاندنەوە گەشتە ئەو باوەڕەی "ئەگەر ئاخاوتن چوارچێوەی ئامادەبوون و شوناس، تاکێتی و سەرەتای هەمو شتەکان بێ، ئەوا نووسین چوارچێوەی نائامادەیی و جیاوازی و فرەیی و دژ یەکیە"[١]، کە ئەمەش پێچەوانەی سێنترالی چەقی دەنگە.

لۆگۆسەنتەریزم لەم دەقەدا (تاقە شایەت)، لەسەرچاوەی ئیسلامیەوە وەرگیراوە، کە بریتیە لە شەرعیەتدان بەدەستبەسەراگرتن و ڕەشەکوژی و حەڵاڵکردنی بەرامبەر، بۆیە لێرەوە دوژمن لەپێناو شەرعیەتدان بەکارەکەی هانای بۆ میتۆدی ئاینی بردووە و دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە بیر و هەستی عەرەب زیاتر بوروژێنێت، و گەلێکی تر بکاتە قوربانی و غەنیمە بۆ عەرەب، ئەم دەقە لە ڕاستیەکی واقیعی، یان ڕوداوێکی جەرگبڕەوە هاتوە، کە بەسەر کوردستاندا هاتووە، کە کورد قوربانیەکی زۆری داوە و تاوەکو ئێستاش ئەم قوربانیدانەی بەشاراوەیی و سەرنگونکراوی ماوەتەوە، ئەوە نوسەر و شاعیر و خەمخۆرەکانن دەبێت جارێکیتر بێنەوە سەرشانۆی ڕوداوەکان و ئەم تاوانانە بکەنەوە بەهێزی بەرەنگاری بەرامبەر تاوانباران.

(کات و شوێن)، کات و شوێنی کوردستانە، دەلالەت لە نەرێنی دەکات، نەرێنی کات و شوێنی مرۆڤەکان، ئەو ململانێیەی هەیە لەنێوان مرۆڤ و مرۆڤ، بەڵام مرۆڤی شەڕانگێز و

---

[١] – د.بشير تاوريريت بالاشتراك مع سامية راجح، التفكيكية في الخطاب النقدي المعاصر، ص٦٩.

زاڵم، لەگەڵ مرۆڤی چەوساوە، بۆیە ڕووبەڕووبوونەوەکان هەم ئایدۆلۆژی و فیکری، هەم مەیدانی و جەستەیین، هەموو ئەمانەش لەپێناو نەهێشتنی بەرامبەرە، بۆیە لە کۆتایی ئەم ململانێیەدا فیکر و ئازادی سەردەکەوێت، چونکە پەیامەکەی مرۆییە و لەپێناو بەدەستهێنانی ئازادی و سەربەخۆییە، هەرچی شوێنە شوێنی نەرێنییە، چونکە پڕە لە ئازار و خەم، دەیەوێت لەم ڕێگەیەشەوە ئەو ئازار و نەهامەتیانە بناسێنێت، نەك هەر ئەمەش بەڵکو بەچەندین شێوازی جیاواز دووبارە بۆتەوە، بەڵام ئەم ڕوداوە لە نەستی شاعیردا هەڵگیراوە و بەهۆکارێك لە هۆکارەکان دووبارە دێتەوە سەر شانۆی ڕوداوەکان، بەڵام بە ئەندێشە و دیدی وردی شاعیر لە دەربڕینەکان و وێنە و زمانی شیعریەوە. شاعیر لە حاڵەتی ئامادەیدا ئاستی زوڵم و نادادی دەسەڵات بەشێوازێکی ورد و لە ڕێگەی گوتارێکی مرۆیی و نەتەوەیی و نیشتمانیەوە دەخاتە ڕوو، لەحاڵەتی ئامادەیدا تەواوی ڕوداوەکان لە بنەمایەکی گوتاری نیشتیمانی و نەتەوەیدا دەردەخات و دەیەوێت لەگەڵ زەمەنەکان بەشێوازێکی جیاوازتر و نوێتر پەیامی ئەو زەمەنەی خۆی بگەیەنێت، و پەیامەکەش پەیامێکی مرۆیی و ڕاستیە و دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە ڕوداوەکان بەبەردەوامی لەگەڵ زەمەنەکاندا گوزەربکات، بۆیە شاعیر لەڕێگەی دەقەوە ڕەخنە لە ڕوانینەکان دەگرێت و بەهۆی بونیاتی شاراوەی دەقەوە پەیامەکەی خستۆتە ڕوو، بەواتایەکی تر شاعیر پیرۆزیەکانی تێکشکاندووە، لەپێناو پەیامە مرۆییەکاندا هەنگاوی بەسەردا هاویشتوون و ڕەخنەی لەو هەلانەی لەڕێگەی ئاینەوە کراون گرتووە، هەمووشی لەپێناو گەیاندنی ئامانجی دەقدا.

هەر تاقە چۆلەکەی هەڵنیشتوی
سەر داری باخێکە
شایەتیٚ : کە هەرگیز بانگ ناکریٚ
بۆ بەردەم "مەحکەمە"

هەڵوەشاندنەوە "هۆکاری داباریینی ڕاڤەی بێکۆتایە و بەخشینی واتای بەردەوام و جێگیری واتا بەخۆوە نابینیٚ و هەمیشەش دوا دەخریٚ لە سیستمی (جیاوازی Difference)دا، بەمجۆرە واتا لە هەڵوەشاندنەوەدا بەهۆی دورکەوتنەوە لە نێوان دال و مەدلول لە توانا بەدەرە، بەم پێیە جیاوازی لە دەقدا ڕووبەرێکی بۆشاییە لە نێوان

ڕەگەزەکانی ئامادە و نائامادەدا درێژ دەبێتەوە، پێویستە خوێنەر پردێك لە نێوانیان دروست بکات بۆ پڕ کردنەوەی ئەو بۆشاییە"[1]، و "Differance دەرکەوتنێکی ڕێکخراوی جیاوازییەکان و جێکەوتی جیاوازییە"[2]، هەمیشە بەهۆی جیاوازی دالەکانەوە مەدلولی جیاواز دروست دەبێت، هەر بۆیە دریدا نووسین پێش ئاخاوتن دەخات، جیاوازی "فۆرمی دووانەیی بەرامبەر یان دژ وەردەگرێ (خێر-شەڕ، سروشت-شارستانی)، پەیوەندی دال و مەدلول لەم دووانە لێکدژانەدا لە شێوەیەکی باودایە و مەنتقی نییە، جیایە بە پێی جیاوازی سیاقەکەی، بەم پێیە واتای ئەدەبیش یەك واتای دیاریکراو و ئاشکرا نیە و دەکەوێتە بەردەم جۆرێك لە جیاوازی نەك گردبوونەوە"[3]، لێرەوە شاعیر یەکێك لە ستراتیژەکانی هەڵوەشاندنەوەی بەشێوەیەکی ورد بەکارهێناوە، کە بریتیە لە جێگۆڕکێکردنی شوێنی لێکدژەکان، یان پێچەوانەکردنەوەی ڕۆڵەکان، چونکە شایەت و مەحکەمە دوانەیەکی تەواوکراون، بۆ بڕیار و ئەنجامی ڕوداو، بەڵام لێرەدا بونەتە دووشتی پێچەوانە و دژ کە ناتوانن بە یەکتر بگەن، لەبەرئەوەی خودی شایەت تاوانبارە لە لای دادگا، چونکە دادگا بریتییە لە دەسەڵات و تاقە شایەتیش بریتییە لە هێزی ناساندی ڕوداوی تاوانکاری، بەمەش جیاوازی پیادەکردووە، کە دریدا بەشێوەیەکی سەرەکی کاری لەسەر کردووە و مەبەستی سەرەکی واتاکانی لەسەر بنەمای جیاوازیەکان دەرهێناوە، دەق لەڕێگەی بەخشینی ڕۆڵ و واتا بە کەرەستە جیاوازەکان، وایکردووە چەند واتا و مەدلول بەرهەمبهێنێت و مەدلولی باڵا تێکبشکێنێت، کە لەسەر بنەمایەکی فیکری و ئایدۆلۆجی بنیاتنراوە، واتە جیاوازی لە نێوان نیشانەکان، بۆ بەردەم (مەحکەمە) دەرخستنی ڕای جیاوازی لەسەرە، چونکە (هەر تاقە چۆلەکەیەك وەك شایەتی، هەرگیز بانگ ناکرێت)، ئەمە دالەکان و دەلالەتەکان و جۆری جیاوازییە لە دەرخستنی ڕای شایەتەکان، کە وا بەکارهاتووە بۆ ئەوەی ئەوە بڵێت، کە حیزبی بەعس بۆی بە ڕوکەش کارەکانی بەیاسایی بکات، بەڵام بەردەوام لەوەشدا شکستی هێناوە، چونکە ئەوەی چاوەڕێی نەبووە، ڕووبەڕوی بۆتەوە.

---

[1] - د.يوسف وغليسي، اشكالية المصطلح في الخطاب النقدي العربي الجديد، منشورات الاختلاف، الجزائر، ط١، ٢٠٠٨، ص ٣٦٣.

[2] - جون ستروك، البنيوية و ما بعدها (من ليفي شتراوس الي دريدا )، ص٢٢٠.

[3] - پ.ی.د عبدالقادر حمه امین محمد، بنەماکانی هەڵوەشاندنەوە، ل ٣٨.

دەق بنەمای ئاینی کردۆتە چەقی ئەو دەسەڵاتەی نەرێنیانە لە بەرامبەر نەتەوەیەکی بێدەسەڵاتدا بەکاریهێناوە، کە لەم دەقەدا دوو ئایدۆلۆژیا هەیە، ئایدۆلۆژیای توندڕەو بەرامبەر بە ئایدۆلۆژیای میانڕەو، واتە ئەمە ململانێی نێوان دوو ئایدۆلۆژیای تەواو جیاوازە، ئایدۆلۆژیایەکی توندڕەو بەبەرگی میانڕەو، لەگەڵ ئایدۆلۆژیایەکی ئاشتیخواز و هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان، ئایدۆلۆژیای چەپ و مرۆڤ دۆستی بەهێزترە، چونکە سەرچاوەی ڕوداوەکە دەبەستێتەوە بە ڕەشەکوژی کورد و ئەنفالەوە، ئەمەش سەرچاوەکەی ئاینە و لە ڕێگەی قۆرخکردن و بەکارهێنانی ئاینەوە تاوانەکە حەڵاڵکراوە، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە لێی دواوە، واتە دەرئەنجامەکەی بۆ ئەوەیە کە بەردەوام ڕاستی و پەیامی مرۆڤایەتی سەربکەوێت، ئەمەش ڕوداوێکە لە ڕابردودا ڕویداوە، بەڵام لە ئێستا و ئایندەشدا کاریگەری هەردەبێت، بۆیە دەبێت بەردەوام دەنگی ناڕازی لەبەرامبەر ئەم ڕوداوانەدا هەبێت، بەواتایەکی تر شاعیر مەبەستی سەرەکی لەناو جیاوازیەکاندا حەشارداوە، دەیەوێت لە ڕێگەی جیاوازیەوە پەیامە سەرەکیەکە و واتا شاراوەکان بناسێنێت، و دەقەکە لەتێڕوانینێکی ئاینی مەسیحی و ئیسلامیەوە گوازراوەتەوە بۆ ئیسلامی و دەیەوێت لەڕێگەی جیاوازی و جۆری ئەو زوڵمانەی کە کراون جیاوازیەکان بخاتە ڕوو، واتە لە مەسیحدا زوڵم بەرامبەر مەسیح کرا، کە پەیامی ئاشتی بوو، بەڵام لە ئیسلامدا زوڵم و زۆری کورد لەسێبەریدا بووە، بۆیە گەورەیی ڕوانینە نەتەوەییەکەی داوە بەسەر ئاینەکەدا.

## جێکەوت

جێکەوت ئەو هێمایەیە کە هەمیشە جێ پەنجەی خۆی لەسەر توخمەکان دیاریدەکات و بەردەوام لەنێوان ڕابردوو و ئێستا و ئایندەدا خۆی دەسەپێنێت، و وا لە توخم دەکات بۆ سەرچاوەی پێشوتری بگێڕدرێتەوە، و قسە کردنە لەسەر کەلێن و بۆشاییەکانی دەق، واتە نیشانەکان چ ڕۆڵێك دەبینن و تایبەتمەندیەکانی نیشانە چین، "چەمکی جێکەوت ئەو پلەکردنە (التدرج)ی لەنێوان وێنەی بیستراو و وێنەی نوسراو جێگیرمان کردووە ڕەتدەکاتەوە"[1] چەمکی جێکەوت لای دریدا وابەستەیە بەچەمکی جیاوازی و نوسین و

---

[1]- د.یوسف وغلیسي، اشکالیة المصطلح في الخطاب النقدي العربي الجدید، ص ٣٦٥.

ئامادەبوونەوە، بەشێوەیەك بەبێ جێکەوت ناتوانرێت بیر لە جیاوازی بکرێتەوە، جێکەوت واتە سڕینەوە و مانەوە، سڕانەوەی شتێك و مانەوەی بە پارێزراوی لە پاشماوەکانی تریدا، و ئامانجی هەڵوەشاندنەوە بریتییە لە "دۆزینەوەی جێکەوت لەنێو نووسیندا"[1]، لەبەرئەوەی نووسین هەڵگری مەدلولی جۆراوجۆر و فرە سیاقە و سنورێکی دیاریکراوی نییە و توانای وازیکردن و گواستنەوەی لەنێوان دال و مەدلولدا هەیەو یاری بە وشەکان و دەربڕینەکان دەکات و واتای جۆراوجۆر لە خۆ دەگرێت، هەر ئەمەشە جیای دەکاتەوە لە وتن و هۆکاری بێزارکردنی فەیلەسوفەکان بووە، پێچەوانەی میتافیزیکای ئامادە بووە و سەنتەری دەنگی لەقکردووە و دەسەڵاتی نەهێشتووە.

ئەم دەقە دەیەوێت بڵێت ئەو تاوانانەی بەرامبەر کورد کراون، وەك ئەنفال و کیمیا بارانکردنی هەڵەبجە و ڕەشەکوژیەکان، ئەگەرچی بەپەنهانی و بەشاراوەیی کران، بەڵام لەگەڵ بوونی بەڵگەی حاشا هەڵنەگر، بەردەوام پاساوی جیاواز لە ڕێگەی دادوەر و دەمڕاستەکانەوە دەهێنرێتەوە، لەپێناو دورخستنەوەی شایەتەکان، بۆیە لە مەبەستە جیاواز و پێچەوانەکەدا، دەیەوێت بڵێت ئەوەی حسابی بۆ نەکرێت وەك (چۆلەکە)کانە.

هەر تاقە چۆلەکەی هەڵنیشتوی

سەر داری باخێکە

شایەتیێ : کە هەرگیز بانگ ناکرێ

بۆ بەردەم "مەحکەمە

کە لەسەر دارەکان و لەناو چڵەکاندا خۆیان شاردۆتەوە، بەڵام ئاگاداری ڕوداوەکەن، پێشمەرگە و شاهیدی تری سڤیل هەن، بەڵام بانگ ناکرێت بۆ بەردەم دادگا، چونکە بوونیشیان بریتیە لە یاخیبوون و قەدەغەیی، بۆیە هەرگیز ناتوانرێ شاهیدە کوردەکان، بۆ تاوانەکانی بەرامبەر کورد، بهێنرێنە بەر دادگا، ئەمەش وایکردووە شاڵاو و پەلامارەکان لەسەر کورد گەورەتر و زۆرتر بکرێن، شاعیر لە (تاقە شایەت)دا دەیەوێت ئەو جێکەوتە Trace بەجێبهێڵێت، کە بۆ هەموو ڕوداو و تاوانێك شایەتحاڵ هەیە، بەڵام بۆ سەلماندنی ئەم تاوانە، دەبێت بەڵگە و شایەت هەبێت، شایەتێك هەڵگری هەموو مەرجێك بێت، ئاقڵ

---

[1]- د. بسام قطوس، استراتیذیات القراءة، ص٢٩.

بێت، لاوبێت، ڕاستگۆبێت....تاد، بەدەر لەمانە ناتوانرێت بۆچونی وەربگیرێت، واتە دووبارە بۆ سەلماندنی ڕاستیەکە، مەحکەمەش دەبێتە هۆکارێك بۆ پەردەپۆشکردنی تاوانی شارێك، بە واتایەکی تر تاوانی گەورە نابێت ببەسترێتەوە بە بوونی بەڵگەیەك، کە خۆی بۆ خۆی هۆکارێکی ساویلکەیە.

**دوو جادەی لێکدراو: خاچێکە**

لێرەدا دەقئاوێزان بەدیدەکەین، کە "کارکردنە لە نێوان کێڵگەی دەقەکاندا و دەیەوێت لەم ڕێگەیەوە ئەو پەیوەندی و کاریگەریانەی نێوان دەقەکان بدۆزێتەوە، یاخود کارکردنە لەسەر ئەو گواستنەوە جیاوازانەی کە لەنێوان دەقە کۆن و نوێکاندا هەیە، لە ئەنجامی ئەم کارلێکردنە، دەقئاوێزان دەبێتە سەنگی مەحەکی دیاریکردنی ڕەسەنیەتی و سەرچاوەیی دەق"[1]، و دەرخستنی توانا و ئاستی بەهێزی دەق و ڕۆشنبیری نووسەرە و دیاریکردنی سەرچاوەی پێکهێنانە، و "کەوایە هەموو دەقێك پێشینەیەکی هەیە لە دەقەکانی دیکەدا و سەر لەنوێ بەپێی بارودۆخ و مەبەستی شاعیر و گۆڕانکارییەکانی سەردەم خۆی دەخزێنێتەوە ناو شادەماری دەقەکەدا و ڕەهەندێکی قووڵ و واتایەکی نوێی دەداتێ"[2]، لە ڕێگەی دەقئاوێزانەوە توانست و ئاستی وەرگرتن و داهێنانی نووسەری دووەم دەردەکەوێت، هەموو دەقێك دەبێتە بەشێك لە پێکهێنانی دەقێکی تر، ئەمەش وا دەکات دەق بەکراوەیی بمێنێتەوە و لە چوارچێوەی یەك واتایدا دانەخرێت، "جێکەوتی شاراوەی هەموو ڕەگەزێك لە پەیوەستبوون و دەقئاوێزاندایە لەگەڵ ڕەگەزەکانی تر لەناو نەسەقی شیعریدا و دەلالەتی دەق پێکدەهێنێت"[3]، واتە ڕەگەزەکانی دەرەوەی دەق، وەك جێکەوت، کاریگەریان لەناو دەقدا هەیە و بە میکانیزمی ناوەوەی نەسەقی شیعری دەژمێردرێن و پێکهاتەی دەقی شیعرین، دەقی تاقە شایەت لەگەڵ دەقەکانی خودی شاعیردا (دەقئاوێزانی خودی) بەرجەستەکردووە، کە بریتییە لە (دووبارە بەرهەمهێنانەوەی رابردوو لە سنوورێکی ئازاددا)[4]، و (هەڵمژینی دەقە خودیەکانی نوسەر خۆی)[5]، یاخود "ئەو جۆرە دەقئاوێزانەیە

---

[1]– ئاوارە فەرەیدون قادر، دەقئاوێزان لەشیعرەکانی (ئەنوەر قادر محمد)دا، ٢٠١١، ل ١٧.

[2]– د. شنۆ محەمەد مەحمود، دەق ئاوێزان لە شیعری نوێی کوردیدا بە نموونەی پیرەمێرد، گۆران، لەتیف هەڵمەت، ل١٤٨.

[3]– د.عماد حسيب محمد، بئار النص، ص١٩٥.

[4] – محمد عزام، النص الغائب، ص٣٢.

[5] – د. محمد مفتاح، تحليل الخطاب الشعری(استراتيذية التناص)، دار التنوير للطباعة والنشر، بيروت–لبنان، ط١، ١٩٨٥، ص١٢٥.

**که شاعیر له قۆناغێك له قۆناغەکانی شیعر نوسینی خۆیدا وشه و دەستەواژه و وێنه و گوزارشتەکانی خۆی دووباره بەکاردەهێنێتەوه، ئەم دووباره بونەوەیەش بووەته بەش و سیمایەك له شیعرەکانی شاعیردا"[1]، هەر له دیوانی (ئاوێنه بچکۆلەکان)دا، شاعیر دەقێکی تری هەیه بەناونیشانی (شایەت)[2]، که له حوزەیرانی ۱۹۸۰ نوسیویەتی، و دواتر پاش حەوت ساڵ دەقی (تاقه شایەت)ی نوسیوه، بەمشێوەیە دەقئاوێزانی خودی دروستکردووه بەیاسای (هەڵمژین)، که "ئەم یاسایه له بنەڕەتدا له بڕیاردان به گرنگی دەق و پیرۆزییەوه سەرچاوەدەگرێت و بەشێوەیەکی جوڵەیی و گواستنەوەیی مامەڵەی لەگەڵدا دەکات و دەقه ڕەسەنەکه ڕەتناکاتەوه و بەشداردەبێت له بەردەوامیپێدانی به شێوەکی کرۆکی که شیاوی تازەکردنەوه بێت"[3]، یاخود "شاعیر ناوەرۆکی دەقێکی ڕابردوو یان پوختەکەی یان بیرەکەی وەردەگرێت و دوباره ئەو پوخته و ناوەرۆك و بیره دادەڕێژێتەوه، دوای هەڵمژینی، بەبێ ئەوەی له دەقه نوێکەدا ئامادەبونێکی واژەیی و ئاشکرا هەبێت، یان بیرخستنەوەیەکی ڕاستگۆی دەقەکەی ڕابردوو"[4]، لێرەدا شاعیر بۆ گەیاندنی ئەو بیرەی هەیەتی پەنا دەباته بەر دەقی نائاماده و جارێکی تر دەیهێنێتەوه یاد و لەدەقەکەیدا بەکاریدەبات و ئەرکی پێدەبەخشێت، بەشێوەیەك له خزمەتی دەقەکه و بیرەکەیدا بێت، هەر بۆیه شاعیر جارێکی تر (شایەت)ی بەکارهێناوه و له (تاقه شایەت)دا کردویێتی به ناونیشانی دەقێکی نوێ و له فۆڕمێکی نوێ و جیاوازدا دایڕشتۆتەوه و واتا و ئەرکێکی نوێی پێبەخشیوه، هەروەها (خاچ) کاریگەری و جێکەوتی لای شاعیر بەجێهێشتووه و کاریگەری ئەو ڕوداوه شوێنێکی تایبەت و دیاری لای شاعیر هەیه، هەر ئەمەشه وایکردووه ناونیشانی دیوانێکی بریتیبێت له (خاچ و مار و ڕۆژ ژمێری شاعیرێ)، که له ساڵی ۱۹۸۸ بڵاویکردۆتەوه، بەهەمان شێوه دەقئاوێزانی خودییه، به یاسای هەڵمژین، جگه لەمه شاعیر له دەقی (نیشانه)[5]دا، که له ساڵی ۱۹۸۰ نوسیوێتی، دەڵێت:**

**له دوای "مەسیح"**

---

[1] – ئاواره فەرەیدون قادر، دەقئاوێزان لەشیعرەکانی (ئەنوەر قادر محمد)دا، ۲۰۱۱، ل ۷۹.

[2] – شێرکۆ بێکەس، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی دووەم، چاپی چوارەم، پرۆژەی کتێبی دانسقه (۲)، سلێمانی، ۲۰۰۲، ل۴۱۳.

[3] – احمد ناهم، التناص فی الشعر الرواد، بغداد، الطبعة الاولی، ۲۰۰٤، ص٤٧–٤٨.

[4] – د.احمد طعمة حلبی، التناص بین النظریة والتطبیق، شعر البیاتی نموزجا، دمشق، الهیئة العامة السوریة للکتاب، ۲۰۰۷، ص ۱۹۱.

[5] – شێرکۆ بێکەس، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی دووەم، چاپی چوارەم، پرۆژەی کتێبی دانسقه (۲)، سلێمانی، ۲۰۰۲، ل۲٤۸.

**خاچ بوو بە نیشانەی دییان**

**بەهەمان شێوە دەقئاوێزانی خودییە بە یاسای هەڵمژین، یان لە دەقی (تەمتومان)[1]دا، کە لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید لە ١٩٨٨/١٢/٢٠ بڵاویکردۆتەوە، بەهەمانشێوە دەقئاوێزانی خودییە بە یاسای هەڵمژین، کاتێك دەڵێت:**

**ڕێگەی "خەج"ی**

**لە خاچ دراوی عەشقێکی کوردستانیی**

**لە سەرتا بوو!**

**هەر بۆیە لەدەقی (تاقە شایەت)دا، (خاچ) هێما و نیشانەیەکە بۆ ئەو ڕۆڵەی کە بەرامبەر پێغەمبەری ئاشتی کراوە، لێرەدا خاچ ناسنامەی گەورەترین و قێزەونترین تاوانە بەرامبەر ئاشتیخوازترین مرۆڤی ئەم دنیایە، لێرەوە دەقئاوێزانێکی ئاینی بەرجەستە بووە و دەیەوێت لە ڕێگەی ئەم خاچەوە پاکی و ڕاستگۆیی و ئاشتیخوازی گەلی کورد نیشانبدات، و لە بەرامبەریشدا زاڵمی حیزبی بەعس، بۆیە خودی خاچ بەچەندین شێوازی جیاواز دروستدەکرێت، بەڵام هەمان ئامانج و پەیامی واتادار ناگەیەنن، بۆیە مەسیح مرۆییانە لەگەڵ مرۆڤەکاندا دەجولایەوە و کاری بۆ مرۆڤایەتی دەکرد بەبێ جیاوازی، بەڵام لای عەرەبەکان بەپێچەوانەوە لە ئێستاشدا عەرەبچێتی لەپێش مرۆڤایەتی و ئاینداریەوەیە، ئەمەش جیاوازی لە پەیامە سەرەکیەکەدا دروست دەکات، بۆیە ئایدۆلۆژیا و مەبەست و هۆکارەکان و هەنگاوەکانیان دەناسێنێت، بۆیە لای عەرەب ڕێگە یەك ڕێگەیە و ئامانج یەك ئامانجە، بەدەر لەمە نەئامانج و نەمەبەست بوونی نییە، بۆیە داخران بەپلەی یەکەم لەبەرچاو گیراوە، بەڵام مەسیح و ڕێگە زۆر و ئامانجەکان زۆرتر، بۆیە گرنگ ئەوەیە مرۆڤەکان باشبن، ئیدی هەر ئاین و ڕەگەز و نەتەوە و ..... تاد بن، بۆیە کرانەوە بەشێوەیەکی بەرفراوان بوونی هەیە.**

---

[1] – شێرکۆ بێکەس، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی دووەم، چاپی چوارەم، پرۆژەی کتێبی دانسقە (٢)، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٦٩٨.

## دەقی (هیوا)ی عەبدوڵا پەشێو

دەقی هیوا ئەگەرچی دەقێکی کورتە، بەڵام لە هەمانکاتدا دەقێکی واتادار و پڕ هیوا و ئاوات و ئامانجە، ئەم دەقە لە ناوەرۆکیدا هەڵگری کۆمەڵێك واتا و مەدلولە و خوێندنەوەیەکی هەڵوەشاندنەوەیە لەسەر ئاستی فیکری شاعیر و تێڕوانینی بۆ ڕوداوەکان و سەردەم و ئەو گۆڕانکاریانەی لە هەناوی مرۆڤایەتیدا خۆیان مەڵاسداوە سەرچاوە دەگرێت و چاوەڕێی چرکەسات و دەرفەتی گونجاون بۆ تەقینەوە و دەربڕینی ئەوەی لە ناوەرۆکیدا پەنگی خواردووە، لە پێناو بەجێهێنان و گەیشتن بەو ئامانجەی ئاواتەخوازێتی، واتە هەرچەند دەقەکە دەقێکی کورتە و تەنها لە دوو کۆپلە پێکهاتووە، بەڵام لە مەغزادا هەڵگری کۆمەڵێك واتا و ئاوات و خەونی ڕاستەقینەیە و پڕ هیواو هیوا بەخشینە بۆ بەدەستهێنان و گەیشتن بەو ئامانجەی ئاواتە خوازێتی و خەونی شاعیر و نەتەوەیەکە.

### هیوا

لە کاتێکدا
لە سەرەوە لە لوتکەکان،
تۆف و زریان لە دەوەن و داران وەردێن،
خەمت نەبێ
لە بنەوە، لە دۆڵەکان،
گیای نەوخیزە و گۆپکە دەردێن[1].

عەبدوڵا پەشێو ١٩٨٩/١٢/٢٥ تەرابلوس

[1]– عەبدوڵا پەشێو، هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦، ل١٣٦.

دەق لە ڕوی پراکتیکەوە: لەم دەقەدا دوو جۆر خوێندنەوە دەخەینە ڕوو.

**خوێندنەوەی یەکەم/ خوێندنەوەی لۆگۆسەنتەریزم**

لە خوێندنەوەی لۆگۆسەنتەریزمدا بەپێی واتای ئامادە(الحضور) واتای دەقەکە دەخەینە ڕوو، واتە ئامادەیی و سەنتەر و ناوەندێتی دەنگ دەکەینە بنەمای لێکدانەوەکەمان، هەر لە خوێندنەوەکەدا ستاتیکا و نێگەتیڤ و هەردوو دەلالەتی (شوێن) و (کات)، بەبەڵگەی دەقەوە دەخەینە ڕوو.

لە کاتێکدا

لە سەرەوە لە لوتکەکان،

تۆف و زریان لە دەوەن و داران وەردێن،

خەمت نەبێ

لە بنەوە، لە دۆڵەکان،

گیای نەوخیزە و گۆپکە دەردێن

لەواتای ڕوکەشدا ئەم دەقە هەڵگری کۆمەڵێك دالی ئاشکرایە و گەر لە ڕوانگەی وێنە گشتیەکەوە لێی بڕوانین، ئەوا ڕاستەوخۆ وێنەیەکی سروشتیمان بۆ دەگوازێتەوە، کە ئاشکرایە لە وەرزە سەختەکاندا هەمیشە لەسەر بەرزاییەکان و لوتکەی چیاکان تۆف و زریان و بەستەڵەك ڕوودەدەن و لە دەوەن و دارەکان دەدەن و خۆڕاگرتن لە بەرامبەریدا سەخت و ئەستەمە، بەشێوەیەك لەزۆر جێگادا ئاژەڵ و زیندەوەرە کێویەکانیش توانای خۆڕاگرتنیان نییە لە ئاستی ئەو سەرما و دابەزینی پلەی گەرمایەدا، بەڵام ئەگەر لە ڕوانگەی ئاستی قوڵی دەقەکەوە لێی بڕوانین، ئەوا کۆمەڵێك مەدلولی جیاواز لەخۆ دەگرێت، کە بەپێی ئاستی مەعریفی و هۆشمەندی و شوێن و کات و باکگراوندی کەسەکان گۆڕانی بەسەردا دێت، ئەوەی لێرەدا شاعیر مەبەستێتی بیخاتە ڕوو سەختی سروشت و گواستنەوەی ئەو وێنەیە نییە، یاخود ئەو وێنە دالیە نییە کە ڕوون و ئاشکرایە، بەڵکو لێرەدا مەبەست واتا قوڵ و شاراوەکەیە، کە نائامادەیە، ئەوە هۆشمەندی و باکگراوندی خوێنەرە، کە مەدلولەکان و واتا نائامادەکان دەخاتە ڕوو، کە وێنەکە گۆڕانکاری بەسەردا دێت و مەبەستە سەرەکیەکە ئاشکرا دەکات، واتە کاتێك شاعیر باس لە لوتکەکان دەکات، لێرەدا لوتکە بە چەقی دەسەڵات

دێت و لۆگۆسی دەقەکە پێکدێنێت و سەرجەم دەسەڵاتەکان لە لوتکەدا (سەنتەر) کۆدەکاتەوە، بەجۆرێك سەرجەم بڕیارەکان لەوێوە سەرچاوە دەگرن و بەرەو خوارەوە شۆڕدەبنەوە، شاعیر دەمانگێڕێتەوە بۆ زەمەنی دەق، ناوەندێتی دەق لەم دەقەدا بریتییە لە خستنە ڕوی بیر و ئایدیای شاعیر لەسەر بنەمای زمانی دەقەکە، و لێرەوە هەژموونی لۆگۆسی شاعیر بەسەر دەقەکەدا زاڵە، چونکە شاعیر مەبەستیەتی ئایدۆلۆژیای چەپ لە ڕێگەی خستنە ڕوی هێزی کرێکاری و هەژاری، بەتایبەتی لەو کاتانە بەهێز دەبێت، کە بەهۆی زوڵم و ستەمی دەسەڵاتەوە یەکدەگرێتەوە و بەهۆیەوە هێزێکی شۆڕشگێڕی و شەپۆلێکی خەبات دروست دەکات و لێرەوە پەرچەکرداری خەبات و سەرهەڵدانی شۆڕشێکی هەژاری سەرهەڵئەدات، بە واتایەکی تر بەردەوام چینی خوارەوە لە ئەنجامی زوڵم و ستەم هێز پەیدا دەکات و سەرلەنوێ گۆڕانێکی نوێ لەسەر بنەمای لۆگۆسی پەرچەکردار دروست دەبێت.

لەم دەقەدا یەکێ لە دەنگەکان بریتییە لە کرداری زمان و یەکیەتی دەنگی و هەستەکانی شاعیر لەناو دەقەکەدا، دەنگی شاعیر دەنگی چینێکی دیاریکراوە و دەیەوێت لە ڕێگەی دەنگی خۆیەوە یەکیەتی دەنگی و هەستەکانی ئەم چینە بەرامبەر چینێکی تر نیشان بدات، واتە ئەرگۆمێنتێك پیشاندەدات کە لە فەزا و ژینگەیەکی دیاریکراودا ڕویداوە و بووەتە هۆی ناساندن و واقیعیەت. واتە دەیەوێت بڵێت هەموو کاتێك فشارەکان بەرهەمەکانیان بەو شێوازەی کە زاڵم دەیەوێت نابێت، بەڵکو توندی ستەم دەبێتەوە بەهێزی هەستانەوەی زوڵملێکراو بەمەش ئایدیا و بیری دەقەکە لەسەر ئەو چەق و سەنتەرە وەستاوە، کە بیرەکەی لێبەرهەم هاتوە و کۆی هەوڵەکانی شاعیر لە پێناو ناساندن و خستنەڕووی ئەم دەسەڵاتی لۆگۆسەنتەریزمەیە، شاعیر لەم دەقەدا کردە مرۆییەکانی پەیوەستکردۆتەوە بەبونیادی مەبەستداریەتی ئەقڵییەوە، کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کرۆکی ئەقڵەوە هەیە، چونکە ئەقڵ و هەستەکان پەیوەندی ڕاشکاویان لەگەڵ یەکتر هەیە و زۆر جار ئەقڵ کۆنترۆڵی هەستەکان دەکات و دەیانخاتە ژێر کۆنترۆڵی خۆیەوە، چونکە دواجار ئەقڵ تەحەکوم بە شتەکان دەکات و پەیوەندی بەجۆری بڕیاردانەکان و ڕەنگدانەوەکانی دەبێت، بۆیە شاعیر لە ڕێگەی بیرکردنەوەی ئەقڵییەوە بۆ واقیعی حاڵ، وایکردووە دۆزی جیاوازی چینایەتی ببێتە چەمکی باس و مەبەستە سەرەکیەکەی شاعیر.

لێرەدا دەق و بنیاتی دەق و ئاسۆی دەلالەتەکان گۆڕانیان بەسەردا دێت، و ئاسۆیەکی تر بە (شوێن) و (کات)ی دەقەکە دەدات و لە نێگەتیڤەوە بەرەو پۆزەتیڤ و جوانی ئاسۆکان دەجوڵێت، واتە بەپێی جیاوازی و پەرتکردن، ئاسۆی دەلالەتەکان لە نێگەتیڤەوە بۆ پۆزەتیڤی دەلالەتەکان دەگوێزرێنەوە، چ لە ڕووی جوانی و چ لە ڕووی شوێنەوە، واتە دەق لەسەر دوو جۆر دەلالەت کار دەکات، دەلالەتی شوێن و دەلالەتی کات، هەردووکیان بە بەڵگەی دەقەوە لە خوێندنەوەی لۆگۆسەنتەریزم و خوێندنەوەی هەڵوەشاندنەوەدا دەخەینە ڕوو.

لە خوێندنەوەی هەڵوەشاندنەوەدا ستاتیکای دەلالەتەکان بەپێی نائامادەیی (الغیاب) ڕووندەکەینەوە، کە جوانی دەلالەتەکان لە نێگەتیڤەوە دەگوڕێت بۆ ئاستی ستاتیکا، چونکە خوێندنەوەکە بەپێی جیاوازی (difference) مامەڵەی لەگەڵدا دەکەین، و دەچینە خانەی پەرتکردن (dissemination) وە، کە لەخانەی جێگیری و سەنتەرەوە، ناوەندێتی دەنگ ئامادەیی تێدەپەڕێنێت و ڕەگەز و دەلالەتەکان پەیوەست دەکرێن بە پەرتکردن و بڵاوبونەوە، کە ئاسۆی خوێندنەوەی نوێی دەق دەڕەخسێت.

خوێندنەوەی هەڵوەشاندنەوە زیاتر خوێندنەوەیەکی فرە ڕەهەندە و لە چەندین ڕوانگەی جیاوازەوە بونیادی ئامادەیی دەق هەڵدەوەشێنێتەوە، تاوەکو بەشێوەیەکی نوێ فۆڕمی دەقەکە بنیاد بنێتەوە، کە جیاوازبێت لەو فۆڕمە گشتیەی دەقەکە لەخۆیگرتووە، ئەمەش لەڕێگەی هەڵگەڕانەوەی دوانە لێکدژەکانی بنیادی دەق و پێچەوانە کردنەوەیان، چونکە دەق خۆی لە خۆیدا هەڵگری بنەمای جیاوازیە، کاتێك بەپێی ئامادەیی و نائامادەیی لە دەق بڕوانین، کە یەکێك لەو بنەمایانەی دریدا بۆچونی ئامادەیی و نائامادەیی لەسەر دامەزراندووە بیری جیاوازییە، واتە لە ڕوانگەی جیاوازیەوە (واتا) لە پرۆسەی نوسیندا دەستەبەر دەبێت.

جیاوازی difference ئەو سیفەتەیە کە دەلالەت لە جیاوازی ( کات _ شوێن ) دەکات و دریداش خستویەتیە پاڵ گوتاری ئەدەبی، خوێندنەوەیەك لەگەڵ خوێندنەوەیەکی تر جیاوازە یان خوێنەرێك لەگەڵ خوێنەرێکی تر، بەم پێیە (جیاوازی) کاریگەری دواخستنی

واتای تیایە، ( دەق )یش دواخستنێکی هەمیشەیی واتایە، چونکە ناگەڕێتەوە بۆ بیرکی یەکگرتوو، بەڵکو گەمەیەکی دەلالی جۆر بە جۆرە، بۆیە (واتا هەمیشە دوا دەخرێ لەگەمەی دالەکانی زماندا)[1]، واتە ( جیاوازی چەمکێکی شوێنییەو نیشانەکانیش نەسەقێکن لە جیاوازی و لەناویدا دابەشبون، بەلأم "دواخستن" چەمکێکی زەمەنیە و دالەکانیش دواخستنێکی بێکۆتان لە ئامادە بون )[2]. دریدا لەڕێگەی ئەم چەمکەوە گوتاری فەلسەفی و ئەدەبی و بیرە میتافیزیکییەکان هەڵدەوەشێنێتەوە، ئەویش بەهۆی دەلالەتی وشەی (difference)ەوە واتا بەرهەمدێنێ لە ڕێگەی کردەی نووسین و خوێندنەوەدا، خوێندنەوە "لە شوێن کارێکی لەتوانا بەدەرەو هەوڵدەدات بۆ دۆزینەوەی یەکگرتنی جیاوازییەکان"[3]، واتە دەکرێت لەڕێگەی ئەم جیاوازیانەوە بەنێو هەناوی دەقەکەدا شۆڕببینەوە و واتا شاراوەکانی نێو دەقەکە ئاشکرابکەین، و بەپێی ئامادەیی و نائامادەیی کار لەسەر دەق دەکەین، واتە ئێمە لە بەردەم دیاریکردنی دەقی شیعریداین، بۆ نمونە ئایا ئەم دەقە چ جۆرە دەقێکە و ئایا دەقێکی داخراوە یان کراوەیە، ئایا دەسەلأتی دەق تا چ ئاستێکە، کە هیچ دەقێك لەدەرەوەی لێکدانەوە و شیکردنەوە نییە، و لێکدانەوەی دەقیش پەیوەستە بە واقیع و دۆخ و شوێن و کاتەوە. ئامادە و نائامادە پەیوەندیان بەیەکەوە هەیە، کە یەکێکیان پەیوەندی ناوخۆییە و پەیوەستە بەیەکە ئامادەکانی دەقەوە، ئەوی تریان ئەو پەیوەندیەیە، کە خۆی لە ڕەمز و پەیوەندی نێوان دال و مەدلولدا دەبینێتەوە، کە لە هەڵوەشاندنەوەدا مەدلولەکان بێکۆتاین و بەپێی سیاق و واتای دەقەکە گۆڕانیان بەسەردا دێت، نائامادەیی پەیوەستە بەواتای ئامادەی دەقەکەوە و ڕەهەندە دەلالیەکەی لەوەوە وەردەگرێت و بەشدارە لە پێکهاتەی پەیوەندیە شیعریەکانی دەقەکە، (ئامادە و نائامادە) واتا بەخشینێکی ڕەخنەییە بۆ دەق، چونکە بەرهەمێکی ئەپستمییە بۆ شیکاری دەق، لە ڕوانگەی هەڵوەشاندنەوەوە، لەبەر ئەوەی هەموو بنەماکانی هەڵوەشاندنەوە (لۆگۆسەنتەریزم، جیاوازی، جێکەوت، نوسین، دەقئاوێزان)، پەیوەستن بە ئامادەیی دال و نائامادەیی مەدلولەوە و ئامادە و نائامادەیان بەشێوەیەکی بەرچاو تیا بەدیدەکرێت.

---

[1] – پ.ی.د عبدالقادر حمە امین محمد، بنەماکانی هەڵوەشاندنەوە، ل٣٦.

[2] – رامان سيلدن، النظرية الأدبية المعاصرة، ترجمة سعيد الغانمي، ص١٣٦.

[3] – د.عبدالله محمد الغذامي، المشاكلة و الاختلاف، ص١٩.

بەپێی بۆچونی دریدا لە نائامادەیی و زۆری و جیاوازی واتادا، ئەوا (ئامادە) دەبێت هەڵگری بنەمای دژ بێت، کە (نائامادە)یە، تاوەکو هەڵوەشاندنەوە کاری خۆی بکات، بەمەش وا سەیری ئامادە دەکرێت، کە شێوەیەکە لە شێوەکانی نائامادە و جیاوازی، ئامادە لە ئامادەیی شتەکاندا بەدیدەکرێت، کە وەك سەنتەر خۆی نمایش دەکات، کاری دریداش وەستانەوە بوو لە دژی ئەم سەنتەرە و دانانی بنەمای (نائامادە) لە جێگەی.

ئەم دەقە لەبەر ئەوەی هەڵگری کۆمەڵێك مەدلولە، بۆیە لە ڕوانگەی هەڵوەشاندنەوەوە دەقێکە پێویستی بە قوڵبونەوە و شۆڕبونەوە هەیە بۆ نێو واتا شاراوە و نائامادەکانی دەق، کە لە خوێندنەوەیەکی سەرزارەکیدا ئاسان نییە کۆی ئەو واتا و مەدلولانەمان بۆ دەستەبەربێت، خوێندنەوەی دەقیش لە ڕوانگەی هەڵوەشاندنەوە هەروا ئاسان نییە، چونکە خوێنەری دەق سەرلەنوێ دەقەکە دەنوسێتەوە، لە ڕێگەی خوێندنەوەی بەشێوازێکی جیاواز و هەڵوەشاندنەوەی، لەو پێناوەدا بۆ سەرلەنوێ بنیاتنانەوەی بەپێی ئەو بنەمایانەی هەڵوەشاندنەوە دیاریکردووە، بۆ دۆزینەوەی کەلەبەرەکان و نادیاریەکانی دەق، چونکە هەڵوەشاندنەوە کار لەسەر دیاری و ڕوونی دەق ناکات، بەڵکو هەمیشە بەدوای واتای نادیار و دژ لەگەڵ واتای ڕوون و ئاشکرادا دەگەڕێت، لە پێناو پڕکردنەوەی نادیاری و ناتەواویەکانی دەقدا و پیشاندانی ڕویەکی تری دەق، واتە دۆزینەوەی واتا نائامادەکان، کە بەپێی پرەنسیپەکانی هەڵوەشاندنەوە بێکۆتایە و هەمیشە واتا دوا دەخرێت و بەپێی خوێنەرەکان گۆڕانی بەسەردا دێت.

لە کاتێکدا
لە سەرەوە لە لوتکەکان،
تۆف و زریان لە دەوەن و داران وەردێن،
خەمت نەبێ
لە بنەوە، لە دۆڵەکان،
گیای نەوخیزە و گۆپکە دەردێن

واتای مەبەستداری دەق لای شاعیر لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە لەو سەردەمەدا ڕژێمێکی دیکتاتۆری و فاشی حوکمڕانبو و خاوەنی سەرجەم دەسەلاتەکان بوو، واتە کاتێك بڕیار دەدرێت ئەوا لە لوتکەوە، کە چەقی دەسەلاتە ئەو بڕیارە دەردەچێت، کە سەرچاوەی

تۆف و زریانە، واتە سەرچاوەی ئاشوب و داماڵین و وێرانکاری و لەناوبردن و کوشت و کوشتارە و لەسایەیدا ڕەشەکوژی و ڕەشبگیری و داگرتنی دێیەکان و پرۆسەی ئەنفال و گرتن و ڕاونان و قەدەغەکردنی پەیڕەوکردنی سەرجەم ماف و ئازادیەکان و پێشێلکردنی مافە نەتەوەییەکان و بیروباوەڕی ئازادی و یەکسانی و .....تاد بەڕێوە دەچێت، کە ئەمەش دەرخستن و ئاشکراکردنی دیوە ڕاستەقینە و ناشرینەکەی ئەو جۆرە دەسەڵاتەیە و هەڵوەشاندنەوەش وەستانەوەیە لە دژی هەر سەنتەرێك و هەڵیدەوەشێنێتەوە لەپێناو سەرلەنوێ بنیاتنانەوە و دەستەبەرکردنی مافی یەکسانی و دادپەروەری، هەروەها شاعیر دەیەوێت بڵێت، لەو ساتانەی کۆی ئەو بەرهەم و شۆڕش و خەباتانەی خەڵك خەریکە کۆتایی پێبهێنرێت، بەڵام ئەمە ناکاتە کۆتاییهاتنی خەبات، یاخود هەرەس هێنانی هیواکان و کۆتاییپێهێنانی، چونکە لەگەڵ هەموو کۆتاییەکیشدا، سەرەتایەکی نوێ بەڕێوەیە، کەواتە ئەو ئایدیایە ڕەتدەکاتەوە و بەهەڵەی دەزانێ، کە پێیوایە سڕینەوە و لەناوبردن، کۆتایی بەشتەکان دەهێنێت، چونکە خەبات و خواست و هیوا ....تاد، بەشێکی دانەبڕاوی مرۆڤ و قۆناغە جیاوازەکانی ژیانی مرۆڤایەتین و بەردەوام دووبارە دەبنەوە، لەبەرئەوەی ژیان بەبێ هیوا و ئومێد نابێ، ئەگەر ئومێد وەستا ژیان دەوەستێ، بۆیە بەردەوام ژیان و هیوای نوێ و خواست و ئامانجی جیاواز سەر هەڵدەداتەوە.

لەم دەقەدا ناونیشان (هیوا) پەیوەستبوێکی ڕاستەوخۆ و دانەبڕاوی بەکۆی دەقەکەوە هەیە و هەڵگری واتا و بنەمای بنەڕەتی دەقەکەیە، کە هەر لە ناویشانەوە شاعیر کۆمەڵێك واتای هیوا بەخشمان پێدەبەخشێت، و تەسلیم نەبوون بەو واقیعە سەختەی ئەزمونی شاعیری لەسەر دامەزراوە ڕادەگەیەنێت و لەهەناویدا هەڵگری شۆڕشێکی پەنگخواردووە و چاوەڕێی چرکەساتی بانگەشە و تەقینەوەیە لە ڕێگەی ئەو هیوایەی بنیاتی دەقەکەی لەسەر دامەزراوە.

دریدا ڕای وایە، کە جێکەوت (سڕینەوەی شتێك و مانەوەی بەشێکی پارێزراوە لە نیشانەکان)[1]، دەلالەتە بۆ یەکێ لەم دوو جوڵەیە و کەمبایەخی یەکێکیان، واتە جێکەوت دەلالەت لە سڕینەوەی شتێك دەکات و مانەوەی بەشێکی پارێزراو، چونکە تەنها ئاماژە نییە بۆ سڕینەوە، بەڵکو ئاماژەشە بۆ مانەوە، واتە جێکەوت لای دریدا هێمایە، هێمایەك بەردەوام جێ پەنجەی لەسەر توخمەکان دیاریدەکات، واتە هەموو ڕەگەزێك لەسەر بنەمای ئەو جێکەوتە دێت، کە ڕەگەزەکانی تر لەدوای خۆیان بەجێیدەهێڵن، چونکە بەشێوەیەك جیاوازی دەکەوێتە پێش دال و مەدلول، پێش هەیکەل و واتا، هەموو جیاوازییەك کە دەبێتە جیاوازی، جێکەوت لەسەر ئەویتر بەجێدەهێڵێت، لێرەدا جێکەوت دەبێتە ئەسڵی ڕەهای هەموو واتا و دەلالەتێك، بەڵام جێکەوتیش ئەسڵ نییە.

جێکەوت یەکێکە لە بنەما سەرەکیەکانی هەڵوەشاندنەوە، چەمکی جێکەوت لە هەڵوەشاندنەوەدا پەیوەستە بەئامادەبوونی خودی، دریدا وایدەبینێت کە لە جێکەوتدا شتێك هەیە، چەمکە میتافیزیکیەکەی هەریەکە لە جێکەوت و ئامادە دەسڕێتەوە، چەمکی جێکەوت Trace لە سیستەمی هەڵوەشاندنەوەدا (پەیوەستە بە چەمکی ئامادەبوو، کە ئاڕاستە میتافیزیکیەکە دەسڕێتەوەو گەمەیەکی ئاڵۆز لە نێوان واتا دژەکاندا لە بواری جیاوازیدا پێکدێنێت)[2]. ئامانجی دریدا لە هەڵوەشاندنەوەی فەلسەفە لەگەڵ ئەو ئاواتانەی کەلەسەر هەستی ئامادە هەیەتی، لە بەرامبەردا فۆکەسی خستۆتە سەر بەیەکگەیشتنی دال و مەدلول لای سۆسێر و ڕەتکردنەوەی لەپێشینەی دال و مەدلول لای دریدا، کەواتە کۆنتێکستەکە ئەو واتا مەدلولیە و تایبەتیە دروستدەکات کە خوێنەرەکەی لە خوێندنەوەکەوە هەڵیدەهێنجێنێت. بۆیە جێکەوت (نواندنێکی بینراوی و نووسینێکی هەستپێکراوی وتنە دەنگیەکە نییە، بەڵکو جێکەوتە و بونەوەرێکە لە نیشانە و بیر و هۆش دەجوڵێنێت، بەرەو ئەوەی کە بونەوەر نەبێت، کەواتە ئەوەی هەبووە جێکەوتەیەکی نەبوو هەڵدەگرێت، بۆ نموونە سەما و مۆسیقا و پەیکەر هەموویان نووسینن، بەڵام جێکەوتەکەی

---

[1] – جاك دریدا، الکتابة و الاعختلاف، ص٢٧.

[2] – د.عماد حسیب محمد، بئار النص، ص١٨٣.

بریتیە لەو بەها ئیستاتیکیەی کە لەپشتیەوە ئامادەیە و هەموو خوێنەرێکی ئەدەب پەی پێدەبات)[1] و (وشەکان لەشیعردا هیچ نییە جگە لە فرمێسکی زمان، خودی شیعریش هیچ نییە جگە لە گریانێکی ڕەوان، گریانیش واتا نییە بەڵکو جێکەوتە، هەرچۆن فرمێسکیش واتا نییە بەڵکو جێکەوتە، کەواتە شیعر جێکەوتە نەك واتا، ئەمەش ئەوەیە کە پێویستە لە هەموو ئەزمونێکی زمانی ئیستاتیکی داوای بکەین)[2]. کاری هەڵوەشاندنەوە بریتییە لە "دۆزینەوەی جێکەوت لەنێو نووسیندا"[3]، واتە ئامانجی خوێندنەوە "دۆزینەوەی جێکەوتە، جێکەوت زاراوەیەکی هونەریە، جێگەی مەبەست و ئامانج دەگرێتەوە لە دەقی ئەدەبیدا، لەلایەنی خوێنەرەوە کاری ستاتیکا لە چێژ و کارلێك لەگەڵ دەقدا بەدەست دێنێت"[4]، نووسینیش هەڵگری مەدلولی جۆراوجۆر و فرە سیاقە و سنورێکی دیاریکراوی نییە و توانای وازیکردن و گواستنەوەی لەنێوان دال و مەدلولدا هەیەو یاری بە وشەکان و دەربڕینەکان دەکات و واتای جۆراوجۆر لە خۆدەگرێت. کەواتە جێکەوت ئەو خاڵی کاریگەریەیە، کە کاریگەری خۆی لەسەر دەق جێدەهێڵێت و ڕایەڵی پەیوەندی نێوان ڕابردوو و ئێستا و ئایندەیە و وا لەدەق دەکات بۆ سەرچاوەی پێشوتری بگەڕێتەوە، کاتێك دەڵێت:

لەکاتێکدا

لە سەرەوە لە لوتکەکان،

تۆف و زریان لە دەوەن و داران وەردێن

تۆف و زریان جێکەوتی لەسەر دەقەکە جێهێشتووە، هۆکارەکەشی ئەو چەقی دەسەڵاتەیە، کە سەرچاوەی سەرجەم نەهامەتیەکان و هێنانەکایەی ئەو ئەنجامە وێرانکاریەیە، ئەمەش واتای ئامادەی دەقەکەیە و جێکەوتی لەسەر شاعیر جێهێشتووە، جێکەوت لێرەدا دروستکردنی گیانی بەردەوامی و هێزی ژیانە، بەواتایەکی تر مرۆڤ بەردەوام بەپێی

---

[1]- محمد عزام، تحليل الخطاب الادبي، ص١٢٦.

[2]- عبدالله الغذامي، الخطيئة و التكفير، ص٢٥٩.

[3]- د. بسام قطوس، استراتيذيات القراءة، ص٢٩.

[4]- عبدالله الغذامي، الخطيئة و التكفير، ص٢٥٦.

**قۆناغەکان ئەرك و بەرپرسیاریەتی لە ئەستۆ دەبێت، لەگەڵ سەختی و هەوراز و نشێویەکان بەردەوام دەبێت، جێکەوت ململانێیە لەپێنا و بەردەوامی ژیاندا.**

**خەمت نەبێ**

**لە بنەوە، لە دۆڵەکان،**

**گیای نەوخیزە و گۆپکە دەردێن**

**لە بەشی دووەمی دەقەکەدا، ڕووی گەشی دەقەکە دەردەکەوێت، کە مەبەستی سەرەکی شاعیرە، کاتێك دەڵێت: (خەمت نەبێ)، ئەمە ئەوپەڕی متمانە بەخۆبوون و هیوا بەخشینە، لە دالی (خەمت نەبێ)دا کۆمەڵێك مەدلول خۆی مەڵاسداوە و لە چرکەساتی تەقینەوەدا ئاشکرا دەبێت، لێرەدا شاعیر بەوپەڕی هیوا و ئاواتەوە پەیامی خەمت نەبێ بەگوێی گوێگر و خوێنەردا دەدات و چرکەساتی گۆڕانکاری و ڕۆشتن بەرەو ئامانج ئاشکرا دەکات، چونکە لە پشتی (خەمت نەبێ)وە کۆمەڵێك پەیام بەخوێنەر دەبەخشێت، وەك بەردەوامی خەبات و سەرلەنوێ هەڵسانەوە و بەگژاچونەوەی ئەو دەسەڵاتەی سەرچاوەی نەهامەتیەکانە، بە پشت بەستن بە کەسانی ئازا و بوێر و گیان فیدا و تاد، کە جارێکیتر بڵێسەی شۆڕش دادەگیرسێنن و دەبنە هۆکاری لەناوبردنی نادادی و هێنانە کایەی ژیانێکی یەکسان و خۆشگوزەران بۆ تاکەکانی کۆمەڵ، ئەویش کاتێك دەڵێت:**

**لە بنەوە، لە دۆڵەکان،**

**گیای نەوخیزە و گۆپکە دەردێن**

**واتە لە بنەوە و لەناو جەماوەر و کەسی بەش مەینەت و زوڵم لێکراودا، جارێکیتر بڵێسەی شۆڕش گۆش دەبێت و هەڵدەگیرسێت، لە بەرامبەر ئەو نادادی و زوڵم و ستەمەی کە هەیە و سەرلەنوێ ڕۆژێکی نوێ هەڵدێت و ژیانێکی تازەی دوور لە ستەم بۆ هەموان دەستەبەر دەبێت، کە ئەمەش دیوەکەی تری دەقە و لە ڕێگەی بنەمای دژەوە لە سەنتەری داوە و بەرامبەر چەقی دەسەڵات وەستاوەتەوە و جێکەوتی لەسەر شاعیر جێهێشتووە و ڕابردو و ئایندەی بە ئێستای دەقەوە گرێداوە، لە هەمان کاتدا ئەمە ئەوپەڕی هیوایە لە جەستەی دەقدا ئامادەبوونی هەیە و ڕاستەوخۆ بەناونیشانی دەقەکەوە پەیوەستە.**

ئەگەر بەشێوەیەکی گشتی لەم دەقە بڕوانین، ئەوا دابەش دەبێت بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا، کە هەریەکەیان هەڵگری دال و مەدلولی خۆیەتی و لەسەر بنەمای دژ دامەزراوە، و دەقێکی کراوەیە و خاوەنی زمانێکی ئیستاتیکیە و چەندین واتا و مەدلولی جیاواز لەخۆ دەگرێت، کە دەکرێت لە ڕێگەی ستراتیژیەتی هەڵوەشاندنەوە وە لەسەر بنەمای چەمکی دوانە لێکدژەکان واتا نەوتراوەکان بخەینەڕوو، و لەڕێگەی ئیستاتیکای زمانی دەقەکەوە بچینە نێو ستراتیژیەتی هەڵوەشاندنەوەوە، تاوەکو وێنە شاراوەکان بەدەربخەین و ڕایەڵە گوتراوەکان ئاوەژوو بکەینەوە، لەپێناوی دەرخستنی واتا نەوتراوەکاندا. کەواتە لەم ڕوانگەیەوە دەکرێ شۆڕببینەوە بۆ نێو هەناوی دەق و میتافیزیکای ئامادە دیاریبکەین، کە سەنتەر و چەقی دەقەکەی لەسەر بنیاتنراوە و واتا بە دەقەکە دەبەخشێت، لەم دەقەدا سەرجەم کەرەستە و ڕستە و چنین و وێنەکانی لەسەر بنەمای بونیادێکی میتافیزیکیانەی سێنترالی دامەزراوە.

بەشی یەکەم: لەکاتێکدا
لە سەرەوە لە لوتکەکان،
تۆف و زریان لە دەوەن و داران وەردێن

بەشی دووەم: خەمت نەبێ
لە بنەوە، لە دۆڵەکان،
گیای نەوخیزە و گۆپکە دەردێن

لێرەدا بنیاتی ئەم دەقە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە، کە هەریەکەیان بە جیا واتا و مەدلولی خۆی هەیە و لە هەمانکاتدا دوو جەمسەری جیاواز و دژ بەیەکن، واتە لە بەشی یەکەمدا ئاوەڵناوی شوێنی (سەرەوە، لوتکەکان) پێکهاتووە، بەڵام بەشی دووەم لە ئاوەڵناوی شوێنی (بنەوە، دۆڵەکان) پێکهاتووە، کە ئەمەش ئەو ئاراستە جیاوازەی نێوان هەردوو بەشەکە ڕوون دەکاتەوە، کە لەسەر بنەمای دژیەکی بنیاتنراوە، مەدلولی (سەرەوە، لوتکەکان)، جیاوازە لە مەدلولی (بنەوە، دۆڵەکان)، ئەمەش جگە لە واتا دەلالیەکەی

ڕەهەندێکی فیکری و فەلسەفی لەخۆ دەگرێت، کەخۆی لەواتا شۆڕشگێڕیەکەیدا دەبینێتەوە، پێکهاتەی دەقەکە بریتیە لە دوو ئاراستە و شوێنی جیاواز، کە ئاراستەی یەکەمیان سەرەوە و لوتکەکانە و سەرچاوە و چەقی سەرجەم هێز و دەسەڵاتەکانە، ئاراستەی دووەم بنەوە و دۆڵەکانە، کە ئاشکرایە هەمیشە دەسەڵات و هێزی کارابونی لەچاو ئاراستەی یەکەمدا کەمترە، بەڵام لێرەدا لەسەر بنەمایەکی دژ بنیاتنراوە و ڕەهەندە فیکریەکەی لەسەر دامەزراوە و سەرجەم واتا دەلالیەکەی ئاوەژوو دەکاتەوە، لێرەدا چەندێك وشە و دەلالەت و پێکهاتەی دەقەکە ئاسان و ڕوون و ئاشکرا دەربکەوێت، بەڵام ئەو پەرچە کردارەی دەقەکە لە ناوەرۆکیدا هەڵیگرتووە کارێکی هەروا ئاسان و لەخۆوە نییە، بەڵکو هەڵگری مەودایەکی پڕ هیوا و دەرئەنجامی کردەیەکی لە مێژینەی خەبات و کۆڵنەدان و شۆڕشە، کە لێرەدا بنەما دوالیزمیە دژەکە لە کردە و لێکنەچونی نێوان پێکهاتەی دەلالی و هونەری هەردوو بەشەکەدا ڕەنگ دەداتەوە، کە لەسەر ئاستی وشە و ڕستە و نوسین بنەما دژەکە دەردەکەوێت، کە کۆی دەقەکەی لەسەر بنیاتنراوە، ئەوانیش بریتین لە:

| <u>**بەشی یەکەم**</u> | <u>**بەشی دووەم**</u> |
|---|---|
| **سەرەوە** | **بنەوە** |
| **لوتکەکان** | **دۆڵەکان** |
| **تۆف و زریان لە دەوەن و داران وەردێن** | **گیای نەوخیزە و گۆپکە دەردێن** |

ئاشکرایە پەیوەندی و دەسەڵاتی نێوان ئەم دوو هێزە پەیوەندیەکی نابەرامبەرە، بەڵام کاریگەری و هێزی دەلالی دەق لەم نابەرامبەریەدا دەردەکەوێت و ئاراستەی دەقەکە دەگۆڕێت، چونکە دوو هێز و ئاراستەی دژ بە یەکن و دوو ئاراستەی جیاوازن، ئەمەش خۆی لەخۆیدا چەسپاندنی دوالیزمی دژیەکیەکەیە. لەلایەکی ترەوە بەشی یەکەم دەستپێك و پێکهاتەی سەرەکی دەقەکەیە، پڕە لە هێز و جوڵە و دەسەڵات و واتا دەلالیەکەی لە لۆگۆسی دەسەڵاتەکەیدایە، لە کاتێکدا بەشی دووەم پڕە لە بێدەنگی و ئارامی و واتا و هێزە دەلالیەکەی لەو کپی و ئارامیەوە وەردەگرێت و بزاوت و جوڵەی پێچەوانە و دژ بەکۆی دەقەکە دەبەخشێت، ئەمەش یەکێکە لە بنەما و مەبەستە سەرەکیەکانی هەڵوەشاندنەوە.

شیعریەتی دەقەکە لەوەدا بەرجەستە دەبێت، کە هەردوو بەشەکە دوو جوڵە و دوو ئاراستەی پێچەوانە و دژ بەیەکن و دژی بەکارهێنان و بیروبۆچونی باو و ئاسایی زمانن، چونکە ئاشکرایە کە سەرەوە دەلالەتە لە بڵندی و پیرۆزی و شکۆ و بەدەستهێنانی هیواکان و ئامانج و گەشبینی و خۆشگوزەرانی و دادپەروەری و ...تاد، پێکهاتەی پەیوەندیە دژەکانی ئەم دەقە، هەڵگری دەلالەتێکی فیکری و فەلسەفی قوڵە، چونکە هەر لە کۆنەوە هەمیشە (سەرەوە) سەنتەری دەسەڵات و شتەکان بووە و لە فەلسەفەی کۆندا و لە سەرجەم ئاینەکانیشدا دەسەڵاتەکان بۆ سەرەوە گەڕێنراونەتەوە و سەروە بنەما و چەقی دەسەڵات بووە، لە سەرجەم پاڕانەوە و نزا ئاینیەکانیشدا ڕوو لە سەرەوە و لە ئاسمان کراوە، بە پێچەوانەوە بنەوە سەرچاوەی بێدەسەڵاتی و بێهیوایی و نائومێدی و ...تاد دەگەیەنێت، بەڵام لێرەدا واتاکان و مەبەستەکان و دەلالەتەکان ئاوەژوو بونەتەوە، ئەمەش شیعریەت و کاریگەری و هێز بەدەقەکە دەبەخشێت و بنەمای فیکری و ئامانجی دەقەکە بەرجەستە دەکات، بەشێوەیەکی ئاشکراتر لەم دەقەدا دوو شوێن بەدیدەکرێت، سەرەوە و لوتکەکان، لەگەڵ بنەوە و دۆڵەکان، بەڵام هەریەکەیان ڕەهەندێکی فیکری جیاوازیان هەیە و بەپێچەوانەی واتا و سروشتی بنەڕەتی خۆیانەوە کاردەکەن و هێز و دەسەڵات لە سەرەوە و لوتکەکان، دەگوێزرێتەوە بۆ بنەوە و دۆڵەکان.

# ئه نجام:

هەڵوەشاندنەوە لە مەیدانی فەلسەفە و فکر و ئەدەبدا، هەوڵێکی ستراتیژی و ڕۆچوون بووە بە چەمکەکانی میتافیزیکا، (دەق)یش بە بۆچونی دریدا زنجیرەیەك گواستنەوەی بێکۆتایە و بنەمایەکی فەلسەفی هەیە و ئەو دەقانە تێدەپەڕێنێ کە سنووردار و کۆتا و ڕوونن، بە مەبەستی تێپەڕاندنی میتافیزیکای ئامادەگی، چونکە بە بڕوای هەڵوەشاندنەوە هیچ مەدلولی ڕەها نییە، خوێندنەوەکانیش لە ئاستی جۆربەجۆردا بەپێی خوێنەرەکان خۆیان دەنوێنن و تەنها لە بنیاتی ڕووکەشی دەقدا نامێننەوە و لە هەوڵی ئەوەدان بگەنە بنیاتی قووڵی دەق، لەم حاڵەتەدا ناگەڕێتەوە بۆ مەبەستی نووسەر، بەڵکو دەیخاتە ژێر فشاری ستراتیژی ئاڵۆزی نێوان خوێنەر کە مەعریفە و توانای داهێنەرانەیە و لە لایەکی تریش دەق و دەلالەتی بێکۆتا، ئەم بەیەکدا چوونە دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی ستراتیژیەتێکی خوێنەرانە، کە هەوڵی دۆزینەوەی تواناکان و دیالۆگی کراوەیە.

بۆیە لە ئەنجامدا دەگەینە ئەم ڕاستیانە:

## ئەنجامی گشتی

١- لە ستراتیژی هەڵوەشاندنەوەدا، گەمەی ئازادی مەدلولەکان بە دالەکان، ئاماژەیە بۆ مەدلول، کە خۆی ڕادەستی دالی مەدلولەکان دەکات و سەرلەنوێ واتا و ڕوویەکی تریان پێدەبەخشێ، هەڵوەشاندنەوە بەشێوەیەکی گشتی ئەوەی سەلماندووە، کە زمان سیستەمێکە لەسەر بنەمای جیاوازی دامەزراوە.

٢- هەڵوەشاندنەوە بەپێی ستراتیژێکی کارا بە دوای دوانە لێکدژەکانی دەقدا دەگەڕێ و هەڵیان دەوەشێنێتەوە و پێچەوانەیان دەکاتەوە و سەرلەنوێ بنیاتیان دەنێتەوە و ڕوویەکی تریان دەداتێ.

٣- لە ستراتیژی هەڵوەشاندنەوەدا، مردنی نووسەر بە کۆتا نووسین، تایبەتمەندی دەداتە دەسەڵاتی خوێنەر، واتە نووسەر بەکۆتایی نووسینی دەق بە مردن کۆتایی دێت، لە خوێندنەوەی هەڵوەشاندنەوەدا کۆتا خوێندنەوە نەخراوەتە ڕوو، کە خوێندنەوەیەکی خراپ خوێندنەوەیە، واتە هەڵگری هەموو واتاکان نییە، بەڵکو چاوەڕێی هاتنی خوێندنەوەی ترە.

٤- ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوە، سوودی لە سەرچاوە زمانییەکانی سۆسێر وەرگرتووە، کە جۆرە هاوبەشیەك لە نێوان سۆسێر و ڕەخنەی هەڵوەشاندنەوەدا هەیە، بەتایبەتی دوانە لێکدژەکان و دەسەڵاتی نائامادە و پرەنسیپی لەخۆوەیی.

٥- چەمکی جیاوازی و دواخستن، پەیوەستن بە بیری ئامادەی واتا و جێگیر کردنی، بەپێی سیستەمی جیاوازی واتا ئامادەیی لە خودی خۆیدا نییە و پەیوەستە بە ڕەگەزەکانی ترەوە، واتە واتای ڕەگەزەکان ئامادەیە و نائامادەیە.

٦- لە هەڵوەشاندنەوەدا دەبێت خوێنەر هەمیشە گومانی هەبێ لەوەی دەشێ لە دێڕەکانی هەر دەقێکدا واتایەکی نهێنی شاردراوە هەبێ کە زۆر جار بە ئاسانی خۆی بە دەستەوە نادات.

## ئەنجامی تایبەت

١- لە هەڵوەشاندنەوەدا شیکردنەوەی دەق پەیوەست نییە بەزۆری و کەمی دەقەکەوە، هێندەی پەیوەستە بەقوڵی واتا و دەلالەت و ناوەرۆکی دەقەکەوە.

٢- لە دەقی (حەزێکی شێتی) فەرەیدون عەبدول بەرزنجدا، کارلێکی خودی بووەتە چەق و جێکەوتی سەرەکی ناو دەق و لێرەوە ئاماژە و هێماکان واتاکانیان وەردەگرن.

٣- دەقی (تەلیسم) یەکێکە لەو دەقانەی شاعیر (ئەنوەر قادر جاف)، کە زۆر لەبنەماکانی هەڵوەشاندنەوەی تێدا بەرجەستە دەبێت.

٤- شێرکۆ بێکەس لە دەقی (تاقە شایەت)دا بەهۆی هەڵگری چەند کۆدێکەوە، توانیویەتی واتا و ئامانجە سەرەکیەکەی لەناو دەقدا بشارێتەوە و بەو هۆیەوە دەقەکەی کردوەتە دەقێکی کراوە.

٥- لە دەقی (هیوا)ی عەبدوڵا پەشێودا جێکەوت ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لەسەر لێکدانەوەی دەقەکە و دواجار ڕەنگدانەوەی لەسەر خوێنەر.

٦- لە کۆی دەقەکان فەزای ئامادە و جێکەوتەکان، بریتین لە پەیوەستبوونێکی خودی شاعیرەکان بە ڕوداوەکانی نەتەوە و نیشتیمانەوە.

٧- دەق بەبێ شوێن و کات ناچێت بەڕێوە و شوێن و کات لە دەقەکاندا ڕۆڵ و ئەرکیان پێبەخشراوە، چ وەك بنەمای دەقەکە، چ وەك جێکەوتی واتا.

# سەرچاوەکان

## یەکەم: کتێبەکان

### ١- کوردییەکان:

**أ- دیوانەکان:**


١. ئەنوەر قادر محمد، زریان و زایەڵە و زنار، بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی دلێر، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٢. شێرکۆ بێکەس، دیوانی شێرکۆ بێکەس، بەرگی دووەم، چاپی چوارەم، پرۆژەی کتێبی دانسقە (٢)، سلێمانی، ٢٠٠٢.

٣. عەبدوڵا پەشێو، هەسپم هەورە و ڕکێفم چیا، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠٠٦.

٤. فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشك، سلێمانی، ٢٠٠٤.

٥. گۆران، کۆکردنەوەی محمدی مەلا کریم، بەرگی یەکەم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق، بەغداد ١٩٨٠.


**ب-کتێبەکان:**


١. ئیبراهیم مەحموود خەلیل (د)، ڕەخنەی ئەدەبی نوێ، لە لاساییکردنەوەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەگەرایی، وەرگێڕانی: پ. ی. د. محمەد تاتانی، پێداچونەوەی: عەبدوڵا تاهیر بەرزنجی، لە بڵاوکراوەکانی ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری دیالۆگ، کرکوك، چ١، ٢٠١٧.

٢. بەسام قطوس(د)، دەروازەیەك بۆ میتۆدەکانی ڕەخنەی هاوچەرخ، و:د.محەمەد تاتانی، بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ڕۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە، بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، چ ١، ٢٠١١.

٣. جاك دريدا، دەرمانخانەی ئەفلاتون، وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە: ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل، چ١، ٢٠١٥.
٤. ڕێبین رەسول ئیسماعیل، جاك دریدا و هەڵوەشاندنەوە، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوكردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی كەمال، ٢٠١٠.
٥. ڕێبین ڕەسولْ، ئەپستمۆلۆژیاو فەلسەفە، بەرگی یەكەم، دەزگای چاپ و پەخشی ڕێبین، هەولێر، چاپی یەكەم، ٢٠٠٤.
٦. شنۆ محەمەد مەحمود (د)، دەق ئاوێزان لە شیعری نوێی كوردیدا بە نموونەی پیرەمێرد، گۆران، لەتیف هەڵمەت، بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوكردنەوەی سلێمانی، چاپخانەی بینایی، سلێمانی، ٢٠١٢.
٧. عەلی تاهیر بەرزنجی (د)، چەند توێژینەوەیەكی ڕەخنەیی، بڵاوكراوەی ئەكادیمیای كوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٤.
٨. عەلی تاهیر حسێن (د)، ڕەخنەی بونیادگەری لە تیۆرەوە بۆ پراكتیزەكردن، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چ١، ٢٠٠٨.
٩. لیژنەی ئەدەب لە كۆڕی زانیاری، زاراوەی ئەدەبی، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٦.
١٠. نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد، شیعریەتی دەق و هەنگوینی خوێندنەوە، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠١.
١١. یادگار لەتیف شارەزووری (د)، دیاردەگەرایی و ڕەخنەی ئەدەبی، چ١، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٥.

**٢- كتێبە عەرەبیەكان:**

١. ابراهيم مصطفى محمد الدهون (د)، التناص فی شعر ابی العلاء المعری، عالم الكتب الحديث، الاردن،٢٠٠٧.
٢. أحمد عبدالحليم عطية (د)، ما بعد الحداثة والتفكيك، مقالات فلسفية، دار الثقافة العربية، القاهرة، ٢٠٠٨.

٣. ايمان عيسى الناصر (د)، وحدة النص و تعدد القراءات التأويلية في النقد العربي المعاصر، ط١، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت، ٢٠٠١.
٤. احمد ناهم، التناص فى الشعر الرواد، بغداد، الطبعة الاولى، ٢٠٠٤.
٥. احمد طعمة حلبى (د)، التناص بين النظرية والتطبيق، شعر البياتى نموزجا، دمشق، الهيئة العامة السورية للكتاب، ٢٠٠٧.
٦. بسام قطوس (د)، استراتيذيات القراءة، التأصيل و الاعجراء النقدي، مؤسسة حمادة و دار الكندي–أربد، ط١، ١٩٩٨.
٧. بسام قطوس (د)، المدخل الى مناهج النقد المعاصر، دار الوفاء للطباعة و النشر، الطبعة الأولى، ٢٠٠٦.
٨. بشير تاوريت (د)، التفكيكية في الخطاب النقدي المعاصر، دار رسلان للطباعة والنشر والتوزيع، سوريا، دمشق، ط١، ٢٠٠٨.
٩. بشير تاوريت (د)، فلسفة النقد التفكيكي في الكتابات النقدية المعاصرة، عالم الكتب الحديث للنشر و التوزيع، ط١، ٢٠٠٨.
١٠. بشير تاوريت (د) و سامية راجح، التفكيكية في الخطاب النقدى المعاصر، دراسة في الاصول و الملامح و الاعشكالات النظرية و التطبيقية، دار رسلان للطباعة و النشر و التوزيع، سوريا – دمشق، ٢٠٠٨.
١١. بشير تاوريت (د) و ساميه راجح، فلسفة النقد التفكيكى– في الكتابات النقدية المعاصرة، عالم الكتب الحديث، ط١، سنة ٢٠٠٩.
١٢. بير ف زيما، التفكيكية– دراسة نقدية، ت: اسامة الحاج، دار مجد، بيروت، ط٢، ٢٠٠٦.
١٣. بول آرون، دينيس سان، آلان فياك، معجم المصطلحات الأدبية، ترجمة: د. محمد محمود، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، الطبعة الاولى ١٤٣٣هـ، ٢٠١٢م.
١٤. تزفيتان تودوروف، ضمن – المبدأ الحوارى، ترجمة: فخرى صالح، دار الشؤون الثقافية العامة،العراق – بغداد، ط١، ١٩٩٢.

١٥. تيري ايغلتن، مقدمة في النظرية الأدبية، ترجمة: عاصم اسماعيل الياس، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٢.

١٦. تيري ايكلتن، مقدمة في النظرية الأدبية، ترجمة ابراهيم جاسم العلي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٢.

١٧. تيرى ايغلتون، نظرية الآدب، ترجمة: ثائر ديب، منشورات وزارة الثقافة في جمهورية العربية السورية، دمشق ١٩٩٥.

١٨. جاك دريدا – ما الآن؟ ماذا عن غد؟ الحدث، التفكيك، الخطاب، اشراف: محمد شوقى الزين، دار الفارابي، بيروت – لبنان، ط١، ٢٠١١.

١٩. جاك دريدا، الكتابة و الاءختلاف، ترجمة كاظم جهاد، تقديم محمد علال سيناصر، دار توبقال للنشر، دار البيضاء، ط١، ١٩٨٨.

٢٠. جاك دريدا، علم الكتابة، ترجمة: انور معيث و منى طلبة، المركز القومي للترجمة، القاهرة، ط٢، سنة ٢٠٠٨.

٢١. جايتريا سبيفاك، كريستوفر نوريس، صور دريدا، ثلاث مقالات عن التفكيك، اختيار و ترجمة: حسام نايل، مراجعة و تقديم: ماهر شفيق فريد، المجلس الأعلى للثقافة، ٢٠٠٠.

٢٢. جميل حمداوي (د)، نظريات النقد الأدبي في مرحلة ما بعد الحداثة، مؤسسة المثقف العربي، بدون ط، PDF.

٢٣. د.جميل حمداوي، التفكيكية في قفص الاتهام، ط١، ٢٠١٥،PDF.

٢٤. جون ستروك، البنيوية و ما بعدها (من ليفي شتراوس الي دريدا )، ترجمه : د.محمد عصفور، عالم المعرفة، سلسلة كتب ثقافية شهرية يصدرها المجلس الوطني للثقافة و الفنون و الأداب، الكويت، شباط ١٩٩٦.

٢٥. جيزى منصور، ابواب و مرايا، دار الكتب و الوثائق العراقية، ١٩٨٧.

٢٦. دو سوسير، محاضرات في الألسنية العامة، ترجمة يوسف غازى و مجيد النصر، المؤسسة الجزائرية للطباعة، ١٩٨٦.

٢٧. رامان سيلدن، النظرية الأدبية المعاصرة، ترجمة سعيد الغانمي، المؤسسة العربية للدراسات و النشر، بيروت، ط١، ١٩٦٦.

٢٨. رامان سيلدن، النظرية الأدبية المعاصرة، ترجمة: جابر عصفور، دار قباء للطباعة والنشر و التوزيع– القاهرة، ١٩٩٨.

٢٩. رامان سيلدن، النظريه الأدبية المعاصرة، ترجمة سعيد الغانمي، دار الفارس للنشر و التوزيع، المغرب، ط١، ١٩٩٦.

٣٠. رولان بارت، ضمن – افاق التناصية، المفهوم و المنضور، ترجمة وتقديم د.محمد خير البقاعى، الهيئة المصرية العامة للكتاب ،١٩٨٨.

٣١. رولان بارت، ضمن – نظرية النص، (دراسات فى النص و التناصية)، ترجمة محمد خير البقاعى، مركز الانماء الحضارى، حلب، ١٩٩٨.

٣٢. رولان بارت، درس السيمولوجيا، ترجمة عبدالسلام بن عبدالعالي، دار التوبقال للنشر، المغرب، ١٩٨٢.

٣٣. ريتشرد هارلند، ما فوق البنيوية – فلسفة البنيوية وما بعدها، ترجمة: لحسن أحمامة، دار الحوار للنشر و التوزيع، سورية– اللاذقية، ط٢، ٢٠٠٨.

٣٤. زكريا ابراهيم، مشكلات فلسفية، مشكلة البنية أو أضواء على البنيوية، دار مصر للطباعة، مكتبة مصر.

٣٥. س. رافيندران، البنيوية و التفكيك، تطورات النقد الادبي، ترجمة: خالدة حامد، دار الشؤون الثقافية العامة، العراق–بغداد، ط١،٢٠٠٢.

٣٦. ساره كوفمان – روجى لابورت، مدخل الى فلسفة جاك دريدا، تفكيك الميتافيزيقا و استحضار الأثر، ترجمة: ادريس كثير و عزالدين الخطابي، افريقيا الشرق، ط٢.

٣٧. شكري عزيز الماضي (د)، من اشكاليات النقد العربي الجديد، بيروت، ط١، ١٩٩٧.

٣٨. شمناد ن ، جامعة كيرلا، هند، التفكيكية قراءة ثائرة في النقد الادبي المعاصر، PDF.

٣٩. عادل عبدالله، التفكيكية، ارادة الاختلاف و سلطة العقل، دار الحكمه للنشر و التوزيع و الطباعة، ط١، ٢٠٠٠.

٤٠. **عبد العزيز حمودة (د)، المرايا المقعرة، نحو نظرية نقدية عربية، مطابع الوطن- الكويت، ط١، ٢٠٠١.**

٤١. **عبدالرزاق الراوي (د)، موت الأنسان في الخطاب الفلسفي المعاصر، هيدجر، ليفي ستروس، ميشيل فوكو، دار الطليعة للطباعة و النشر، بيروت، لبنان، ط١، ١٩٩٢.**

٤٢. **عبدالصبور شاهين، علم اللغة العام، مؤسسة الرسالة، بيروت-لبنان، ط٧، ١٩٨٦.**

٤٣. **عبدالعزيز حمودة (د)، المرايا المحدبة-من البنيوية الى التفكيك، عالم المعرفة ٢٣٢، الكويت، ١٩٩٨.**

٤٤. **عبدالغني بارة، الهرمينوطيقا و الفلسفة نحو مشروع عقل تأويلي، الدار العربية للعلوم ناشرون، منشورات الأختلاف، ط١، بيروت، ٢٠٠٨.**

٤٥. **عبدالله ابراهيم (د)، المركزية الغربية، اشكالية التكون و التمركز حول الذات، الطبعة الاولي، مركز الثقافي العربي – بيروت، سنة١٩٩٧.**

٤٦. **عبدالله ابراهيم، التفكيك: الأصول و المقولات، عيون المقالات، الدار البيضاء، المغرب، الطبعة الاولي، ١٩٩٠.**

٤٧. **عبدالله ابراهيم و اخرون، معرفة الاخر- مدخل الى المناهج النقدية الحديثة، المركز الثقافي العربي، بيروت، ط٢، ١٩٩٦.**

٤٨. **عبدالله محمد الغذامي، المشاكلة و الأختلاف، المركز الثقافى العربي، بيروت-لبنان، ط١، سنة ١٩٩٤.**

٤٩. **عبدالله الغذامي، الخطيئة و التكفير، من البنيوية الى التشريحية، المركز الثقافي العربي، الدار البيضاء- المغرب، ط٦، ٢٠٠٦.**

٥٠. **عبدالوهاب المسيري (د) ، موسوعة اليهود و اليهودية و الصهيونية، نموذج تفسيري جديد، دار الشئوون، مصر، ط١، ١٩٩٩، المجلد الخامس.**

٥١. **عبدالوهاب المسيري و فتحي التريكى، الحداثة و مابعد الحداثة، دمشق، ٢٠٠٣.**

٥٢. **عبدلله ابراهيم، معرفة الاخر، بيروت، ١٩٩٠.**

٥٣. **علي الحرب، هكذا اقرأ ما بعد التفكيك، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، بيروت، ط١، ٢٠٠٥.**

٥٤. عماد حسيب محمد (د)، بئار النص، قراءات تفكيكية في الشعر الحداثي، دار اطلس للنشر و الانتاج الاعلامي، ٢٠٠٩.
٥٥. فاضل ثامر، اللغة الثانية، في اشكاليات المنهج و النظرية و المصطلح في الخطاب النقدي، المركز الثقافي العربي، بيروت، ط١، ١٩٩٤.
٥٦. فيصل الاحمر، معجم السيمائيات، الدار العربية للعلوم ناشرون، منشورات الاختلاف، الجزائر، ط١، ٢٠١٠.
٥٧. كريستوفر نوريس، التفكيكية النظرية و الممارسة، ترجمة: د. صبري محمد حسن، دار المريخ، الرياض، المملكة العربية السعودية، ١٩٨٩.
٥٨. الكسيس كاريل، الانسان ذلك المجهول، ترجمة: شفيق اسعد فريد، قاهرة، ٢٠٠٠.
٥٩. م.هـ. برامز، المدارس النقدية الحديثة في معجم المصطلحات الأدبية، ت: عبدالله معتصم الدباغ، بغداد، الثقافة الأجنبية، العدد الثالث، ١٩٨٧.
٦٠. محمد عزام، النص الغائب(تجليات التناص فى الشعر العربى)، منشورات اتحاد كتاب العرب،دمشق، ٢٠٠١.
٦١. محمد عزام، تحليل الخطاب الادبي، على ضوء المناهج النقدية الحداثية، دراسة في نقد النقد، من منشورات اتحاد الكتاب العربى، دمشق، ٢٠٠٣.
٦٢. محمد عناني، المصطلحات الأدبية الحديثة، الشركة المصرية العالمية للنشر، لونجمان، القاهرة، مصر، د ط، ١٩٩٦.
٦٣. محمد عنانى (د)، المصطلحات الأدبية الحديثة، دراسة و معجم انكليزي/عربي، الشركة المصرية العالمية للنشر لونجمان، ط٢، سنة١٩٩٧.
٦٤. محمد عناني (د)، المصطلحات الأدبية الحديثة، دراسة و معجم انكليزى-عربي، الشركة المصرية العالمية للنشر، لونجمان، القاهرة، ط٣، ٢٠٠٣.
٦٥. محمد مفتاح (د)، تحليل الخطاب الشعرى(استراتيذية التناص)، دار التنوير للطباعة والنشر، بيروت-لبنان، ط١، ١٩٨٥.
٦٦. معجم المصطلحات الأدبية المعاصرة، عرض و تقديم و ترجمة: د. سعيد علوش، دار الكتاب اللبناني، بيروت، ط١، ١٩٨٥.

٦٧.نسيمة الغيث، البؤرة و دوائر الأتصال، دراسة مفاهيم نقدية و تطبيقاتها، دار قباء للطباعة و النشر والتوزيع، القاهرة، ٢٠٠٠.

٦٨.هانز جورج غادامير، طرق هيدغر، ت: د.حسن ناظم و علي حاكم صالح، دار الكتاب الجديد المتحدة، ط١، ٢٠٠٧.

٦٩.هانز ميرهوف، الزمن في الادب، ترجمة: سعيد الغانمي، مؤسسة سجل العرب، ١٩٧٢.

٧٠.هشام الدركاوي، التفكيكية، التأسيس و المراس، تقديم و مراجعة د. الرحالي الرضواني، دار الحوار للنشر و التوزيع، ط١، ٢٠١١.

٧١. هيام عبد زيد عطية عريعر، الخطاب النقدي العربي المعاصر و علاقته بمناهج النقد الغربي، تموز للطباعة و النشر و التوزيع، دمشق، ط١، ٢٠١٢.

٧٢.وليم راي، المعنى الادبى، من الظاهراتيه الي التفكيكية، ترجمة يوئيل يوسف عزيز، دار المأمون، ١٩٨٧.

٧٣.يوسف وغليسى (د)، اشكالية المصطلح في الخطاب النقدي العربي الجديد، منشورات الاختلاف، الجزائر، ط١، ٢٠٠٨.

٧٤.يوسف وغليسي، النقد الجزائري المعاصر من اللانسونية الى الألسونية، دار توبقال، ١٩٩٩.

٣- ئینگلیزیەکان:

1. Deman ، in Moynihan، 1986.
2. royle،Nicholas(2004) Jacques Derrida، Routledge، 2003.
3. -"The Sociolinguistics of Schooling: the reievance of Derridas Monolingualism of the other or the Prosthesis of origin"، Michael Evans،01/2012: ISBN 978-3-0343-1009-3 In book: the Sociolinguistics of Language Education in International Contexts، Publisher: peter Lang، Editors: Edith Esch and Martin Solly.

4. Derrida، letter to a Japanese friend، in deride and difference، ed، david، wood and Robert bernasconi، press.1985، p4.
   - raveendran. p.p (1999) adhunikanandarm: vayanag hirs sur current books.
5. Bennington ، G.and J.Derida : Jacques 1991- Jacques Derrida ، university of Chicago.
6. Christopher Norris: Deconstruction: Theory and Practice، Routledge، London-NewYork، 2édition 1991.
7. Jack deride، of Grammatology، trans as gayathrichakravor thy spivak،pelhi،motilal Banarsidass،1994.
8. Jonathan culler، on deconstruction (New York، cornell university press، 1986).
9. Griffig، Thomas. Intertextualität in linguistischen Fachaufsätzen des Englischen und Deutschen (Intertextuality in English and German Linguistic Research Articles). Frankfurt a.M. et al.: Lang، 2006.

### دووەم: گۆڤارەکان

#### أ- گۆڤارە کوردیەکان :

١. ئازاد سوبحی، سەرەتایەك بۆ خوێندنەوەی فیکری جاك دریدا، وەرگێڕان، گۆڤاری ڕامان ژمارە ٣٧.
٢. بەختیار سەجادی، تیۆری هەڵوەشاندنەوە، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٦٥، ٢٠٠١.
٣. بەختیار سەجادی، تیۆری هەڵوەشاندنەوە، گۆڤاری سروە، ناوەندی بلاّوکردنەوەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی، ساڵی شازدەهەم، ژمارە ١٧٣، ساڵی ٢٠٠٠.
٤. بەختیار سەجادی، ڕەخنەی ئەدەبی هاوچەرخ، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٥٣، هەولێر، ٢٠٠٠.
٥. حەمە سەعید حەسەن، لە بنیاد خوازییەوە بۆ هەڵوەشاندنەوەی دەق، گۆڤاری سروە، ساڵی شانزەهەم، ژ١٦٦.

٦. ڕۆجەر وێبستەر، پێکهاتە شکانی دەق، و: م.محمد غەفور، گۆڤاری سەردەم، ژمارە ٧، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، شوباتی ٢٠٠٠.

٧. ڕۆگێر فیبستەر، جاك دریدا و هەڵوەشاندنەوەی دەق، ئا : و : لە فارسییەوە : ئیبراهیم مینۆیی، گۆڤاری نما، ژمارە ٩–١٠، هەولێر، ٢٠٠٢.

٨. ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، جاك دریداو هەڵوەشاندنەوە گەرایی، گۆڤاری نما، ژمارە ٩–١٠، هەولێر ٢٠٠٢.

٩. ڕێبین ڕەسول ئیسماعیل، خۆرئاوا و سێنترالیزمی لۆگۆسی، گۆڤاری ڕامان، ژمارە ٤٣، کانوونی دووەم، ٢٠٠٠.

١٠. ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، گومانی ئەپستمۆلۆژی، گۆڤاری کاروان، ژ١٤٨، ئابی ٢٠٠٠.

١١. ڕێبین ڕەسوڵ ئیسماعیل، فارما گۆن لە ستایشی نوسیندا، تێڕامانێك لە کتێبی دەرمانخانەی ئەفلاتوون – ی جاك دریدا، گۆڤاری نما، ژمارە ٩–١٠، هەولێر، ٢٠٠٢.

١٢. ڕیچارد ئاپیگناسی و کرس گادات، پست مودرنیسم، و: بۆ فارسی : فاتیمە جەلالی سعادت، خوێندنەوە: جەمال حسێن، گۆڤاری نما، ژمارە ٩– ١٠، هەولێر، ٢٠٠٢.

١٣. زاهیر لەتیف کەریم( د)، وێنە شاراوەکان، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشیB، ژمارە ٩، ساڵ ٢٠٠٢.

١٤.سامان جەلال عەزیز( د) ، دەقئاوێزانی خودی لە شیعرەکانی گۆراندا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B – زانستە مرۆڤایەتیەکان)، ژمارە (٥٩) کانونی دووەمی ٢٠١٩.

١٥. ستاری پیرداود، گومانی هەڵوەشاندنەوە، هەڵوەشاندنەوەی گومان، گۆڤاری ٢٣، ژمارە٦، تشرینی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات – هەولێر، ٢٠١١.

١٦. شیرین لەتیف هەڵمەت، هەڵوەشاندنەوە : عەلاماتەکانی دریدا، گۆڤاری گەلاوێژی نویێ، ژمارە ٢٦، سلێمانی، ٢٠٠١.

١٧. عارف حیتۆ(د)، هلوەشینگە ژ فەلەسفێ بو ڕەخنەیا وێژەیی، گۆڤاری بیاڤ، ژ ١٧، ٢٠٠٥

١٨. عبدالقادر حمه امين محمد(پ.ی.د) ، بنەماکانی هەڵوەشاندنەوە، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی B، گۆڤارێکی زانستییە بەشی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی دەریدەکات، ژمارە (٤٠) ئایاری ٢٠١٣.

١٩. عەلی طاهر حسین(پ.ی.د)، دەقئاوێزان لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس دا، گۆڤاری زانکۆی سلێمانی، بەشی (B – زانستە مرۆڤایەتیەکان)، ژمارە (٥٩) کانونی دووەمی ٢٠١٩.

٢٠. کاترین بێلزەی، پێکهاتە هەڵوەشێنی دەق، و.لەفارسیەوە: ئیسماعیل ئیسماعیلزادە، گۆڤاری ڕامان، ژ٨٨، هەولێر، ٢٠٠٤.

٢١. مەمدوح ئەلشیخ، هەڵوەشاندنەوەگەری لە فەلسەفەوە بۆ ڕەخنەی ئەدەبی، و: حسێن لەتیف، گۆڤاری ئایندە، ژ٦٦ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ئایاری ٢٠٠٦.

٢٢. محمد حافظ دیاب، جاك دریداو سەرکێشی جیاوازی، و: لە عەرەبییەوە : نوری بێخاڵی، گۆڤاری نما، ژمارە ٩–١٠، هەولێر، ٢٠٠٢.

٢٣. نیهاد جامی، سیمۆلۆژیای دریدا، گۆڤاری نما، ژمارە ٩–١٠.

**ب- گۆڤارە عەرەبیەکان:**

١. آرثر ر. باولدر، الكتابة و الشر، ترجمة: محمد العرابي، مجلة (انتهاكات)، العدد ٢، ٢٠١٥.

٢. جاك دريدا، الاستنطاق والتفكيك، مجلة الكرمل، ١٩٨٥، العدد ١٧.

٣. عبدالعزيز بن عرفة (د)، التفكيك و الأختلاف المرجأ (جاك دريدا)، مجلة الفكر العربي المعاصر، مركز الانحاء القومي، الكويت، سنة١٩٩٨، ع٤٨–٤٩.

٤. محمد بنيس، لقاءات مع جاك دريدا، الحياة، تأريخ ٢٢\١٠\٢٠٠٤، رقم العدد ١٥١٨٣.

يوسف وغليسي، التفكيكية في الخطاب النقدي المعاصر، مجلة القوافل، العدد ٧، ١٩٩٧.

## سێیەم: نامەکان

### أ-نامەی ماستەر:

### یەکەم: کوردیەکان


١. ئاوارە فەرەیدون قادر، دەقئاوێزان لەشیعرەکانی (ئەنوەر قادر محمد)دا، نامەی ماجستێر، زانکۆی سلێمانی، حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، سکوڵی زمان، بەشی کوردی .

٢. عەبدولستار پیرداود حەسەن، هەڵوەشاندنەوەگەرایی لە ئەدەبی کوردیدا لە تیۆرەوە بۆ پراکتیزەکردن، نامەی ماجستێر، زانکۆی سەلاحەدین، هەرێمی کوردستان-عیراق، وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، ئەیلولی ٢٠١٠.


### ب- نامەی دکتۆرا:


١. سامان جەلال عەزیز، دەقئاوێزانی شیعری گۆران لە شیعری (هەردی، دیلان، ع.ح.ب، کامەران) دا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی، حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی، سکوڵی زمان، بەشی کوردی، ٢٠١٤.


### دووەم: عەرەبیەکان

### أ-نامەی ماستەر:


١. احمد العزري، تلقي التفكيكية في النقد العربي الحداثي - علي حرب أنموذجا، رسالة ماجستير، الجمهورية الجزائرية الديموقراطية الشعبية، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي،جامعة مولود معمري، كلية الاداب و اللغات، قسم الادب العربي، ٢٠١٢.

٢. امل احمد عبدالطيف أحمد، التناص فى الرواية الياس خورى- باب الشمس، رسالة ماجستير فى اللغة العربية و أدابها بكلية الدراسات العيا فى جامعة نجاح الوطنية فى نابلس, فلسطين،٢٠٠٥.

٣. حبيبة دباش، فلسفة الحضور و الغياب عند جاك دريدا، رسالة ماجستير، اشراف: د.لخضر مذبوح، جامعة منتوري، كلية العلوم الانسانية و علوم الاجتماعية، قسم الفلسفة، الجمهورية الجزائرية الديموقراطية الشعبية، وزارة التعليم العالي و البحث العلمي، سنة ٢٠٠٨-٢٠٠٩.

ب- نامەی دکتۆرا :

١. عبدالباسط مراشده، التناص فى الشعر العربى الحديث، اطروحة دكتورا، جامعة الاردنية، عمان، ٢٠٠٠.

## الملخص

يعتبر المنهج التفكيكي أحد أهم المناهج النقدية الحديثة التي ظهرت في نهائيات القرن السابق، حيث تطرقت الى المفاهيم الحديثة في تحليل النصوص الأدبية من حيث رد الميتافيزيقا الكلاسيكية الموروثة من الأدب الكلاسيكي الى ما وصل الى البنيوية.

يهتم المنهج التفكيكي بالجوانب اللغوية و مركزية المعنى في حضور و غياب الوعي الكتابي و فسح المجال أمام القاريء للقراءآت المتعددة لكي يفهم الرسالة التي يؤديها النص، من خلال فك الرموز اللغوية في الدال و المدلول و في غياب كاتب النص.

يرى جاك دريدا أن الفكر الغربي أو الميتافيزيقا الغربية كان قائماً على ثنائيّة ضدية عدائيّة – منذ ما قبل سقراط إلى هايدغر– ولا توجد إلا بهذه الثنائية، كثنائية: الكلام والكتابة، الوعي واللاوعي، الخير والشر، العقل والعاطفة، وهذا الفكر يمنح الإمتياز للطرف الأول على الثاني، ويسمى عنده بـ(التمركز المنطقي) أو هيمنة العقل.

أي أن المعنى وظيفة المتحدث، وسابق على اللغة التي هي مجرد وسيلة ناقلة له من موقع (أصلي) إلى محطة أخرى، فليس الهدف من التفكيك كما قد يظن هو الكيد للنصوص الكبرى والسخرية منها وبيان تهافتها، بل إبراز ما فيها من ثراء من خلال إتمام عملية وضع يد القارئ عليها ومساءلتها في ضوء مشكلات عصره.

و يتمثل استراتيذية دريدا في تفكيك وتقويض ما حدده الميتافيزيقيا الذي صدر عن هيمنة العقل (التمركز المنطقيّ) وهو عنده مرادف دقيق للمرتكز الصوتيّ، ففي رأيه أن الأسبقية تكون للكتابة على اللفظ.

إن التفكيك عند دريدا ليست عملية نقدية بل النقدية موضوعها التفكيك لأن عملية التفكيك ترتبط أساساً بقراءة النصوص، وتأمل كيفية إنتاجها للمعاني، وما تحمله بعد ذلك من تناقض، فهي تعتمد عل حتمية النص وتفكيكه.

هكذا حاول دريدا تفكيك وتقويض ذلك التمركز المنطقي، والبدء بمعالجة المسائل من داخل النص، وعن طريق الكتابة لإبراز الاختلافات التي تأتي بالتأخير والإرجاء والاختلاف في أعقاب ذلك، بمعنى أن كل شيء في حركية زئبقية دائمة غير منتهية، ويأتي الاختلاف من جهة

أن اللغة  مجموعة من الدوال التي بإمكانها التكرار والتأخير والإرجاء كلما تجددت القراءة للنص.

ولم يقرَ دريدا ثبات الدال والمدلول، وذلك بتحول الدال إلى المدلول في سلسلة كلامية لا متناهية، وقد افاد من فكرة سوسير التي تقول بوجود الاختلاف في اللغة، واعتباطية الرموز اللغوية، أي أن دريدا ضد فكرة مطابقة الدال للمدلول وعدم وجود مناسبة بينهما من الناحية الصوتية، ثم عدم تعيين المعنى الحقيقي والثابت لهم، فالمعنى لايبقى عنده في حدود الدال والمدلول بل يتوسع إلى(الدال – المدلول– الدال).

وقد توزعت خطة الدراسة على مقدمة وثلاثة فصول تعقبها خاتمة لخصت أهم النتائج التي توصلت إليها الدراسة:

الفصل الأول: عرض عام للتفكيك، كمفهوم ومصطلح، ثم تأريخ ظهورها وتطورها، ثم الحديث عن مؤسس النظرية جاك دريدا، وفلسفة التفكيك، وشكوك التفكيك، والتفكيك عند الأمريكيين والعرب والكورد.

الفصل الثاني: مناقشة مبادئ واسترتيجيات التفكيك" الميتافيزيقيا– التمركز المنطقي" ، الاختلاف، الأثر، علم الكتابة، التناص).

الفصل الثالث: التحليل التطبيقي للنصوص وفق مبادئ التفكيك، وقد وقع التطبيق على مختارات من شعر الشعراء: (فريدون عبدول البرزنجي و أنور قادر جاف و شيركو بيكس و عبدالله بشيو).

## ABSTRACT

Deconstruction theory is one of the methods of literary criticism، and، at the same time، it is a contemporary philosophical approach، both which attempt to arrive at a complete understanding or، at least، the message that the text intends to convey. This is achieved through the processes of interpretation and analysis becsuse the crux of deconstruction is an ingenious reading of the text.

Deconstruction theory is a theory that appeared After construction theory، and it tends، through some key principles، to reach the purposive and the main meaning of the text by the means of different perspectives. In other words، deconstruction is a critical literary theory and a contemporary philosophical approach that work together to reach exact concept of the text، and this is achieved through reading and analyzing the text.

The elements of deconstruction that are used to analyze texts are some significant elements. Jacques Derrida، the founder of this literary approach، has successfully made his theory a modern one and he has given it enough recognition that the theory is now widely used to tackle and analyze various texts. In today's literary world، deconstruction is of so much significance and is one of the frequently practiced approaches to understand texts. What distinguishes deconstruction is that it provides the critic with new insights to approach texts and analyze them; in other words، deconstruction attempts to present a new and genuine explanation to the contexts it tackles.

In this dissertation the principles of deconstruction are specified and introduced through its pioneers in different schools. To this end، the poetry excerpts are interpreted in accordance with the principles and strategies of deconstruction theory.

In the first chapter deconstruction theory is discussed as a concept and term، alongside with its emergence and development. Moreover،

Jacques Derrida، deconstruction philosophy، deconstruction's doubt، as well as deconstruction for the Americans، Arabs and Kurds are all discussed.

In the second chapter the principles and strategies of deconstruction are discussed.

The third chapter is dedicated to analysing and practising texts according to the principles of deconstruction. To achieve this end، poetry excerpts of Faraydun Abdulbarzinji، Anwar Qadir Jaff، Sherko Bekas، and Abdullah Pashew are selected.

حکومەتی هەرێمی کوردستان

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

سەرۆکایەتی زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی زمان

بەشی کوردی

# شیکاری شیعری نوێی کوردی بەمیتۆدی هەڵوەشاندنەوە

( فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، ئەنوەر قادر جاف، شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵا پەشێو ) وەك نموونە

نامەیەکە

ئاوارە فەرەیدون قادر

پێشکەشی کۆلێجی زمان، بەشی کوردی زانکۆی سلێمانی کردووەو بەشێکە

لە پێداویستیەکانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردییدا

سەرپەرشت

پ.د. عەبدولقادر حەمە ئەمین محمد

٢٧١٩ ك        ٢٠١٩ ز

نامەی (( شیکاری شیعری نوێی کوردی بەمیتۆدی هەڵوەشاندنەوە ( فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، ئەنوەر قادر جاف، شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵا پەشێو ) وەك نموونە )) بە چاودێری من لە زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوەو بەشێکە لە پێداویستیەکانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا.

**سەرپەرشت**

**پ .د . عەبدولقادر حەمە ئەمین محمد**

**رۆژ: / / ٢٠١٩**

**بەپێی ئەم پێشنیازە، ئەم نامەیە پێشکەش بەلیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم .**

**ناو : پ.ی.د. کاروان عومەر قادر**

**سەرۆکی بەشی کوردی**

**رۆژ: / / ٢٠١٩**

ئێمەی ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ و هەڵسەنگاندن، نامەی ((شیکاری شیعری نوێی کوردی بەمیتۆدی هەڵوەشاندنەوە ( فەرەیدون عەبدول بەرزنجی، ئەنوەر قادر جاف، شێرکۆ بێکەس، عەبدوڵا پەشێو) وەك نموونە )) خوێندەوە و پاش گفتوگۆ و تاوتوێکردنی نامەکە لەبارەی ناوەڕۆك ولایەنەکانی ترەوە، لەگەڵ خوێندکارەکەدا، بڕیارماندا شایەنی ئەوەیە بە پلەی (                ) بڕوانامەی دکتۆرای لەئەدەبی کوردیدا پێبدرێت.

سەرۆکی لیژنە
ناو: پ.د. فاضل مجید محمود
/ / ٢٠١٩

ئەندام
ناو: پ.د. پەخشان سابیر حەمەد
/ / ٢٠١٩

ئەندام
ناو: پ.د. ئازاد عبدالوحد کریم
/ / ٢٠١٩

ئەندام
ناو: پ.ی.د. مەریوان عمر حسن
/ / ٢٠١٩

ئەندام
ناو: پ.ی.د. محمد امین محمد نوری امین
/ / ٢٠١٩

ئەندام و سەرپەرشت
ناو: پ.د. عبدالقادر حمەامین محمد
/ / ٢٠١٩

ناو: پ.د. عەبدولقادر حەمە ئەمین محمد
ڕاگری کۆلێجی زمان
/ / ٢٠١٩

## پێشکەشە بە :

- گیانی پیرۆزی هەردوو بەهەشتی دایکم و باوکم

- بەهاوسەری ئازیز و خۆشەویستم و هەردوو جگەرگۆشەکەم ( ئاڵێ و ئانیا )...

- خوشکەکەم( دیاری ) و براکانم( ئاری و ڕاستی )...

- ئەو مامۆستا و نوسەرانەی لێیانەوە فێربووم وسودم لێوەرگرتون...

- سەرجەم ئەو خوێنەر و ڕۆشنبیرانەی مەبەستیانە فێربن و خزمەت بکەن

- هەموو ئەو بەڕێزانەی دڵسۆزو خەمخۆری کوردن و دلسۆزی وشەی کوردی و بەرەو پێشبردنی گەلی کوردن...

- ئەو شەهیدانەی گیانیان بەخشی بە خۆشەویستی نیشتیمان...

- ئەو لاوانەی دەیانەوێت درێژە بە کاروانی ناساندنی شوناسی کوردیەتی بدەن...

## سوپاس و پێزانین بۆ:

- سەرپەرشتیاری بەڕێزم (پ.د. عەبدولقادر حەمە ئەمین)، کە زۆر بەدڵسۆزی و لێبوردەییەوە بەردەوام هاوکاریکردوم و سەرپەرشتی ئەم نامەیەی کرد.
- سەرجەم مامۆستایانی بەشی کوردی.
- سەرجەم ئەو مامۆستا بەڕێزانەی بەسەرنج و تێبینی ڕێنماییان کردوم.
- بەڕێزان ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ کە بەسەرنج و تێبینییەکانیان نامەکەیان دەوڵەمەندکرد.
- هاوڕێی ئازیز و بەڕێزم (د.لوقمان ڕەئوف عەلی) کە بەگیانیکی لەخۆبوردەییەوە بە سەرنج و تێبینی ڕێنماییکردوم.
- هەموو ئەو بەڕێزانەی کە لەکتێبخانەی کۆلیژی زمان و بەشی نامەکانی کتێبخانەی زانکۆ و کتێبخانەی گشتی سلێمانی و ....تاد ، ماندوومکردون.

# پێڕست


| ژمارە | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| | **پێشەکی** | |
| | **بەشی یەکەم** | |
| | **تەوەری یەکەم: ناساندنی میتۆدی هەڵوەشاندنەوە** | |
| ١ | هەڵوەشاندنەوە ( Deconstruction) وەك چەمك و زاراوە | ٦ |
| ٢ | گومانی هەڵوەشاندنەوە | ١٨ |
| ٣ | هەڵوەشاندنەوە و فەلسەفەی ئامادە | ٢٢ |
| | **تەوەری دووەم: مێژووی میتۆدی هەڵوەشاندنەوە** | |
| ٤ | سەرهەڵدان و گەشەکردن | ٣٣ |
| ٥ | جاك دریدا و فەلسەفەی هەڵوەشاندنەوە | ٤٥ |
| ٦ | هەڵوەشاندنەوە لە ڕەخنەی ئەمریکیدا | ٥٤ |
| ٧ | أ- پاول دی مان Paul de man | ٥٦ |
| ٨ | ب- جوزیف. هیلیس میللەر j. Hilis Miller | ٦٠ |
| ٩ | ج- جیفری هارتمان Geeffery Hartman | ٦٣ |
| ١٠ | د- هارولد بلوم Harold Bloom | ٦٥ |
| ١١ | هەڵوەشاندنەوە لای عەرەب و لای کورد | ٦٧ |

## بەشی دووەم


| | | |
|---|---|---|
| ١٢ | بنەما و ستراتیژەکانی هەڵوەشاندنەوە | ٧٤ |
| ١٣ | ١- لۆگۆسەنتەریزم Logocentrism | ٧٩ |
| ١٤ | ٢- جیاوازی (الأختلاف- Difference) | ٨٩ |
| ١٥ | ٣- جێکەوت (الأثر) Trace | ١٠٣ |
| ١٦ | ٤- زانستی نووسین Grammatology | ١٠٨ |
| ١٧ | ٥- دەقئاوێزان intertextuality | ١٢٣ |


## بەشی سێیەم


| | | |
|---|---|---|
| ١٨ | شیکردنەوە و پراکتیزەکردنی دەق بەپێی بنەماکانی هەڵوەشاندنەوە | ١٣٢ |
| ١٩ | دەقی (حەزێکی شێت)ی فەرەیدون عەبدول بەرزنجی | ١٣٤ |
| ٢٠ | دەقی (تەلیسم)ی ئەنوەر قادر جاف | ١٤٧ |
| ٢١ | دەقی (تاقە شایەت)ی شێرکۆ بێکەس | ١٥٥ |
| ٢٢ | دەقی (هیوا)ی عەبدولڵا پەشێو | ١٦٩ |
| ٢٣ | ئەنجام | ١٨٢ |
| ٢٤ | سەرچاوەکان | ١٨٤ |
| ٢٥ | کورتەی نامەکە بەزمانی عەرەبی | ١٩٧ |
| ٢٦ | کورتەی نامەکە بەزمانی ئینگلیزی | ١٩٩ |